کوردستان بۆکورد یەکسانی بۆگەل

KK

# کاژیک

## کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد

## ئەو قوتابخانەیەی سەرچاوەی وزەیە بۆ رەوڕەوەی دەوڵەتی کوردی

*

## کامیل ژیر لەوەڵامی 62 پرسیاری هەڵۆ بەرزنجیدا

## بۆ ئەڵقەیەکیتر لەزنجیرەی پرۆژەی:

## پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن

*

لەگەڵ مژدەو بانگی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

*

کورتە وەڵامێك بۆ د. عەبدوڵا ئاگرین

رێگاکانی سەربەخۆیی

پەرتوکی: کاژیکنامە

له بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی هاوبیرانی كوردایەتی

# وتەیەکی پێویست



دواندنی کەسایەتییەکی وەک مامۆستا کامیل ژیر،لەمەڕ: هزری کوردایەتی ،ئەدەب ، سیاسەت، دۆزی کورد و خەبات و تێکۆشانی خۆی لەماوەی نزیکەی (٦٠) ساڵدا،سەنگ و بایەخی خۆی هەیە و دەچێتە خانەی دەوڵەمەندکردنی جیهانبینیی کوردانە و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکی بە ئەزموونی کوردی.

مامۆستا ژیر، یەکێکە لە ئاڵا بەدەست و دەستپێشخەری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی وەک کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد(کاژیک) کە لەسەر دەستی ئەماندا بیری نەتەوەیی لە چوارچێوەی هزر و فەلسەفەو دەستووری ژیاندا،بەرجەستەبوو.

مامۆستا،جگەلەوەی خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژە،تا هەنووکەش لە مەیدانەکەدا چالاکە و کات و تەمەن و گیانی خۆی بە کوردایەتی ئەبەخشێت.

زیادەڕۆیی نیە،گەر بڵێم لەم وەرامانەدا،سەبارەت بە پرسە نادیارەکانی بیری نەتەوەیی و چالاکییەکانی لە نیوسەدەی رابووردوودا، کۆمەڵێ بابەتی نەبیستراو، بەرچاو دەکەون.چونکە ناوبراو،وەک کەسایەتییەکی کاراو لە نزیکەوە بەشدار و ئاگادار، زۆر بە راشکاوانەو راستگۆیانەو بێ پێچوپەنا، تیشک دەخاتە سەر لاپەڕەی مێژوویەکی پرشنگداری خەبات و بیری نەتەوایەتیمان .

خوێنەری بەرێز..

سەروەختێ پریاسکەی ئەم پرسیارانەم لاکردەوە، مامۆستا بە خۆشییەوە بەدەنگ داخوازییەکەمەوە هات و لێبووردووانە و چالاکانە لەماوەیەکی کورتدا وەرامی دامەوە ، سەرئەنجام  توانیمان ئەم بەرهەمەی لێ پێکبهێنین.

داواکاری لەشساغی و تەمەندرێژی و خزمەتی زیاترم بۆ مامۆستا ژیر . هیواخوازم ئاواتە بەرزەکەی مامۆستا، سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی و یەکسانیی کوردو شەکانەوەی ئاڵای کوردستان بەسەر سەرتاپای نیشتمانی خۆشەویستماندا ،وەک دوا مەنزڵگای بەئارامی گەیشتن ،بە ئامادەگی مامۆستا بێنە دی.

دواجار،بەختەوەردەبم بەم کارە،لە پرۆژەی (( پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن)) و بە سەرکردنەوەی ئەم کەسایەتییە پڕئەزموونەدا،  توانیبێتم مەڵۆیەکی دیکە بخەمە سەر خەرمانی رۆشنبیریی نەتەوەیی و کتێبخانەی کوردیی.

هەڵۆ بەرزنجەیی        ٢٠١٣/١٢/٢٠ بەرلین

1- هەڵۆ بەرزنجی: وەک باس دەکەن بیرۆکەی دامەزراندنی کاژیک سەرەتا لای تۆوە بوو و لە دوکانەکەی بەشیر موشیر و پاشان لەگەڵ مامۆستا جەمال نەبەزدا باست کردوە. دواجار لەماڵی مامۆستا هەردی << کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکیتیي کورد>>کاژیکتان دامەزراند. وەک بۆمان دەگێڕنەوە، ناوەکەش هەر پێشنیاری تۆ بووە. سەرچاوەی ئەم هەموو بیرکردنەوەیە لە کوێوە هەڵدەقولێ؟ رۆڵ و نەخشی تۆ لەم هاوکێشەیەدا چی بوو؟ کێ سەرۆک یا بەرپرسی یەکەم یا سکرتێری گشتیبوو؟ ئایا کاژیک هیچ کۆنگرەیەکی بەستوە؟


جەمال نەبەز



ئەحمەد هەردی


کامیل ژیر


فایەق عارف


فەرەیدون عەلی ئەمین


ئیحسان فوئاد


عەبدوڵا جەوهەر

**دامەزرێنەرانی کاژیک**

- کامیل ژیر: لەراستیدا بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی کوردی لەلای منەوە ، ئەگەڕێتەوە بۆسەردەمێک کە من سەر بە پارتی کۆمۆنستی عیراقیبووم(1948-1958) بێئەوەی لە کرۆکی شیوعێتی گەیشتبێتم . ئەو سەردەمەش من هەر شەیدای دروسبوونی دەوڵەتی کوردیبووم . من کەلەو تەمەنی 14ساڵیەدا چوومە رێکخستنەکانی ئەو پارتەوە، وامئەزانی کلیلی سەربەخۆیی کوردستان لە مۆسکۆیە! کاتێکیش کە کۆمۆمستەکان ئەیانوت کورد نەتەوەنیە، من بیرمئەکردەوە بۆچی ئەبێ نەتەوەنەبێ!؟ ئەیانوت بەپێی مەرجەکانی ستالین نەتەوەنیە! من ئەموت جابائەویش وابڵێ.. ئیتر وردەوردە تا گەورەترئەبووم زیاتربیرم

ئەکردەوە ، تالە 1958دا دەستەکانی ئەو پارتە کەوتەروو. لەوساڵەدا،جگە لەکردەوەکانیان، کتێبێکی زۆریش لەبابەت کۆمۆنستی و دژی کۆمۆنستی کەوتە بازارەوە . ئەوە سەرباری ئەوەی من خۆم لەبنەماڵەیەکی نەتەوەییبووم ، شێخ سەلامی هۆنیاری نەتەوەیی، خاڵی باوکم و ا ب هەوریی هۆنیاری نەتەوەیی مامم و فازیل نیزامەدینی فەرهەنگساز برای لەخۆم گەورەتربوو، منیش ئاسۆی بیرم زیاترکرایەوەو وازم لەو پارتە هێنا. پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر بە گەزی مارکسێتی جاوی کوردیان ئەپێوا، سەرکردایەتییەکەشیان پڕکرا لە شیوعی ، لەبەغدادیشەوە هەرەشەی تواندنەوەی کورد ئەکرا، بۆیە زیاتر خولیای دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی کوردیم کەوتەسەر . لە1957تەوە، کاتێ دوورخراوەیەکی سیاسیبووم لە ئەبوغرێب، بەدزییەوە ئەچووم بۆ بەغداد و هاتوچۆی دوکانەکەی مامۆستا بەشیر موشیریشم ئەکردو لەوێ زیاتر بەبرای هاوشارو هاوگەرەکم مامۆستا جەمال نەبەز ئاشنابووم و بیرۆکەی پێویستیی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەییم لەگەڵدا باسکرد. ئەویش دوایئەوەی لەراستگۆییم دڵنیابوو، وتی لەسلێمانیش هەندێ هەمان بیرۆکەیان هەیە، ئەتوانی پەیوەندی بەوانیشەوە بکەی. . سەرەتا پەیوەندیم بە مامۆستا هەردییەوەکرد. بەسەرسوڕمانەوە قسەکانی لێوە رگتم، وتی تۆبەکۆمۆنست ناسراوی!! دوایئەوەی هەمووشتێکم بۆڕوونکردەوە، گومانەکەی رەوییەوە . ئنجا پەیوەندیم بە مامۆستا فایەق عارفەوەکردو پیکەوە پەیوەندیمان بە مامۆستایان عەبدوڵا جەوهەرو فەرەیدوون عەلی ئەمین و ئیحسان فوئادەوە کرد. ناوی هەندێ بەڕێزیتریش هێنرا، بەڵام من بۆ دەستەی دامەزرێنەر پەسندم نەکردن. دوایی لەماڵی مامۆستا هەردی، دوای چەند دانیشتنێک، بیرۆکەکەمان پەسند کردو لە 1959/4/14دا بریاری دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەییماندا. لە هاتنەوەیەکیتردا لە بەغدادەوە بۆ سلێمانی لەگە ڵ مامۆستا نەبەز، هەر لەماڵی هەردی زنجیرەیەک کۆبوونەوەیترمان ئەنجامدا .

لەبارەی ناوەوە، زۆر ناو وترا . من کۆمەڵەی ئازادی وژیانەوەو یەکێتی کورد (کاژیک)م پێشنیارکرد، هەروەها وشەی هاوبیر لەجیاتی هاوڕێ یا هەڤاڵ، هەردوکیان پەسندکران. دوایئەوە کاژیکنامەو بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆمان نووسی. ئنجا لەبەرەوە لقەکانی سلێمانی و کەرکوک و کۆیەو بەغداد و ئەوروپا دامەزران، لیژنەی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی و لقەکانمان بنیاتنا . لە رێگەی کوردێکی باکوورەوە کە ناوی قەیابوو وهاتوچۆی دوکانەکەی بەشیرموشیری ئەکرد لەبەغداد، داوامانلێکرد کاربکا بۆ دامەزراندنی لقی باکوور ، بەڵام دوای گەڕانەوەی ، هیچ سۆراخێکیمان نەزانی. بەهیوابووین هاوبیرمان د. جەواد مەلا لقی رۆژئاوا دامەزرێنێ، بەڵام بۆیرێنەکەوت بگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوا، بەڵکو ساڵی 1985 کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی لە ئەوروپا دامەزراند کە ئەویش تەواوکەری کاژیکبوو. بۆ رۆژهەلاتیش ، دۆستایەتیمان لەگەڵ تێکۆشەری ناسراو ئەحمەد تۆفیق پەیداکردو باوەڕی تەواوی بە کاژیک هێنا، بەڵام لەبەرئەوەی سکرتێری حیزبی دیموکراتبوو، نەئەبوو کاری راستەوخۆ بۆ کاژیک بکات ، ناراستەوخۆ کەوتە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بیرۆکەکانی کاژیک لەناو حیزبەکیدا.

2- هەڵۆ: لەو کاتەدا پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵەیە چیبوو؟

- ژیر: سەرەتاپێداویستیی ئەو کۆمەڵەیە، چاپخانەیەکی بچووکبوو. من لە بەغدا ، بەهۆی چاپکردنی گۆڤاری هیوا کە سەرنووسەریبووم و بەهۆی چاپکردنی هەندێ بەرهەمی خۆمەوە، دۆستایەتیم لەگەڵ چاپخانەکان هەبوو . هەندێ ئامێری چاپم لێکڕین کە ئەتوانرا شتی کەمو بەیانی پێچاپبکرێ . لەماڵەکەی خۆم دامنا تا برای هاوبیرمان مەحمودی حاجی ئابلاخی لەگەڵ هاوبیرێکیتر کە ناوەکەیم لەیاد نەماوە، لە سلێمانییەوە هاتن و بەستیان بە ژێری جێبەکەیانەوە ومەردانە گەیانیانەوە سلێمانی ! جگەلەوە پێویستیمان بە پارەیەکی کەم هەبوو، ئەوەمان بە ئابوونەی ئەندامان دابینئەکرد. بۆ وەڵامی کۆتایی پرسیارەکەی پێشووت ، من هەر ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتیبووم . ئەو کۆمەڵەیەش لە هیچ قۆناغێکدا سەرۆک یا بەرپرسی یەکەم یا سکرتێری

گشتیی نەبوو، بە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ ئەمانبرد بەڕێوە . بارودۆخیش لەبارنەبوو بۆئەوەی هیچ کۆنگرەیەک ببەستین. ئەندامەکانی سەرکردایەتیش، بەپێی ئەلفوبێ : سەرەتا دەستەی دامەزرێنەر ئەحمەد هەردی،ئیحسان فوئاد، جەمال نەبەز،عەبدوڵا جەوهەر،فایەق عارف، فەرەیدون عەلی ئەمین و کامیل ژیر بوون. دوای تێکەڵبوونی پارتی گەلی کوردیش، محەمەد عەزیزو محەمەد هەرسین بوونە ئەندامی سەرکردایەتی. بە هۆی چالاکی و لێوەشاوەییەوە عەبدولکەریم عارفیش کرایە ئەندامی سەرکردایەتی.

3 ـ هەڵۆ: بە هەق دەکرێت، دامەزرێنەرانی کاژیک< بە دەستەبژێر و هەڵبژاردەی بێوێنە دابنرێن>. گێڕانەوە و باسەکانی لەمەڕ ئەم بابەتە، جۆراوجۆر و فرەڕەهەندن. ئایا بەیەکگەیشتن و گردبوونەوەی ئەم دەستەیە لەدەوری یەکتر و بڕیاری دامەزراندنی کاژیک ،رێکەوتە یاخود پێشوەخت زانیاری تەواوتان لەسەر یەکتر هەبووە؟

- ژیر: بێگومان ،کەم یا زۆر، زانیاریمان لەسەر یەکدی هەبوو. ئەی چی وایکرد من هەندێکیان پەسندو هەندێکیان پەسند نەکەم؟ ئێمە هەموو خەڵکی شارێکی بچووکبووین . بیرمان نەچێ ، بانگەوازی عەرەبە شۆڤێنیەکان بۆ تواندنەوەی کوردو هەڵمەتی شیوعیەکان بۆناو سەرکردایەتی پارتی، دوو هاندەربوون بۆئەوەی لەسەر کارەکەمان پێداگربین. جگەلەوە هەر یەکێکمان پاشخانێکی نەتەوەیی هەبوو. بۆنموونە مامۆستا نەبەز ، وەک لە نووسینێکیدا ئەڵێ: لەساڵی 1956ەوە بیری لە پێویستیی رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی کردۆتەوە ، هەر لەو ساڵەشدا نامیلکەی کفاح ئەلئەکرادی نووسیبوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. بۆیە بەهۆی ئەو پاشخانە هزرییەوە ، هەموومان وا زوو لەسەر کارەکە پێکهاتین .

4ـ هەڵۆ: وەک کاژیک دەتانویست چی بکەن و بۆتان جێبەجێ نەبوو، یان نەتانکرد و ئێستا لێی پەژیوانن؟

- ژیر: ئەمانویست زۆرشت بکەین. وەڵامی ئەم پرسیارە لە کاژیکنامەو ئەدەبیاتی کاژیکدا بەدرێژی هەیە. بەکورتی ئامانجمان

ئازادیی کوردو رزگاری و سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان و چەسپاندنی رژێمی کاژێکیبوو،کاژیک رێکخراوێکی ناوچەیی نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانبوو. ئەوەی لێی پەشیمانین: ئێمە بەمەرجێکی زۆرەوە ئەندامان وەرئەگرت! نەئەبوو وابوایە. چونکە ئەوە بوە هۆی ئەوەی بنکەیەکی جەماوەری فراوانمان نەبێ!

5 ـ هەڵۆ: ئەو شێوازە زۆر تایبەتییەی کارکردنی کاژیک بە نهێنی و هەڵبژاردنی لایەنگر و هاوبیر بەو پێودانگە سەختەی داتان نابوو، چ پەند و ئەزموونێکی لە هەنووکەدا پێ بەخشیون؟

- ژیر: شێوازە نهێنییەکەی کاژیک، ناچاریبوو. رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەر داواکردنی ئۆتۆنۆمییەک یا هەندێ مافی رۆشنبیری ، کوردیان لە سێدارە ئەدا! ئەی لەسەر سەربەخۆیی چۆن!؟ دوو هاوبیری ئێمە(حەمە ساڵح هێتلەرو مامۆستا عیزەت)یان لەسێدارەدا تەنیا لەسەرئەوەی وتبویان ئێمە کاژیکین! شیوعی و پارتیش ئەوەندەی ئەو رژێمانە دژایەتییان ئەکردین! چونکە لە گەشەکردنی ئێمەدا، لاوازبوونی خۆیان ئەبینی! هەمیشە پروپاگەندەی ئەوەیان لەدژ ئەکردین کە ئێمە پیاوی ئەمەریکاو ئێرانین! بە کوردکوژە ناویانئەبردین! بە نارەوا تاوانەکانی کانی ماسی و کوشتنی شیوعیەکانیان خستە ئەستۆی کاژیک! وەک ئەوترێ: ئەوی بژی ئەبینێ. ئەوانەی بەئێمەیانئەوت کوردکوژە،خۆیان لەشەڕی ناوخۆدا نزیکەی 4 هەزار گەنجی کوردیان لەیەکتری کوشت! کێ کوردکوژەدەرچوو!؟ ( لێرەدا وەک سەرنجێک، ئەڵێم: لەم گفتوگۆیەدا، مەبەستمان لە شیوعیەکان و پارتییەکان، ئەوانەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی پێشووە، نەک ئێستا )

وەرگرتنی هاوبیرو لایەنگر بەو پێوانە سەختە کە ئەنجامەکەی باشنەبوو، ئەوەی فێرکردووین کە بۆ هەوڵێکیدی، پێوانە سەختەکان تەنیا بۆ رابەرایەتیبێ، بۆ بنکەکان(قواعد) تەنیا ئەوەبێ ناپاکیی نیشتمانیی نەکردبێ.

6 هەڵۆ: ئەوترێ ژمارەی ئەندامانی کاژیک لەسنووری پەنجەکانی دەستابوە!؟

- ژیر: ئەوە قسەی نەیارەکانی کاژیکە. جائەگەر وابووبێ بۆچی لەکاژیک تۆقیبوون؟
کاژیک سەرەتا لەحەوت ئەندامەکەی دەستەی دامەزرێنەرەوە هاتە مەیدان. دوایی بە تێکەڵاوبوونی پارتی گەلی کورد، هەردوو هاوبیر محەمەدی عەزیزو شێخ محەمەدی هەرسین، بوونە ئەندامی سەرکردایەتی. پاشتر هاوبیر عەبدولکەریم عارف بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و پارێزەر، کرایە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی لیژنەی پەیوەندی لەنێوان سەرکردایەتی و لقی سلێمانیدا.
ئێستا ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوەو ناوی هەموو ئەندامەکان لە یادنەماون. پێش ئەم گفتوگۆیە، جگە لەوانەی خۆم ئەمزانین، بە نامە داوام لەهەندێ هاوبیرکرد، هەریەک لای خۆیەوە ناوی هاوبیرانی کاژیک و هەردوو رێکخراوی نەتەوەیی: لاوان و قوتابیانم بۆبنێرن، بەسوپاسەوە نەو ناوانەی لەبیری ئەوانیشدا مابوون گەیشتن. وامنیش پێشکەش بەڕێزتانی ئەکەم بە پێی پیتەکانی ئەلفوبێ :

ئەحمەد ئەمین ئەفەندی – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد رەئوف – ئەحمەد نەقیب
ئەحمەد ساڵح ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد سەلام – هۆنیارو سیاسەتکار
ئەحمەد شەمەیی – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد عەبدوڵا – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد قادر بەنا – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد محەمەد – چالاکوانی سیاسی
ئەحمەد هەردی- مامۆستا
ئەنوەر برزو – چالاکوانی سیاسی
ئەنوەر عارف قەرەچەتانی – چالاکوانی سیاسی
ئەنوەر عەلی نەجار – چالاکوانی سیاسی
ئەنوەر مەجید سوڵتان- ئەفسەر – شەهید
ئومێد جەلال – چالاکوانی سیاسی

ئومێد عەباس - جالاکوانی سیاسی
ئیبراهیم رەسوڵ - چالاکوانی سیاسی
ئیحسان سدیق – شەهید
ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد- د. ئیحسان
ئیسماعیل کەریم رەش – چالاکوانی سیاسی
ئیسماعیل گوڵبار – چالاکوانی سیاسی
ئیسماعیل محەمەد – چالاکوانی سیاسی
بابا تایەر شێخ غەریب – چالاکوانی سیاسی
بایز محەمەد- بایزی شێخ محەمەدی بەنا
بەختیار ئەحمەد قازی – چالاکوانی سیاسی
بەختیار ئیبراهیم – چالاکوانی سیاسی
بەختیار حامید ئەسعەد – چالاکوانی سیاسی
بەختیار وەلی – چالاکوانی سیاسی
بەرزان محەمەد سابیر – چالاکوانی سیاسی
بەکر خالید – بەکری حاجی مەلا خالید
بەکر حاجی ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
بەکری خانم – چالاکوانی سیاسی
بەکر قادر حەلاو – چالاکوانی سیاسی
بەکر محەمەد کەریم - چالاکوانی سیاسی
بەکر محەمەد مەولود – چالاکوانی سیاسی
بەکری مەلا قادر – چالاکوانی سیاسی
بەکری مەلا مەجی – چالاکوانی سیاسی
بەهمەن زاگرۆز- چالاکوانی سیاسی
برایمی حاجی کەریم – چالاکوانی سیاسی
برایم حەمە عەلی- ریشە
بروسکە ئیبراهیم_ئە ندازیار، کوڕی مامۆستا ئەحمەدی قازی
بەرزان عەزیز – چالاکوانی سیاسی
بێستون محەمەد ئەمین – چالاکوانی سیاسی

پشکۆ ئەمین- نووسەرو چاودێری سیاسی
پیرۆز خان – حاجی پیرۆز
تالیب تایەر – چالاکوانی سیاسی
تایەر حەمەئەمین – ماوەتی-چالاکوانی سیاسی
تایەر شێخ عیزەت – چالاکوانی سیاسی
تایەر محەمەد موراد – چالاکوانی سیاسی
تەها حەمە سەعید- چالاکوانی سیاسی
تەها محەمەد سالّح عەزیز – چالاکوانی سیاسی
تۆفیق نوری بەگ- چالاکوانی سیاسی- شەهید
جەزا - مامۆستا جەزا- چالاکوانی سیاسی
جەمال سابیر ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
جەمال نەبەز- د. نەبەز
جەمال نوری – چالاکوانی سیاسی
جەمال عەلی - مامۆستا
جەمال غەفور- جەمالە رەش
جەمال قادر – چالاکوانی سیاسی
جەمالی سەراج – چالاکوانی سیاسی
جەزا حەمە ئابڵاخی – چالاکوانی سیاسی
جەزا رەشید ئەحمەد شانە - چالاکوانی سیاسی
جەمیل مەحمود – عێراقی
جەلال بەردەزەردی – شێخ جەلالی بازرگان
جەلال حاجی حسەین- کەلۆش – شەهید
جەلال قادر- جەلالی دەروێش قادر
جەلال محەمەد قەپانچی – چالاکوانی سیاسی
جەمال سەعید غەفور – چالاکوانی سیاسی
جەمال شاربازێری – هۆنیار
جەمال عەزیز – چالاکوانی سیاسی
جەمال عەلی قادر – چالاکوانی سیاسی

جەمال کونجرینی – چالاکوانی سیاسی
جەمال مستەفا – چالاکوانی سیاسی
جەمال نوری – چالاکوانی سیاسی
جەمیل مەردۆخی – چالاکوانی سیاسی
جەواد مەلا – د. جەواد- رۆژئاوای کوردستان
جیهان عومەر- نووسەر و جاودێری سیاسی
حامیدی حاجی غالی – چالاکوانی سیاسی
حسێن ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
حسێن محەمەد عەزیز- د. حسێن
حەمە ئەمین گوڵچین- سەرلق لە هێزی خەبات- شەهید
حەمە ڕەشید هەرەس – نووسەرو هونەرمەند
حەمە سدیق ناشاد – چالاکوانی سیاسی
حەمە سەعید جاف – چالاکوانی سیاسی
حەمە عەلی ئەحمەد – کەمئەندام
حەمە عەلی حەمە موراد- چالاکوانی سیاسی
حەمە عەلی فەرەج- مامۆستا
حەمە غەریب – ئەندازیار
حەمە قادر- ئەندازیار
حەمە یادگار – چالاکوانی سیاسی
خولە خڕە - شەهید
خەسرەو جاف – ئەندازیار
دارا حەسەن یارە- چالاکوانی سیاسی
دارا عەبدولقادر – چالاکوانی سیاسی
دارا محەمەد ئەمین – چالاکوانی سیاسی
دلاوەر کاکە زیاد - کۆیی
دڵشاد مەریوانی - شەهید
دلێر ڕەشید – دلێر یارە
ڕزگار ڕەشید- ئامۆزای د. سەربەست

رزگار وەلی – چالاکوانی سیاسی
رەحیم حاجی مەحمود - شەهید
رەحیم غەفور – چالاکوانی ستاسی
رەفیق نوری بەگ – چالاکوانی سیاسی
زاهیر حەمە کۆیی - چالاکوانی سیاسی
زاهیرە سمێڵ – چالاکوانی سیاسی
زاهیر عەلی – چالاکوانی سیاسی
زەینەب خان – چالاکوانی سیاسی
ساجیدە خان – چالاکوانی سیاسی
ساڵح فەرەج – چالاکوانی سیاسی
سدیق تۆفیق – چالاکوانی سیاسی
سدیق محەمەد فەتاح – چالاکوانی سیاسی
سلێمانی قەساب – چالاکوانی سیاسی
سەروەت محەمەد- د. کوردۆ عەلی
سەروەر محەمەد – چآلاکوانی سیاسی
سەعید گەوهەر- چایچی- شەهید
سەلاح سەلام – چالاکوانی سیاسی
سیروان جەمال – چالاکوانی سیاسی
سیروان سەعید مەلا عەباس-چالاکوانی سیاسی
شەریف مەحمود – چالاکوانی سیاسی
شەریف مەولود – مامۆستا – شەهید
شەماڵ عەزیز عەبدولرەحمان- فەرمانبەر- جوانەمەرگ
شەوکەتی حاجی موشیر – شەهید
شەهید بێستون – لە قەیوان شەهیدکرا
شەهید بێستون – لە مامەخەلان شەهیدکرا
شەهید فارس – لە مامە خەلان شەهیدکرا
شێرزاد فاتیح – مامۆستا شێرزاد- کەرکوکی
شێرکۆ بێکەس- فەرمانبەر

شێرکۆ هەژار- فەرمانبەر
عارف ئەحمەد - عارفە سوور
عومەر عەبدوڵا- مولازم عومەر
عەبدوڵا ئاگرین- د. عەبدوڵا
عەبدوڵا ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
عەبدوڵا بەکر ئەمین – چالاکوانی سیاسی
عەبدوڵا پەشێو - د . عەبدوڵا
عەبدوڵا کۆرناڵ - مامۆستا
عەبدوڵا جەوهەر- فەرمانبەر
عەبدوڵا مەحمود – چالاکوانی سیاسی
عەبدول سەعید – چالاکوانی سیاسی
عەبدوڵا سەردار – چالاکوانی سیاسی
عەبدولکەریم عارف- پارێزەر
عەبدولواحید حەمە بۆر – چالاکوانی سیاسی
عەبەی فارس – چالاکوانی سیاسی
عەتا محەمەد موراد – پارێزەر
عەدنانی حاجی پیرۆز – چالاکوانی سیاسی
عەزیز ئەتروشی - چالاکوانی سیاسی
عەزیز ئەحمەد عەبدوڵا – چالاکوانی سیاسی
عەزیز حاجی کەریم – چالاکوانی سیاسی
عەزیز رەزا – چالاکوانی سیاسی
عەزیز شەفیق- ئەفسەر
عەزیز عەبدولرەحمان – باوکی شەماڵ
عەزیز فەتحوڵا – چالاکوانی سیاسی
عەزیز قادر هەتیو – چالاکوانی سیاسی
عەزیز میرزا کەریم – چالاکوانی سیاسی
عەلی بەگی جاف – چاودێری سیاسی
عەلی تۆفیق – د. سەربەست

عەلی حەموش – چالاکوانی سیاسی
عەلی رەشید – چالاکوانی سیاسی
عەلی سوور – مامۆستا
عەلی سەردار – چالاکوانی سیاسی
عەلی سەید سەعید – چالاکوانی سیاسی
عەلی فەیزوڵا – چالاکوانی سیاسی
عەلی ماردین – چالاکوانی سیاسی
عەلی مامە - چالاکوانی سیاسی
عەلی محەمەد ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
عەلی محەمەد نوری – چالاکوانی سیاسی
عەلی مەشخەڵ – شەهید
عوسمان ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
عوسمان حاجیساڵح – خەفاف
عوسمان حاجی عەبدوڵا- برای مولازم عومەر
عوسمان رەشید- مامۆستا
عوسمان حەمە عەزیز – چالاکوانی سیاسی
عوسمان سەرقەبرانی – چالاکوانی سیاسی
عوسمان عەلی – چالاکوانی سیاسی
عوسمان فەرەج دارۆغا – چالاکوانی سیاسی
عوسمانی مەلا قادر – چالاکوانی سیاسی
عوسمان محەمەد- عوسمانی شێخ محەمەدی بەنا
عوسمان محەمەد ساڵح – برای شەهید مامۆستا یاسین
عومەر ئیسماعیل – چالاکوانی سیاسی
عومەر حاجی قادر – چالاکوانی سیاسی
عومەری حەمە - چالاکوانی بسیاسی
عومەر سابیر ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
عومەری ساڵح مەنسور – شەهید
عومەر شەمەیی- چالاکوانی سیاسی

عومەر عیزەت – چالاکوانی سیاسی
عومەر کەریم – چالاکوانی سیاسی
عومەر محەمەد فەرەج – چالاکوانی سیاسی
عومەر مینە - چالاکوانی سیاسی
عیزەت رەشید - عێزەتە سوور- مامۆستا – شەهید
عیزەت مەلا رەحیم – چالاکوانی سیاسی
غاندی ئەنوەر تۆفی – سیاسەتکار
غەریب پیرە - چالاکوانی سیاسی
غەفور ئەمین- مامۆستا
فاروق فەقێ رەشید – چالاکوانی سیاسی
فازیل محەمەد ئەمین- سەراج
فازیل محەمەد تۆفیق – چآلاکوانی سیاسی
فازیل مەلا تۆفیق – نەقشبەندی
فایەق عارف- مامۆستا
فایەق گوڵپی – د. فایەق
فەتاح عەبدولرەزاق- چالاکوانی سیاسی
فەتاح فەرەج - دارۆغا
فەتاح محەمەد ئەمین – فەتاح ئاغا – شەهید
فەتاح نوری بەگ- فەرمانبەر
فەرەج ساڵح – چالاکوانی سیاسی
فەرەج رەحیم رەمەزان _ چالاکوانی سیاسی
فەرهاد خەفاف – شەهید
فەرهاد سدیق( سمکۆ) – مامۆستا
فوئاد عەبدوڵا- چالاکوانی سیاسی
فەرهاد ئەحمەد- د. فەرهاد
فەرهاد عەبدولحەمید- سیاسەتکار
فەرهاد عەبدولقادر- چاودێری سیاسی- کەرکوکی
فەرەیدون ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی

فەرەیدون رەئوف – چالاکوانی سیاسی0.
فەرەیدون عەلی ئەمین- مامۆستا
فەرەیدون فەقێ رەشید - چالاکوانی سیاسی
فەرەیدون محەمەد – چالاکوانی سیاسی
قادر حاجی حەسەن – چالاکوانی سیاسی
قادر حاجی عەلی – سیاسەتکار
قادر شێخ محەمەد – چالاکوانی سیاسی
قادر عومەر- وەستا قادر
قادر مستەفا – ئەکتەر
قوربانی مام رەش - شەهید
کامیل ژیر- پارێزەر
کامیل شەفیق – چالاکوانی سیاسی
کامیل محەمەد ئەمین – سەراج
کەریم سەلام- مولازم کەریم – شەهید
کەریم شێخ حەسەن - مامۆستا
کەریم عومەر – مامۆستا
کەریم مەجید – چالاکوانی سیاسی
کەریم مەحمود – شێخ کەریمی خەیات
کەریم لهۆنی- چاودێری سیاسی
کەریم محەمەد - چالاکوانی سیاسی
کەریمی وەستا عومەر – چالاکوانی سیاسی
کۆفان – چالاکوانی سیاسی – شەهید
کەمال ئەحمەد- د. کەمال
کەمال ئەحمەد حەسەن – چالاکوانی سیاسی
کەمال شێخ مەجید – چالاکوانی سیاسی
کەمال جەمال موختار- رۆژنامەنووس
کەمال تایەر رەشید – چالاکوانی سیاسی
کەمال *عوسمان دایی- خاڵۆزای کەمال موختار*

*کەمال عەبدوڵا مەحیەدین – چالاکوانی سیاسی*
کەمال عەلی- د.کەمال
کەمال محەمەد عارف – مامۆستا
کەمال مەعروف – چالاکوانی سیاسی
کەمال عارف – چالاکوانی سیاسی
کەمال فەتاح – چالاکوانی سیاسی
کەمال هاواری - چالاکوانی سیاسی
گورونی سابیرە سووری قەساب – چالاکوانی سیاسی
گەردون عومەر – چالاکوانی سیاسی
لەتیف عەلی- لەتیفی جوانەمەرگ
لەتیف قەرەداخی- ب. هەندرین
ماهر محەمەد ئەمین – چالاکوانی سیاسی
محەمەد جەزا قادر – چالاکوانی سیاسی
محەمەدی ئەحمەدی- مولازم محەمەد- شەهید
محەمەدی ئەحمەدی – فەرمانبەر لە کارگەی جگەرەکە
محەمەد حاجی شێخ ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی
محەمەد حاجی مەرۆیی – مولازم – شەهید
محەمەدساڵح – هۆشمەند
محەمەد ساڵح فەرەج هیتلەر- مامۆستا- شەهید
محەمەد شەوقی- مولازم – شەهید
محەمەد رەشید حەسەن- چالاکوانی سیاسی
محەمەد شیرین – چالاکوانی سیاسی
محەمەد عومەر – چالاکوانی سیاسی
محەمەد عەبدولفەتاح – د. محەمەد
محەمەد عەزیز- خاڵە حەمە - سیاسەتکار
محەمەد کەریم – هێمن
محەمەد فەرەج دارۆغایی – چالاکوانی سیاسی
محەمەد مستەفا- ئازاد مستەفا

محەمەد فەتحولڵا – چالاکوانی سیاسی
محەمەد محێدین – چالاکوانی سیاسی
محەمەد مەجید- فەرمانبەر
محەمەد مەلا عومەر – چالاکوانی سیاسی
محەمەد مەولود – چآلاکوانی سیاسی
محەمەد هەرسین - شەهید
مژد تاهیر- ئەندازیار
مستەفا بابە گەورە - چالاکوانی سیاسی
مستەفا سلێمان- ئەندازیار
مستەفا مینە - چالاکوانی سیاسی
مەحمود حاجی – ئابلاخی
مەحمود خەرامان – چالاکوانی سیاسی
مەحمود شێخ محەمەد – چالاکوانی سیاسی
مەلای خەیاڵ – چالاکوانی سیاسی
مەزن عوسمان فایەق – چالاکوانی سیاسی
مەنسوور شێخ کەریم حەفید- ئەفسەر
مەهدی – وەستا مەهدی کاشی
مەهدی مەلا عەلی – چالاکوانی سیاسی
ناسر شێخ کەریم حەفید- برای شێخ مەنسور
نوری حەمە عەلی- جێگری ئامر هێزی خەبات- شەهید
نوری شێخ ئیسماعیل – چالاکوانی سیاسی
نوری عەبدولڵا – چالاکوانی سیاسی
نوری قادر - چالاکوانی سیاسی
نوری کەریم- مامۆستا
نوری نامیق – چالاکوانی سیاسی
نەبەز عەزیز - چالاکوانی سیاسی
نەجمەدین حەسەن – چالاکوانی سیاسی
نەسرەدین ئەحمەد – چالاکوانی سیاسی

نەورۆز مەلا عەلی – چالاکوانی سیاسی
نەوزاد سابیر – چالاکوانی سیاسی
وریا ئەحمەد قازی – برای بروسکە
وریا براخاس- چالاکوانی سیاسی
وەستا سالْحی بەنا – چالاکوانی سیاسی
هادی – مامۆستا هادی
هاوار نوری حەلاو – شەهید
هیوا مستەفا – چالاکوانی سیاسی
هیوا نیزامەدین- ئەندازیار
یوسف سەعید – چالاکوانی سیاسی

جگە لەو بەڕێزانە، کەسانێکی پایەبەرز هەبوون کە ئەندام نەبوون، بەڵام هەواداری کاژیکبوون، لەوانە:

بەشیر موشیر – کەسایەتی کۆمەڵایەتی
جەمال رەشید – د. جەمال - مێژوونووس
جەمال نیزامەدین – ئەندازیار
جەمیل رۆژبەیانی – مێژوونووس و نووسەر – شەهید
حەسەن شێخ حەمە مارف – نووسەر
عەلی تۆفیق – د. عەلی- مامۆستای کیمیا
عەلی سام ئاغا – کەسایەتیی کۆمەڵایەت
فازیل نیزامەدین – فەرهەنگسازو نووسەر
قادر نوری بەگ – چاودێری سیاسی
کوردستان مووکریانی – د. کوردستان
گیو مووکریانی – فەرهەنگساز و نووسەر
محەمەد گوڵانی – شێخ محەمەد
محەمەد نوری عارف – د. محەمەد

بەداوای لێبوردنەوە لەوانەی ناوەکانیان بیرچوون، بەتایبەت پێشمەرگەی هێزەکانی شۆڕش کەبەسەدانبوون . ئەو ژمارانەش بۆ ئەو رۆژە ترسناکانە کەم نەبوون. سوپاس بۆ ئەوانەی ناویان نەهێنراوە

ئەگەر ئاگادارمانبکەن تا لە هەلێکیتردا ئاماژەیان بۆبکەین. وەک سەرنجێکیش: مەبەستمان لەناوهێنانی هەموو ئەو بەڕێزانە، یەکەم: وەڵامێکە بۆ ئەوانەی ئەڵێن ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێنەپەڕیوە. دوەم: ناوهێنانیان، سەروەرییەکە بۆ خۆیان و نەوەکانیان کە لەو رۆژە ترسناکانەدا گیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە لەپێناوی خەباتی سەربەخۆییخوازانەدا بۆ نەتەوەکەیان. سێیەم: ئەوەش شانازییەکیترە کە تا ئێستا هێچ پەڵەیەکی وەک ناپاکی، گەندەڵی، جاشێتی و فایلی بەعسیان نیە. . هەندێ ناویتریش هەن کە لە ساڵانی1962-1964دا لەسەر هەردوو پەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی گەلی کورد یارییانئەکردو لەخۆیانەوە کاری توندوتیژییان لە کانی ماسی ئەنجامئەدا، ناوی ئەوانە ناخەینە لیستی نە کاژیک و نە پارتییەوە.

7- هەڵۆ: کاژیک چ داهێنان و وەرچەرخانێکی لەبواری هزر و روانگەی کوردایەتییەوە هێنایە کایەوە؟

- ژیر: تا دامەزراندنی کاژیک، کوردایەتی زیاتر لەخولگەی سۆزدابوو ، مێژووی کورد لەدیدی نەتەوەیییەوە، شینەکرابوەوە، بەرپەرچی بیردۆزەکانی مارکسیتی نەدرابوەوە، چەمکی ئیمپریالیزم وابوو کەتەنیا رۆژئاوا ئەگرێتەوە، کوردایەتی بەقۆناغێک ناوئەبرا لەمێژوودا...هتد

کاژیک، هەموو ئەو دیدوبۆچوونانەی رەتکردەوە. سەرنجدانێکی ورد لە ئەدەبیاتی کاژیک، بەتایبەتی پەرتووکی کاژیکنامە، حقیقەت کاژیک، گۆڤاری چرای کوردستان و گۆڤاری نەوەی کورد، بەشێکی زۆر لەداهێنان و وەرچەرخانەکانی بواری هزرو روانگەی کوردایەتی پیشانئەدەن، هەرچەندە ئەو بەرهەمە هزرییانە نەئەگەیشتنە دەستی هەمووکەس بەهۆی نهێنیەتیەکەی کاژیکەوە، بەڵام دوو نامیلکە کەبە ئاشکرا دەرچوون، وەرچەرخانێکی گەورەیان لەبواری هزریی کوردایەتیدا، لەناو خەڵکدا، هێنایە کایەوە.

سەرەتا، گزنگی خۆری هزری کاژیک: دیوانی هۆنراوەی کوردایەتیبوو ( کوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیک و دوورمانە- کامیل ژیر) بەپێشەکییەکی مامۆستا جەمال نەبەزەوە، ئەوە یەکەم تەقینەوەیەکی

بیری کاژیکبوو بەئاشکرا، تیراژەکەی 3000 دانەبوو. کتێبخانەی سیدیانیش لە سنە5 جار هەزاران دانەیان لێچاپ و بلاوکردەوە، مامۆستا فوئاد سەراجیش جارێکیتر لەناو نامیلکەی (کوردایەتی بیری زیندووە)دا، چاپی کردەوە- 2006.

ناوەرۆکی ئەم دیوانە شۆڕشێکی هزریی لەناو لاوان و رۆشنبیرانی کوردا بەرپاکرد، بە لاوان و رۆشنبیرانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە. ئێستەش جاروبار لەسەر رێگاو لە هەندێ شوێندا خەڵکانێک پێمئەڵێن هەموو یا زوربەی هۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتیمان لەبەرەو لەوهۆنراوانەو لەنامیلکەی(کوردایەتی بزووتنەوەو براوا رژێمە)ەوە فێرێ کوردایەتی بووین.

لەو دیوانەدا ئەوە پیشاندراوە کە:کوردایەتی بیروباوەڕە، ئامانجە، یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستانە، سەربەخۆییە، رژێمی پاشەڕۆژە، یەکسانییە، مرۆڤایەتییە، بزووتنەوەیەکی هەتاهەتایە، ئاشتیخوازییە بەسەربەرزییەوە، هێزە، شۆڕشە، فیداکارییە، ئازادی و سەربەستیە، رەوشتپاکییە، بەختیارییە بۆکورد، کوردایەتی، قۆناغێکنییە لەمێژوودا، راستییەکی هەتاهەتایە، فەلسەفەو باوەڕوبیرە، کوردستان تەنیامڵکی کوردە، ئامانجی کوردایەتی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیە کە ئازادی و یەکسانی تیا دەستەبەربکرێ.

ئەم بیرو دیدو بۆچوونانە، ئەشێ لەم سەردەمەدا ئاساییبن،بەڵام لەرۆژگاری وتنی ئەو هۆنراوانەدا، داهێنان و بوێری و وەرچەرخانی هزرییبوون لەبواری کوردایەتیدا.

وەک بیرەوەرییەک، بەرگی دیوانەکە، ئاڵای کوردستانبوو، هێشتا لە چاپخانەبوو، مامۆستا عەزیز خانەقا کە بەرپرسی ریقابەی کوردیبوو، هاتە سەرم لە دوکانی بەشیر موشیرو وتی تۆ ماڵی منت وێرانکردوە، هەواڵەکە گەیشتۆتە زەعیم کە بەرگی دیوانەکەت بە عەلەمی کوردستان رازانۆتەوە!! ئەگەر وابێ، هەردوکمان ئەدەن بە دادگا و دیوانەکەش قەدەغە ئەکرێ! وتم وانیە . کە تەواوبوو چەند دانەیەکت بۆ دێنم ،. کە رۆی، بۆئەوەی دیوانەکە قەدەغەنەکرێ ، چووم بۆ چاپخانەکەو بەرگەکەم

گۆڕی، بەڵام وێنەی ڕۆژێکم هەر لەسەر دانا وەک هێمایەک بۆ ئاڵای کوردستان.

ئەم هۆنراوانە دوژمنێکی(ئەوڕۆژەی)کوردایەتیی هەژاند کەحیزبی شیوعیی عێراقییبوو. بۆیە فەرمانیاندا بە کاک محەمەدی مەلا کەریم کە بە نامیلکەیەک بەرپەرچی ئەو بیروباوەڕانە بداتەوە لەژێرناوی(کوردایەتی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا 1960) .کاژێکیش بەنامیلکەیەک بەناوی( کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو رژێمە- نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا 1960) بەناوی زەردەشتەوە وەڵامیدایەوە کە ئەم نامیلکەیە تیراژەکەی 3000 دانەبوو، لەماوەیەکی کەمدا لەبازاڕدا نەما، ئنجا خەڵکی کەوتنە ئەوەی بەدەسخەت لەبەری بنووسنەوە. لەم نامیلکەیەشدا بەشێوەیکی فراوانترو بە ئاشکرا، بیروباوەڕەکانی کاژیک ناراستەوخۆ پیشاندران و خرانە هزری خەڵکییەوە. ئەوەش وایکرد کە پارتی خوێندنەوەی ئەو نامیلکەیەو دیوانی کوردایەتی، لەهەوادارانی قەدەغەبکا! بەڵام لاوان و قوتابیانی کوردستانی سەر بەپارتی، ئەو دوو نامیلکەیەیان ئەکرد بەبەر پشتوێنەکانیانەوە کەئەچون بۆ بارەگای لاوان و قوتابیان وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بۆ ئەو قەدەغەکردنە!! جگەلەوە، بە کتێبخانەکانی سلێمانیشیان راگەیان کەنابێ بیانفرۆشن. بەڵام شێخ محەمەدی گوڵانی هەر ئەیفرۆشت و ئەشیوت: ئەمانە ئنجیلی کوردن!.. لەگەڕانەوەیەکمدا بۆ سلێمانی، چوومە پەرتووکخانەکەی شێخ محەمەدو دەستمدایە ئەو دوو نامیلکەیەو وتم جا ئەمانە کەی شتن!؟ شێخ لێم هەستایە سەرپێ و بەتووڕەییەوە وتی: ئەی تۆ چیت!؟ ئەمانە ئنجیلی کوردن، داینێ دەستیان تێومەدە، تۆ کێیت!؟.. دوو میوان لەلای دانیشتبوون، هەر پێئەکەنین و وتیان : ئەوە کامیل ژیرە. شێخ باوەشی پیاکردم و ئەملاولای ماچکردم ...

ئێستاش لەبەرئەوەی لێرەدا ماوەی ئەوەمان نیە بەدریژی لە لایەنە هزری و فەلسەفییەکانی کاژیک بدوێین، هەروەها بۆئەوەی نەبێتە دووبارەکردنەوە، ئاماژە بۆئەم سەرچاوانە ئەکەین کە

لەناویاندا هەریەک بەجۆرێک لەدەرگای بیروباوەڕەکانی کاژیکیانداوە :

1-دیوانی کوردایەتی بیروباوەڕمانە ئامانجی نزیک و دوورمانە- کامیل ژیر- 1960.

2-کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو رژێمە- نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا- زەردەشت- 1960.

شیاوی وتنە، مامۆستا فوئاد سەراج ساڵی 2006 جارێکیتر ئەو دوو بەرهەمەو نامیلکەکەی کاک محەمەدی مەلاکەریم و وتارێکی خۆی و وتارێکی تازەی کاک محەمەد و وتارێکی تازەی من بە ناونیشانی: پێشبینییەکانمان لە ئەزموونی نیو سەدەدا، لە پەرتووکێکدا، بەناوی کوردایەتی بیری زیندووە بە چاپگەیاند. لەو وتارەی خۆمدا ئاماژەم بۆ ئەو پێشبینیانەمان کردوە کە پێشتر وتوومانەو دوایی هاتوونوتەدی.

3-کوردایەتی و سەربەخۆیی- کامیل ژیر- .2002

4-افکار- کامیل ژیر- 2002.

5-هەڵبەستەکانی ژیر- .1993

6-کوردایەتی و کۆمیدیای گەندەڵی- کامیل ژیر- 2008

7-کوردایەتی و جوانی- کامیل ژیر- .2010

8-کۆبەرهەم- ژمارەکانی 1 تا 11 – د. جەمال نەبەزو سمینارە گرنگەکانی و نووسینەکانیتری.

لەو بەرهەمانەدا، تێکڕا، بیروباوەڕەکانی کاژیک رەنگیان داوەتەوە جگە لەوانە، ئاماژە بۆ بەرهەمە هزرییەکانی کاژیک خۆیشی ئەکەین، لەوانە :

1- کاژیکنامە بە دروشی کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل، کە کورتەیەک لە فەلسەفەی کاژیک و بانگی یەکەمی کاژیکە. ئاماژەیەکی کورت و خێرایە بۆ شیکردنەوەی مێژووی کورد لەدیدی نەتەوەییەوە. کورد پێش ئیسلام. کورد دوای ئیسلام. دەرکەوتنی عوسمانییەکان. *دەرکەوتنی سەفەوییەکان. کورد دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، شیوعێتی لە کوردستاندا، هەندێ زانیاری سەبارەت بە*

شیوعێتی، نەتەوەگەلی (ئەلئومەمیە) ئایدۆلۆجیەتی مارکسی، باری سەرنجی ستالین سەبارەت نەتەوایەتی، شیوعێتی و دیموکراسی، شیوعێتی و مافی چارەنووسی گەلان، هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی شیوعییەکان، ئێمەو پارتییەکان، پوختەی بیرو فەلسەفەی کاژیک، کاژیک و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، کاژیک و بۆشایی باوەڕ، کوردو بیروباوەری لەدەرەوەهاتوو لەگۆشەی بیری کاژیکەوە، پێویستیی بوونی کاژیک، کاژیک و دەوڵەت. شیاوی وتنە، یەکەم چاپی کاژیکنامە لەساڵی 1961دابوو، ساڵی 1968بۆ دوەمجار لەلایەن لقی ئەوروپاوە جاپکرایەوە. دوای ئەوە، چاپی سێیەمی کاژیکنامە (بەعەرەبی) ساڵی 1971 لەگەڵ پێشەکییەکی تازەی پڕزانیاریدا.

2-حەقیقەت کاژیک (بە *عەرەبی*) وەڵامێک و پەرچدانەوەیەکە بۆ نوو سینێکی بەعس کە کۆمەڵێ هەڵەو تۆمەتی خستبوە پاڵ کاژیک! .وەڵامێکی گرنگە شایستەی ئەوەیە هەموو خوێندەوارێک بیخوێنێتەوە.

3-گۆڤاری چرای کوردستان. گۆڤاری یەکێتیی لاوانی نەتەوەیی کوردبوو. دروشمەکەی: کوردستانێکی یەکگرتوو- کوردێکی سەربەخۆ. نموونەیەک لە نووسێنێکی چرای کوردستان ژمارە 26 شوباتی 1966 . ئەمە بەشێکە لەو نووسینە :

<u>سەر وتار</u>

دەوڵەتی عوسمانی و عێراقی نەمر!!

نووسینی: تەوژم

ئەم نووسینە پێشکەش بەوکەسانەی فرمێسکی گەرم و بەخوڕ بۆ برایەتیی کوردو عەرەب و عراقی دیموکراتی و نەمر هەڵئەڕێژن : کاتێ دەوڵتی عوسمانی بەرەو کزبوون و لەناوچوون ئەڕۆیشت و هەندێک لە وڵاتەکانی ژێردەستی وەک ئەلبانیاو سرب بەشۆڕش سەربەستی

خۆیان سەندبوو، عەرەبەکان لەو کاتانەدا هێشتابڕوایان وەهابوو کە پێویستە پارێزگاری برایەتی تورک و *عەرەب بکەن بۆ مانەوەی (خەلافەتی ئیسلام)و بەرەنگاری هەموو دەستەو تاقمێک ئەبوونەوە کە جیابوونەوە بە زمانیاندا بهاتایە، بەتایبەتی بەناوی دینەوە وەڵامیان ئەدانەوەو جۆرەها پڕوپاگانتەیان لەدژئەکردن...هتد*

*4- گۆڤاری نەوەی کورد. گۆڤاری یەکێتیی قوتابیانی نەتەوەیی کوردبوو. دروشمەکەی: خوێندەوارییەکی کوردی ، پەروەردەیەکی نەتەوەیی. نموونەیەک لە نووسینێکی ژمارە 5ساڵی 2 تشرینی یەکەمی1966. بەشێك لە نووسینەکە :*

*کوردکوژە کێیە ؟*

*ئەوانەی لافی نیشتماپەروەری و کوردایەتیان لێئەدا..ئێستا دەستیان داوەتە کوردکوشتن...جگە لە کوشتنی پێشمەرگە، گرتن و سزای خەڵکی و ڕێپێگرتن ، کەفالەت سەندن لە خەڵکی... کەچی سەیر ئەوەیە هێشتا ئەمان وەتەنین و خەڵکی کوردکوژە .*

ئەوانەو چەندین سمینارو وتارو کۆڕو گفتوگۆی تەلەفیزیۆنی و ڕۆژنامەوانی و هۆنراوەو نووسینیتری هاوبیران لە میدیاکاندا.

8ـ هەڵۆ: دەنووسرێ کاژیک هەمیشە لایەنگری بارزانیبووە، پارتییەکەی بارزانی بەردەوام دژایەتی کاژیکی کردوە. ئەم هاوکێشەیە چەند لاسەنگ و نادروست و هەڵە بووە؟

- ژیر: هاوکێشەیەکی لاسەنگ نەبوە، سەردەمی ژیانی بارزانیی باوک ، بارزانی و پارتی، دووشتی جیاوازبوون. جارێ هەموومان ئەیزانین بارزانی لەماوەی 1946تا1958لەپارتییەوە دووربوە، کەگەڕاشەوە لەیەکێتی سۆڤێت، تا نزیک شۆڕشی ئەیلوول، هەر لە بەغداد سەرقاڵی پێشوازیکردنی خەڵکیبوو، ئیشوکاری پارتیی بەجێهێشتبوو بۆ لیژنەی

ناوەندیی پارتی. کەشۆڕشیش بەرپابوو، چوە شاخ. کاتێکیش بەوەیزانی کە لیژنەی ناوەندی بۆتە ئامێرێک بەدەست شیوعیەکانەوە، ئێوارەی ڕۆژی 1959/6/30 هەڵیکوتایە سەر بارەگای پارتی لە شەقامی موتەنەبی لەخوار دوکانەکەی بەشیر موشیرەوە و هەمزە عەبدوڵاو شیوعیەکانی دەرکردەدەرەوە! ئێمە لە دوکانەکەی بەشیرەوە زوو بەوەمانزانی. کە لیژنە مەرکەزیی پارتیش کەوتە دژایەتیی بارزانی لە 64 دا، ئەگەر ناچارینەبوایە، بارزانی گرنگیی بەباڵەکەیتری پارتیی بندەستی خۆیشی نەئەدا. لەرۆژانی شۆڕشیشدا، زیاتر گرنگیی بەعەشایرئەدا. بەلایئەوەوە گرنگ لوولەی توفەنگبوو. ئنجا پارتیش، بەهەردوو باڵەکەیەوە، بە مارکسیێتی گۆشکرابوون، ئەگەر لەترسی بارزانینەبوایە، باڵەکەی لای بارزانی، لەباڵەکەی برایم ئەحمەد زیاتر مارکسیێتییان ئەکرد! لەبەرئەوە هەردوو باڵەکەی پارتی، وەکیەک دژایەتیی کاژیکیان ئەکرد. ئێمە ئەم راستیانەمان ئەزانی، بۆیە دوو ئەندامی سەرکردایەتیی کاژیکمان خستە پاڵ بارزای .

9 ـ هەڵۆ: دیسان لە بەرهەمەکانتدا وامان بۆ دەگێڕیتەوە، کەوا بارزانی و ئیدریسی کوڕی دژایەتی کاژیکیان نەکردووە. جا گەروابێ پێت وایە بەو سانابیە رێکخستنەکانی پارتی و دەزگا ناوزڕاوەکەی پاراستن لەخۆڕا دەیانتوانی دژایەتی کەس بکەن؟

- ژیر: بەڵێ ئەیانتوانی. کێبەکێبوو! پارتی، بەتایبەتی ئەوسا، ئەو حیزبە توندوتۆڵەنەبوو کە هەمووی یەک ئایدیاو یەک هەڵوێستبێ.

10 ـ هەڵۆ: سەردەمانێ کە وەک کاژیک کارتان دەکرد، مێملّی هزریی و رامیاریی و جەماوەریی ئێوە لە مەیدانەکەدا، پارتی کۆمەنیستی عێراق بوو . خاڵە جیاوازەکان کامانەن و ئەوانی ئێوەیان جیادەکردەوە لەوان، چی بوون؟ ئایا خاڵی هاوبەش لە ئارادا نەبوو، بە هەردوولا کاری لەسەر بکەن؟

- ژیر: خاڵە جیاوازەکان زۆربوون، بەڵکو هەمووی هەر خاڵی جیاوازبوو، چ وەک بیروباوەڕ، چ وەک کارکردن. هەر بەڕاستی دوو ئایدیاو دوو ئاڕاستەی دژو پێچەوانەی یەکدیبوون. خاڵە جیاوازە سەرەکییەکان:

ئەوان نانەتەوەیی، ئێمە نەتەوەیی. ئەوان عێراقچی، ئێمە کوردستانیخواز. ئەوان تەنیا ئیمپریالیزمی رۆژئاوایان بە ئیمپریالیزم ئەزانی، ئێمە رۆژهەڵاتیش. ئەوان کوردایەتییان بە قۆناغێک لەمێژوودا ئەزانی، ئێمە بە بوەیەکی هەمیشە زیندوو. بەلایئەوانەوە ئەبوو کەمینە بکرێتە قوربانی زۆرینە، بەلای ئێمەوە پاراستنی هەردوو لایان پێویستبوو. خاڵی دەسپێکردن بەلای ئەوانەوە لە گشتەوە بۆ تاکبوو، ئێمە لەتاکەوە بۆ گشت. لەکارکردندا ئەوان بۆ بەدەستخستنی ماف باوەڕیان بە بەکارهێنانی هێزنەبوو، بەلای ئێمەوە ئەوەی بە هێز زەوتکرابێ بە هێز ئەسەنرێتەوەو... هتد لەرووی کردەییشەوە ئەوان ماوەیەک چوونە پاڵ بەعس ئەوە بەلای ئێمەوە کاریکردەنەبوو. جگە لەوانە ئەوان بە نامیلکەکەی حەمەی مەلا کەریم شەڕیان بە ئێمە فرۆشت . ئەوان کاژیکیان بە کوردکوژە ناوئەبرد. ئەوان بە معاریفی کوردستانیان ئەوت معاریفی قلیاسان! ئەوان بەناڕەوا تاوانی کوشتنی شیوعیەکانیان خستە ئەستۆی کاژیک!! کە کاژیک نە لەدوورەوەو نە لە نزیکەوە دەستینەبوو لە کوشتنی شیوعیەکاندا. ئەوەبوو دوایی حیزبی شیوعی خۆیشی ئەو راستییەی بۆدەرکەوت.

11- هەڵۆ: ئەو هۆکارو ئاستەنگ و کەموکوڕی و هەڵانە چیبوون، بوونە رێگر لەوەی کاژیک لە بواری پراکتیکدا پەرە نەسێنێ و نەتوانێ وەک پێویست کاریگەریی بەسەر رووداوەکانەوە هەبێت؟

- ژیر: هۆکارو ئاستەنگەکان زۆرن. لەپەرتووکی(کوردایەتی بیروبزاڤە)دا ئامازەم بۆکردوون. لێرەدا زۆر بەکورتی: نزمیی هوشیاریی نەتەوەیی، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول کەبوە هۆی کردەی ئێمەو بردەی ئەو شۆڕشە، نەبوونی پاشخانێکی هزری پێش دروستبوونی کاژیک، ترسناکیی بیرۆکەکە، پەیڕەوکردنی سیستمی هەڵبژاردە(نخبە) ، پروپاگانتەی زۆری نەیاران، نەبوونی سەرچاوەی دارایی، نەبوونی دەزگای راگەیاندن، میسالییەتکردن لەجیاتی سیاسەتکردن، تاکڕەوی و لێنەهاتوویەتییەک بەسەر رێکخستنەکانەوە کەبوە هۆی لاوازی و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەیان بێئەوەی سەرکردایەتییان لێئاگاداربکات بەڵکو

راستییەکانی لە سەرکردایەتی شاردەوەو خۆیلێبوو بە کەسی یەکەم و تاکە بریاردەرو ئاژاوەیەکشی لە ریزەکانی رێکخستندا نایەوە کە بەداخەوە درەنگکاتێک ئاشکرابوو، یا راستتر، خۆی خۆی ئاشکراکرد، بەڵام دوای وێرانبوونی بەسرە !.. خاڵێکیتریش کە، ناڕاستەوخۆ، بوە هۆی ئەوەی دوو رێکخراوی پاکژو نموونەیی (میسالی) وەک کاژیک و پاسۆک، گەشەنەکەن، ئەوەبوو، جەلالی و شیوعی و پارتی، هەریەک بەجۆرێک و لەسەردەمێکی جیاوازدا، خۆیاندایە پاڵ ئەو رژێمانەی کوردیان داگیکردوەو کوردیان قەلاچۆ ئەکرد، سەرباری گەندەڵیەکانیان. بەوەش، خەڵکی بەڕەوشت و ئابڕوومەند، خۆیان لە حیزبایەتی بەدوورگرت،ئێستەشی لەگەڵدابێ!

12ـ هەڵۆ: کاتێ کاک محەمەد عەزیز و شێخ محەمەد هەرسین بەناوی کاژیکەوە دەچنە ناو شۆڕشی ئەیلوولەوەو لە بارزانی نزیک دەکەونەوە، ئەمانە بەهەموو شێوەیەک دەچنە سەنگەری پارتی و بارزانییەوە. ئەمە چۆن بوو؟ بۆ وابوو؟ دەکرێ ئەم هەنگاوە بە خۆبەدەستەوەدان دابنرێ یان بەهۆی کزی و لاوازی باوەڕ بە کاژیکەوە خوڵقا بێت؟

- ژیر: راستییەکەی ئەوە لەبەرنامەی ئێمەدانەبوو کە پەیوەندیی راستەوخۆ بە بارزانییەوە بکەین. بەڵام سکرتێری حیزبی دیموکرات، عەبدوڵا ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) زۆر خۆی لە ئێمە نزیککردەوەو باوەڕی بە کاژیک هێنابوو. داوایلێکردین پەیوەندییەکمان لەگەڵ بارزانی هەبێ. ئەوکاتە ئەو بلاوکراوەیەکی بەناوی(دیسان بارزانی)یەوە ئەنووسی و بلاوئەکردەوە. داواکەیمان پەسند کرد. ئەوەبوو ئەو دوو هاوبیرەمان نارد. بارزانی داوای لێکردن لەنزیک خۆیەوە بمێننەوە. ئەوەشمان لاباشبوو. چوونە سەنگەری بارزانییەوە، بەڵام ئەوسا نەچوونە سەنگەری پارتییەوە، بە پێچەوانەوە پارتی زۆر دژایەتیی ئەکردن.

ئێمە بەو کارە ئەمانویست کۆمەڵێ مەبەست بپێکین :

1- ئێمە بە درێژایی تەمەنی کاژیک، بەرژەوەندیی گشتیی کوردمان ئەخستە پێش بەرژەوەندیی خۆمان. کاژیکیشمان هەر بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان دامەزران. ئێمە خوازیاری شۆڕشێکبووین بۆ مافی کورد. لە

ئەدەبیاتەکانمانا، بانگەشەی شۆڕشمانکردوە( بۆنموونە: لەدیوانی کوردایەتیدا 1960 وتومە- کاروانەکەی کوردی دلێر- نەوەی کاوە- بەبیری سەبەخۆیی تێر- بەهیواوە– کەخۆری گەش لە ئاسۆی سڕ- گزنگیدا- شۆڕشێکی واگەرموگوڕ - بەرپائەکا- کوردستانەکەی بەشکراو- فەرامۆش- وەک ئاگرو ئاوی کوڵاو دێنێتە جۆش ).کەواتە ئەرکی سەرشانمانبوو تێکەڵ بەو شۆڕشە ببین و پشتی شۆڕشی ئەیلول بگرین. بارزانیش بووبوو بە سنبولی شۆڕشەکە ، زۆریش دژایەتی ئەکرا، بۆیە لەلایەک ئەو دوو هاوبیرەمان نارد بۆلای بارزانی، لەلایەکیترەوە هێزی خەباتمان کردە بنکەی سەربازی بۆ هاوبیرانی کاژیک، ئەو هێزەی کە سەرکردەکەی- فەتاح ئاغاو جێگرەکەی- نوری حەمە عەلی و زۆری پێشمەرگەکانی کاژیکبوون.

2- جگە لە دەسدانە چەک، مەبەستمانبوو بیروباوەڕی کاژیک لەناو شۆڕشدا بڵاوبکەینەوە. ئەوەبوو هەردو هاوبیر ئەحمەد هەردی و فەرەیدوون عەلی ئەمینیش تێکەڵ بە شۆڕشبوون. وتم بیروباوەڕی کاژیک نەک رێکخستنەکانی کاژیک. چونکە نەمانئەویست لەناو شۆڕشدا باڵێکیتری وەک باڵی جەلالی قوتکەینەوە. واتا ئێمە ئەمانویست کوردایەتی بکەین نەک حیزبایەتی. زۆریش بەلامانەوە گرنگبوو شۆڕشی ئەیلول سەرکەوێ. ساڵی 1974یش زوربەی هاوبیرانی کاژیک چوونە پاڵ شۆڕشەکە. تەنانەت هەر لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدا، بە بریارێک هەندێ چالاکیی خۆمان هەڵپسارد. ئێستەش بە دڵنیاییەوە ئەڵێم : ئەگەر هەموو حیزبە کوردییەکان وەک کاژیک بەرژەوەندیی خۆیان بکردایە بەقوربانی بەرژەوەندیی گشتیی کورد ، دەمێکبوو بە هەموو ئامانجە نەتەوەییەکانمان گەیشتبووین.

کەواتە ئەوەی کاژیک کردی، نە خۆبەدەستەوەدانبوو، نە بێباوەڕی. ئەگەر شۆڕشیش سەربکەوتایە ، بە هێزو باوەڕێکی زیاترەوە ماڵەکەی کاژیکمان نۆژەنئەکردەوە. دوای نسکۆی شۆڕشیش، پاسۆک بە هەمان ئایدیای کاژیکەوە دامەزراو کەوتە چالاکی. ێستەش هاوبیرانی کاژیک و

پاسۆک، بەشێوازێکی نوێوە درێژە بە کاراکردنی باوەڕو چالاکییەکانیانئەدەن. دنیاش ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆییوە.

13 هەڵۆ: تۆ هەم ئەدیب و شاعیر و هەمیش سیاسەتوانی. بە دیدی ئێوە ئەدەب و سیاسەت لە کوێدا پێکەوە هەڵدەکەن و لە چ جێگەیەکیشدا دانوویان پێکەوە ناکوڵێ؟

- ژیر: کاتێ وێژەو هۆنراوە، رێبازی ریالیزمی ئەگرنەبەر، لەگەڵ سیاسەتدا پێکەوە هەڵدەکەن. بەلام ئەو دوانە لە رێبازی رۆمانسی (ئەندێشەو خەیاڵ) دا کەمتر دانوویان پێکەوە ئەکوڵێ.

لە وەڵامەکەی محەمەدی مەلا کەریمدا بۆ دیوانی کوردایەتی، ئەڵێ: (هەلبەستەکانی زۆر پێویستییان بەو ئاسۆی فراوانی خەیاڵ و تەعبیری ناسکەیە کە بایەخی هونەری شێعری پێ دائەنرێ).

ئەوە نەک هەر ناوبراو، بەڵکو زۆر کەسیتری وەک ئەو کە بەزۆر سواری زانستی رەخنەسازیی وێژەیی بوون، بەبێئەوەی بڕوانامەیەک، یا پسپوورییەکیان لەو بوارەدا هەبێ، خۆیان ئەکەنە دادوەر و بریاری کوێرانەی لە سێدارەدان بەسەر هەندێکدا ئەدەن و هەندێکیتر بەرزئەکەنەوە بۆ ئاسمان!! ئەوانە بە ئانقەس، یا لەرووی نەزانینەوە، جیاوازی لەنێوان مەرجەکان و مەبەست و ئامانجەکانی هۆنراوەی ریالیزمی و بابەتەکانیتری هۆنراوەدا ناکەن، بەتایبەتی هۆنراوەی رۆمانسی!

لە راستیدا ئەو هۆنراوانەی بۆ مەبەستێکی سیاسی، فێرکاری، فەرهەنگی، ئاینی ئەوترێ، پێویستییان بە ئاسۆی فراوانی خەیاڵ نیە. ئەوانە زیاتر شێوازی دروشم وەرئەگرن. ئەبێ دووربن لە تەمومژو خەیاڵەوە. هۆنیارە بەناوبانگەکانی جیهان هەر وایانکردوە. با لەم رووەوە ئامارژە بۆ هەندێ هۆنراوەی گۆران بکەین:

برای عەرەبی چاو رەشم
تاڵبوو بەشت، تاڵبوو بەشم
لە یەک کاسە تاڵی نۆشین
برایی کردین بە هەنگوین

هەردوو برا عەرەب و کورد
سەرمان بۆ بناگوێی یەک برد
یا ئەڵێ:
ئەی رۆڵەی کورد
ئیپریالیست ئەو باوکەی مرد
کە برای عەرەب لەگەڵ تۆ
وەک جاران بکا رەنجەڕۆ
بێت تەقە بێت لە تفەنگی
بەملیۆنان مەردی جەنگی
پشتت ئەگرن
وەک رەشکەی کا ورگی ئەدڕن
پتر لە ملیار ئاشتیخواز
پشتیوانتن رۆڵەی سەرباز
یا ئەڵێ:
من گەلم، گەلی عێراقم
عەرەب ئەم لاق، کورد ئەو لاقم

ئیتر بەوجۆرە هەموو هۆنراوەی (بۆ سەربازی جمهوری) ل 299 (چیرۆکێکی برایەتیئ) ل 320 ، هۆنراوەی (بت-بتەوان) ل 282 ی دیوانی گۆران و زۆر هۆنراوەیتری، کە هەمان محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردوونەتەوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆنووسیون ! هەرچی ئاسۆی فراوانی خەیاڵبێ لەو نموونە هۆنراوانەدا نیە. نەک هەر خەیاڵ، راستیش لەوەدا نەبوو کە دوایئەوەی باوکی ئمپریالیست لە 1958 دا لە عێراق مرد، ئیتر برای عەرەب لەکورد نابێ رەنجەڕۆ و ئەگەر تفەنگێک نرا بە کوردەوە، بە ملیۆنان مەردی جەنگی پشتمان ئەگرن و پتر لە ملیارێک ئاشتیخواز ئەبنە پشتیوانمان!! داخەکەم گۆران نەما ئەنفال و کیمیابارانی برای عەرەبی چاوڕەش ببینێ، بێئەوەی، نەک ملیۆن، بەڵکو یەک ئاشتیخواز پشتمان بگرێ! بەلام کاک محەمەد ئەوەی دی و نەشچوو داوا لەو مەردی

جەنگی و ئاشتیخوازانە بکا پشتیوانیمان بکەن ! جگەلەوە، ئەبێ چ زەوقیک لەوەدابێ کە عەرەب ئەم لاق ، کورد ئەو لاقی عێراقبێ! لێرەدا دوو پرسیار خۆیان ئەسەپێنن: یەکەم- ئاخۆ ئەبێ لەنێوان ئەو دوو لاقەدا، تورکمان چیبێ!؟ دوەم- بۆچی کاک محەمەد، پێش من، ئەو رەخنەیەی ئاڕاستەی گۆران نەکرد کە ئەو هۆنراوانەی ، نەک هەر خەیاڵ، راستی و زەوقیشیان تێدا نەبوو !؟ لەگەڵ رێزمدا بۆ هۆنراوە جوانەکانی گۆران. ئنجا ئاخۆ ئەم کارەی کاک محەمەدیش، دیاردەیەکنیە لەدیاردە خراپەکانی حیزبایەتی کە رەشی تیائەکرێ بە سپێ و سپی بەڕەش!؟

14- هەڵۆ: تۆ هەموو بەهرە و توانا و وزەی خۆت خەرجی ئەوە کردووە لە رێگای شیعرەوە، فەلسەفەی کوردایەتی بگەێننە رادەی باوەڕ و بزاف و جیهانبینی فەلسەفی؟

وەک لەم کۆپلە شیعرەی "کوردایەتی" دا دەردەکەوێ:

نۆتەی سروودی ئەم سازە هەوا و سۆزی ئەم ئاوازە
هەتا بڵێی دڵگیرە،خۆش دەماری لەش دێنێتە جۆش
ئەڵێ کردەم جێی داخ نییە کوردایەتیم قۆناغ نییە
ئامانجێکە نەمر، پیرۆز مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز
فەلسەفە و باوەر و بیرە رێگەی پیاوی دانا و ژیرە

یان لە سروودی "لاوان "دا دەڵێن:

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەرین ئیمـــــــە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد خوێن ئەڕێژین، لەش ئەنێژین، ئەفسەرین

ئایا ئەمانە بەزیان یان بە سووتی شاعیرێتی خۆت دەزانی؟ خۆت لەم مەیدانەدا چەند بەسەرکەوتوو دەبینیت ؟

- ژیر: بۆچی هەر هۆنراوە!؟ نووسینەکانی من، لەبواری بیرو فەلسەفەی کوردایەتیدا، لە هۆنراوکانم زیاترن. بروانە ئەم پەرتووکانە :

1- کوردایەتی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ – 1994

2- کوردایەتی و سەربەخۆیی – 2002
3- ئەفکار – 2002
4- کوردایەتی بیرو بزاڤە - 2006
5- کوردایەتی و کۆمیدیای گەندەڵی – 2008
6-کوردایەتی و جوانی- 2010

ئەم بەرهەمانەش کە هێشتا چاپنەکراون:

1- حوار مع الزات

2- کۆی گفتوگۆکان لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفیزوێن و سایتەکان.

3- کۆی وتارە بڵاوکراوەکانم لە میدیاکاندا

4- سیمینارێک لە ئەڵمانیا بۆ ماوەی 6 کاژێر کەلە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا بڵاویئەکەینەوە لەبەرئەوەی ئەویش هەر پەیوەندیدارە بەباتی ئەم گفتوگۆیەوە.

5- گفتوگۆکانیتر لەگەڵ میدیاکاندا.

6- ژیاننامە

ئنجا من جیاوازییەک نابینم ، بەهۆنراوە یا بەنووسین بیروباوەڕەکانی خۆم رابگەیەنم. هەندێ لە کتێبە ئاینێەکان بەهۆنراوەن. ئنجا من خۆم نایڵێم ، خەڵکی ئەیڵێن کە زۆری هۆنراوەکانمیان لەبەرە. ئێستەش بازاڕی هۆنراوەکانم لە فەیسبووکیش گەرمە . ئەوانەن نیشانەی سەرکەوتنی هۆنراوەکانی من . ئەو راستییەش ئەزانم کە ئەگەر حیزبێکی باڵادەستم لەپشتبوایە، نازناوی گەورەگەورەم ئەخرایە پاڵ . بەڵام با ئەو نازناوانە پیروز بە نانخۆرو زوڕناژەنەکانی خۆیانبێ ! من ئەوە بە شانازی ئەزانم کە تا ئێستە هیچ پلەوپایەو نان و زەوی و

خانوو و ئۆتۆمبێلێکی ئەو حیزبانەو حکومەتی هەرێمیشم وەرنەگرتوە . رۆژێکیش دێت رەخنەسازی پسپوور لەناو کوردا هەڵکەوێ و رەش لە سپی جیاکاتەوە.

15- هەڵۆ: کوردایەتی وەک : بزوتنەوەو باوەڕ" بەسەر زۆرینەی بەرهەمەکانتانەوە دیارە. ئەم دیاردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

- ژیر: کوردایەتی وەک بزووتنەوەو باوەڕ، ئەوەندەی نان و ئاو بەپێویست ئەزانم بۆ نەتەوە ستەمدیدەکەمان، بۆیە ئەوەندە پێی لەسەردائەگرم. لەچەند جێگەدا وتوومە: نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی هۆیەکی سەرەکییە بۆ نەبوونی دەوڵەتی کوردی تا ئێستا. کوردایەتی بۆ گەشەی ئەو هوشیارییەیە.

16- هەڵۆ: من پێم وایە گەر بهاتایە و بەشێک لەو شیعرانەی دیوانی " کوردایەتی"بەرێزتان، کاتی خۆی دەمودەست بکرانایە بە سروود و گۆرانی وەک ئەوەی (تیپی ئاوارە) لە سالانی ۱۹۸۰دا لە لایەن هونەرمەند نامدار عومەرەوە لە هۆڵەندە ئەنجامیاندا ، کاریگەرێتی هێجگار گەورە و بەرفراوانتریان لەسەر خەملاندنی بیر و هەستی کوردایەتی جەماوەر دەبوو؟ ئایا دەرەتانی کارێکی وا لەبەردەستدا نەبوو؟

- ژیر: ئەوە قسەیەکی زۆر راستە. نەک هەرئەوە، بەڵکو گەلێجار هونەمەندی بەتوانای ئاوازدانەرو گۆرانیبێژی دەنگخۆش، وزەیەکی زیاتر بەبەر هۆنراوەدا ئەکا. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، ئاوازو دەنگی ناخۆش، هۆنراوەکەش لەبار ئەبا. بۆ وەلامی پرسیارەکەتان: بریا دەرەتانی کارێکی وا لەبەر دەستماندا بوایە. من پێشتر وتم دیوانی کوردایەتی لەلایەن شیوعی و پارتییەوە بەربەرەکانی ئەکرا، حکومەتیش هەر دژیبوو. تیپێکی هونەریش نەبوو سەر بە ئێمەبێ. رۆژێک لەنزیک مزگەوتی گەورەی سلێمانی، هونەرمەندی شەهید قادر کابان داوای لێکردم کە رێگەی بدەم هۆنراوەی کوردایەتی بکا بە سروودێک. منیش پێموت باشە بەمەرجێ لەئاوازەکەی رازیبم. پێکەوە سواربووین لەرێگەی سەرچنار سروودەکەی وت، تابڵێی ئاوازێکی خۆشبوو. داخم ناچێ زۆری

نەبرد رژێمی بەعس گرتی و شەهیدیکرد! ئەوەی کراوە بە سروود، هۆنراوەی سروودی لاوانە :

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەرین
ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەبەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەرێژین
لەش ئەنێژین
ئەفسەرین
کوردستان،کوردستان
ئێمە بۆتۆ سوپەرین ... تادوایی

17- هەڵۆ: گەر خەبات بۆ سەربەخۆیی نەبێ! پێشمەرگەی کورد بە فەلسەفەی کوردایەتی چەکدار نەکرێت. پێت وایە راپەڕین و شۆڕش و حیزب حیزبێنەی کوردی، نەتەوەکەمان بگەیێنێتە دوا ئامانج؟

- ژیر: هەر لە سۆنگەی ئەو بیرکردنەوەیەوەبوو، کاژیک لەپێناوی سەربەخۆییدا خەباتی ئەکردو بەشداریی شۆڕشێ ئەیلولیکرد. ئێمە کارمان بەوەنەبوو کە پارتی ستراتیجی خۆی کردبوە (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) ئێمە ئەمانویست شۆرشەکە بەئاراستەی سەربەخۆییدا بەرین، ئەمانویست پێشمەرگەی کورد بە فەلسەفەی کوردایەتی چەکداربکەین. هەر لەبەرئەوەشبوو پێشمەرگەکانی هێزی خەبات، بەباوەڕەوە مەردانە ئەجەنگان. بەڵگەش بۆئەوە، ئەوەبوو لەهەرقوڵێکی شۆڕشەکەوە دوژمن زۆریبهێنایە، هێزی خەبات بەفریایانئەکەوت. بۆ نموونە داستانی خواکوڕک. تۆ سەرنجبدە لە مێژوودا ئەو لەشکرانەی بەبیروباوەڕێک چەکدار کرابوون، هەمیشە سەرکەوتووبوون. بۆنموونە لەشکری باوەڕدار بە ئیسلامێتی لەسەرەتای ئیسلامدا، لەشکری سۆڤێتیی باوەڕدار بە مارکسێتی لە جەنگی جیهانی دوەمدا. لەشکری ئێستای باوەڕدار بە جوولەکایەتی، بەژمارەو دارایییەکی کەمەوە، بەرامبەر بە 22 دەوڵەتی عەرەبیی دەوڵەمەند،

نەتەوەی کورد گەلێ راپەڕین و شەڕی چەکداری کردوە ، لەسەردەمی میرنشینیەکان و دوای ئەوانیش، بێئەوەی بەئەنجام بگەن، چونکە بیروباوەڕو فەلسەفەی کوردایەتی، پاڵپێوەنەریان نەبوە. لەسەردەمی میرنشینیەکاندا، بەنەمانی میر ، بزووتنەوەکە کۆتایی هاتوە، واتا خەڵکەکە شوێن میر ئەکەوتن نەک بیروباوەڕێک. ئەگەر بیروباوەڕی کوردایەتی، ئاوێتەی میرنشینیەکەی پاشای کۆرەبوایە، نەئەچوون کوشتاری برا یەزیدییەکانمان بکەن، گوایە ئەوانە کافرن!! هەروەها بە قسەیەکی هیچوپووچی مەلای خەتێ، چەکیان دانەئەنا! ئەوەیە کاریگەرێتی باوەڕ. بۆیە هاوبیرانی کاژیک، کوردایەتییان لە سۆزەوە گواستەوە بۆ باوەڕ. هەر ئەو باوەڕەش، کەشتیی کورد ئەگەیەنێتە کەناری ئارامی .

حیزبحیزبێنەی کوردیش لە رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ زیاتر زیانی بەکورد گەیاندوە. سایکس بیکۆ کوردی کرد بە چوار پارچەوە، حیزبە کوردییەکان کوردیان کردوە بە دەیان پارچەوە!

18- هەڵۆ: خاڵێکی گرنگی شکستخواردنی پارتی نەتەوەیی دەگێڕنەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاریی کوردایەتی و نەبوونی بیریار و هزرمەندی کوردی، واتا بزری و نائامادەیی پاشخانێکی رۆشنکاریی لە کوردستاندا؟ دەکرێ تیشکێکی زیاتر بخەنە سەر ئەم بابەتەو رێگەچارەکەشمان بۆ دەستنیشان بکەن؟

- ژیر: هەموو بزووتنەوە باوەڕدارەکان، لەپێشدا پاشخانێکی هزریی هەبوە. محەمەد بەبیری ئیسلامی نەتەوەی عەرەبی گۆشکرد، بۆیە عەرەب بەناوی ئیسلامەوە لە فتووحاتەکانیاندا سەرکەوتن و نیوەی دنیایان داگیرکرد. پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەڵمانی، چەندین بیرمەندی وەک: فیختە، هیردەر، تریتشکۆ، بسمارک، نۆفالیس، مۆلێر، نیتشەو هیگڵ، بەبیردۆزەکانیان زەمینەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییان خۆشکرد، ئێمە لێرەدا کارمان بەوەنییە کە ئەو بزووتنەوەیەی ئەڵمان بەرەو نازێتی رۆی. گرنگ ئەوەیە ئەو بزووتنەوەیە هەموو پارچەکانی ئەڵمانیای یەکخستەوەو ئەڵمانیای کردە

خاوەنی دەوڵەتێکی گەورەی بەهێز. جولەکە ئاینەکەی خستە خزمەتی نەتەوایەتیەکەی. فارس شیعەگەری. تورک خەلافەت. نموونەیتر زۆرن. تەنیا کورد بەدەستی بەتاڵ مایەوە! ئەگەر لەناو کوردیشدا لە دێرزەمانەوە بیرمەندی نەتەوەیی وەک ئەوانە هەڵبکەوتایەو زەمینەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییان خۆشبکردایە، پارتە نەتەوەییەکانی ئەم سەردەمە زۆر بەخێرایی گەشەیانئەکرد. بەڵکو ئەوان کەشتیی کوردایەتییان ئەگەیانە کەناری ئارامی. راستە لەناو کوردیشدا بیریاری وەک خانی و حاجی قادری کۆیی هەڵکەوتوون، بەلام هەر چەند هۆنراوەیەکیان وتووە کە ئەو هۆنراوانەش بە زۆری لە دیوەخانەکاندا بلاو بوونەتەوەو نەگەیشتوونەتە دەست میللەت، میللەتیش بەدەس هەژاری و نەخوێندەوارییەوە نالانوێتی! ئێستەش با بیرمەندانی نەتەوەیی کوردی بەردەوامبن لەسەر بیردۆزەکانیان ، ئەمرۆش نەبێ سبەی ئامانجەکە ئەپێکن و کورد ئەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لە سەرتاسەری کوردستاندا. ئەوەش رێگەچارەکەیە.

جێی خۆیەتی لێرەدا، بەکورتی، ئاماژەیەک بۆ گرنگی دەوڵەت بکەین. لەبارەی دەوڵەتەوە، فەیلەسوفی نیشتمانپەروەری ئەڵمان، فیختە ئەڵێ: دەوڵەت، نەتەوە بەرجەستە ئەکات. هەر نەتەوەیەک لە دەوڵەتێکدا بەرجەستە نەبێ، نەتەوەیەکی لاوازو دەستەوستانە. هەروەها هەر دەوڵەتێک هی نەتەوەیەک نەبێ، دەوڵەتێکی سستوسۆڵەو ژیانی تیانیە( بڕوانە فەلسەفەی سیاسەت لای ئەڵمان- د، محەمەد عەبدول موعیز- چاپخانەی ل.ک ئەسکەندەریە 1971) بیرمان نەچێ فیختە ئەڵێ(دەوڵەت نەتەوە بەرجەستەئەکا) نەک دروست ئەکا. نەتەوە بەبێ دەوڵەتیش هەر نەتەوەیە. نەتەوەو نەتەوایەتیش پێکەوە سەریان هەڵداوە، بەلام مەرج نیە وەکیەک گەشەبکەن. ئنجا ئەگەر کەس بایەخی دەوڵەت نەزانێ، ئەبێ کورد بیزانێ. کورد بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، هیچ دەسەلاتێکی لە گۆڕینی حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستان و سیستمەکانیاندا نیە، چاکبن یا خراپ. بەلام ئەگەر حکومەتێکی دەوڵەتی خۆی خراپیشبێ ئەتوانێ بیگۆڕێ. لەبەرئەوە

دروستنیە تاکی نیشتمانپەروەری کورد، شوێن حزبێک بکەوێ کە بە ئاشکرا ستراتیجی خۆی بە سەربەخۆیی کوردستان دیارینەکردبێ و کاری بۆنەکات.

19هەڵۆ: تۆ بەم شێوەیە هێڵکاری کوردایەتی دەکەیت. سەرەتا هەست و سۆز، ئینجا بیروباوەڕ، دواقۆناغ دەبێتە ئایدۆلۆژیا. پاشان هەموو ئەمانە پێکەوە دەبنە پاڵپێوەنەر بۆ بزوتنەوە و تێکۆشان. دەکرێ ئەمە وەک تیورییەک تەماشا بکرێ و بۆ هەر قۆناغێک نموونەیەکمان بۆ بهێنیتەوە؟
- ژیر: ئەو هێڵکارییە، تیۆرییەکە، لەقۆناغی یەکەمدا کاتێ نەتەوەکان هەر یەکەو بەجۆرێک زمانی پشکوتووەو کوردیش بە کوردی، لەو قۆناغەدا کورد تەنیا بە هەست زانیوێتی کەنەتەوەیەکی جیاوازە لەنەتەوەکانیتر. هەر بەو هەستەش بەرگریی لەخۆی و نیشتمانەکەی کردوە. بۆنموونە ئەو بەرگریە سەختەی بەرامبەر لەشکرەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی کردوێتی. قۆناغی دوەم : دروستبوونی دەوڵەتی مادو دەوڵەتۆکەکانیتری کوردی و بزووتنەوە چەکدارییەکان و بگرە دروستبوونی حیزبایەتیش، کورد تەنیا بە سۆز کوردایەتی کردوەو ئەو سۆزەش پاڵپێوەنەربوە بۆ بزووتنەوەکانیان کە تائێستا شتێیەکی ئەوتۆیان لێسەوزنەبوە. وەک بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاش، لەسەرهەڵدانی کاژیک1959و دواتر پاسۆک 1975 نەمامی کوردایەتی بە واتا فەلسەفییەکەی چەکەرەی کرد، بەڵام تا ئێستا تەشەنەی نەکردوەو (بەر)ی نەداوە بەهۆی نەبوونی ئەو پاشخانە هزریەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد. بەدەربڕینێکیتر، تا ئێستا کوردستان کێڵگەیەکی لەبارنیە بۆ سەوزبوونی تۆوی کوردایەتییەکی باوەڕدار کە بچێتە دۆخی ئایدۆلۆژیایەکی پاڵپێوەنەر بۆ سەربەخۆیی کوردستان و چەسپاندنی رژێمێکی نەتەوەییانەی وەک ئەوەی کاژیک لە کاژیکنامەدا ئاماژەی بۆکردوە.
راستە هەندێ جار کارکردی دەرەکی ئەبێتە هۆی دروستبوونی دەولەتێک، وەک ئەو دەوڵەتانەی دوای جەنگە جیهانییەکان دروستبوون،

یائەوانەی دوای هەڵوەشانی رژێمی سۆڤێت دروستبوون. بەڵام ئەگەر کارکردێکی لەوجۆرە دەوڵەتێکی کوردیی لێنەکەوێتەوە، ئەوا ئەبێ ئایدۆلۆژییە کوردییەکە،بزووتنەوەیەکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە کە ئەو دەوڵەتە کوردییە دروستبکات.

20- هەڵۆ: بیرەوەرییەکانت لەگەڵ مامۆستا نەبەزدا لەسلێمانی، بەغدا پێش دروستبوونی کاژیک و دواتریش لە هەندەران لە سویسرا و ئەڵمانیا و هەتا ئێستا چۆن تەماشا دەکەن؟ ئێوە ئەو دوو دامەزرێنەرەی کاژیکن هەتاوەکو هەنووکە بە هەموو شێوە و شێوازەکان پەیوەنیتان بەهێز و کارکردنتان بەردەوامە. هەوێنی ئەم نزیکییە چییە؟ خۆشترین یادگارتان پێکەوە چییە؟

- ژیر: پەیوەندی و بیرەوەرییەکانم لەگەڵ برای هاوبیرم مامۆستا نەبەزدا زۆرن. جارجاریش درگ هاوێژراوەتە نێوانمان، بەڵام بێهوودە. لەهەموو بارێکدا من و ئەو گیانێکین لەدوو جەستەدا. بیرەوەرییەکانم لەگەڵ ئەودا مەگەر بەکتێبێک هەمووی بنووسرێ. لەبەغداد لەدەرباری حەزرەتی بەشیر موشیردا ساڵانی 1957تا1961، لەسلێمانی لە شەونخوونییەکانی داڕشتنی بناغەی تەلاری هزریی کاژیکدا 1959، لە سویسرا لەگەڵ کۆمێدیاکانی ئاغای حەبیبوڵای رەشیدی و چالاکییە سیاسییەکانمان کە بوە هۆی دەرکردنمان لە سویسرا ساڵی 1962، لە ڤییەنا دوای دەرکردنمان لە سویسرا 1962، لەبەرلین بۆ چاوگێرانەوە بەهەندێ دەسکاری لەکاژیکنامەدا 1970، لەلەندەن لە پێنجەم کۆنفرانسی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا 2005، دواهەم یەکتربینینمان، هاوینی 2011 لە شاری کۆڵن بە خواردنی کفتەی سلێمانیەوە لە ماڵی چیا ژیر لەگەڵ هاوبیران د.جەواد مەلاو بروسکە ئیبراهم و خاتو ئێرمگارد کە هاتبوون بۆ ئامادەبوون لەو سمینارەدا کەبۆ کوردانی ئەو شارە ئەنجامدا. دیارە هەوێنی نزیکیمان لەیەکدییەوە، یەکێتیی بیروباوەڕمانە. خۆشترین یادگارمان لەبەغداد ئەو شەوانەبوو کە لەگەڵ بەشیرموشیرو مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و د. محەمەد نوری عارف و مامۆستا عەلائەدین سوجادی و د. عەلی تۆفیق و مامۆستا تۆفیق

وردی و هەندێ بەڕێزیتردا ئەچووین بۆ ماسیخواردن کە تا درەنگانی شەو، نیوەی بەباسی سیاسەت و نیوەی بە قسەی خۆش ئەمانبردەسەر، تاجارێک باس هاتەسەر موشیر روکن عەبدولحەکیم عامری میسر، مامۆستا بەشیر هەر تەنیا خۆی بە (موشیر) ئەزانی، بە ناوهێنانی ئەو گرژبوو و وتی: کەی ئەو گەوادە موشیرە، بەدینی پێغەمەر قابیلی ئەوە نیە موعەلیمێکیشبێ. هەموو دەسمانکرد بەپێکەنین، بەشیر وەک بیریکەوتبێتەوە کە دانیشتەکە مامۆستای تیایە، روویکردە مامۆستا نەبەزو وتی: نا رۆحەکەم من مەبەستم مامۆستای سانەوی نیە، مەبەستم مامۆستای ئیبتیدائیەو ئامازەیەکیشی بۆ تۆفیق وردی کرد! ئیتر ئەو شەوە ئێمە سەرمانکردە سەر وردی، ئەویش بە رۆحە سووکەکەیەوە هەر پێئەکەنی.

21- هەڵۆ: تۆ و مامۆستا هەردی و مامۆستا فایەق وەک سەرکردایەتی کاژیک لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا چیتان دەکرد و بەرنامەی کاژیک چیبوو؟ شۆڕش دەرفەتی خورتبوونی بەکاژیک بەخشی یان سڕبوون و توانەوە؟

- ژیر: ئێمە لەناو شۆرشدا هەر یەکەو لەبواری شارەزاییەکەیدا کارێکمان پێسپێردرابوو، من دادوەری مەدەنیبووم، هەندێجار لە دەستەی دادگای سەبازیشدا ئامادەئەبووم کە عەبدولرەحمان قازی سەرۆکەکەیبوو. لەهەمان کاتدا پشکنەری دادیشبووم. لە چوونێکمدا بۆ پشکنینی دادگاکانی ناوچەی بادینان، بەپێ، بە یاوەری ئەو پێشمەرگەیەی پارێزگارمبوو- عوسمان ئیبراهیم- برای عەلی ئیبراهیم کە یاریدەدەری دادوەریبوو لە ئەمانەی دادو ئەوقاف، لەلای سەری حەسەن بەگەوە دوو فرۆکەی میگ وەک زەردەواڵە تێمانئاڵان، نزیکەی دە خولەک دەزرێژیان لێکردین، ئەوەی پاراستینی، جۆگەیەکی پێچاوپێچبوو کە خۆمان ناوی هاویشتە..

لەبارەی کاژیکیشەوە، ئەندامەکانی پەرشوبڵاوبووبوون بەناوچەکانی شۆڕشدا. کەمتر بواری یەکتربینین هەبوو. خەمیشمان هەر سەرکەوتنی شۆڕشبوو. لەراستیشدا ئەو شۆڕشە وەک خۆی بەئەنجام نەگەیشت، بوە هۆی سڕبوونی کاژیکیش.

22- هەڵۆ: لە کۆنفرانسی نەغەدە لە ١٩٧٤ دا بڕیاری هەڵپەساردنی کاژیک دەدەن. بۆ؟ کێ بوون بەشداربووانی کۆنفرانس؟ ئایا هەموو لەسەر بڕیارەکە هاوڕا بوون؟ هاوبیرانی ئەوروپا چەند ئاگادار و بەشداری ئەو کارە بوون؟.

- ژیر: پێشتر باسی بریاری هەڵپساردنی هەندێ چالاکیی کاژیکم کردو وتم لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدابوو، وەنەبێ بەو بریارە پەیوەندیی هاوبیرانەی نێوان خۆمان پچڕاندبێ، هەر بەردەوامبووین لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەمان و رێکخستن و راکێشانی خەڵکی بە نهێنی، بریارەکە زیاتر بۆئەوەبوو کە بەناوی کاژیکەوە بەیان و بڵاوکراوەمان نەبێ، کەس بەناوی کاژیکەوە نەدوێ، بۆئەوەی نەبینە کۆسپ لە رێی شۆڕشدا. . بەشداربوەکانیش، ئەوەندەی بۆمان کۆکرایەوە: ئەحمەد هەردی، فایەق عارف، نوری حەمە عەلی،فەرهاد عەبدولحەمید، عومەر شەمەیی، مژدە تاهیر، نوری کەریم، محەمەد مەجید، فەتاح عەبدولرەزاق و کامیل ژیربوو. نازانم ئەگەر کەسێکیترم بیرچووبێ. رای جیاوازیش هەبوو، هاوبیر فەرهاد عەبدولحەمید لەگەڵ هیچ جۆرە هەڵپساردنێکدا نەبوو. هاوبیرانی ئەوروپا ئاگادارنەبوون چونکە هۆکاری پەیوەندی نەبوو. مەسەلەی ئەو هەڵپساردنەش کارەساتێک نەبوو. ئەوە تەگبیرێکی کاتیبوو بۆ ماوەی تا ئەنجامی شۆڕش. ئەگەر شۆڕش سەرکەوتووبوایە، کاژیک بە پاشخانێکی بەهێزەوەو بە ئاشکرا ئەکەوتەوە کارکردن، چونکە لایەنێکبوو لەلایەنەکانی بەشداربوو لە شۆڕشدا بەوەی هەموو ئەندامەکانی بەشداربووی شۆڕشبوون. ئەگەر شۆڕش سەرکەوتووش نەبوایە، ئەوا بە شێوازە نهێنییەکەی، بەردەوام ئەبوو. بەڵام ئەوەبوو دوای نسکۆ، پاسۆک بەهەمان بیروباوەڕەوە دروستبوو و دایە شاخ. بۆیە کاژیک بەپێویستینەزانی دوو رێکخراو بە یەک باوەڕو ئامانجەوە هەبێ. وایبەباشترزانی بوار بە پاسۆک بدات. هەر واشبوو. رێگەیدا بە هەوادارانی خۆی، بەخواستی خۆیان بەشداریی پاسۆکبکەن. هەردی بەئاشکرا ماوەیەک چوە پاسۆکەوەو وەک سکرتێری پاسۆک و برای گەورە سەیریانئەکرد. ئێمە بەپەیوەندیی نهێنی ،

هەریەک بەجۆرێک . دوای راپەرینیش، مەکتەبی سیاسیی پاسۆک لە 5 هاوبیر پێکهات 4 یان کاژیکبوون: مولازم کەریم، مژدە تاهیر، عەبدولا ئاگرین و کامیل ژیر.

23- هەڵۆ: مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر و مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین هەر زوو وازیان لە کاژیک هێنا. هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەیان چی بوو؟

- ژیر: بریا ئێستا خۆیان بمانایە، ئەو پرسیارەتان لەخۆیان بکردایە. تەنیا ئەوەندە ئەڵێم: هەموو کەس بەرگەی رۆژانی سەخت ناگرێ ئەگەرچی زۆر دڵسۆزیشبێ. لە هەموو بارێکدا، ئەو دوو هاوبیرە، دوو گوڵی گەشی لالەزاری کوردایەتیبوون.

24- هەڵۆ: لەسەر کۆمونیستی گیراوی و دەربەدەر کراوی؟ ئەی لەسەر کاژیکبوون چیت بەسەرهاتووە ؟

- ژیر: لەسەرەتای دروستبوونی کاژیکەوە هەتا لێبوردنەکەی دوای کۆتایی شۆڕشی ئەیلول، ئەگەر رژێمەکانی بەغداد بەسووسەیەک بیانزانیایە کاژیکم، ئەگەر بەبێ دادگایی نەیانخستمایەتە حەوزی تێزابەوە، ئەوا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، سزاکەم لەسێدارەدان ئەبوو. لەبەرئەوە مەترسی لەسەر ئەوانەی خەباتی ناوشاریان ئەکرد، زۆر زیاتربوو لەوانەی شاخ. من ئەگەر بەهۆی شێوازە نهێنییەکەی کاژیکەوە هیچیشم بەسەرنەهاتبێ، ئەوا وەستان بەرامبەر ئەو هەڕەشەیەو دەربەستنەبوون بەژیانم لەپێناوی بیروباوەڕەکەما، واتایەکی فرەمەزن ئەگەیەنێ. ئەو مەترسییە بۆ پارتە کوردییەکانیتر نەبوو، چونکە لە بەرنامەی ئەواندا نەبوو پارچەیەک لەعێراق جیابکەنەوە. ئەوان ئێستاش بە بادەی یەکێتیی خاکی عێراق مەستن!

25- هەڵۆ: باس لە گۆڤاری ـ چرای کوردستان ـ ی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد و گۆڤاری نەوەی کوردی یەکێتیی قوتابیانی نەتەوەیی دەکەن. ئەمانە چەندیان لێ دەرچوو و کێ کاری تێدا دەکردن و نەخشەیان چیبووە؟

- ژیر: بیرم نەماوە ژمارەیان بەتەواوی چەندبوون. 30 ژمارەیەک ئەبوون. بە دەستخەت ئەنووسران. یەکی چەند دانەیەکیانم لەلا ماوە. هەر لاوەکانی ئەو دوو رێکخراوە کاریان تیائەکرد. نەخشەیان پەروەردەکردنی نەتەوەییبوو، پالاوگەیەکیشبوون بۆ کاژیک هەرچەندە هەموویان خۆیان بە کاژیک ئەزانی.

26- هەڵۆ: کەی و چۆن وەرچەرخان لە جگەرسۆزی ـ ولاءـ ی تاکی کورد دا بەرانبەر بە راژەی نەتەوەکەی وەک رۆڵەیەکی نەتەوە، نەک سۆز بۆ بنەماڵە، هۆز، ناوچگەرێتی دروستدەبێ؟ بە واتایەکی دیکە کەی پێناسەی گشتی نەتەوایەتی دەتوانێ بەسەر پێناسە بچووک و دروستکراوەکاندا زاڵ بێت؟

- ژیر: بۆئەوە کۆمەڵێ هۆکار هەیە، وەک : سەروەریی یاسا، هەڵکەوتنی رابەرایەتییەکی پاکژو گیانبەخش، جا ئەو رابەرایەتییە لوتکەی حکومەتبێ، یالوتکەی حیزب،

سزادانی ناپاکان، روونکاری لەداهاتوخەرجکردندا، بەفیرۆنەدانی سامانی گشتی، نەهێشتنی بێکاری و هەژاری وەک ئەوەی لە ئەوروپا نیشتەجێبوون و چارەسەری پزیشکی و کەمترین رادەی ژیان بۆ خەڵکی دابین ئەکرێ، کردنەوەی پرۆژەی زۆرو...هتد. ئەوانەو بەتایبەتی پەروەردەیەکی نەتەوەیی، هۆکارن بۆ جگەرسۆزی بۆ نەتەوەو دوورکەوتنەوە لە سۆز بۆ بنەماڵەو هۆزو ناوچەگەرێتی.

27-هەڵۆ: دیارترین خەسڵەتە سەقەت و خراپەکانی نێو هەناوی بزوتنەوەی کوردایەتی چین؟

- ژیر: بۆچی ئێستا بزووتنەوەی کوردایەتیی راستەقینە هەیە!؟ ئەوەی حیزبە گەورەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئێستادا ئەیگوزەرێنن، ئێرانچێتی و تورکیاو سوریاو عێراقچێتیە، هەرچەندە زوربەیان پاشگری کورد یا کوردستانیان بەخۆیانەوە ناوە! ئەگەر چەند رێکخراوێکی بچووکیش هەبێ یا هەبووبێ، کوردایەتیی راستەقینەی کردبێ، ئەوا بەجۆرێ دەسخراوەتە بینیان کە هەناسەیان لێبڕیون. من داوا لە پێنووسەکان ئەکەم ئەگەر ویستیان بزووتنەوەی کوردایەتی

هەڵسەنگێنن، لە رەفتاری ئەو حیزبانەوە هەڵینەسەنگێنن و بەو پاشگرانە نەخەڵەتێن. بەوانە نەڵێن پارتی نەتەوەیی.

28- هەڵۆ؛ تۆ وەک ئەمەکێ بۆ بەشیر موشیر، شیعر،شانۆنامەو وتاری جۆراوجۆرت نووسیوە. کاتێ باس لە بەشیر موشیر دەکرێ، هەست بەچی دەکەن ؟ ئایا شتێ هەیە ناوی بنێن بەشیریات؟ بە لای تۆشەوە ناوهێنانی ئەو زاتە دەروازەیەکە بۆ دەربڕین لە شتەهایەکی دیکە؟

- ژیر: کاتێ باس لە بەشیر موشیر ئەکرێ، بەشیرویستەکان و زۆریتریش هەست بە خۆشییەک و گەشبینییەک و روخسارێکی زەردەخەناوی ئەکەن. قسەو هەڵسوکەوتەکانی ئەو مرۆڤە رۆحسووکە، دڵی ئەکردەوەو زەردەخەنەی ئەبەخشی بەروخسارو مایەی گەشبینیبوون. من لەهۆنراوەو شانۆنامەو نووسینەکانمدا سەبارەت بەو ، زۆرم وتوە. بۆ نموونە:

گەلێ ئازادیی لە یادو بیربێ
خاوەنی رۆڵەی وەکو بەشیربێ
بەشیر موشیربێ و کامڵ و ژیربێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ
ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

بەڵێ شتێ هەیە ناوی بنێین بەشیریات، ئەویش گردبوونەوەیەکە بەرامبەر ئەوانەی فوو ئەکەنە خۆیان و هیچیان لەبارانیەو لەخەیاڵدا ئەژین!! ئەمە فەلسەفەیەکە، دارێژەرەکەی حەزرەتی بەشیرە. بەڵام بەشیر، هەر خۆی تاکە بەشیرە. ئەوانیتر کۆپییەکی چارەگران و نەخوازراون! ئای کە ئەم دنیایە پڕە لەو فوو تێکراوانە!! ئنجا هەندێ لە رەسەنایەتیەکانی حەزرەتی بەشیر لەم سەردەمەدا، لە حەوتەی مژدەبەرەوە دەرئەکەوێ. تۆ بڕوانە، برامان د. کەمال فوئاد کە یەکێکە لە حەوتەی مژدەبەر، سالێک زیاترە هۆش و زمانی نەماوە(بەداخەوەو نزای چاکبوونەوەی بۆئەکەین) برامان د.جەمال نەبەز کەئەویش یەکێکە لە حەوتەی مژدەبەر، ئەچێتە سەردانی لە خەستەخانەکەی لە بەرلین و ئەڵێ من جەمال نەبەزم، د.کەمال زمانی ئەکرێتەوەو ئەڵێ:(ئا!!

بەشیرموشیر)! ئنجا نەک هەر بەشیر خۆی، دوکانە خنجیلانەکەشی، دەروازەیەکبوو بۆ دەربڕینی شتەهایەکیتر. لەوانە : ئەو دوکانە ، مەڵبەندێکبوو بۆ کوردایەتی. هەر لەو دوکانەشەوە، بیرۆکەی کاژیک چەکەرەیکرد!

29- هەڵۆ: لە بەرهەمێکدا باس لە سندوقەکەی بەشیر موشیر دەکەیت و گوایە وەسێتی کردووە، تەنها بدرێتە دەست مامۆستا نەبەز و هەر دەبێ ئەو بیکاتەوە. وا جارێ مامۆستا جەمال نەبەز نەگەڕاوەتەوە< کێ دەبێ ئەو سندوقە بکاتەوە> و چاوەڕێ دەکەن چی تێدابێت ؟

- ژیر: جگە لە مامۆستا نەبەز، کەس بۆینییە ئەو سنووقە بکاتەوە! ئەوە راسپاردەی حەزرەتی بەشیرە! تکایە تۆ لەمامۆستا نەبەزەوە نزیکی، هەردوکتان لەبەرلینن، پێیبڵێ با هیچنەبێ لەبەر خاتری ئەو سنووقە سەردانێکمان بکاتەوە بۆئەوەی بزانین چی تیایە؟

30- هەڵۆ: تۆ زۆر جوان و دروست پێناسەی کەسایەتی بەشیر موشیر دەکەیت و دەڵێی: "بەشیر هەرگیز درۆی نەکردووە و راستیشی نەوتووە". دەکرێ بڕێک زیاتر لەسەر تایبەتمەندی و کاراکتەری ئەم زاتە بدوێن؟

- ژیر: لەوبارەیەوە زۆرم نووسیوە. ئەو پیاوێکی زۆر راستگۆبوو، هەرچی ئەوت، بەلای خۆیەوە راستبوو. ئەبوایە بەلای تۆشەوە راستبوایە! ئەو خەوو خەیاڵێ لێئەبوو بەڕاست. ئەگەر بەخەو یا خەیاڵ، پەنجاساڵ پێشتر، گەشتێکی لە فەلوجەوە بەسواری پاپۆڕ بەدەریادا بۆ بیارە بکردایە، وایئەزانی ئەوە راستبوە. ئەگەر تۆ بتوتایە جا کەی لەنێوان ئەو دوو شارۆچکەیەدا دەریا هەیە؟ ئەیوت هەیە. بتوتایە من خۆم خەڵکی بیارەم و ئەزانم دەریانییە! ئەیوت ئاخر دیماخ بۆ من نازانم ئێستە نییە؟ تۆ منداڵی دوێنێی، من باسی پەنجا ساڵ لەمەوپێش ئەکەم، ئەوسا هەبوو. ئیتر ئەیکردیتە دەرێ و ئەیوت جارێکیتر نەیەیتەوە بەم دوکانەدا. دیسان ئەیوت : تۆ سەیریکە! من ئەڵێم خۆم چووم، ئەو ئەڵێ نەچووی!! ئاخر ناهەقمە بڵێم ئەم میللەتە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرۆکێکی وەک منی هەبێ!؟ مامۆستا جەمال لە وەڵامێکی وادا

پێیوت: ئەوە هیتلەریش وتی ئەم گەلی ئەڵمانە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرۆکێکی وەک ئەوی هەبێ. بەشیریش ئەڵێ: ئەویش هەقیبوو!
31- هەڵۆ: ئیرادەی ئیشکردن هەتا ئێستا لە ئێوەدا پۆڵایین و تێکنەشکاوە. تەنانەت وەک لە شیعری" هەمان سوارەم "دا دەڵێی:

*

من لەو بیرە پەڕگرانەم
بەگژ هەموو جەردەکانا چوونەتەوە
من لەو سوارە سەرچڵانەم
لە هەڵمەتا، بوون بە ئاگر بۆ نەتەوە
ئەشێ ئەستێرە رامابێ لەوەی ماوم هەتا ئەمڕۆ
لەناخیدا گومانیبێ لەتوانام و بپرسێ بۆ!؟
نەخێر یاران
من هەر هەمان ئەو ئاگرەی هەرزەکاریم، کڵپەسەندووم
وەکو جاران
بۆ کوردەکەی بێ مافەکەم باج و دیاریم، من نەمردووم
ئەی ئەستێرەی پرس و گومان، من وەکو تۆی تەماشاکار
دانانیشم دەستەئەژنۆ، هیچلەبارانەبووی لاسار
ئەسووتێم تا ئەبمە ژیلە و
لە گۆڕیشدا ئەبمە مینی لە چاڵنانی ناجۆرانم
تاکو ئاڵای سەربەخۆیی
ئەدا مژدەی کامەرانی بە سەرتاپای کوردستانم
بەم تەمەنەوە بە ئومێدی چین و دەتانەوێ چ خواستێکتان بێتە دی؟
- ژیر: کام تەمەن!؟ من تازە خەریکە پێئەنێمە هەشتا ساڵییەوە. یەکێک لە دوا هۆنراوەکانم ئەمەیە:

درۆیە تافی لاوێتی، بەهارێکەو ئەچێ، ناچێ
کە ئەو سێژەم لە خوانی دەم بەراتیکا ژەمی ماچێ
بە ئەکسیری گوڵی لێوی، هەموو وەرزێ بەهارانە
لە باخی سینەدا ئاوی: ژیانە، گەشتە، سەیرانە

ئەگەرچی هی بەهەشتێکە، دەمم نادەم لە سێوی مەم
نەبا دووربێ، منی ژیریش بکەومە داوەکەی ئادەم !
هەتا لێوی پەریزادێ بە ژێی هەستم بکا یاری
هەمیشە هەرزەکارێکم، تەمەن دوورە لە کرداری
دەمی پیری، درۆیە گەر هەموو رۆژێ بە شیلەی دەم
بدا ئاوی نەمامی سەوزی دڵداری هەتاکو هەم

جا ئەشێ ئەو ئەوە، کیژۆڵەیەکی جوانی کوردستانبێ، یا سروشتە جوانەکەی کوردستانبێ ! بۆیە بەم تەمەنەوە، بە ئومێدی سەربەخۆیی خۆشەویستەکەم کوردستانم کە ئەوە یەکێکە لە خواستەکانم.

32- هەڵۆ:" کێڵگەی رەسەنی کوردایەتی، کوردستانە" من هێز و لۆژیکێکی دروست لەم دروشمەدا دەبینم. ئەمەت چۆن وتووە و بۆ وتووە؟

- ژیر: یەکەمجار ئەو رستەیەم ئاڕاستەی کاک د. حسەین محەمەد عەزیزکرد کاتێ لەسویدەوە کەوتە بەرگری لە کاک محەمەدی مەلا کەریم. ئەو رستەیە یەکێکە لە بەرهەمەکانی بیرم. بیردۆزەکەش ئاڕاستەیە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لە دەرەوەی کوردستانەوە، رابەرایەتیی یا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی بکەن، یائەو لافە لێبدەن! جگە لەوە، رەواو دروستە لە دەرەوەی کوردستانیشەوە راو دیدوبۆچوون و رەخنەو پێشنیارو کۆمەک وجالاکی و هەرچیت پێئەکرێ پێشکەشی ئەو بزووتنەوەیەیکەی. بەڵام نابێ لافی سەرۆکی یا رابەری لێدەی. بەڕێز ئوچەلان ئەو هەڵەیەیکرد! بۆیە کەوتە داوی پیلانی دەسگیرکردنەکەی. ئەگەر بە چیاکانی باکوورەوە، یا لە قەندیلەوە ئەو رابەرایەتیەی بکردایە، ئەنجام جۆرێکیتر ئەبوو. ئێستەش دروستنیە لە بەندیخانەوە رابەرایەتی پەکەکە بکات. با لێگەڕێ گەریلاکان بەردەوامبن لەسەر چالاکییەکانیان، تا ئەردۆگان ناچارئەبێ ، بەپێ، سەرکەوێ بۆ قەندیل، وەک چۆن سەدام، بەپێ، سەرئەکەوت بۆ بارەگاکەی بارزانی لە ناوچەی چۆمان !.

33- هەڵۆ: چەند هاوبیرێکی پاسۆک تاوانبارن بەوەی دوای دەرنەچوون لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دا بەپەلە خۆیان و حیزبیان کرد بەناو پارتی و یەکێتیدا. تۆ لە کوردایەتی  بیر و بزاڤە کەتدا دەڵێی : "من پێشنیازم کرد، خەباتی سیاسی بکەین"،گوایە گوێت لێ نەگیراوە. پێشنیازەکانی دیکە چی بوون و چۆن ئەوانی دیکە توانییان بە مەرامی خۆیان بگەن؟

- ژیر: پێشنیارەکانی دیکە، تێکەڵبوونبوو لەگەڵ سۆشیالست و پارتی گەل ، کە ئەوە سەرکەوتوونەبوو، ئنجا تێکەڵبوونبوو بە پارتی یا یەکێتی. هەر واشی لێهات. لە ئەنجامیشدا دەرکەوت کە ئەو هەنگاوو کردەوەیە، لای هەندێک ، لە نیازێکی پاکەوەبوە. لای هەندێکیش  بۆ دەسکەوت و مەبەستی تایبەتیبوو !

34- هەڵۆ: ئەو فشارە دیار و سەرەکییانەی خرانە سەر پاسۆک بۆ یەکگرتن لەگەڵ سۆسیالیست و پاشان چوونە ناو پارتییەوە چی بوون وا زوو سەرانی پاسۆک ملیان بۆ دا؟

- ژیر: گوشارەکان بریتیبوون لە بڕینی بەشە پارەی گومرگ لە پاسۆک و سۆشیالست و پارتی گەل، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە. جارجاریش پەلاماری بارەگاکانیان ئەدراو ئەندامەکانی ئەو 3 لایەنەیان لێهەڵئەگێڕانەوە.

یەکەمجار ئەو 3 لایەنە تێکەڵ بەیەکبوون و ناوی پارتێکی تازەیان لەخۆیاننا(حیزبی یەکگرتن) بەڵام دەرکەوت بە هیچ چەسپێک پێکەوە نالکێن! بۆیە هەندێ بۆ  ناو پارتی و هەندێ بۆ ناو یەکێتی چوون.

35- هەڵۆ: ئەو هەڵانە چیبوون کە پێویست بوو پاسۆک خۆیانی لێ لا بدات؟

- ژیر: هەر لەسەرەتاوە، ئەبوایە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لەجیاتی دروستبوونی پاسۆک، کاژیک کارا بکرایەتەوە. بزووتنەوەی کوردایەتی، بەرگەی ئەوەناگرێ چەن پارتێکی نەتەوەیی بۆ دامەزرێنرێ و هەر یەک بەلایەکدا رایکێشێ، یا کەرتبوون (ئێنشیقاق) لەناو پارتێکی نەتەوەییدا دروستکرێ.

له 1975/9/11 دا پاسۆکێکی له کاژیک لاوازتر دامەزرێنرا! وەک وتم، ئەوە هەڵەیەکبوو ، کاژیک و سەرکردایەتی کاژیک هەرمابوو. لەگەڵ ئەوەشداو بۆئەوەی دوو جەمسەری نەتەوەیی دروستنەبێ، سەرکردایەتی کاژیک هەلی خستە بەردەم پاسۆک تا ئەوەی بەخۆی نەکرا، بەشکم بەوان بکرێ، بەتایبەتی ئەوان دەستیان دایە چەک و لەو رۆژەدا چووشنە شاخ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کاژیک دەرگاشی والآکرد بۆ هاوبیرەکانی کە هاوکاریی پاسۆک بکەن. ئەوەبو مامۆستا هەردی ماوەیەک لەشاخ تێکەڵ پاسۆکبوو . د. جەمال نەبەزیش هەرەوەزییەکی لەگەڵدا کردن. دوای راپەڕینیش مەکتەبی سیاسی پاسۆک لە 5 ئەندام پێکهات، 4 یان کاژیکبوون: مولازم کەریم، مژدە تاهیر، عەبدوڵا ئاگرین و کامیل ژیر. هەردوو مامۆستا فایەق عارف و عەلی بەگی جاف بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی.

هەڵەی دوەم، ئەوەبوو،سەرکردایەتی پاسۆک، دوای راپەڕین، ئەو پێشنیارەی منی پەسند نەکرد کە دوای ئەوەی بووجەیان لێبڕین وتم : با هەتا لەناو شاردابن، تەنیا خەباتی سیاسی بکەین، ئەوە پارتی و یەکێتی پێشمەرگەی زۆریان هەیە بۆ بەرگری لە هەرێم، مەسرەفی پێشمەرگەو ئەو هەموو بارەگا سەربازییەو دابینکردنی چەک و لاندکرۆزەرو پیکاب و خواردن و مووچە بۆیان بەئێمەناکرێ و پێویستیشنییە. لەوکاتەدا نزیکەی 4 ملیۆن دیناری چاپی سویسریمان هەبوو، بەشی زیاتر لە 4 ساڵی ئەکردین. ئەو پارەیەش بە گورگانخواردوو چوو! بۆ ئەمەش وتم با هەموو هێلکەکان نەخەینە سەبەتەیەکەوە، با ئەو پارەیە بڵاوکەینەوەو لەلای چەند کەسێک بە ئەمانەت داینێین. گوێیان لەوەش نەگرت، هەموویان لە ماڵی مامۆستا هادی دانا. کە شەڕی ناوخۆش هەڵگیرسا، یەکێتی دایانبەسەر ماڵەکەداو پارەکەو هەندێ چەک و تەقەمەنییانبرد ! دوای ئەوە، داشیان بەسەر چاپخانەکشماندا لە شەقامی پیرەمێردو گواستیانەوە بۆ گەڕەکی بەرانان

و ناویاننا چاپخانەی کۆڕەو! نیوە دەواجنێکیشمان هەبوو لە گەڕەکی قولەرەیسی، کەس نەیزانی چیبەسەرهات!
هەڵەی سێیەم، ئەوەبوو دوای راپەڕین، سەرەتا زۆرکەس روویان تێکردین، بەلام پاسۆک، وەک کاژیک، بە مەرجی عەیار 24 وەریانئەگرتن! لەکاتێکدا پارتی و یەکێتی ، جاش و باشیان وەکیەک وەرئەگرت!! بۆ نموونە، کەسێکی وەک د. سەعدی بەرزنجی کە برادەرو هاوکاری منبوو لە کۆگێجی ماف، لەگەڵ هەندێک لە خزمەکانیدا روویان تێکردین، بەڵام هەندێک لە هاوبیران دەرگایان بە روویاندا داخست. ئەوەبوو پارتی قۆستنییەوە بۆ خۆی!
36- هەڵۆ: دیدار و چاوپێکەوتنت لەگەڵ ئەم بەڕێزانەدا هەبووە: کامەران بەدرخان، عیسمەت شەریف وانلی، پیرەمیرد، فایەق بێکەس، نەجمەدین مەلا، هێمن، شاکیر فەتاح، جەمیل رۆژبەیانی، گۆران، هەژار،بارزانی. دەکرێ بەکورتیش بێت جارێکی دیکە باری سەرنجی خۆتمان دەربارەیان بۆ بڵێی؟
- ژیر: هەموویان 1- بەگشتی: کوردی دڵسۆز، پاک، خاوەن خەبات، کوردپەروەر، خاوەنی راژەیەکی زۆر بۆ نەتەوەکەمان. هەرچەندە کوردایەتییەکەیان تەنیا لەڕووی سۆزەوەبوو 2- ئەگەر گۆران لە سیاسەتەوە نەگلایە، زۆر گەورەتر ئەبوو 3- بارزانی سەرکردەیەکی جەوامێربوو، بەڵام نەئەبوو ئەوەندە پشت بە ئێران ببەستێ، نەشئەبوو ئەو چەند تێکۆشەرەی کوردی رۆژهەلأت رادەستی ئێران بکاتەوە.
37- هەڵۆ: تۆ جگە لەوەی شاعیر و ئەدیب و پارێزەرو سیاسەتوانیت،ئەزموونی شانۆ و کاری رۆژنامەنووسی و پێشکەشکاری بەرنامەی رادێویی و تەنانەت سەرنووسەری گۆڤاری هیواش بوویت. ئەم هەموو خولیا و لێوەشاوەییەی ئێوە لە کوێوە هاتووە و پێت وایە بۆ کامیان لەو بەهرە و خولیایانە گونجاوتریت؟
- ژیر: من پێمخۆشنەبوەو نیە کە ئاوێتەی ئەو هەموو چالاکیانەم. لەراستیدا زۆری ئەو چالاکیانە، ئەوان خۆیان سەپاندوە بەسەر مندا! نایەت بە بیرما رۆژێ لە رۆژان نەخشەم بۆ هۆنراوەیەک کێشآبێ.

هەمیشە هۆنراوە خۆی سەپاندوە بەسەر پێنووسەکەمدا،هەروەها نووسینی وێژەیی. ئەگەر نەتەوەکەم ئازادو سەربەخۆبوایە، هەرگیز سیاسەتم نەئەکرد. گەلێ جار کە یەکێک لەو چالاکیانەم ئەنجامداوە سەیرمکردوە دەوروبەرەکەم ئەوەندە لێهاتوو نەبوون، ناچار من دەستمداوەتێ. لە ژیانمدا هەمیشە خۆم ماندووکردوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. کاتم بەفیرۆنەداوە، بە رێکەوتنەبێ نەچوومەتە چاخانەو چەند کاژێرێک پاڵیلێبدەمەوە. لەناومالێشدا نەمزانیوە بەبێئیش دانیشم. کاتێکیش لە خوێندنەوەو نووسین ماندووبوومایە، یا کاری باخچەی گوڵەکانم کردوە، یا وەرزش.. خۆم پێم خۆشبوو تەنیا لە یەک بواردا شارەزایی و چالاکیم چڕبوایەتەوە، ئەویش لەوانەبوو بواری یاسابوایە تابەدەستخستنی دوکتۆرا، بەڵام بەهۆی سیاسەتەوەو چەندجار زیندانیکردنم و دوورخستنەوەم کە بوونە هۆی دواکەوتنم لە خوێندن، ئەوەم بۆنەلوا، هەرچەندە، جگە لە پارێزەری بە پلەی راوێژکار، بوومە شآرەزا(خەبیر)ی یاسایی بەپێی یاسای شارەزایان ژمارە 163 ی ساڵی 1964 ژمارەی تۆمار/5/ هەڵبژاردنی شارەزایان/ 1999 دەرچوو لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک بەبەرواری 1999/4/6 کە لەرووی زانیارییەوە لە زانیارییەکانی دوکتۆرا کەمترنیە. دیارە لە هەموو بارێکدا هۆنراوەکە، هەر بەرۆکی بەرنەئەدام چونکە ئەمەیان بەهرەیەکی زگماکییە.

38- هەڵۆ: من ئامادەیی ئێوە بە شیعر بۆ هاوبیرەکانت : عەبدوڵڵا جەوهەر،فەرەیدون عەلی ئەمین،ئەحمەد هەردی، سەعید گەوهەر، بەرز دەنرخێنم. ئێوە چۆن لەم کارەی خۆتان دەڕوانن ؟ پێت وایە مافی خۆت بەخشیبێ بەو ئازیزانەت ؟

- ژیر: دیاریی شوان، یا شەنە یا هەڵەکۆک. منیش دوای کۆچی دوایی ئەو ئازیزانەم، هەر ئەو هۆنراوانەم لەدەسهاتوە. بەهیوام گیانی پاکیان لێم رازیبن.

39- هەڵۆ: لەنووسینێکتانا هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دەبەستنەوە بە بڕیار و کاریگەری نەوت لەو گەمەیەدا.

دەنووسن " بەهۆی شەیدایی ئەدمیراڵ فیشەر و میستەر چەرچلەوە بۆ گەیشتن بە سەرچاوە نەوتییەکان و بوونە خاوەنیان، شێخ مەحمود خرایە گەمەی دۆستایەتی مێجەر نۆئیل و دوژمنایەتی مێجەر سۆنەوە".

ئەوە زانیمان بەر لە سەدەیەک نەوت بڕیاردەری سەرەکی بووە لەسەر چارەنووسی ئێمە. ئەی لە ئێستادا کاریگەریی و بایەخی نەوت لەسەر چارەنووسمان چەندە؟ دەکرێ ئەو زێرە ڕەشە کە بۆتە قوڕی رەش، بکەینە بەردەبازی ئایندەیەکی رەنگاورەنگ و پرشنگدار؟

- ژیر : لەڕابوردوودا نەوتی کەرکوک بوو بە زێڕی رەش بۆ رۆژئاواو عەرەبی عێراق و بۆکورد قوڕی رەش! ئەبوایە شێخ مەحمودو منەوەرەکانی کورد، دەرکیان بەم راستییە بکردایەو لەجیاتی ئەو هەموو خوێنڕشتنە، نەیانهێشتایە ئەوانە ئەو زێڕەی کورد بەئاسانی تالآنکەن و دواییش بیکەن بە بۆمباو بیدەن بەسەری کوردا! ئەویش بەوەی بەردەوام لەو چاڵە نەوتانە بدەن و بۆرییەکانیان بشکێنن. ئەوەش قوربانییەکی زۆر کەمتری ئەویست. هاوکات بە ئنگلیزیشیان رابگەیاندایە کە ئەگەر بەندەکانی 62،63،64 ی پەیمانی سیڤەر جێبەجێنەکا، یاهیچنەبێ باشووری کوردستان سەربەخۆ نەبێ، ئەوا ئەویش بەئاسانی لرف لەو نەوتەنادا. ئەم تەگبیرە بۆ شۆڕشی ئەیلولیش هەر گونجاوئەبوو، تووشی ئەنفال و کیمیاییش نەئەبووین! ئەوە بۆ ئێستاش گونجاوە. ئەوەیە رێگەچارەی تەمێکردنی رۆژئاوا. هەتا لە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیان نەدەی، بە ئاگانایەن .

ئێستا هەلێکی نوێی باش رەخساوە بۆ کورد بەهۆی ئەو چاڵە نەوتە تازانەوە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆسوود لەم هەلەو بەئامانج گەیشتن، پێویستە سەرنجێکی ئەم هاوکێشەیە بدەین :<u>سەرمایە+هێز+باوەڕ = سەربەخۆیی کوردستان</u>. 1- سەرمایەکە: ئەو بیرە نەوتانەیە کە ئێستا لە هەرێمدا لێئەدرێن. ئەمانە تا زۆربن باشترە، بۆئەوەی ببینە خاوەنی زیاترین سەرمایە، بەمەرجێ داهاتەکانی نەدرێن بەبەغداد. ئەگەر وەک بەغدا داوا ئەکا، ئەو داهاتانە لە ئەنجامدا83% ی بۆ

بەغدابێ و 17% بۆ ئێمە ! ئەوە ئەبێتە مەرگەسات بۆ کورد! ئەو چاڵە نەوتە تازانە مڵکی نەوەکانی دواڕۆژیشمانە، با بەغدا هەر بۆخۆی سیربخۆات.

2- هێزەکە : بەو داهاتانەی نەوت و هەر داهاتێکیدی، هەرچی زوە، سوپایەکی کوردیی پڕباوەڕو پڕمەشق و پڕچەکی زەمینی و ئاسمانیی پێدامەزرێ. ئەمەش کاری نەکردەنیە. بەڵکو ئاسانە. ئەتوانرێ ئەو چەکانە بەقەرزیش بکڕێ، بە ئاشکرا یانهێنی. با کاربەدەستانی هەرێم ئەوەندە خۆیان بە لاواز نەزانن.

3- باوەڕەکە: ئەو سوپایە بە باوەڕی کوردایەتی و گیانی خۆبەخشین لەپێناوی سەربەخۆییدا، گۆش و پەروەردەکرێ. جەنگاوەرێکی باوەڕدار سەد هەندەی بێباوەڕێکە.

ئەوکاتە لەنزیکترین هەلدا، جاڕی سەربەخۆیی بدرێ. ئەوسا ئەبینین زلهێزەکان و هەندێ حکومەتی دەوروبەریش، پێشبڕکێیان ئەبێ لە دانان بە سەربەخۆییماندا. ئەگەر شەڕێکی لاوەکیش یەخەیگرتین، ئێمە بەهۆی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە، سەرکەوتوو ئەبین. بێگومان ئەم بەرنامەیەش بە حکومەتێکی لێزان و دەسپاک، جێبەجێئەکرێ، نەک بە حیزبحیزبێنەی تالانکار!

40- هەڵۆ: بۆ سەلاحەدین دەوڵەتێکی ئیسلامی کوردی دروست نەکرد؟ پێت وایە رۆژاوا هەتا ئێستاش لەچاوی سەلاحەدینەوە تەماشای کورد بکات؟

- ژیر: ئەیتوانی، بەڵام نەیکرد! چونکە هوشیاریی نەتەوەیی کوردیی نەبوو. ئەوەش دەردە کوشندەکەی کوردە لەوساوە تا ئێستاش! بۆیە بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ئەو هوشیارییە، ئەرکی هەموو تاکێک و کۆمەڵێکی کوردە. ئنجا ئەو پەلامارەی سەلاحەدین بۆسەر خاچپەرستەکان، بوە هۆی ئەوەی رۆژئاوا تا ئێستاش تۆڵەی کارەکەی سەلاحەدین لەکورد بکاتەوە. هەر ئەو رقە ئەستوورەشبوو کە سایکس بیکۆ کوردستانی بەجۆرێ کرد بە چوار بەشەوە کە هەر بەکەمینەیەتی

بمێنێتەوە لەژێر دەستی تورک و فارس و عەرەبدا تا لەناو ئەو نەتەوانەدا بتوێتەوە!

جگەلەوە، کارەساتێکیکەی کردەوەکەی سەلاحەدین، ئەوەبوو، بوە هۆی بڵاوبوونەوەی لەشکرەکەی بەناو وڵاتانی فەلەستین و ئەردەن و سووریاو میسرو عێراقی عەرەبیداو دواجار توانەوەیان لەناو عەرەبی ئەو وڵاتانەدا !

41- هەڵۆ: کاتێ باس لە دەرنەچوون لە بازنەی سەپاو دەکەن، مەبەستتان کورتهێنانە لە دیاریکردنی ستراتیژ. بە واتایەکی روونتر بڵندنەکردنەوەی ئاڵای سەربەخۆییە لە لایەن راپەڕین و بزوتنەوە و حیزبە کوردییەکانەوە؟

- ژیر: ئەوە بەشێکی مەبەستەکەیە. بەشەکەیتری، هەوڵدانە بۆ دەرچوون لەو باری ژێردەستەیەتییەو بۆدۆزینەوەی باشترین رێگا بۆ سەربەخۆیی. گەیشتن بەسەربەخۆیی هەر لەیەک رێگاوەنییە کە ئەگەر ئەو رێگایە گیرا، ئیتر ئەبێ دەستەوستان دانیشین! نەخێر ئەبێ بگەڕێین بۆ رێگاکانیتر تا بە یەکێکیاندا ئەگەینە سەربەخۆیی. لە پەرتووکی کوردایەتی و سەربەخۆییدا بەدرێژی باسی (دەرچوون لەبازنەی سەپاو)م کردوە. لە سمینارەکەی کۆڵنیشدا لە ئەڵمانیا، ئامارژەم بۆ رێگاکانی سەربەخۆیی کردوە. هیوادارم لە پاشکۆی ئەم گفتوگۆیەدا، ئەو سمینارەش بڵاوبکەینەوە، چونکە پەیوەندیدارە بەم بابەتەی ئێمەوە.

42 - هەڵۆ: شکستەکانی کورد هەمیشە سیاسی بوون نەک سەربازی. واتە کێشە و قەیرانەکە، لە ئەقڵدایە. چۆن و بە کام بەرنامە چارەسەری ئەم دەردە بکەین؟

- ژیر: بەوەی کار بدەینە دەست خاوەن ئەقڵی گەورە. مەرج نییە تاهەتا رابەرایەتی، هەر ئەوانەو نەوەی ئەوانەبن کە لە شاخبوون. ئەوانە، لە هەرێمی کوردستان، دەوری خۆیانبینی و تەواو. هەمووشیان پاداشتی خۆیان بەزیادەوە وەرگرت لە باشووری کوردستاندا. ئێستا دەوری پیشەگەری (تەکنۆکرات)ەو گەڕان بەدوای پیاوی دەوڵەتدا نەک پیاوی

سیاسەت بۆ راییکردنی کارەکانی حکومەتی هەرێم. هەروەها گەڕان بەدوای پیاوی سیاسەتدا بۆ پەیوەندیە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم .
ئەبێ ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەبێ لە کەسانی پیشەگەری فامیدە لە سیاسەت و نەخشەدانانداٍ، بۆئەوەی جارێکدی لەسەر مێزی گفتوگۆ، دۆڕاونەبین و پرۆژەکانیشمان بێ نەخشەی پێشەکی نەبن. پێویستە وەزیرو کارگێڕەکان پیشەگەربن. بوونی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی شارەزا لە بەرگریدا. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی. دەزگایەکی چاودێریی دارایی بەهێزو خاوەن دەسەڵات. بەکورتی، بەدامەزراوەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

43- هەڵۆ: تۆ دەڵێیت: کەمی هۆشیاریی نەتەوەیی، کوردی نەزان کردووە و پاشان بەرەو لەخۆباییبوونی بردووە. بەلای تۆوە ئەمەش فاکتی شکستخواردنی کورد بەدیار دەخات؟

- ژیر: بەڵێ. کەمیی هوشیاریی نەتەوەیی ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤی کورد بریاری هەڵە بدات لە پرسە چارەنووسسازەکاندا. گەلێجار بریاری ئەوتۆ ئەدات کە لەدژی نەتەوەکەی خۆیەتی بەبێئەوەی بەخۆی بزانێ! کەسێک کە هوشیاریی نەتەوەیی هەبێ، بەر لەهەر بریارێ، سێودووی خۆیئەکا تا ئەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەو بریارە یا ئەو کردەوەیە چەند لە خزمەت و لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەیدایە؟ هەروەها بەسەرکەوتنێکی بچووک لەخۆی بایی نابێ. ئەبێ ئەو سەرکەوتنە بچووکە هاندەربێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر. سەرکەوتنیش کۆتایی نیە.

44- هەڵۆ: دەنووسیت کورد هەر خەریکی چەند بارەکردنەوەی شۆڕشی دۆڕاوە؟

- ژیر: پێشتر وتم زوربەی بزووتنەوە چەکدارییەکان، بەرگریکردنبوە لە خۆ. ئەویش لەشاخداو ناویان ناوە شۆڕش! هەروەها وتوومە شۆڕش ئەوەیە، جگە لەوەی شاخ، لەپایتەختی دوژمن و شارەکانیدا، ئارامی و ئاسایش نەهێڵی، ئابووریەکەشی هەڵتەکێنی. ئەمانە نەبوون. گریمان ئەوانە شۆڕشبووبن، سەیرئەکەی هەریەک بە شێوە سەقەت و دۆڕاوەکەی پێشخۆیبوە کە دیارە ئەمیش هەر دۆڕاوئەبێ. بەزەیی. هەڵەیەکی

گەورەیە بەرامبەر ئەو دوژمنەی بەزەیی بەتۆدا نایەتەوە. ئەو کە تەڕو وشکی تۆ پێکەوە بسووتێنێ، تۆ بۆ جیاوازیی لەنێوان تەڕو وشکی ئەودا ئەکەی!؟

45- هەڵۆ: هێزوپێزی دیوانی کوردایەتی چەند گەورەیە، ئەو پێشەکیە چڕوپڕەی مامۆستا جەمال نەبەزیش هێندەیتری بەهێزکردوەو هەراکەی گەورەتر کرد. بەرهەمەکەش بۆ سەردەمی خۆی، بگرە ئێستاش، کە ئەوسا کۆمۆنستی لە ئەوپەڕی گەشەسەندنیدابوو، شتێکی نوێبوو. پێتان وایە هەر ئەم هۆکارانە بووبن، زیرەیان لە محەمەدی مەلا کەریم و حشع هەڵساندبێ، وا بەخێرایی و بەو شێوەیە بەگژتانا هاتنەوە؟ یاخود هۆی دیکەش هەیە ؟

- ژیر: ئێستا کاک محەمەد گرفتاری نەخۆشییەکی سەختبوە. نزای چاکبوونەوەی بۆئەکەم. بەهۆی بەڕێز د. حسەین محەمەد عەزیزەوە داوایکردبوو لەم باری تەندروستییەیدا سەردانییکەم. لەگەڵ ئەودا دوو جار سەردانیمکرد. زۆری پێخۆشبوو. ویستم ئەو پرسیارەی لێبکەم کە هۆکارەکانی ئەو کارەی ئەو چیبوون، لەکاتێکدا دوای دەرچوونی دیوانی کوردایەتی، ئەو لە دوکانی بەشیر موشیر پیرۆزبایی ئەو دیوانەی لێکردم!؟ بەڵام بەهۆی نەخۆشیە سەختەکەیەوە، دڵم نەهات ئەو لاپەڕەیەی بۆ هەڵدەمەوە. پێویستیش نەبوو، چونکە ئەو داواکردنەی بۆ ئەوەی سەردانی بکەم، بەلای منەوە، بەڵگەی پەشیمانییەتی لەو کارەی. بەڵگەی دوەمیش، لەنووسینەکەی لاپەڕە 154 ی پەرتووکی – کوردایەتی بیری زیندوە - ی مامۆستا فوئاد سەراجدا 2006 بەمجۆرە پێناسەی ئەو هۆنراوانەی من ئەکا: ( ساڵی 1960 کاک کامیل ژیر کۆمەڵە شێعرێکی خۆی لەژێر ناونیشانی کوردایەتیدا بڵاوکردەوە. لەهەندێ پارچەی ئەو کۆمەڵە شێعرەیا هەوڵی ئەوەیدابوو کوردایەتی بخاتە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی لەبارەی بیرو ئابووری و سیاسەتەوە تەواوو، لەشێوەی بنەمای رژێمێکی حوکمڕانیدا بۆ کوردستان، بیخاتە روو ) بەڵام پێشتر لە نامیلکەکەی 1960 یدا، ئەو کوردایەتییەی من، بە فەلسەفەی کۆنەپەرست ناوئەبا. ئەمجارەیان، کۆنەپەرستەکەی، پێوەنیە!

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا هۆی دیکە هەبوە؟ ئەڵێم: گریمان ئەو هۆنراوانە، کۆنەپەرستی بووبن، وەک کاک محەمەد وتوێتی، ئەی ناوبردنی معاریفی کوردستان، کە ژمارەیەک مامۆستای هاوبیرانی کوردایەتی داوایانکردبوو، بە معاریفی قلیاسان، لەپایچی!؟ خۆ ناکرێ بەویش بوترێ کۆنەپەرستی! یا ناوبردنی کاژیک بە کوردکوژە، چ لێکدانەوەیەکی بۆئەکرێ؟ کاژیک واتا: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد. ئەبێ چ رستەیەک لە(ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی ) جوانتربێ؟ کەواتە هۆی دیکە، ئەو لەخۆباییبوونەبوو کەپێشتر ئاماژەم بۆکرد. حیزبی شیوعی لەو سەردەمەدا بەجۆرێک لەخۆی باییبووبوو کە نەئەبوو رێکخستنێکی سیاسیتر هەبێ یا لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا نەبێ. دە هەر ئەوەشبوو مایەکەی کردن بەمایەی پیازفرۆش!

46- هەڵۆ: شیعری عەولە سیسەی قارەمان، تابلۆیەکە هەموو دیمەنەکانی راپەڕینەکەی 6 ی ئەیلولی تیا بەدیئەکرێ: شاری خرۆشاو، دایکی کوڕکوژراو، کوشتاری زۆر، زریکە، جەستەی لەخوێنهەڵکشاو، شریخەی تفەنگ، نەڕەی لاوان، هێرشبردن، داواکاریەکان، دەزرێژی مەترەلۆز، بەرەنگاربوونەوەی گوللە بە خەنجەر، ورەی بەرز، شەهیدبوون لە پێناوی مافی کوردا.

تۆ لە شارەکەی عەولە سیس، داوای : تۆڵە، نەسرەوتن تا گەیشتن بە دەوڵەت، پەیکەر بۆ عەولی قارەمان و شەهید ئەکەیت، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو قوربانیانە، نیمچە دەوڵەتێکمان هەیە، کەچی لە شوێنی راپەڕینەکە، بەردەرکی سەرای سلێمانیی پایتەختی رۆشنبیریی کوردستان، پەیکەرێک بۆ عەولە سیس بەرچاو ناکەوێت! ئەم دیاردەیە چۆن ئەبینن؟

- ژیر: دیسان ئەگەڕێینەوە بۆ نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی، نەسپاردنی کار بە کارزانان. ئەوە ئەرکی شارەوانی و دەزگاکانی رۆشنبیری و هونەرمەندانی پەیکەرتاشە. پەیکەرێکی لەوجۆرە ئەگەر لە ئاڵتوونیش دروستبکرێ، یەک لەسەر سەدی شەڕەپەڕۆیەکی حیزبحیزبێنەی تێناچێ! ئەبوایە، نەک هەر پەیکەرێک، بەڵکو تابلۆیەکی

بزواو بۆ داستانی شەشی ئەیلول دروستبکرایە. لە شاری جنێڤ. بە ئامێری کاژێر(سەعات) تابلۆیەکی بزواویان بۆ داستانێکی وەک شەشی ئەیلول دروسستکردوە، هەموو سەری کاژێرێک، ئەو داستانە، بە جووڵەی پەیکەری مرۆڤەکانەوە، پیشانی خەڵک ئەدەن. لەبەغداش تابلۆکەی جواد سەلیم لە بابولشەرجی هەیە. من لێرەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارە ناوبراوەکان ئەکەم، تابلۆیەکی لەوجۆرە بۆ ئەو بۆنەیە بکرێت وەک لە هۆنراوەکەی عەولە سیسەی قارەماندا وەک شریتی ڤیدیۆ پیشاندراوە..

47- هەڵۆ: کاژیک جگە لە کاژیکنامەو ئەو بەرهەمانەی تۆ کە ئەوانیش زۆر بەکەمی بەردەست کەوتون و ئەکەون، لە ناوەوەی کوردستان وەک پێویست کاری بۆ بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەیی نەکردوە. بۆ ؟

- ژیر: لەو رۆژانی کاری نهێنی و تیرۆری دەسەڵاتەکانی بەغدادا، سەرباری دەسکورتی کاژیک لەڕووی داراییەوە، هەر ئەوەندەی بۆکراوە. حیزبەکانیتر لە رۆژگاری کاری نهێنییاندا، لەوە زیاتریان نەکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بیری نەتەوەیی لە هەندێ رێکخراوو لە پاسۆکیشدا بەرجەستەکرد. هەروەها لە هزری زۆرێک لە نووسەران و خەڵک و لاواندا. تۆ سەرنجێک لەو کۆمێنت و نووسینانەی سایتەکان و فەیسبوک بدە، بزانە چۆن بیری نەتەوەیی لای ئەو لاوانە خەملیوە.

48- هەڵۆ: چەمکی ئازادی و یەکسانی لەپانتایی بیری نەتەوەییدا، چ سەنگ و پایەو گرنگییەکیان هەیە؟ ئەتانەوێ ئازادییەکان چۆن دەستەبەربکەن و کۆمەڵگە بەکام شێوازو میکانیزمێ یەکسان بکەن؟

- ژیر: ئازادی و یەکسانی لای ئێمە دوو پایەی بەرزو گرنگیان هەیە. ئازادی، دوەم وشەی کاژیکە. یەکسانی، دوەم دروشمی کاژیکە (کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل) ئێمە ئازادی و یەکسانیی تەواوی تاک و کۆمەڵی کورد، لەدەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی کوردیدا ئەبینین. بەبێ دەوڵەتێکی وەها، نە ئازادی، نە یەکسانی دەستەبەر ناکرێ. بۆیە ئەوەندە پێ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دائەگرین.ساڵی 1960 لە پێشەکیی هۆنراوەی کوردستانی مندا، وتوومە: ( خۆشەویستیی کوردستان

و کوردایەتی، تەنیا عاتیفەی رووت نیە. بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستیی ژیانی کوردەواریشە. کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە، چونکە نیشتمانیەتی و سەرچاوەی ژیانێتی، کوردایەتیش بۆ پاراستنی نیشتمانەو خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی. جا کوردێکی خاوەن بیروباوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەختبکات، واتا هۆگری هەموو کونجێکی کوردستانەو دڵسۆزی هەموو ئەندامێکی کوردە. بۆیە لایوایە هەموو کوردێک چونیەک مافی ژیانی هەیەو نابێ کوردێک کوردێکیتر بچەوسێنێتەوە) میکانیزمی یەکسانیش، ئەو جۆرە سۆشیالستە ئەبێ کە لەگەڵ سروشتی کوردستان و بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵی کورد بگونجێ. ئەبێ ئەوەش بزانین کە سۆشیالستی بەلای ئێمەوە مەبەست(غایە) نیە، بەڵکو هۆکار(وەسیلە)یە بۆ خزمەتی سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی بۆ هەژاران. ئەمە جیاوازییەکی گەورەی سۆشیالستی ئێمەو شیوعیەکانە . لای ئەوان مەبەستە نەک هۆکار! ئەمە باری سەرنجی ئەمڕۆی ئێمەیە. ئەم باری سەرنجەش ناسەپێنین بەسەر نەوەکانی داهتووماندا. واتا ئەگەر لەژیانی ئێمەدا گەیشتین بە سەربەخۆیی، ئەوا سەرەتا ئەو جۆرە سۆشیالستییە پەیڕەوئەکەین. ئەگەر سیستمێکی باشترمان بۆ هەڵکەوت، واز لەم ئەهێنین و ئەو پەیڕەوئەکەین. نەوەکانی داهاتووش، کە گومانی تیانییە لەئێمە زاناترئەبن، خۆیان ئازادئەبن لە دیاریکردنی جۆری سیستمی ژیانی خۆیان.

49- هەڵۆ: مامۆستا جەمال نەبەز، بە بەرهەمەکانی پشکی هەرە گەورەی لەهەوڵی تیۆریزەکردن و بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەییدا بەردەکەوێ. ئەم بەشداری و ئامادەیی و چالاکیانەی ئەو لەسەرە رێێ بیرو رێبازو خەباتی کاژیکدا چۆنئەبینی ؟

- ژیر: مامۆستا جەمال نەبەز یەکێکە لەدامەزرێنەرانی کاژیک. بیرمەندێکی گەورەی کوردە،ئاساییە پشکی شێری لەو هەوڵەدا بەرکەوێ.

ئێمە لەبەر خۆشەویستیمان بۆ ئەو، جارجار داوامان لێکردوە کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام نەهاتنەوەکەی ئەو، راستترە لەداواکەی ئێمە. چونکە ئەوەی لە هەندەران بۆیکرا، لەکوردستان بۆینەئەکرا.

50- هەڵۆ: لە مێژووی کاژیکدا، زۆر باس لە کەسایەتی کاک فەتاح ئاغا ئەکرێ، ئەو پیاوە چ کەسایەتیەکبوو بۆ کاژیک؟ بۆ تا شەهیدبوونی هەر لە ریزەکانی پارتیدا، درێژەی بەخەباتدا؟

- ژیر: کەسایەتییەکی هەڵکەوتووبوو لە هەموو روویەکەوە. گەنجێکی تا بڵێی : قۆز، جوان، باڵابەرز، رووخۆش، تێگەیشتوو، قسەزان، قسەخۆش ، ئازاو نەترسبوو. بەو هۆیەوە کوڕە عەشایەریکبوو، هەر لەمنداڵیەوە ئاشنا بە چەکبوو. وەک مامۆستایەکی قوتابخانەش، رۆشنبیربوو. خزمایەتیی لەگەڵ مامۆستا هەردی هەبوو، سەرسامبوو بە هۆنراوەکانیەوە. رەنگە هەر ئەوەش سەرەتا لە کاژیکی نزیکخستبێتەوە. ناوە نهێنیەکەی(توانا)بوو. بۆ کاژیک کەسایەتییەکی بە سوودبوو. بەدرێژایی ئەوماوەیەی لە شۆڕشی ئەیلولدا بەرپرسێتی هەبوو، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی ئامر هێزی خەباتبوو، پشت و پەنایەکبوو بۆ هاوبیرانی کاژیک. سیفەتێکی باشیکەی ئەوەبوو لەکاتی شەڕدا، خۆی لەریزی پێشەوە شەڕیئەکرد، ئەوەش ورەیەکی زۆری ئەدا بە پێشمەرگەکانی کە بەچاکی شەڕبکەن. هەر بەوەشبوو هێزی خەبات لە شەڕەکانیا سەرکەوتووبوو. گەلێجاریش ئەو هێزە بەفریای هێزەکانیتر ئەکەوت.

باوەڕ ناکەم فەتاح ئاغا زۆر گوێێ بە پارتی دابێ، هەرچەندە تێکەڵوپێکەڵییەک لە نێوان بنە ماڵەی بارزانی و پارتی و کاژیک و بێلایەندا هەبوو. پەیوەندی ئەو، راستەوخۆ بە کاک ئدریسەوەبوو. پێشتریش لە وەڵامی پرسیارێکتانا وتم: بارزانی و پارتی دوو شتی جیاوازبوون ئەگەرچی وابەستەی یەکدیشبوون.

51- هەڵۆ: پێتوانییە لەهەنووکەدا بیری نەتەوەیی ، بەهۆی ئەوەوە کە خاوەنی دەزگایەکی وەک تیڤی،رادیۆ، بنکەیەکی راگەیاندن، یا ناوەندی دیکەی چالاکی نیە، رووبەڕووی قەیرانی سستی و کزیی قووڵ بووبێتەوە؟

- ژیر: ئەوە نەک هەر لەبواری سیاسی و رێکخراوەی سیاسی و هەڵمەتی هەڵبژاردندا، بەڵکو لەبواری بازرگانیشدا، راگەیاندن دەوری کاریگەری هەیە بۆ برەو و گەشەکردن. بە دەربڕینێکیتر، دراو ، بەرد ئەکا بە ئاو. ئەو هۆکارانە بە دراو دەستەبەر ئەبن. بێ گومان ئەوە یەکێکە لەهۆکانی سستیی بیری نەتەوەیی ئێمە. بەڵام بە بیری وردو کاری لەپسانن‌ەهاتوو، ئەویش چارەسەر ئەکرێ.

52- هەڵۆ: چ لێکدانەوەیەکتان بۆ یەکەم دروشمی کاژیک هەیە کە ئەڵێ؛ کوردستان بۆ کورد؟

- ژیر: کوردستان بۆ کورد، واتا کوردستان وەک خاک، بە هەموو سامانەکانی ژێرزەوی و سەرزەوی و ئاسمانەکەیەوە، مڵکی نەتەوەی کوردە. ئەگەر داگیرکراوبێ، ئەبێ بسەنرێتەوە. ئەگەر بە عەرەب و تورک و فارسیش کرابێ، ئەوا ئەبێ لەو بێگانانە پاکبکرێتەوە. ئەو کەمینانەی لەناو کوردستاندا نیشتەجێن، بە کەمینەی نەتەوەیی و ئاینیشەوە، ئەگەر رەگێکی مێژوویان هەبێ، واتا بە پیلان هاوردەی کوردستان نەکرابن، هەموو مافێکی ژیان و هاوڵاتیبوونیان هەیە وەک کورد، بێجگە لەوەی ئەو پانتاییە خاکەی لەسەری کۆبوونەتەوە، بەهی کوردی نەزانن، واتا بۆیاننیە لە کوردستانی جیابکەنەوە ، هەموو بستێکی کوردستان، مڵکی نەتەوەی کوردە هەر رەگەزێکیکەی لەسەر بژێ. لێرەوە باوەڕمان بە رێکارەکانی گشتپرسی (ریفراندۆم) نیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو پانتاییانەی ناکوردیان لەسەر ئەژی، رەسەنبن یا نارەسەن.

53- هەڵۆ: لەم بارودۆخەی کوردستان و ناوچەکەدا، کورد لەناوەوە چی بکات و بەرامبەر بە داگیرکەران چ هەڵوێست و سیاسەتێ باشەو کامە پەیام بۆ رای گشتیی جیهانی ئاقڵانەیە؟

- ژیر: وەڵامێکی تێروتەسەلی ئەم پرسیارە، کتێبێکی ئەوێ! بەهیوام، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە ما، ئەو وەڵامە بدەمەوە. لێرەدا ئەوەی ئەیڵێم بەکورتی، بە پلەی یەکەم ئاڕاستەیە بۆ حکومەتی هەرێم : لەناوەوە، خۆی پڕچەک و پڕمەشقی سەربازی بکاو گەشە بە بیری نەتەوەیی بداو

دووركەوێتەوە لە بیری پێكەوەژیان لەگەڵ داگیركەرانی كوردستان، دژی بە عەرەبكردن و بە تورككردن و بە فارسكردنی كوردستان بوەستێتەوە بەكردەوە نەک هەر بە قسە. پەیامی ژیرانەش بۆ رای گشتیی جیهانی، ئەوەیە هەمیشە ئەوە بدا بە گوێی ناوەندە جیهانییەكان و زلهێزەكاندا كە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتی كوردییە لە سەرتاسەری كوردستانداو ئەوی ئەمڕۆ بۆ ئەو مەبەستە پشتگیریمان بكات، سبەی پێگەی بەهێزی ئەبێ لە دەوڵەتی كوردیی دەوڵەمەند بە نەوت و بە هەموو سامانە سروشتییەكان.

54- هەڵۆ: هەلی سەربەخۆیی لە هەنووكەدا لە هەموو چركەساتەكانی دیكەی مێژوو لەبارترە، لێ هێشتا سەرانی حیزبی كوردی و دەسەڵات ویستی بەدیهێنانی ئەم ئەركە سادەیەیان نییە. بۆ؟

- ژیر: چونكە ئەو حیزبانە، وەک هوشیاریی نەتەوەییاننیە، هەر لەسەرەتاشەوە، ئامانجیان پێكەوەژیانبوە لەگەڵ داگیركەرانی كوردستانداو هەمیشە خۆیان بەو چەمكە پەروەردەكردوە. ئێستا دەسەڵاتەكەشیان هەر بەوجۆرە ئەبێ و لەپڕێ نابنە كوڕێ! جارجار لەناو ئەو حیزبانەوە دەنگێكی شەرمنانە بەرزئەبێتەوەو ئەڵێن ئێمەش سەربەخۆییمان ئەوێ. بەڵام ئەوە هەر قسەی رووتەو راستنیە، چونكە كردەوەكانیان دژو پێچەوانەی ئەو دەنگەیە. نموونەیەک لەكردەوەكانیان ئەوەیە تائێستا چەندجارێک هەلی سەربەخۆییان بۆهەڵكەوتوە، بەڵام بەدەستی خۆیان ئەو هەلانەیان لەگۆڕناوە! لەبەرئەوە، جێێ خۆیەتی، بەڵكو پێویستە، بزووتنەوەیەكی باوەڕدار بە بیری كوردایەتی و پڕچەک بەهوشیاری نەتەوەیی، بێتەوە مەیدانی كاركردنی كردەیی بە بەرنامەیەكی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی نەتەوەی كوردا، لەپاڵ گەشەداندا بە هوشیاریی نەتەوەیی لەناو ریزەكانی میللەتدا وەک پێشتر ئاماژەم بۆكرد، هاوكار لەگەڵ پێنووسە نەتەوەییەكانیتردا بە هاوئاهەنگی.

*55-* هەڵۆ: نەیارەكانی كاژیک چ تۆمەتیكیان ئەدایە پاڵ كاژیک ؟

ژیر: پێشتر ئاماژەم بۆ نامیلکەکەی محەمەدی مەلا کەریم کرد. ئەوەبوو بە نامیلکەکەی زەردەشت وەڵامدرایەوە. شیوعیەکانیش تۆمەتی کۆنەپەرستی و پیاوی ئێران و ئەمریکایان ئەدایە پاڵمان. پارتییەکان دووجۆربوون، مارکسییەکانیان هەمان تۆمەتی شیوعییە*کانیان دووبارە ئەکردەوە. ئەوانیتریان، یا بێدەنگئەبوون، یا سۆزیان هەبوو بۆمان.*
گۆڤاری ئەلسەورە ئەلعەرەبییەی مەکتەبی رۆشنبیریی قیادەی قەومیی حیزبی بەعسی *عەرەبی ئیشتیراکیش کە گۆڤارێکی ناوخۆییانە، لە ژمارە 9 ی ئایاری 1969دا نووسینێکی سەبارەت کاژێک بڵاوکردەوە،کەکۆمەڵێ هەڵەو تۆمەتی تیابوو. ئەمە وەرگێڕاوی هەندێ لەو نووسینەیە:*

*لەبارەی مەسەلەی کوردەوە*

کاژێک

(ک.ز. ی. ک) چوار پیتە، هێمایە بۆ(کۆمەڵەی ژیانەوەی یەکێتی کوردستان). پەیوەندیی لەگەڵ دائیرە ئێرانیەکاندا هەیە. بزووتنەوەیەکی شعوبیە، مۆرکێکی فاشستیانەی هەیەو نوقمی کۆنەپەرستیە، راشکاوانە بانگەشەی جیابوونەوە ئەکا..بیردۆزەیەکینیە. لەناوچە کوردیە دوورەکانەوە سەری هەڵداوەو لەم دواییانەی تەمەنی بزووتنەوەی کوردیدا دەرکەوتوە. سەرەتا تاقمەکەی مەلا بە توندی بەرهەڵستییانکرد، هەرچەندە لە گوندەکانی ئەوانەوە سەریان هەڵدا...بزووتنەوەکە هەڵوێستێکی سیاسی دەرکەوتوویاننیە.

بزووتنەوەی کاژێک قسەی زۆر هەڵناگرێ بەهۆی لەڕولاوازیی بیرو رێکخستنیانەوەو لەبەرئەوەی هەڵوێستی کاریگەریاننیە دژ، یالەگەڵ بزووتنەوە کوردییەکەدا. ئەوەندە بەسە هەڵوێستمان هەڵوێستی چاوەروانیبێ تا گۆڕآنیتر رووئەدا. مەلا سەرەتا زۆر بەگومانبوو لێیان بۆیە بەرهەڵستی کردن، دوایی هەڵوێستێکی ئاشتییانەی نوان بەرامبەریان بۆ مژینیان. لەناو ئەم رێکخراوەدا کەسانێک دەرکەوتوون کە داوای پەیمانبەستنی خێرائەکەن لەگەڵ ئیسرائیلداو بەستنی مەسەلەی کوردی بە زایۆنیزمەوە...چەمکی ژەهراویش دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەبی و دژی ئیسلام بڵاوئەکەنەوە. (تەواو)

سەرکردایەتیی لقی ئەورووپای کاژیک، هەر بەزمانی عەرەبی، لەکاتی خۆیدا، وەڵامێکی پڕبەپێستی ئەو نووسینەی دایەوە. ئاماژەی بۆ وشە هەڵەکان کردوە.. لێرەدا هەڵبژاردەیەک لەو وەڵامە ، لەگەڵ هەندێ باری سەرنجی ئێستای خۆمان، بۆ مێژوو بڵاوئەکەینەوە:

بەسەرنجدانێک لەو نووسینە، دەرئەکەوێ، پارتی وشیوعی و بەعس ، لەهۆنینەوەی تۆمەتدا بۆ کاژیک، یەکئەگرنەوە. ئێمە وەک کۆمەڵەیەکی باوەڕدار(عقائدی) وابەستەین بەوەی لەکاژیکنامەدا هاتوە کە ئەڵێ:(گەلی کورد خۆی خۆی رزگارئەکا لەڕێگەی ئایدۆلۆجییەکی نەتەوەییانەی پوختەوە. ئەوەی ئەڵێ لە رێگەی بێگانەوە، بەئێرانیشەوە، کەبەشێك لەکوردستانی داگیرکردوە، رزگاریئەبێ، کاژیک وەک ساویلکە یا دوژمن سەیریئەکا. کاژیک بەیەک چاو سەیری داگیرکەرانی کوردستان ئەکا. کاژیک باوەڕی بەو برایەتییە درۆزنەیە نیە کە لەڕێگەیەوە سامانی کوردستان بەتاڵان ئەبا. کاژیک هەموو حوکمێکی ناکوردی بەسەر کوردستانەوە رەتئەکاتەوە. لەنامەیەکیدا بۆ بارزانی، کاژیک ئەڵێ: ئێران ئەترسێ دەوڵتێکی بەهێز لە سنوورەکەیبێ بەتایبەتی دەوڵەتێکی عەرەبیی سەر بە ناسر. ئەشترسێ ناوچەی خۆزستانی پڕ لەنەوتی لەدەسبچێ. بۆیە ئەو ئاسانکارییەی لەگەڵ ئێمەی ئەکا، ئەوە بۆ لاوازکردنی *عێراقە تا دەسەڵاتێکی سەر بە رۆژئاوا دێتە سەر حوکم، ئەوسا ئەبینین دەس بۆ ئەو حکومەتە درێژئەکا بۆ لێدانی ئێمە. ئەوەبوو ئەو پێشبینیەی کاژیک هاتەدی دوای لاوازبوونی عێراق و رێکەوتننامەکەی جەزایر.*

لە وەڵامەکەی کاژیکدا بۆ بەعس ، بەوردی ئەوە روونکراوەتەوە کە ئێمە کۆنەپەرست و شعوبی و فاشی نین. دوژمنی هەموو جۆرە ئیمپریالیزمێکین، دژی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی رەهاین . باوەڕمان بەمافی چارەنووسی هەموو گەلێکە. ئیتر پیاوی ئێران و کۆنەپەرستی و شعووبی و فاشستێتی چی!؟ کاژیک خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆیەتی کەلە کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگە مرۆڤدۆستەکانیترەوە هەڵهێنجراوە. کاژیک تاکە رێکخستنێکە کە مەودای

کاری بۆ سەرجەم کوردستانە نەک تەنیا پارچەیەک. لەم رووەوە رێکخستنێکی نەتەوەییە. لەو باوەڕەشدایە نەتەوایەتی لەگەڵ دروستبوونی نەتەوەدا دروست ئەبێ هەر لەگەڵیشیدا ئەمێنێتەوە. نەتەوایەتی وەک وزە وایە لەناوناچێ بەڵام ئەشێ لەجۆرێکەوەبۆ جۆرێکیتر بگۆڕرێ، نەک لەقۆناغی بۆرجوازیەتدا سەرهەڵداو بە نەمانی ئەو ئەمیآن نەمێنێ وەک کۆمۆنستەکان ئەڵێن! کاژیک باوەری بە جیاوازیی چینایەتی و بنەماڵەیەتی نیە. تەنیا باوەڕی بە جیاوازیە سروشتییەکانە، وەک جیاوازیی جەستەیی و ژیرێتی و زانستی و بەهرەمەندی. لەمەوەیە کاژیک رێکخستنێکی سۆشیالستانەیە، بەڵام وەک هی مارکسی و خەیالییەکان نا. مارکسیەکان لەو باوەڕەدان دنیا لە چەند چینکی کۆمەڵایەتیی جیاواز پێکهاتوەو چینێ لە کۆمەڵگەیەکدا هەمان بەرژەوەندیی چینێکی وەک خۆی هەیە لە کۆمەڵگەیەکیتردا. لەبەرئەوە ئەوان لە گشتەوە دەسپێئەکەن بۆ بەش. واتا لە پرۆلیتاریای جیهانییەوە دەسپێئەکەن. بەدەربڕینێکیتر، بەرژەوەندیی پرۆلیتاریای جیهانییان لا مەبەستترە وەک لە هی ناوچەیەک. ئەوەش لەباری سەرنجی کاژیکدا هەڵەیە. چونکە کاژیک لەبەشەوە ئەچێ بۆ گشت . بۆنموونە لەپێناوی خزمەتی سۆشیالستیی جیهانیدا، ئەبێ لە سۆشیالستیی کوردی و گەلی کوردییەوە دەسپێبکەین، واتا لەبەشەوە بۆ گشت. چونکە کۆمەڵگەکانی دنیا هەمووی چونیەکنییە، بۆیە هەریەکەو چارەسەری تایبەتیی خۆی هەیە. لەمەوەیە کاژیک ئەلێ بەرژەوەندیی کرێکارێکی ئەمریکی، بۆ نموونە، جیاوازە لەگەڵ بەژەوەندیی کرێکارێکی کورد. هەروەها هی عەرەبی داگیرکەر لەگەڵ کوردی داگیرکراودا. لەبەر ئەوە تایبەتمەندییەکانی کورد وائەخوازێ سۆشیالستیەکەشی تایبەتبێ بە خۆی، هەروەها مەرجنییە سۆشیالستی سەدەیەک ئەبێ هەر وەک هی سەدەیەکیتربێ ، بەڵام بەپێی مارکسیەکان ، سۆشیالستی، هەمووی چونیەکەو چونیەکئەبێ لە دنیادا! هەر لەم گۆشەنیگایەوە، تایبەتمەندێتی پێکەوەژیانی نەتەوەی کورد لەگەڵ عەرەب یا تورک یا فارس وەک تایبەتمەندێتی پێکەوەژیانی

نەتەوەکانی سویسرا یا چیکۆسلۆفاکیای جاراننیە. ئەشێ ئەوانە بەکۆبوونەوەیەک، لەیەک جیاببنەوە وەک ئەوەی چیکۆسلۆفاکیا . بەڵام چونکە کورد بەزۆرو لەرێی هێزەوە بندەست خراوە، لەرێی هێزەوەنەبێ لەدیلێتی رزگاری نابێ . بۆیە بەرئەنجامی ئەم دیدوبۆچوونانە وایکردوە کاژیک رێکخستنێکی نەتەوەیی سۆشیالستیێ شۆڕشگێڕبێ. دروشمەکەشی : کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەلبێ. هەروەها بۆیە یەکەم کاری بیرمەندیی کاژیک ئەوەبوو مێژووی کوردی لە دیدی نەتەوەییەوە شیکردەوە لەکاژیکنامەدا.

لێرەدا شیاوی وتنە، بە هۆی پەروەردە نەتەوەییانەکەی کاژیکەوە، تا ئێستا کە ساڵی 2013ەیە، خائینێک، جاسووسێک، نۆکەرێکی بێگانە یا پیاوێکی بەعسیان تیا هەڵنەکەوتوە، بە پێچەوانەی حیزبە پێشکەوتنخوازەکانەوە!! کە لە سەرکردایەتییانەوە تا بنکردایەتیان ، چەندین فایلیان لای بەعس گیراوە. خوا ئەیزانێ لە هەگبەی رژێمەکانی ئێران و تورک و سوریاشدا چی هەیەو چی دەرئەکەوێ.

56- هەلۆ :لەماوەی 54 ساڵی رابوردوودا، واتا لە دروستبوونی قوتابخانەی بیری کوردایەتییەوە، کاژیک، دواییش پاسۆک، هیچکام لە پێشبینییەکانیان هاتە دی ؟

- ژیر : بەلێ، لە سێ پەرتووکدا ( کوردایەتی بیرو بزاڤەو کوردایەتی بیری زیندوەو لەبارەی مەحویی لوتکەوە) بە کەمێک درێژەوە، لەو پێشبینیانە دواوم کە لەو ماوەیەدا هاتوونەتەدی. بۆ ئەوەی نەبێتە دووبارەکردنەوە، بەهیوام بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوانە. لیرەدا بەکورتی هەندێ شارایتر ئەخەمە سەر ئەو خەرمانە، لەوانە: 1- نەتەوایەتی لە هەموو جیهاندا نەک هەر قۆناغێک نەبوو لە مێژوودا، بەڵکو تابێ گەشە ئەسەنێ. کۆمۆنستیش نەک هەر حەتمیەتی مێژوو دەرنەچوو، بەڵکو تابێ، لەسەرتاسەری جیهاندا ئەپووکێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیشدا،لەم رۆژانەدا بینیمان حیزبی شیوعی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا 21/9/ 2013، کەمتر لە یەک کورسی بەدەسهێنا.2- کەرتوپەرتبوونی دەوڵەتەکانی بلۆکی سۆشیالستی کە

فرەنەتەوەبوون، لەکاتێکدا بەپێی بەرنامەی ئەوان ئەبوایە هەموو دەوڵەتانی دنیا یەکیانبگرتایە!! 3- نەتەوایەتی نەک تەنیا خەسڵەتی وڵاتە سەرمایەدارەکانبوو، بەڵکو لە وڵاتە سۆشیالستەکانەوە بەگوڕو تەوژمێکی زیاترەوە هاتەوە ئاراو گەشەیکردەوە 4- سۆشیالستی مادیانە سۆشیالستییەکی زانستیانە دەرنەچوو وەک کۆمۆنستەکان ئەیانوت و ئێمە رەتمانئەکردەوە. ئەمە قسەی هەر ئەمڕۆی من نیە، ساڵی 1985 لە پەرتووکی(لەبارەی مەحوی لوتکەوە ل 136 وتوومە: ( دەربڕینی زانستانە ، چ بەوەی بخرێتە پاڵ پێڕەو، یا بەوەی بخرێتە پاڵ سۆشیالستی، لە رۆژانێکدا باوبوو کە زانست پێشنەکەوتبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوایئەوەی زانست پێشکەوت و بیردۆزەی وا هاتە ئاراوە کە سەلماندی مادە ناکۆکنیەو لەناو ناخی مادەدا پێچەوانەیەتی و دژایەتی و ناکۆکی نیەو دوایئەوەی بە خستنەکار دەرکەوت کە سۆشیالستی مادی سۆشیالستییەکی زانستانە نیەو ئەنجام وەک پێشبینی و بیردۆزەکەیان دەرناچێ و لەهەر وڵاتێکی سۆشیالستی مادیانە ، ئەنجام جۆرێکی جیاوازە لەوانیترو <u>پاشەکشەو گەڕانەوەش رۆژلەدوای رۆژ زیاتر ئەبێ</u> ) کە بەو دیدوبۆچوونە من پێش گۆرباشۆف کەوتم لەبارەی هەرەسی بلۆکی سۆشیالستییەوە 5- بە درۆکەوتنەوەی چەمکی برایەتی کوردو داگیرکەرەکانی 6- لەنامەیەکدا بۆ بارزانی وتمان کە ئێران هەلی بۆ رەخسا لەگەڵ *عێراق* پێکدێنەوە بۆ دژایەتی کورد. هەر واش دەرچوو. بەڵگەکان زۆرن، لێرەدا ئەوەندە بەسە.

57- هەڵۆ: کاژیک بەچی جیائەکرایەوە لە حیزبەکانیتر ؟

- ژیر: بە کۆمەلێ تایبەتمەندی، لەوانە:

ا- هەڵکەوتەی کاژیک زیاتر بەلای کۆمەڵەیەکدا ئەچوو وەک لە حیزب. کاژیک هەمیشە بەدووی جێگرەوەیەکدا ئەگەڕا بۆ حیزب. ئەوەبوو ناوی خۆینا کۆمەڵە نەک حیزب . حیزب خراپە، خراپترین جۆری حیزبایەتیش، حیزبی ستالینییە کە ئەوساو ئێستەش هەموو حیزبەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، حیزبی ستالینین. حیزبایەتی بە گشتی،

بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد دەسنادا. کورد پێویستیی بە یەکێتی و یەکدەنگی و وەلاوەنانی بەرژەوەندیی تایبەتی هەیە. حیزبایەتی، دووبەرەکی و بەرژەوەندیخوازیی تایبەتی لێئەکەوێتەوە کەئەوەش دەردی کوشندەی کوردە بەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان سەری بەرژەوەندییە گشتییەکەی نەتەوە ئەخواو هوشیاریی نەتەوەیی لاوازئەکا.

زاناو دۆستی کورد ئیسماعیل بێشکچی، بەمجۆرە پێناسەی حیزبە کوردییەکانی کوردستان ئەکا :

"زیاتر ئەچنە خانەی رێکخراوێکی سوپاییەوە وەک لە رێکخراوێکی سیاسی، هەر کوتێکی کوردستان لەلایەن چەند حیزبێکەوە پارچەپارچە کراوەو میللەتەکەیان دابڕدابڕ کردوەو زوربەیان درێژەدەری پەیوەندییە خێڵەکییە فیودالیەکەن لەکالایەکی مۆدێرندا، لەناو ریزەکانی خۆشیانا کەمتر شێوازی دیموکراتی پەیڕەوئەکەن، چەند سەرکردەیەکی ئۆتۆکراتیانەی تاکڕەو رێگەی توانا تازەکان نادەن، لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە راڕاو هەرزەن و هەر رۆژەو لە ئاوازێک ئەخوێنن جگە لە سێوچوار گرووپی گچکەی بێهێزی کەمجەماوەری وەک پاسۆک و سەربە خۆیی و کۆمارو پاک- ئەوانیتر ئالا هەڵگری مارکسیزم و ئێستا سەرلێشێواو، رێکخستنێکی فشوفۆڵ و بێ ستراتیج و درۆودەلەسە بەسیاسەت ئەکەن، بڕوانەبوون بەخۆ و وزەی جەماوەرو پشتبەستن بەداگیرکەرەکانی کوردستان، رێگەی رەخنە لێگرتنیان نادەن، کەمتر ئاوڕ لەخواستەکانی جەماوەر ئەدەنەوە، جێدەستیان لەسەر ئاستی بزووتنەوەی رۆشنبیری و سیاسی کورد دیارنییە، پەیوەندییەکی ستراستیژی لەنێو رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا نیە - بڕوانە: کوردۆ عەلی، نووسەری هێژای تورک ئیسمای*ل بێشکچی و تێروانینێکی زانستیانە لە مەسەلەی کورد. ل 52* "

*ئنجا با ئاوڕیک لەمێژوو بدەینەوەو پەندی لێوەرگرین. د. عەلی الوەردی لە پەرتووکی لمحات اجتماحیە من تاریخ ئەل عراق ئەلحەدیس ل 152*

ئەڵێ (ئەو شەڕی حیزبییەی لە نێوان پیاوانی دەوڵەتدا هەبوو لە ئەستەموڵ بوە هۆی یەکنەخستنی توانایان دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان)

بیرمەندی ئەڵمانی تریتشکۆ ئەلێ: :حیزبایەتی پێویستییەکی سیاسییە بۆ گەلە ئازادەکان. بەڵام ئەو گەلانەی هێشتا هەوڵئەدەن بۆ سەربەخۆیی، بۆ فرە حیزبی دەسنادەن. بەڵکو تەنیا پێویستییان بە رێکخراوێکی نەتەوەییە - بڕوانە فەلسەفەت السیاسە عند الئەلمان ل (129

ب – جیاکەرەوەیەکیتری کاژیک لەحیزبەکانیتر، کاژیک رێکخستنێکبوو بۆ سەرتاسەری کوردستان، هەرچەندە بەهۆی گوشارەکانەوە بەوەدا رانەگەیی.

پ - چەمکی برایەتی و پێکەوەژیانی نێوان کوردو داگیرکەرەکانی رەتکردەوە

ت – ئەو بیردۆزەیەی مارکسیەکانی رەتکردەوە کە گوایە بەرژەوەندیی چینی کرێکار لە دنیادا یەک بەرژەوەندییە.

ج – دیدوبۆچوونەکانی لە واقیعی کوردستانەوە هەڵئەهێنجا. لەمەوە: کوردایەتی، نە ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایە، نە نازێتی ئەڵمانە، نە عروبەی عەرەب.

چ – کوردایەتی، نە قۆناغێکە لەمێژوودا، نە خەسڵەتی چینێکی تایبەت.

خ – پرۆژە پیشەسازییەکان، بەسامانە سروشتییەکانیشەوە، لەسەردەمی حوکمی حکومەتە ناوەندییکانی بەغدا،تاران، ئەنکەرەو دیمشقدا،کۆیلەکردنێکی زیاتری کوردی لەدوایە.

د – ئاین و حیزبایەتی دووشتی نەگونجاون، لەمەوە دنیایی(عەلمانییەت)

ز – بیروباوەڕ بە بیروباوەڕ وەڵامئەدرێتەوە. لەمەوە وەستان دژی تیرۆر.

ر – دەسکەوتە کاتییەکان، ئەبێ لە خزمەت سەربەخۆییدابن .

*س – کێشەی   سەرەکیی پارچەکانی کوردستان، یەک کێشەیە، ئەویش سەربەخۆییە.*
*ش – ئیمپریالیزم، ئەوەی رۆژئاواو رۆژهەڵاتیشە .*
*ع – پشتنەبەستن بە هیچکام لە داگیرکەرانی کوردستان .*
*غ – دیموکراتیی پایتەختەکانی داگیرکەران، کێشەی کورد چارەسەر ناکا*
*ف – ئاشتی و ژێردەستەیی دوو شتی نەگونجاون .*
ق – مافێکی نەتەوەیی کە بە هێز زەوتکرابێ بە هێز ئەسندرێتەوە . لەسەرووی هەمووشیانەوە بۆ کورد، مافی دروستکردنی دەوڵەتە. دەوڵەتی کوردیش ئەگەر لە ئەنجامی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانەوە دروست نەبێ، ئەوا ئەبێ کورد لەرێی خواست و ویست و هێزی خۆیەوە دروستیکات. واتا بە شۆڕش و شەڕ. یەکێک لە تیۆرییەکانی شارلس تێلییە: شەڕ دەوڵەت دروست ئەکات و دەوڵەت بە شەڕ هەڵدەسێت. دەستۆ فسکی ئەڵێ : لەتەک هەموو بەکارهێنانێکی هێزدام بۆ بەدەسهێنانی ئازادییەکی بێسنوور. مارکس ئەڵێ: "هیچ شتێ بێ توندوتیژی جەوهەری لەمێژوودا نەگۆڕاوە.
*ئەمانە تایبەتی و جیاکەرەوەکانی کاژیکن لە حیزبەکانیتری کوردستان بەکورتی. بۆ درێژەی ئەو خاڵانە، بڕوانە : کوردایەتی بیرو بزاڤە ل 73-کامیل ژیر چاپی 2006.*
58- هەڵۆ: باوەڕتان بە چ جۆرە رێکخستنێکە کە جێگە هیوای رزگاریی کوردو سەربەخۆیی کوردستانبێ و حیزبیش نەبێ ؟
- ژیر :  لە وەڵامی پرسیاری پێشوواو لەچەند بۆنەشدا وتوومە: نەتەوەیەکی داگیرکراوو بەشبەشکراوی وەک کورد، بۆ حیزبایەتی ناشێ. نەتەوەیەکی لەوجۆرە پێویستیی بە رێکخستنی سوپایەکی سەربازیی هاوچەرخ هەیە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی. سەبارەت بە کورد، هەموو ئەیزانین کە کوردستان بریتینییە لە تەنیا ئەو 3 پارێزگایەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا ئۆتۆنۆمییەکی هەیەو ناویانناوە فیدراڵی! ئەو سوپایەی ئەیڵێم، بۆ هەموو کوردستانەو بۆ  ئەم هەرێمەیشە. لەم هەرێمەیشا، پێویستە جارێ حیزبایەتی هەڵپسێردرێ تا دامەزراندنی

دەوڵەتی کوردی. یا حکومەتێکی سەربازیی - سیاسی- تەکنۆکراتی پەرلەمانی فەرمان ڕەوابێ، بەبێ بوونی هیچ حیزبێک، تا بە دەوڵەتبوونی ئەم هەرێمە، یا بەدەوڵەتبوونی باشوور، یا هەموو کوردستان. دیارە ئەم پرۆژەیە لە ئێستادا بەم حیزبحیزبێنەیەی ئەمڕۆ ناکرێ و نایکەن کە هەر یەک هەڵپەی گیرفانی خۆیەتی . بۆیە پێویستیمان بە پێکهێنانی ڕێکخستنێکی سەربازیی - سیاسی باوەڕدار بەکوردایەتی هەیە کە لە ڕووی ڕێکخستنەوە بەردی بناغەی ئەو پرۆژەیە دانێ و کار بۆ بەرجەستەبوونی بکات. لەڕووی هزریشەوە، درێژە و گەشە بە بنەما فەلسەفی و باوەڕییەکانی کاژیک و پاسۆک بدات بۆ بڵاوبوونەوەی هوشیاریی نەتەوەیی، تا لە هەلێکی ڕەخساودا، پرۆژەکە ئەگاتە ئەنجام.

مەبەست لەو چوار کوچکەی دەسەڵاتە بۆ ئێستای قەوارەکەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە: هێزێکی سەبازی کۆتایی بە سیستمی حیزبایەتی بێنێ و خۆی و ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی، دەسەڵاتی بەرگریی دەرەکی و ئاسایشی ناوخۆ بگرنە دەس. سەرۆکایەتی وڵات و سەرۆکایەتی وەزیران و وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بسپێردرێن بە شارەزایان لە سیاسەت و دەبلۆماسێتیدا. وەزارەتەکانیتریش، بدرێن بە تەنیا پیشەکاران (تەکنۆکرات). پەرلەمانیش، تەنیا لە خاوەن بروانامەی کۆلێج و بەرزتر پێکبێ بە هەڵبژاردن لەسەر شێوازی بازنەیی کە بەم شێوازە پەرلەمان ئەبێتە نوێنەری 100% میللەت . دەسەڵاتەکانی دادوەری و چاودێری دارایی ، هەر یەکەو، تەواوی سەربەخۆیی خۆی هەبێ و پەیوەندبن بە تەنیا پەرلەمانەوە. ئاڵوگۆڕی ئەو دەسەڵاتانەش، یا ئاڵوگۆڕی هەر گومانلێکراوێک بە ناپاکی یا گەندەڵی یا بێتوانایی لەناو ئەو دەسەڵاتانەدا، لە دەسەڵاتی پەرلەماندابێ هەرکات پێویستبکات. دیارە وردەکارییتریش لەبارەی ماوەی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانیتر و گەلێ بابەتیکە، ئەمێنێ بۆ ڕۆژی خۆی. بەلای منەوە، ئەوەیە بزووتنەوەیەکی پێویست و حکومەتێکی نموونەیی بۆ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان.

بەرامبەر بەم بیرۆکەیە، ئەشێ وشکە دیموکراتییەکان، لێم راستببنەوەو بڵێن: نەهێشتنی فرە حیزبی، دژو پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیە! یا من باوەڕم بە دیموکراسی نیە! بۆ وەڵام، ئاماژە بۆ وتەیەکی خۆم ئەکەم لە پەرتووکی ئەفکاردا، بەعەرەبی، چاپی 2002 ل 10 کە ئەمە کوردییەکەیەتی (فرەیی و دیموکراسی لە دەوڵەوتە دواکەوتوەکاندا کە بایەخی پێشکەوتن و دیموکراتی نازانن، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی ناکەن. بەڵکو لەناو گەلە دواکەوتوەکانیشدا، کە لە یەک نەتەوە پێکهاتوون، چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان ناکات و قوڕەکە زیاتر تەڕئەکا . ئایا ئێمە ئێستا لە کوردستاندا دووجار تاڵی ناچێژین بەهۆی فرەیی و دیموکراسییەکی سەقەتەوە؟ ( شەڕەکانی ناوخۆو گەندەڵیەکان و تەزویرو ویژدانکڕین بەپارەی میللەت بۆ نموونە). راستییەکەی، فرەیی و دیموکراسی وەک ئاوو خۆراک وان بۆ ژیان، بەڵام لە کەشێکی نەگونجاودا، خراپ ئەبن و بۆگەنئەکەن و ئەچەرخێن بە ژەهر و ژیان ناهێڵن. هەر بە تەنیا جاڕدانی فرەیی و دیموکراتی ، عێراق بە عەرەب و کوردو کەمینەکانیەوە، ناگاتە ئاستی سویسرا) .

ئێمە نابێ بڕوا بە زلهێزە ئیمپریالیستەکانی دنیا بکەین کە گوایە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوە دواکەوتوەکان خوازیارن فرەیی و دیموکراسییان لەناودابێ. نەخێر، ئەوان بەهیچ جۆرێک ناخوازن فرەیی و دیموکراسیەکی رەسەن لەناو ئەو وڵاتانەدا هەبێ. بەڵکو بەپێی نەخشەو پیلان، ئەیانەوێ ئارامی و ئاسایش لەناو وڵاتە دواکەوتوەکاندا نەبێ. ئەوان ئەیانەوێ ئەم وڵاتانە هەمیشە لە گۆمی لێڵدا مەلەبکەن ، یەکتری بکوژن، نەزانین و نەخوێندەواری و نەخۆشی تیایاندا بڵاوبێتەوە، دووربن لە زانست و تەکنەلۆجیاوە ، بۆئەوەی هەر بەدواکەوتوێتی بمێننەوەو ئەم وڵاتانە هەر بازاڕی فرۆشتنی کاڵاکانی ئەوانبن و ...هتد.
بۆ ئەو مەبەستانەش، بەلای رۆژئاواوە باشترین رێگا، پشتگیریکردنی ئیسلامی سیاسی و ئەو فرەیی و دیموکراتییە سەقەتەیە کە ئەبێ بە ژەهرو زەلکاوێکی وەها کە گەندەڵی و ڤایرۆسی تیرۆر لەناوخۆیاندا

هەڵبێنێ و بەر ببنە گیانی یەکدی و ئەوانیش خۆیان لە ئارامیدا بژین. واتا تیرۆر لەخۆیان دوورخەنەوە. خۆ ئەگەر هاتو کەسێکی وەک سەدام و قەزافی و بن لادن ، لێیان هەڵگەڕانەوەو تیرۆریان گواستەوە بۆ رۆژئاوا، ئەوا ئەزانن چۆن، چۆلەکەئاسا، ملیان هەڵئەکێشن.
کەواتە بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی کورد بە گشتی، رابەرایەتییەکی وەک ئەوەی ئاماژەمان بۆکرد، دوور لە گەندەڵی و کلکایەتیی داگیرکەرانی کوردستان، لە فرەیی و دیموکراسیی درۆزنە باشترە. هەر کاتێکیش نەتەوەکەمان ئەوەندە پێشکەوت کەبایەخی فرەیی و دیموکراسی بزانێ و رابێن لەسەری، ئەوسا با فرەیی و دیموکراسی، پەیڕەوکرێ وەک ئەوەی لە ئەوروپاو ئەمریکادا هەیە .

59- هەڵۆ: دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەی پێشوو ژمارە 58 و داوای روونکردنەوەی زیاتر ئەکەم سەبارەت بەو رێکخراوەی کە هاوبیران بە نیازن بیکەنە جێگرەوە، یا تەواوکەری کاژیک و پاسۆک ؟
- ژیر : بەر لەوەلامی ئەم پرسیارە، ئەمەوێ ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەم کە هەرچەندە کاژیک و پاسۆک وەک( رێکخستن )چالاکییەکانیان راگرت، بەڵام وەک گەشەدان بە ( بیروباوەڕ )ەکەیان، زوربەی هاوبیرانی ئەو دوو رێکخراوە، بەردەوامبوون لەسەر درێژەدان بەبیروباوەڕەکە لەڕێگەی نووسین و بەستنی کۆڕو سمینارو دیمانەکان و فێسبوکەوەو بەچاپگەیاندنی بەرهەمە هزرییەکانیان . نەک هەر ئەوە، بەڵکو سەدان بیرمەندو نووسەرو هۆنیاری نەتەوەیی تازەش هەڵکەوتوون لە ئەنجامی هەمان ئەو بیروباوەڕەوە، سەرباری بەردەوامبوونی لقی ئەوروپای پاسۆک و دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە 1985 ەوەو بڵاوکراوەکانی هاوبیران لە سایتی کۆنگرەو سایتی پاسۆکدا.
ئنجا ئەڵێم، بەڵێ ئێستا پێویستیمان بە رێکخراوێکیتر هەیە، بەڵام بەمەرجێ شێوەی حیزب وەرنەگرێ. ئێمە لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەمان بۆ زیانەکانی حیزبایەتی کرد. لەماوەی رابوردووشدا شەڕی ناوخۆ و گەندەڵییەکانی حیزبەکانمان بینی. ئێستاش شاردراوەنیە کە هەندێ لە

حیزبە کوردییەکان هەر یەکەو پەلیان بەدەس یەکێک یادوان لە داگیرکەرانی کوردستانەوەیە! بۆیە دروست نییە ئێستا خۆمان حیزبێکی سیاسیتر قوتکەینەوە. ئەمڕۆ کورد لەم بارودۆخەی ئێستایدا، لەبری حیزبایەتی، پێویستیی بە لەشکرێکی باوەڕدار بە کوردایەتی هەیە بۆ سەرتاسەری کوردستان لەپێناوی سەربەخۆییدا بە گشتی و بۆ سەندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان، لەڕێگەی هێزەوە، چونکە ڕێگەکانیتر هیچیان لێ سەوزنەبوو . ئەمەش ئەرکی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە بە پلەی یەکەم. ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە بە پلەی دوەم. بەڵام ئەوە لەوان ناوەشێتەوە. دوای ئەوان، ئەرکەکە ئەکەوێتە ئەستۆی هاوبیرانی کوردایەتی. ئەشزانین کە ئەمڕۆ ئەشێ ئەوە لەتوانای ئەو هاوبیرانەدا نەبێ. بەڵام خۆ ئەوەندەیان پێئەکرێ کە لە هەنگاوی یەکەمەوە دەسپێبکەن. یا لەو خاڵەوە دەسپێبکەنەوە کە کاژیک و پاسۆک تیا وەستان (بەڵام بەبێ شێوازی حیزبی ) . بەو پێیە ئێستا پێویستیمان بە کۆمەڵەیەکی جەماوەری ناحیزبی هەیە کە لەسەر هەمان بیروباوەڕەکانی کاژیک و پاسۆک بەردەوامبێ و گەشەیان پێبدات و گەشە بە هوشیاریی نەتەوەیی بدات و بەردی بناغەی لەشکرێکی گۆشکراو بە باوەڕی کوردایەتیش دانێ تا لە هەلێکی ڕەخساودا ببێ بە خاوەنی دەسەڵات ، لەشکرێک دوور لە شێوازی میلیشیای حیزبی. دیارە وردەکاریی ئەم بیرۆکەیەش، لەکاتی گونجاودا درێژەی ئەبێ. جگە لەوە، هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین لە سایەی ئەو دیموکراتییە سەقەتەی لەناو کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا پیادەئەکرێ، زۆرینەیەکمان لێکۆئەبێتەوە! کۆمەڵگە دواکەوتوەکان لەسایەی ئەو دیموکراتیەدا، هەمیشە بڕیاری هەڵە ئەدەن بەوەی شوێن ڕواڵەت یا سۆز یا دەستی دەرەکی ئەکەون! بۆ نموونە: گەلی میسر کە لەکنخۆیان لەگەلی کورد پێشکەوتووتریشن، دوای موبارەک دەنگیان بۆ کۆنەپەرستترین و نامۆدێڕنترین حیزب (ئیخوان موسلیمین ) دا! هەر بەو جۆرە، لە ئێران بۆ مەلاکان! لە تورکیا بۆ دادو گەشەپێدان کە چەپیان لە ئیخوانەکان نەگەڕاوەتەوە! لەباشووری کوردستانیش، تا ئێستا هیچ حیزبێک لە

کاژیک و پاسۆک پێشکەوتووترو کوردپەروەرترو مۆدێرنترو پاکتر نەبوە، کەچێ لە هەڵبژاردنەکەی 1992 دا بە پاسۆک و بە سۆشیالست تەنیا دوو و نیو لەسەد دەنگیان هێنا! ئێمە 16 ساڵ کاژیک و 18 ساڵ پاسۆکمان لە شارو لە شاخ بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و پاکییەوە گوزەران، چەند شەهیدماندا . بەڵام لە ئەنجامدا چەند کەسمان لێکۆبوەوە !؟ کەچی بەلێشاو لە حیزبە گەندەڵەکان کۆئەبنەوە! لەبەرئەوە هەڵەیەکی گەورەیە لەم کۆمەڵگە دواکەوتوەداو بەشێوازی حیزبیانەو دیموکراتیانە، بتوانین ئامانجەکانمان بەدیبێنین! یا زۆرینەی ئەو خەڵکەمان لێکۆبێتەوە کە تا ئێستا هوشیارییەکی نەتەوەیی ئەوتۆیاننییە ! ئەوە جگەلەوەی لە ئەنجامی گەندەلیی ئەو حیزبانەوە، ئاستی رەوشت و نیشتمانپەروەریش دابەزیوە سەرباری نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییەکەش. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە شانبدەینە بەر گێڕانەوەی هاوکێشەی راست بۆ ترازوە لاسەنگەکەی نەتەوەکەمان کە ئەشێ ئەم مژدەوبانگەی هاوبیران لەمڕۆدا هەنگاوێکی گونجاوبێ بۆسەرەتای کارکردن

مژدەو بانگ
لە کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتییەوە
K H K

-----------------

2013/11/21

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی کە لە رووی بیروباوەڕەوە، درێژکراوەی دیدوبۆچوونە فەلسەفی و هزرییەکانی کاژیک و پاسۆکین و هاوڕاو هاوکارین لەگەڵ هەر تواناو هەر پێنووسێکی نەتەوەیی خاوێن و سەربەخۆو خاوەنی خەباتێکی نەتەوەییانەو شۆڕشگێڕانەی زیاتر لە پەنجا ساڵین لە شارو شاخەکانی کوردستانداو ماوەی چەند ساڵێکیشە

چالاکییەکانمان لەرێی پێنووسەکانمانەوە، بە زۆری، لە بواری هزریدا چڕکردۆتەوە بۆ گەشەدان بە هوشیاریی نەتەوەیی و بۆئەوەی بواریش بخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و ئاراستەکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشوور بەرەو سەربەخۆیی. بەڵام بەداخەوە، ئەو دوو مەبەستە هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ نەنراوە بەهۆی شەڕی ناوخۆو ململانێی حیزبایەتییەوە کەتائێستا ئەو ململانێیە درێژەی هەیەو رێگرە لەبەردەم بەئامانجگەیشتنی نەتەوەکەمان، بەڵکو مەترسییەکیشە لەسەر مانەوەی ئەو قەوارە سیاسییەمان کە بە خوێنی سەدان هەزار شەهیدی نەتەوەکەمان هاتەدی. لەوانەش خراپتر، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی پەلی هەندێک لەو حیزبانە بەدەستی یەکێک یا دوان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوەیە، وەک سەردەمی میرنشینیە کوردییەکان، کە ئەوە بوە هۆی لەناوچوونیان! هەندێ ئامازەش ئەوە ئەگەیەنن کەئێستا چەند لایەنێکی دەرەکی، بەهاوکاریی نۆکەرەکانیان لە ناوخۆی کوردستاندا، خەریکی پیلانێکن بۆکەرتکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان، پشتبەست بەیاسای پارێزگاکانی عێراق وەک هەنگاوی یەکەم و دەسبەردان لەناوچە داگیرکراوەکان وەک هەنگاوی دوەم و کۆتاییهێنان بەقەوارەکەی هەرێم وەک هەنگاوی سێیەم! سەرباری کارە تیرۆرستییەکانی ئیسلامی سیاسی کە پریشکیان گەیشتە هەولێری پایتەختیش!! حیزبە گەندەڵەکانیش، بەهۆی شەڕە کورسیی پەرلەمان و پاراستنی تاڵانییەکانی خۆیانەوە،کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەم مەترسی و پیلانانەو ئەوانیش کاری کردەیی بۆ گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان ناکەن و دوورن لەئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە!

ئەی جەماوەری ستەمدیدەی نەتەوە قارەمانەکەمان: هەموو ئەو راستییە تاڵانەو پێویستیی تەواوکردنی نامەی پیرۆزی هەردوو رێکخراوی (کاژیک و پاسۆک)ی خاوەن شانازی بە رابوردوە پڕلەتێکۆشان و پاکەکەیانەوە، بوونە هاندەرمان بۆئەوەی دەسکەینەوە بە خەباتی رێکخراوەییمان لەکۆمەڵەیەکدا، نەک حیزب. لەو باوەڕەمانەوە کە نەتەوەیەکی

داگیرکراوو بەشبەشکراوی وەک کورد، بۆ حیزبایەتی ناشێ، بەتایبەتی ئەم شێوە حیزبایەتییە ستالینییەی حیزبەکانی سەرتاسەری کوردستان پەیڕەویئەکەن و بۆتە مایەی کەرتکردنی نەتەوەو گەندەڵی و ئەبێتە هۆی نائومێدی و بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەکەمان!!

بۆیە لە ئەنجامی ژمارەیەک دانیشتنی هاوبیرانەدا،دواهەمینیان، لە گوندی سیتەک بە بەرواری2013/10/25 بەئامادبوونی نوێنەری هاوبیرانی دهۆک و هەولێرو کەرکوک و سنەو سلێمانی و خانەقین و تاراوگە، بریاری کاراکردنەوەی چالاکییەکانمان لەم کۆمەڵەیەداداو ئەمڕۆش 2013/11/21 کارەکەمان ئاشکرا ئەکەین و مژدەی هەڵهاتنی خۆری ئەم کۆمەڵەیە بە سەرجەم نەتەوەکەمان ئەدەین و بانگی هەموو تاک و کۆمەڵێکی سەربەخۆیی خوازو هەموو پێنووسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئەکەین بۆ بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پیرۆز.

سەرکەوتووبێ خەباتی لەپساننەهاتوومان لەپێناوی ئازادی و یەکسانیی کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

KHK

60- هەڵۆ : راتان چیە بەرامبەر نامیلکەی (لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیک)ی د. عەبدولا ئاگرین- 2013 ؟

- ژیر : ئێمە لە ناوەڕاستی ئەم گفتو گۆیەدابووین، کاک عەبدولا سەردانێکی کردم . داوام لێکرد ناوی ئەو هاوبیرانەم بداتێ کە لە یادی ئەویشدا ماون . وتی بۆچیتە ؟ وتم پرۆژەی پەرتووکێکم بەدەستەوەیە لەسەر کاژیک لە شێوەی پرسیارو وەلامدا، پرسیارەکان لەلایەن هاوبیرمان مامۆستا هەڵۆ بەرزنجەییەوەیە. تۆزێک ماتبوو، وتی نایناسم ، ئنجا وتی ناو نادەم ! دوای دوو سێ هەفتەیەک سەردانێکیتری کردم و دیسان داوای ناوەکانم لێکردەوە، هەر نەیدامێ! وتی لەم بەینەدا کتێبێکم دەرئەچێ ناوەکانی تیایە. دوای ماوەیەک ( بە لێزیادکردن و

پوختەکردنەوە ) دیمانە تەلە فیزیۆنییەکەی لەگەڵ کەناڵی NRTدا کرد بەو نامیلکەیە کە پەلەپەل و شپرزەیەتیی پێوە دیارە بە بەڵگەی ئەوەی هەڵەی چاپی زۆرە، دووبارەکردنەوەی زۆری تێدایە، دژیەکیی تێدایە، زانیاریی ناڕاستی زۆری تێدایەو ...هتد.

من نامەوێ لێرەدا رووماڵی هەموو نامیلکەکەبکەم . زیاترلەو خاڵانە ئەدوێم کە پەیوەندیان بەمنەوەهەیە،یا هەڵەی زەقن. ئەویش بەپێی ئەو بنەما یاساییەی ئەڵێ ( السکوت فی معرض الحاجه الی البیان قبول ) واتا بێدەنگی لەئاستی پێویستیی پیشاندانی رادا قوبووڵکردنە. یا (الساکت عن الحق شیطان اخرس) واتا بێدەنگ لە ئاستی هەقدا شەیتانێکی لاڵە . هەروەها بۆ نەشێواندنی مێژوو. لێرەوە ئەڵێم :

هەرچەندە کەرتکردن و دووبەرەکینانەوە نەخۆشییەکی دێرینە لەناو نەتەوە دواکەوتوەکاندا بەگشتی و لەناو نەتەوەی ئێمەدا بەتایبەتی کە بە دەردە کورد ناوئەبرێ. بەداخەوە، چەندکەسێکی کەم لەناو کاژیکیشدا هەوڵی کودەتا، یا کەرتبوونی کاژیکیانداوە!! ئەوەی چاوەڕوانم نەئەکرد،یەکێک لەوانە،کاک د. عەبدوڵا ئاگرینبێ! ئەویش لەزاری خۆیەوە وەک لە ئیمەیڵێکدا بە بەرواری 12/نۆڤەمبەر/ 2013 بەناوی سەباح شێخانییەوە بۆیناردم و تیایا لەبارەی بەیانەکەی شێرکۆی هەژارو پێنج برادەرەکەیەوە ئەڵێ : (ئەو جموجۆڵو چالاکییەی لەلایەن چەند گەنجێکی خوێنگەرم بە ناوی هاوبیری و کاژیکییەوە سەرکردایەتیی کاژیکیان پێدروستکرد چاوەروانەکراوبوو چونکە بیرۆکەو مەبەست و ئامانجی ئەو جموجۆڵ و چالاکییە بیروڕاو بۆچوون و پێشنیاری خودی خۆمبوو بۆ یەکەمجار بەر لە ساڵی 1972 لای کاک شێرکۆ هەژار درکانم و تاووتوێمانکرد(ئەو) زۆر بەحەماسەت و شەوق و تینێکی ئاگراوییەوە پشتگیریی سەرجەم راوبۆچوونەکانی کردم ولەو رووەوە هەردوکمان جووڵەیەکی بزێوانەشمان بۆکرد!!!.. ئاکام وەک خۆمان ئەمانویست کورتی هێنا ) ئەمەی لەلاپەڕە 69 ی نامیلکەکەشیدا دووبارەکردۆتەوە. واتا ئەو(عەبدوڵا ) یەکەم کەسێکبوە لەناو کاژیکدا هەوڵی کودەتاو کەرتکردنی داوە! بەڵام هەوڵەکەی کورتیهێناوە! دواى

ئەو کورتهێنانە، شێرکۆی هەژار لە سەرەتای 1975دا،درێژەی بە بیرۆکەکەی کاک عەبدوڵا داوە، ئەمجارە لەگەڵ ئازاد مستەفادا، کەوتوونەتەوە هەمان جووڵەو چوار کەسیتریان لەخۆیان کۆکردەوە بەبێ ئەوەی ئەو شەش کەسە پلەیەک یا سەنگێکیان لەناو کاژیکدا هەبووبێ، یا کەسانێکی ناو کاژیکیان شوێنکەوتبێ لە کۆی ئەو ناوانەی لە وەڵامی پرسیاری ژمارە 6 دا ئاماژەم بۆ کردن یا لەکۆی ئەو سەدان هاوبیرانەی لە هێزەکانی شۆڕشدا ئەجەنگان. تەنانەت ناوی ئەندامەکانی سەرکردایەتی کاژیکیشیان بە تەواوی نەئەزانی! چوون بە بەرواری 1975/1/25 بەیانێکی بێسەروبەریان ، بە یارمەتیی قیادە مەرکەزیی حیزبی شیوعی، لە دژی سەرکردایەتیی کاژیک دەرکرد! بە پلەی یەکەم دژی کاک عەبدوڵا. ئێمەش ، سەرکردایەتیی کاژیک، وەک گیزەی مێشوولەیەک ، روانیمانە ئەو بەیانە. تەنانەت بایەخی ئەوەی نەبوو وەڵامیشی بدەینەوە . هەر دوای ئەو بەیانەش، چوار کەسەکە، لە شێرکۆو ئازاد کشانەوەو هەر یەک بەلایەکدا بۆی دەرچوو! هەوڵەکەش وەک بڵقی سەر ئاو، لەخۆیەوە نەما. شیاوی وتنە،ئەو دوانەش ،شێرکۆو ئازاد، چوار ساڵێک پەروەردەو هەڵسووڕاوی ناو جەلالیەکانبوون 1966 تا 1970 !!! واتا لەگەرمەی جاشێتی شەستوشەشدا! دواییش باڵادەستەکان مووچەی خانەنشینییان بە پلەی وەزیر بۆ وەرەسەی ئازاد مستەفا بڕیەوەو شێخ محەمەدی هەرسین و نوری حەمە عەلی و تۆفیقی نوری بەگیشیان تیرۆرکرد !! هەر لەو ئیمەیڵەی کاک عەبدوڵادا(دواییش لە چەند جێگەیناميلکەکەيدا ) هاتوە کە گوایە رۆژی 1972/5/25 یەکەم کۆنگرەی کاژیک لە ماڵی کامیل ژیر لە سلێمانی لە لایەن 7 کەسەوە بەستراوەو ئەو 7 کەسە بە قسەیەکی کامیل ژیر کراونەتە سەرکردایەتیی نوێی کاژیک کە یەکێکیان ئەو (عەبدوڵا) بووەو هەر لەو رۆژو دانیشتنەدا بریاری ئەوە دراوە کە کامیل ژیر بچێ بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئەو شتە زیادانەی خراونەتە سەر چاپی 1968ی کاژیکنامە لابىرێن .. کە لە راستیدا ئەوانە هیچیان نەبوەو راستنین بەم بەڵگانە :

1- ئەو دانیشتنە کە ئەو ناوی کۆنگرەی لێناوە، نە لە لەماڵی ئێمەو نە لە هیچ شوێنێک نەکراوە. کۆنگرەش بە 7 کەس نابەسترێ. هەموو کەس ئەوە نەزانن من وەک یاساناسێک ئەوە ئەزانم کە ئەبێ بەلایەنی کەمەوە 51% ی ئەندامان خۆیان یا نوێنەریان لە کۆنگرەدا ئامادەبن . لە لاپەڕە 78دا خۆی ئەڵێ(ئێمە رێکخستنی بەهێزو فراوانمان هەبوو!!)پێشتریش ئێمە ئاماژەمان بۆ ناوی بەشێک لە هاوبیرانمانکرد لە وەڵامی پرسیاری 6 دا کە ژمارەیان زیاتر لە 300 کەسبوو، ئیتر چۆن کۆنگرە بە 7 کەس ئەبەسترێ!؟

2- بە قسەیەکی من، سەرکردایەتییەک ناگۆڕدرێ.

3- من ساڵی 1970 بەبریاری سەرکردایەتی کاژیک چووم بۆ ئەڵمانیا بۆ لابردنی زیادەکانی چاپی 1968ی کاژیکنامە(نەک بەبریاری ئەو سەرکردایەتییە خەیاڵییەی کاک عەبدوڵا) . بۆ دڵنیابوون ، گەڕامەوە بۆ سەیری ئەو پەساپۆرتەی پێی رۆیشتم کە بەم جۆرەیە :

ژمارەی پەساپۆرتەکەم ب/ 034668 بە بەرواری 1970/9/16

رۆژی دەرچوونم لە فرۆکەخانەی بەغداد بۆ بەرلین 1970/9/25

رۆژی گەڕانەوەم لە بەرلینەوە بۆ بەغداد 1970/10/9

4- لە ئەنجامی ئەو چوونەی مندا ، ساڵی 1971 لقی ئەوروپای کاژیک ، کاژیکنامەیان بە عەرەبی چاپکرد بەبێ زیادەکان، واتا زیادەکان لابران. ئەوەتا کاک عەبدوڵا خۆیشی لە لاپەڕە 39ی نامیلکەکەیدا وێنەی بەرگی ئەو چاپی عەرەبییەی بڵاوکردۆتەوە کە نوسراوە 2583 ک 1971م و لەو چاپەدا زیادەکان لابراون، ئیتر چۆن لە 1972دا یەکێک ئەنێردرێ بۆ لابردنی ئەو زیادانە!؟

5- من لەدوای 1970 وە تا 1982 سەفەری دەرەوەی وڵاتم نەکردوە.

6- لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا 2013/12/1 د. جەمال نەبەز جەختی لەسەرئەوە کردەوە کە ئەو سەفەرەی من 1970 بوە نەک 1972.

دیارە کە ئەو کۆنگرەیە نەبەسترابێ، هەموو ئەو قسەو بریارە وەهمیانەش کەگوایە لەو کۆنگرە وەهمیەدا دراون و نامیلکەکەی پێیپڕکردۆتەوە، راست نین (ما یبنی علی الباطل فهو باطل ایضا).

دەسخەتەکەی لاپەڕە 75 ،76 ، 77ی نامیلکەکەش کە گوایە ئەوە وەقایعی ئەو کۆنگرەیەیە، بە بەڵگە ناژمێردرێ چونکە بە خەتی خۆیەتی. لەگەڵ ئەم سەرنجانەدا : ا- مەرەکەبی ئەو دەسخەتە تازەیە! ب- ئەگەر ئەوە وەقایعی ئەو کۆنگرەیەیە، چ پێویست ئەکا لەسەرەوە بنووسرێ(دەسخەتی عەبدوڵا ئاگرین) !؟ کە ئەوەش بە هەمان قەڵەم و مەرەکەب نووسراوە!! ت- هەروەها چ پێویست ئەکا لە کۆتاییدا بنووسێ(تەنانەت ئەو شەوە سەعات 10 بوومەلەرزەبوو وە کاتی هاتنەدەرەوەمان نەبوو) ئەمەش بە هەمان قەڵەم و مەرەکەب نووسراوە! کە دیارە دەستەواژەی (تەنانەت ئەو شەوە) قسەی ئێستایە نەک ئەوسا. ئەگەر قسەی ئەوسا بوایە، ئەنووسرا( تەنانەت ئەمشەو) ج- نووسیویێتی(ئەم هاوبیرانە ئامادە بوون : محمد،حسین،جوتیار،هوشیار،سەردار) کە ئەکەنە پێنج کەس ،کەچی پێشتر ئەڵێ کۆنگرەکە حەوت کەسبوو !! خۆ ناشکرێ بڵێ ئەوە دەسخەتی ئێستامەو مەبەستم ئەوسایە !! چونکە ئەو بە خەتی سوور لەژێرەوە ناوی دیکۆمێنت(دۆکۆمێنت)ی لێناوەو لەسەرەتاشدا ئەڵێ(ئەمڕۆ ڕێکەوتی 972/5/25 . ئنجا ئەگەر ئەوە نووسینی ئێستەیبوایە، چ پێویستی ئەکرد بە دەسخەتبوایە !؟

خاڵێکیتر: لە لاپەڕە 118و 119دا ئەڵێ( کاک کامیلم بینی، عەرزیمکرد با دانیشتنێک یا کۆبوونەوەیەک بکەین ...لەسەر پێشنیاری من بڕیاردرا.. کۆنفرانسێک.. ببەستین. ئەو کۆنفرانسە لە مانگی دووی 1975لە ماڵی کاک هەردی لە نەغەدە سازکرا)

راستییەکەی ئەو کۆنفرانسە لە سەرەتای پایزی 1974دابوو. ئەویشی تیانەبوو . هاوبیران فەرهاد عەبدولحەمیدو نوری کەریم و محەمەد مەجید ئەسلانیش ئەڵێن ئەوی تیانەبوو. خۆیشی لەلاپەڕە 121ی نامیلکەکەیدا ئەڵێ(هاوبیرێکی بەشداربوو لە کۆنفرانسەکەدا لێیپرسیم ئەرێ کاک عەبدوڵا تۆ بۆچی بۆ کۆنفرانسەکەی نەغەدە نەهاتی و ئامادە نەبوویت ؟) دیارە هەموو ئەو قسانەش لە نامیلکەکەیدا کە گوایە لەو کۆنفرانسەدا کردوونی ، بوونیان نیەو راستنین. . لە چەند جێگەیەکیتری

ناميلكەكەيدا پەتی بۆ خەياڵ بەرەڵا كردوەو ناراستەوخۆ منی كردوە بەشايەت و گوايە ئەو وتوێتی با حەرەكەيەك بكەين يا فڵان شت بكەين و منيش هەر وتوومە باشە! وەک لە لاپەڕەكانی 53،52،51،50،71،70،67،67 بە كەيفی خۆی وشەی ريزكردوە! كە هەموو ئەوانە دوورن لە راستييەوە. . دياردەيەكی سەيريتر لەو ناميلكەيەدا: لەلاپەڕەكانی 15،10،9 ئەوە دووبارە ئەكاتەوە كە(ئەم نووسينە ويستی تاكەكەسی و حەزی خۆدەرخستن و پۆزلێدان هاندەری نييە..نياز خۆبادان و موزايەدەو ناوبانگ و شەڕی وەرگرتنی ميراتی كاژيک نييە) بەبێئەوەی جارێ كەس ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستە كردبێ !!

جگەلەوانە، ناميلكەكە ،ناڕاستی و هەڵەيتری زۆری تێدايە،باسياننناكەم. هەركەس ئازادە چۆن بيرەوەريی خۆی ئەنووسێتەوەو چۆن خۆی بەرز يا نزم ئەكاتەوە، بەمەرجێ راستی و مێژوو نەشێوێنێ

61– هەڵۆ : لە وەڵامەكانی پێشتردا، ئاماژەتان بۆ رێگاكانی سەربەخۆيی كرد لە سميناريێكدا وەک بابەتێكی پەيوەنديدار بەم گفتوگۆيەمانەوە، ئەشێ ئێستا لەو دەرگايەش بدەين؟

- ژير : بەڵێ جێی خۆيەتی. ئەمە دەقی سمينارەكەيە:

# رێگاكانی سەربەخۆيی

***سميناريک لەشاری كۆلن ـ ئەلمانيا***
***بۆبيرمەندی نەتەوەيی كاميل ژير بەڕێوەچوو***

---------------

ئامادەكاران : رەوەندی كورد لەكۆلن .
سەرپەرشتيار : نەبەز جەلال و گۆران عەلائەدين .

ئامادەبوان : بڕێک لە کوردانی دانیشتووی کۆلن و شارەکانی دەوروبەری و ژمارەیەک نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووس و سیاسەتکار،لەنیوانیاندا د.حسەین حەبەش و بیرمەندی کورد د.جەمال نەبەز لەبەرلینەوەو سەرۆکی کۆنگرەوەی نسشتمانی کوردستان د.جەواد مەلا لەبەریتانیاوەو ئەندازیار بروسکە ئیبراهیم و خاتو ئیرمگارد لە میونشنەوە .

---------------------------

کات و شوێن : 1.30تا 7.30رۆژی 2011/8/13لەهۆڵی
Altc
Feuenuache Koln
Melchior Str.3
Koln 50670



ئەم سمینارە،پیشتر بە ڤیدیۆخرایە بەر دیدی بینەران و ئیستەش بەنووسین، بە چەند بەشیک، پیشکەش خوێنەرانی خۆشەویستی ئەکەین .


بەشی یە کە م
بەریزان :
سەرەتای سمینارەکەمان تەرخانئەکەین بۆ بارودۆخی کوردستان ونەخشەریگای سەربەخۆیی . دواییش دێینە سەر پرسیارو وەلامەکان :

پێشەکی ئەڵێم : بارودۆخی هیچ نەتەوەیەک و هیچ ولاتیک ، وەک نەتەوەو ولاتانیتر نیە ،
دیارە رۆژگاریش دەوری خۆی هەیە ، واتا بارودوخی هەر رۆژێک جیاوازە لە هی رۆژانێکیکە .
لیرەوە دیمە سەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی و بارودۆخی باشووری کوردستان بەتایبەتی .
بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بە گشتی، لەرووی کردەوەو گوشارەکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ لەناوبردن و توانەوەی نەتەوەی کورد ،لەچاو چەند دەیەیەک لەمەوبەر، کەمترو بێئەنجامترە . ئەوەش ئەگەڕیتەوە بۆ هەندێ هۆکار لەوانە :



1-نەمانی یەکیک لە دوو جەمسەرەکەی جیهان کە بریتبوو لە بلۆکی سۆشیالستی .
2-پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و بوونی چەندین دامودەزگای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ چاودیریکردنی ئەو مافانە .
3-رزگاربون و بەدەسخستنی سەربەخۆیی 48 نەتەوە لەماوەی 36 سالی رابوردودا کە دواهەمینیان باشووری سۆدانبوو.
4-چاوکرانەوەو زیادبوونی هوشیاریی نەتەوەیی تا رادەیەک لەناو کوردا.
5- بوونی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان کە ئەشێ کاریگەریی ئەمەیان لەوانیتر زیاتربێ لەڕووەوە . بەتایبەتی لەماوەی 20 سالی تەمەنی ئەم قەوارەیدا نەوەیەکی نوێی گەنجی دوور لە گرێی

دەروونی و دوور لە ترسی داگیرکەران هاتۆتە بەرهەم کە بەکەمتر لەسەربەخۆیی رازینابێ.
ئەوە زۆر بەکورتی سەبارەت بەلایەنە ئەرینییەکانی هەموو کوردستان.
لایەنە نەرینییەکانیش ، هەمووومان ئەیزانین کەبریتییە لە بەردەوامیی داگیرکردنی کوردستان و شەڕی نابەرامبەری هەردوو رژیمی تورکیاو ئیران دژ بە گەریلاکانی پەکەکەو پژاک و بۆردومانکردنی چیاو گوندەکانی سنووری هەرێم و هەلمەتی لەسیدارەدانی تیکۆشەرانی رۆژهەلاتی کوردستان و نەبوونی هیچ مافیکی نەتەوەیی بۆکوردی رۆژئاوای کوردستان و ... هتد و تائیستاش
کورد لەبەر مەترسیی جینۆسایدیکیتردایە لە لایەن هەرکام لە داگیرکارانی کوردستانەوە،بەعیراقی عەرەبیشەوە ، چونکە کورد خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی نیە !



لەبارەی باشووری کوردستانەوە :

بارودۆخی ناوچە داگیرکراوەکان ، رۆژلەدوای رۆژ خراپتر ئەبێ . بەعەرەبکردن ، هەروەک سەردەمی رژیمەکانی پیشوی عیراق ،دریژەی هەیە . تیرۆرستان کە دەستی دوژمنانی کوردیان لەپشتە ، بەردەوامن لەسەر تەقینەوەو رفاندن و هەرەشەو ترساندنی کورد . عەرەبە هاوردەکان نەک نەنیردراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان،بەلکو لە زیادبووندان و بەپارەی زۆر خانوو و زەویی کوردەکانیش ئەکڕن. .فەرمانگەو دەزگا حوکمەتییەکان لەکەرکوک ، بەتایبەتی کومپانیای نەوت ، زیاتر پڕئەکرێن لە کارمەندی عەرەب . تابێ هیزی چەکداری

عەرەب زیاتر لەو ناوچانە جێگیرئەکرێ .ئەوەشی پێیئەوترێ مادەی 140کە هەر لەسەرەتاوە قوماریکبوە بە کەرکوکەوە ، ئەو مادەیە لەهەموو بارێکدا ، لەگەمەیەک و گاڵتەپێکردنیک زیاتر چییترنیە ، بەلکو لەبارێکدا ئەگەر ئەو مادەیە بشچێتە بواری جیبەجیکردنەوە ، کاتیک جیبەجیئەکرێ کە زورینەی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان بکرینە عەرەب و دەنگ بۆ عیراقیبوونی ئەو ناوچانە بدەن . ئەوسا بەکوردستانیکردنەوەی ئەو ناوچانە ، سەد سالیتر دوائەکەوێ ئەگەر تاهەتاشنەبێ!



بەرامبەر ئەو بارە ناهەموارەی ئەو ناوچە داگیرکراوانە ،دەسەلاتی کوردی هەلوێستیکی کاریگەری ئەوتۆینیە کە ببیتە هۆی گەشبینییەک بۆ ئایندەی روناکی ئەو ناوچانە .

وەنەبێ هیچ ریگەچارەیەکیش نەبێ یا نەبووبێ بۆ ئەو کیشەیە. سالی 2007 ریگەچارەیەکی یاساییانەمان خستە بەر دیدی دەسەلاتی هەریمی کوردستان و ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوک و ناوچەکانیترو سالی2008 یش جەختمان لەسەرکردەوە بەمجۆرە :

ئاسۆی سەربەخۆیی کوردستان رۆشنەو
مەیەڵن ئەو مەشەخەڵە بکوژێتەوە

وەک ئەو باخەوانەی بە سەوزبوونی تۆوێکی چاندراوی، شادمانئەبێ، بەوجۆرە، بەبریارەکەی رۆژی 2008/3/17ی ئەنجومەنی شاری کەرکوک، شادمانبووم. چونکە منیش تۆوی ئەو بریارەم، رۆژی 18 /8 /2007 لە لاپەرە (6)ی رۆژنامەی بەرێزی هەواڵدا چاندو وتم: بەرۆکی بەغداد بەردەن. چارەسەری کێشەی کەرکووک و ناوچەکانیتر، لە نیوان زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە خۆیان و ئەنجومەنە هەلبژێردراوەکانیان و پەرلەما و دەسەلاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام ئەدرێ، نەک لە بەغداد.

بەغداد، پایتەختی ئەو وڵاتەیە کە بە هاوکاری ئنگلیز سالی 1925 بێ پرسکردن بەکورد، ولایەتی مووسلی کوردیی لکاند بەخۆیەوە لە پێناوی نەوتەکەی کەرکووکدا. بەغداد، ئێستاش هەر پایتەختی ئەو وڵاتەیە کە پاشا خوازراوەکەی لە حیجازەوە (فەیسەڵی یەکەم)و کاربەدەستانی ئەو رۆژەی عیراق ئەیانوت:( ولایەتی مووسل وەک سەر وایە بۆ عیراق!) ئیستاو هەموو کاتێکیکەش، شیعەو سوننەی ناکۆک، هاوراو کۆکن لەسەر لاریبوون لە مافی



چارەنووسی ئەو ناوچانە بەتایبەتیو نەتەوەی کورد بەگشتی. ئەمانیش کەرکووک و باشووری کوردستان هەر بەسەری عیراقەکەیان ئەزانن! کەسیش بەویست و خواستی خۆی رێگەنادا سەری لەلەشی جیابکرێتەوە.

کەرکووک و باشووری کوردستان، بەراپرسی و بریاری نەتەوەی کورد، نەلکێنران بە عیراقەوە. بۆیە گێرانەوەی ئەو ناوچانە بۆ قەوارەکەی باشووری کوردستان، پێویست بە پرسوڕاو بریاری بەغداد ناکا
. بەغداد هەرگیز ناچێتە ژێر داری شکستەی مادەی سەدوچل هەتا ئەوە دابیننەکا کە ئەنجامی راپرسییەکە بەلای ئەودا ئەشکێتەوە. ئنجا ئەشێ لەم بارودۆخەدا ، ئەوەیان بۆنەکرێ، بۆیە هەوڵی دواخستنی ئەدەن بەبەڵگەی ئەوەی تا ئەمرۆ هیچ هەنگاوێکی کردەییان نەناوە بۆ جێبەجێکردنی بەندو برگەکانی مادەی (58) ی یاسای بەریوەبردنی دەولەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.تا ئیستا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ گێرانەوەی قەزا دابراوەکان بۆ کەرکوک، بۆ ناردنەوەی هاوردەکان،بۆ گێرانەوەی دەرکراوەکان و دابینکردنی سەرچاوەی ژیان بۆیان، بۆ راستکردنەوی ناسنامەکانیان،بۆ هیچ جۆرێک لە ئاساییکردنەوەو سەرژمێری. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە بەغداد خۆیناوەتەوە بۆ هەلێک کە لە قوماری راپرسییەکەی مادەی سەدوچلدا براوەبێ! رێگەی دواخستنی مەدەن تەنانەت ئەگەر لەسەر داوای رێکخراوی نەتەوەیەگرتوەکانیشبێ.



راپرسی، یا راستتر، گشتپرسی، هەرچەندە قومارکردنە بەو ناوچانەوەو لە هەموو بارێکدا ترسی دۆراندنی هەیەو کەسی دانا گشتپرسی لەسەر ماڵ وموڵکی خۆی ناکات و نایداتە دەست قەدەر و قومار، لەگەڵ ئەوەشدا، وا ڕیش بوە بە ڕیشەوەو

ئەگەر ئەو قومارە هەر ناچاریبێ! ئەوا بەر لە بووژانەوەی نەیاران و بەر لە ئەنفالێکیکە، ئەو گشتپرسیە رۆژێ زووتر بکرێ باشترە.بەمجۆرە:



با ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کە لە لایەن خەڵکی کەرکووک خۆیەوە هەڵبژێردراوەو رەوایەتی یاسایی و دەستووریی هەیە، بریاری ئەو گشتپرسییە بدات کە بابەتی مادەی (140 )ە و رۆژێکی بۆ دیاریکات و هەر خۆی سەپەرشتی گشتپرسییەکە بکات، بەمەرجێ، جگە لە خەڵکی رەسەنی شاری کەرکووک و قەزاکانی، بە قەزا دابراوەکانی وەک چەمچەماڵ و دووزو کفریشەوە، ریگە بەبەشداربوونی کەسیتر نەدات. هەر دوای گشتپرسیەکەش بەوجۆرە ، کە بەباوەری من ئەنجامەکەی ئەرێتی ئەبێ، پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی گشتپرسییەکە پیرۆزکاو بەبریاریک ئەو ناوچانەو دامودەزگانیان بلکێنێتەوە بە قەوارەکەی باشووری کوردستانەوە. هەربەو جۆرە، ناوچە کوردییەکانیکەش. ئەوەش چارەسەرێکی یاساییانەی گونجاوە لەگەڵ دەستووری عیراقدا .. بابزانین چۆن؟

برگەی یەکەمی مادەی (140 ) ئەڵێ: (دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوە پێویستەکان ئەنێ بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی مادەی 58). دەستەواژەی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) بە رەهایی(موتلەق) هاتووە. رەهاش بە رەهایی ئەروا ( والمطلق یجری علی اطلاقه) ئنجا لەبەر ئەوەی مادەکە نەیوتوە دسەڵاتی جێبەجێکردنی کوێ؟ هی بەغداد؟ هی کەرکووک؟ هی کوردستان؟ هەروەها لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی

جێبەجێکردنی بەغداد لەوادەی خۆیدا هیچی نەکردوە، کەواتە دوو دەسەڵاتەکەی جێبەجێکردنی کەرکووک وهەریمی کوردستان، بۆیانهەیە ئەو مادەیە جێبەجێبکەن ،چونکە بەپێی بنەمایەکی گشتیی یاسایی، نابێ دادپەروەری (عدالە) بوەستێ. لەبرگەی دوەمی هەمان مادەشدا، ئاماژە بۆ (دەسەلاتی جێبەجێکردنی هەلبژێردراو) ئەکا. ئاشکرایە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و حکومەتی کوردستانیش، دوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەلبژێردراون. جگە لەوە، مادەکە، رۆژی 2007/12/31 ی دیاریکردووە، وەک دوورترین ماوە ، بۆ جیبەجیکردنی مادەی 140 و بۆ ئەو گشتپرسییە، بەمەش هیچ بیانوویەک بۆ دواخستنیان نامینێ و دەسەڵاتەکەی بەغداد خۆی بەرپرسیارە لەو دواخستنەو لەو سەرپێچیی یاسایی و دەستووریە. ئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەنجامیش، لەم خاڵانەدا ئەبینرێن:



1- ئەگەر بەغداد سەرچاوەی دارایی لەو ناوچانە بڕی، ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەوەش کاری نەکردە نیەو نابێ بکرێتە گرفتێک. ئەوە یەکێکە لە پیرۆزترین ئەرکە نەتەوەییەکانمان و لەو پێناوەدا، ئەهێنێ، هەموو تاک و کۆیەکی ئێمە، تووشی برێک تەنگژەی ئابووری ببین. ئەلمانیای رۆژئاوا، زۆری زیانکرد لە یەکگرتنەوەیدا لەگەڵ ئەلمانیای رۆژهەلات.. جەزائیر لەگەڵ فەرەنسادا تێروتەسەلترو شارستانیانەتر ئەژیا. ئەوانە هیچیان نەبوونە گرفتێک لە ئاستی بەرژەوەندیی گشتی نەتەوەدا. ئەو دنیایەش هەر



بریتینییە لەلایەنی ئابووری. تەنگژە ئابووریەکەش کاتی ئەبێ. ئابلووقەی ئابووریش، چەندجار سەپێنراوە بەسەرماندا و سەرکەوتنی بەدەسنەهێناوە. جگەلەوانە، بەگیڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەریمی کوردستان ، هەریم دەولەمەندترئەبێ نەک بەپیچەوانەوە .ئەوسا دەسەلاتی عیراق چاوی لە دەسەلاتی کوردستانەوە ئەبێ لایەکی لیبکاتەوە، نەک بەپیچەوانەوە . گومانی تێدانیە کە جگە لەکورد خۆی ، هیچ رەگەزێکی دیکەی ناو عیراق بەو ئەنجامە رازی نابێ. کاردانەوەکەشیان، یا تەنیا هەیت و هاوارو هەڵا ئەبێ، کە ئەوە هیچ بایەخێکی نابێ. یا ئەیکەن بەشەرو هەوڵئەدەن بەزۆر ئەو ناوچانە داگیربکەنەوە، کە لەئەمرۆدا ئەوەیان بۆ ناکرێ. بیشیکەن، سەرکەوتونابن. دووریش نیە لەناچاریدا رازی ببن، یا ئەگەر خاوەنی هۆش و ویژدانبن، یا خۆیان واتەنی (مالایدرک کلە، لایترک کلە) کورد واتەنیش (زەرەر لەنیوەی بگەرێتەوە) واتا بۆئەوەی جیابوونەوەی تەواو روونەداو لەداهاتی نەوتەکە بیبەش نەبن .. ئنجا ئەمێنێتەوە سەر کاردانەوەی وڵاتانی دەوروبەر؟ کە من وایئەبینم ناکۆکی و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان، رێگەیاننادا هیچ لایەکیان پێی شەڕ بخاتە ناو خاکمان. هەر هاتیشن،شەڕەویەخەمان ئەگرێ، ئەگەر نەیکەین خوا ئەمانگرێ. ئەگەر هیچ پشتیوانێکیشمان نەبوو، خۆ شاخەکانی کوردستان ماون. ئەمەش یەکەم شەڕێک نابێ لە میژووی نەتەوەکەماندا: ئێمە لەمێژە راهاتووی ئەو جۆرە شەڕانەین. گەلێ جار لەسەر هیچ، با ئەمجارەیان لەسەر ئەو ئامانجەو یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی نەتەوەکەمانبێ.

هەرچەندە ئەگەری شەرێکی لەوجۆرە دوورە. ئەو شەڕە کێ ئەیکات؟؟ ئێران و سووریا لەبەرنامەیاندا نیەو ناشبێ پێی شەڕ بخەنە خاکمان. ئەو دوانە خۆیان لەمەترسیی کەوتن و دابەشکردندان. تورکیاش ئەگەر بۆیبکرایە، هەر لەرۆژی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی کوردستانەوە، ئەو شەڕەی لەگەڵدا ئەکردین. ناوچەی دەسەڵاتی ئەو حکومەتە کوردییە تا کەوتنی رژێمی بەغداد لە 2003دا، وەک دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بوو. تورکیا نەک نەیتوانی هێرشی بکاتەسەر، بەڵکو بەگەلێ شێوەو شێواز، دانیشی پێداناو مامەلەی لەگەڵکرد. ئابووریەکەی تورکیاش، لەلایەک بەرگەی شەڕێکی لەوجۆرە ناگرێ. لەلایەکیترەوە پێویستیی بەبازرگانیکردنە لەگەڵ باشوورێکی کوردستانی ئارامدا. تورکیا بەدەس پەکەکەوە داماوە، ئەی ئەگەر حەوت ملیونیکەشی چووەسەر؟! ئنجا سەری دنیاش بە پووش نەگیراوە. هەر هیچنەبێ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواو بۆنی خۆشی گازو دەریایەک نەوت و دەریایەک ئاوی سازگار لەژێر خاکی کوردستاندا، رێگری شەڕێکی لەو جۆرە ئەبێ. ئەوە سەرباری ئەوەی رۆژئاوا هەرگیز رێگەنادا تورکیا دەسبگرێ بەسەر سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی باشووری کوردستانداو پێی دەوڵەمەند ببێ و ئیمپراتۆریەتێکی عوسمانیکەی پێدروستبکاتەوە. تورکیا، نەئەو خەوەی دێتەدی و نەرۆژێ لە رۆژان ئەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.ئەوەشمان بیرنەچێ تورکیا ئەودەولەتە بەهیزەنیە ، تورکیا لەئاستی ناوخۆیدا ئابووریەکی لاوازی هەیەو بەرگەی شەریکی لەوجۆرە ناگرێ ، لەئاستی دەرەوەیشدا، هیچ دەولەتیکی ئەوەندە دۆستینیە کە پشتگیرییەکی کاریگەریبکا . لەهەموو باریکدا، ئەمرۆ وەک سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی وسەردەمی عوسمانیو سەفەویو سەردەمی داگیرکاریی مەغۆلەکاننیە تا ولاتیک ولاتیکیکە داگیرکا. کۆمەلگەی نیودەولەتی بەهیچجۆرێ ریگەی ئەوە نادات . تەنانەت زلهیزیکی وەک ئەمریکاو بەریتانیاش کە عیراقیان داگیرکردوە ، تەنیا رژیمەکەی بەعسیان گۆریوە بە رژیمیکیترو ئەوەتا ئەشلێن لە کۆتایی 2011دا ئەکشێینەوە .واتا سەروەریی عیراق وەک خۆی ئەمینیتەوە .بەکورتی

هیچکام لە ئیران و تورکیاو سوریا، نە ریگەیانئەدرێ باشووری کوردسان داگیرکەن، نە هەڵەیەکی لەو جۆرەشئەکەن .وەک بەلگەیەکیش ئاماژەیەک بۆ حکومەتەکەی کوردستان لە مهاباد ئەکەین کە عیراق و تورکیاو سوریا هیچ کردەوەیەکی سەربازیان لەدژ نەکرد . بەهەمانشیوە لەدژی حکومەتەکەی شیخ مەحمودیش .. تەنیا ئەگەریک ئەوەیە کە حکومەتی عیراق بەبیانووی ئەوەی باشووری کوردستان بەملکی خۆیئەزانێ ، بکەویتە خۆی بۆشەڕێک ، ئەوا بەم حاڵەی ئیستەیەوە ئەو شەرەی پیناکرێ .بیشیکا دۆڕاوئەبێ . بۆیە بەخۆرایی نیە لەمرۆژانەدا پسپووری دەستووری ئەمریکی و پسپووری یاسای نێودەولەتی، ئەنتۆنیۆ داماتۆ، ئەڵێ: ئێستا باشترین کاتە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، وەک لە ژمارە (278)ی 2008/8/7ی رۆژنامەی رۆژنامەی بەرێزدا بڵاوکراوەتەوەو ئەو پرۆفیسۆرەش لە وێبسایتی (juriest) بڵاوی کردۆتەوەو زۆریش راستئەکات کە ئەڵێ: (ئەگەر کورد سەربەخۆیی رانەگەیەنێت، ئوتونومییەکەی دەکەوێتەوە مەترسییەوە)

راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانیش، بەبێ کەرکوک، پشتگیرییەکی نێودەولەتی زۆری لێناکرێ. دەوڵەتان لەراهی خوادا پشتگیری لەکورد ناکەن. بەڵکو نەوتەکەی بابەگوڕگورو تیکراِ نەوتی کوردستان، گوڕی ئەو پشتگیریەیان ئەداتێ. پێچەوانەی ئەمەش، واتا ئەگەر کەرکوک هەر بەشێک بێ لە عیراقی عەرەبی و داهاتی نەوتەکەی بۆ عیراقبێ، ئەوا هەموو کات بەپارەی ئەو داهاتی نەوتە، کوردستان لەژێر مەترسیی گورزی کوشندەی بەغدادا ئەبێ وەک هەشتا ساڵی رابوردوو. یاوەک برای هاوبیرمان د. جەمال نەبەز ئەڵێ: (ئەمریکا دەیەوێ مەشق بە لەشکری عیراق بکات و بایی دەملیار دۆلار چەک بەم لەشکرە بفرۆشێ، ئەوجا باییای لەعیراق بکات*) جا ئەگەر بەر لە پڕچەککردنی عیراق و بەهێزبوونەوەی ، کەرکوک خرایەوە سەر کوردستان، ئەوسا ئەمریکا، چەک بە کوردستانی دەوڵەمەند ئەفرۆشێ نەک بە عیراقی لات و بەقەرزی بێنەو نیە! . کەواتە مەیەڵن مەشخەڵی بریارەکەی ئەنجومەنی کەرکوک بکوژێتەوە. هەرچی زووتریشە پەرلەمانی کوردستان لای

خۆیەوە، باوەش بۆ ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی شاری کەرکوک بکاتەوەو پەسەندی بکات و بەر لەکۆتایی ئەمساڵ گشتپرسییەکە بکرێت بەو جۆرەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە. هاوکات مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانیش دیاری بکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە هەوڵی بەشداریی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات و پابەندیی خۆی ئاشکرا بکات بە بەشی چوارەمی دستوری نەتەوە یەکگرتووکانەوە** و جاڕی دنیایی (عەلمانیەت )و ڕێز لەمافی مرۆ ڤ و دژی رەگەز پەرستی بدات. بەر لەهەموو ئەمانەش، نەهێشتنی گەندەڵییە ئاشکراو ئابڕووبەرەکەو دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتووی پڕچەک و پڕمەشق و یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکە بەتەواوی.

ئەم پڕۆژەیە ئەگەر لەو دوو سالەدا بخرایەتە کار ، ئەگەری سەرکەوتنی زیاتربوو لە سەرنەکەوتنی . چونکە دەسەلاتی پایتەختی عیراق بەو لاوازی و ئاژاوەو دژیەکی و ناکۆکییەی نێوان پێکهاتەکانیەوە ، تونای شەرکردنی لەگەل کوردا نەبوو . رژیمەکانی تورکیاو ئیران و سوریاش بەهۆی بوونی ئەمریکاوە لە عیراق ، نەیانئەتوانی تەنانەت ئابلۆوقەش بخەنە سەر باشووری کوردستان . ئەمریکا خۆیشی هەمیشە مامەڵە لەگەڵ باری سەپاو( ئەمری واقیع )دا ئەکات و بێدەنگی لێئەکرد . بەلکو ئەشبوو بە لایەنگرمان ، وەک چۆن سەرەتا دژی دابەشکردنی یۆگۆسلافیاو سەربەخۆیی باشووری سۆدانبوو و دوایی لەگەڵ هەڵکەوتە رووداوەکەدا خۆیگونجان و بوو بە لایەنگریان ، ئیستاش ئەو هەلە هەر ماوە، بەلام کاریکیوا لە دەسەلاتی هەریم ناوەشیتەوە . دەسەلاتی کەرکوکیش چەپی لە دەسەلاتی هەریم نەگەراوەتەوە لەکاتیکدا پاریزگارو ئەنجومەنی پاریزگاو پۆلیس و ئاسایش بەدەس کوردەوەیە !کە ئەگەر لەمکاتەدا کاریکی وا نەکا، ئەم هەلە لەدەسئەچێ .

*: بروانە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (278) رۆژی 782008 ل 3

**: بەشی چوارەمی دەستووری نەتەوە یەکگرتوەکان، بریتییە لە بەندەکانی 9 تا 22 کە باس لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نێو

دەوڵەتی و گەشەدان بەهاوکاریی لەمیانەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فریاکەوتن و مافی مرۆڤ و ئازادی خەڵک بەبێ جیاوازیی رەگەزو زمان و ئاین و ژن و پیاوو باس لە سیستمی (ویسایە)ی نێودەوڵەتی و ئابوونەی ئەندامان و جۆری دەنگدان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان و ...هتد ئەکات.

بەشی دوەم

ئیستا دیمە سەر بارودۆخی هەریمی کوردستان :

-------------------------------

- لایەنە ئەرینییەکانی هەریم : لەرووی بژیوی و ئاوەدانیی سێ پاریزگاکەوە ، وەک :

زیادکردنی موچەو نۆژەنکردنەوەی ریگەوبان ، دروستکردنی پرد ، دروستکردنی تەلاری بەرزو سوپەرمارکیتی زۆر ..پیشکەوتنیکی بەرچاو ئەبینرێ ،

- لایەنە نەرینییەکان :

بەچاوپۆشین لە رەفتارە ناجۆرەکانی دوو پارتە دەسەلاتدارەکەی هەریم ،وەک شەڕی ناوخۆو دووپارچەکردنی حکومەتی هەریم و فایلە گیراوەکانیان و پاشکۆیەتیان بۆ هەندێ لایەن و تەزویرەکانیان وخواردنی مالی میللەت و کۆنتراکتە نەوتییە نایاساییەکانیان وکۆمپانیە گەورە گەورە زۆرەکانیان و دەسگرتنیان بەسەر هەموو سەرچاوەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردندا، بەجۆریک کە هەموو بازاریان بۆخۆیان قۆرغکردوە و مالی میللەت و میزانیەی حکومەت دائەدۆشن بۆخۆیان و ئەو هەموو میدیایەی لەسەر حسابی میللەت بەکاریئەهینن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دەسگرتنیان بەسەر دەزگاکانی پیشمەرگەو ئاسایش و پاراستن و زانیاری ودژەتیرۆرو پۆلیسدا ، سەرباری هەلویستە پۆلیسانەکانیان بەرامبەر داواکارییە رەوواکانی میللەت لە 17شوبات و رۆژانی دواترداو...هتد کە لای هەموان ئاشکران ، تائیستاش دوو

ئیدارەکەی هەریم بەراستی یەکیان نەگرتۆتەوە ، داهاتی کوردستان لە نیوان ئەو دوو ئیدارەیەدا بەریژەی 52% بۆ دەسەلاتەکەی هەولیرو 48% بۆ دەسەلاتەکەی سلیمانی دابەشئەکرێ ، نووسراوە رەسمیەکان بۆ وەزارەتەکان بەمجۆرە ئەنوسرین : بۆ وەزارەتی دارایی / س ، واتا سلیمانی . بۆ وەزارەتی دارایی / ە واتا هەولیر . بەوجۆرە بۆ هەموو وەزارەتەکانیتر . بەو حالەشەوە هیشتا پیشمەرگەو ئاسایش یەکنەخراونەتەوە. تەزویر لەهەلبژاردنەکاندا بۆتە باو . تیرۆری بەرهەلستکاران جەوامیرییە ! گەندەڵی بەجۆریکە کە خەریکە وایلیبێ ببیتە ئاسایی ! بەلکو بەلای خۆیانەوە وایلیهاتوە عەیبە کەسیک گەندەڵنەبێ یا ئەو کەسە بە بێئەقل ئەزانن . زیادەرۆیی ناکەم ئەگەر بڵیم نەخشە بۆ گەندەلی دائەریژرێ ، بۆ نموونە دەزگایەکی وەک دیوانی چاودیری درایی، بەنەخشە ئفلیج ئەکرێ

. بابزانین چۆن؟ یاسای ئەو دیوانە بەجۆریک دانراوە کە دەسەلاتی ئەوەی نیە بە هەموو داهات و خەرجییەکانی هەریم (المیزانیە العامە والحسابات الختامیە)دا بچیتەوە ، بۆی نیە وردبینی لە داهات و خەرجییەکانی سەرۆکایەتی هەریمدا بکات ، بۆی نیە وردبینی لەداهات و خەرجیی پارتەکاندا بکات کە مانگی نزیکەی 100ملیۆن دۆلار بۆخۆیان لائەدەن کە لەهیچ ولاتیکی یاسارەوەردا روونەداوە حیزب بەوجۆرە مالی میلەت بخوات ! کەچی ئەبێ دیوانی چاودیری وردبینی لە داهات و خەرجیی دەزگای وادا بکات کە داهات و خەرجیەکەی ناگاتە هەزار دۆلار ! جگەلەوانە راپۆرتەکانی دیوانی چاودیری کە ئەنیردرێن بۆ پەرلەمان و وەزارەتەکان ، ئەخرینە سەر رەفەو خۆڵیان لەسەر ئەنیشێ! لەمانەش سەیرتر، پیش چەند مانگیک، گوایە هەردو دیوانی چاودیری هەولیرو سلیمانی کران بەیەک ، بەلام سەرۆکێکی تازەیان بۆدانا کە کوردی نازانێ !! راستتر بۆئەوەی راپۆرتەکانی دیوان لە بێشکەدا بخنکێنریت !! هەروەک نموونەیەکیکەو مشتێ لە خەرواری : کاتێ بەرپرسیکی حیزبی

بە گەندەلیەکەوە ئەگیرێ ، ئەو گەندەڵە ئەگەر ترۆ بکرێ لەو کارەی ، کاریکی گەورەتری پێئەدرێ !
بەریزان: ئیمە کە ئەوەندە پێ لەسەر نەهیشتنی گەندەلی دائەگرین ، ئەوە لە پەرۆشیمانەوەیە بۆ پاراستنی ئەو قەوارە سیاسیەی هەریمی کوردستان .
ئیمە ئەیزانین کە ئەگەر دەولەتیکی سەربەخۆ، تا رادەیەک بەرگەی گەندەلی بگرێ ، نیمچە قەوارەیەکی وەک ئەوەی هەریم بەرگەی ناگرێ . بەتایبەتی هەریم تائیستا نەیتوانیوە ببیتە خاوەنی سوپایەکی خاوەن چەکی بەرگریی ئەوتۆ کە ئەگەر لە هەر لایەکەوە هیرشی کرایە سەر ، بتوانێ چەند مانگیک بەرگە بکرێ . ئەوەتا رۆژانە ئەدرێینە بەر تۆپەکانی تورکیاو ئیران و دەسەلاتی هەریم دەستەوستانە لەئاستیاندا ! هەر بەوجۆەش دەستەوستان ئەبێ لەئاستی هیرشیکدا کە لە بەغداوە بکریتە سەری ئەگەر هەریم هەروەک ئیستای بمینیتەوەو عیراقیش بەهێزببێتەوە . ئەو ئەگەرەش چاوەروانکراوە ، بەتایبەتی کاتێ دەسەلاتی بەغداد گۆشتەکەی جارانی ئەگریتەوە ، ئەوساش کرۆزانەوەو هاوار بۆ کۆمەلگەی نێودەولەتی، سوودی نابێ . چونکە ئەڵێن ئەوە کیشەیەکی ناوخۆییە ! بەلکو پیمان ئەڵێن :ئەی ئیوە خۆتان عیراقتان دروستنەکردەوە؟ کوردیش خاوەنی ئەو ئەزمونە تاڵەیە لە نەهیشتنی میرنشینییەکانەوە تا لەناوبردنی حکومەتەکەی شیخ مەحمود ، تا حکومەتەکەی کوردستان لە مهاباد ، تا ریکەوتننامەکەی جەزایر ، تا ئەنفال و کیمیاباران . لەبەرئەوە ، بەریزان ، چار تەنیاو تەنیا سەربەخۆییە . بەسەربەخۆیی ،پاراستنی نیودەولەتیمان ئەبی ، رێزی نیودەولەتیمان ئەبێ ، ئایندەیەکی گەش و رووناکمان ئەبێ ، ژیانیکی تیروتەسەلمان ئەبێ .ئاسایشی نەتەوەییشمان پاریزراوئەبێ .
با بیهێنینە پیشچاوی خۆمان ،ئەم کوردستانەی لەسەر دەریایەک نەوتەو خاوەنی جۆرەها کان وسەرچاوەی ئاوە ، خاوەنی چوار وەرزی پڕ لەپیتە کە بۆ هەموو جۆرە کشتوکالیک گونجاوە . خاوەنداریێتی ئەم نیشتمانە ئەگەر گەرایەوە بۆ خۆمان بە رزگاربوون و سەربەخۆبوونی ،

ئەبێ ببێتە چ بەهشتیکی سەرزەمین !؟ ئیستاش لەسەردەمی مافی مرۆڤ و مافی سەربەخۆیی گەلاندا ، شەرمە بۆ مرۆڤی کورد خۆی بۆ سەربەخۆیی تەرخان و بەختنەکات . مرۆڤ هەر جاریک لەدایکئەبێ و جاریکیش ئەمرێ .

ئنجا ئاخۆ سەربەخۆیی کوردستان کاریکردەیە ؟

کوردستانیک کە لە ئێستادا سنووری سەر دەریای نیە !

کوردستانیک کە چواردەوری بە چوار ولاتی دژ گیراوە !

کوردستانیک کە کراوە بە پینج پارچەوە !

نەتەوەیەک کە یەکیتی تیادا نیە ! هتد

ئەمەیە ئەو پرسیارانەی ئیستا وەلامیان ئەدەمەوە :

بەلێ سەربەخۆیی کوردستان کاریکردەیە

ئەوە هەر کوردستاننیە کە سنووری سەر دەریای نیە . هەر کوردستان نیە کە چواردەوری بە چەند ولاتێکی دژ گیرابێ . هەر کوردستان نیە کە کرابێ بە چەند پارچەیەکەوە . هەر نەتەوەی کودیش نیە کە یەکیتی تیدا نەبێ . لەراستیشدا ئەو یەکیتییەی لەخەیاڵدا هەیە لەهیچ شوێنیک بوونینیە بەهۆی جیاوازیی بیروباوەرەکانەوەو جیاوازیی بەرژەوەندییەکانەوە .ئەوەی تائیستا لەدنیادا روویداوە، لایەنێک بەتەنەیا، یا بەهاوکاریی چەند لایەنیکیکەی هاوڕا، دەسپیشخەرییان کردوە بۆ ئەنجامدانی کاریک، نەک چاوەروانکردن بۆ یەکدەنگیی هەموان .ئەو یەکدەنگییە لەناوهیچ نەتەوەیەکدا هەرگیز دروستنابێ .با لەم روەوە نموونەیەک بینینەوە:ئەگەر چاوەروانی یەکدەنگیی خەلکی عیراق بکرایە،یا بەپرس ورای گشتیبوایە، ئیستەش رژیمی پاشایەتی بەردەوام ئەبوو، بەلام بە دەسپیشخەریی دە دوازدە ئەفسەر، ئەو رژیمە سامناکە لە1958/7/14دا کۆتایی هات کە دەسکردی ئنگلیزبوو و پەیمانی بەغداش ئەیپاراست ! کە ئەگەر هەزار فەیلەسوف کۆببوونایەتەوە ، پێشبینی سەرکەوتنی ئەو کودەتایەیان نەئەکرد! .

ئەو کۆسپانە هیچیان کۆسپی سەرەکی نین بۆ نەبوونی سەربەخۆییمان . ڤایرۆسی ریگری سەرەکی لە سەربەخۆیی ، نەبوونی هوشیاریی

نەتەوەییە لەناو کوردا .نەبوونی ئەو هوشیارییە لە دێر زەمانەوە بۆتە هۆی گەوجاندنی کورد بە چەندین بیروباوەری نامۆ بەکورد ، وەک بیروباوەری ئاینیک کە لە ئەنجامدا بە بەرژەوەندیی نەتەوەیەک و داگیرکاری نەتەوەیتر شکایەوە ، وەک بیروباوەری چەپ کە بۆ توانەوەی نەتەوەکان لەناو یەکدیدا هاتۆتە ئاراوە . وەک بیرۆکەی پاشکۆیەتی وجلخواری (واتا خۆنواندن بە جلوبەرگ و زمانی داگیرکەرانی کوردستانەوە کە لەسەردەمی عوسمانیدا باویبوو!) .

هەروەها نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی ، هۆکارە بۆ هەست بەناتەواویکردن و خۆ بەکەمزانین. هەر نەبوونی ئەو هوشیارییەشبوە کە چەندین هەلی لەدەسداوین بۆ سەربەخۆیی و ئەشێ چەندین هەلیکەمان لەدەسبدات ئەگەر هەر بەناهوشیاریی نەتەوەیی بمێنینەوە.

دیسان نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی ، هۆکارە بۆ ترسێکی گشتی لەجۆری ئەو مەلەی لەترسی راوچی سەری ئەکا بە ژێر باڵی خۆیەوە ! بەلێ ئەو ترسە گشتیەیە کە وای لە زۆریک کورد کردوە کۆمەڵێک گومان (وەهم) لەلای خۆیان دروستکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە خەباتی ئازادی و سەربەخۆیی، یا بۆ باوەرنەوبوون بە سەربەخۆیی! ئەگینا گەلێک کە هوشیاریی نەتەوەیی و خواستی سەربەخۆیی هەبوو و نەترسا ، هەموو کۆسپەکان لە ریگەیدا تەختئەبن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. گەلانی داگیرکراوی ئەو دنیایەش ، بەزۆری ،بەوجۆرە سەربەخۆییان بەدەستخستوە بەبێ پشتگیریی لایەنیتر.

ئیستا ئەشێ بپرسین ئەی هوشیاریی نەتەوەیی چۆن دەستەبەر ئەکرێ ؟

هوشیاریی نەتەوەیی،ئەشێ بەرەبەرەو بەخۆڕسکی دروستببێ ، بەلام ئەوە دوورخایەنەو ئەشێ بێئەنجامبێ. بۆ دەستەبەرکردنی هوشیارییەکی پیویست و خێرا، ئەبێ میکانیزمیک هەبێ یا دروستبکرێ . ئەوەش کارو ئەرکی سەرشانی رۆشنبیرانی نەتەوەییە ، نابێ ئیمە چاوەروانی ئەوە لە خەلکی ناهوشیارو دەروونزم و خۆفرۆش و ترسنۆک و گەوج و گەندەڵ بکەین ، یا لەوانەی بۆیەی نەتەوایەتیان لە

خۆیانداوەو بە کردەوە  بوون بە لەکەو بەڵا بەسەر نەتەوایەتییەوە  . بۆیە کۆمەڵێکی هەستکردوو بەم راستییە ،  لە زیاتر لەپەنجا سالەوە، شانیان داوەتە بەر ئەو کارە سەختەو سەرەتا بە کاژیک و دوایی بە پاسۆک و کۆنگرەی نیشتمانی و هەندێ پارت و رێخراوو گرووپی نەتەوەییترو ئیستا، بەشیوازیکی تازەو گونجاو لەگەل رۆژگاری  ئەمرۆدا ، بە بانگەوازیکی نوێ و نەخشەریگایەکی نوێوە ، دریژە بە هەولەکانیان ئەدەن . ئەمەش کورتەیەکی بانگەوازەکەیە :

( ئاشکرایە کە ئەمرۆش هەر وەک رابوردوو ، چارەنووسی نەتەوەی کوردمان ، نادیارە . هیچکام  لەپارتییە کوردییە کۆنەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان کە ئیستا لەکاردان، لەئاستی دیاریکردن و بەدەسخستنی چارەنووسیک نین    کە سەربەخویی کوردستان دەستەبەرکات . هەندیک لەوانە ، جگەلەوەی چەندین جار هەلی سەربەخوییان لەدەسداوە ، هەمیشەش لەپیشبرکیدان بۆ زیاتر لکاندنەوەی کوردستان بە پایتەختەکانی داگیرکەرانەوە ، سەرباری گەندەلییەکانیان . ئەوەش لەخۆڕا نەهاتوە . ئەوانە بە پێی بەرنامەکانیان، لە باشترین ئەگەردا ، ستراتیجیان لە نیمچە دەسەلاتیکی ناوچەیی لە چوارچیوەی دەسەلاتی داکیرکەرانی کوردستاندا تیناپەرێ . ئەوانە زیاتر روو لە پایتەختی داگیرکەرانن ، لەکاتیکدا هەر نزیکبوونەوەیەک لەو پایتەختانە، دوورکوتنەوەیە         لەسەربەخۆیی کوردستانەوە  . ئەوانە نەک هەر دەربەستی هوشیاریی نەتەوەیی نین ، بەلکو بەعەرەبکردن و بە تورک و فارسکردنی شارەکانی کوردستانیش ، ئاساییە لەلایان . بۆ نموونە : ئیستا دیاردەو هەوڵی بە تورککردنی هەولیری پایتەخت بەئاشکرا بەشەقام وبازارەکانی ئەوشارەوە دیارە  ! ئیستاش زمانی زوربەی دادگاکانی هە ریم بەعەرەبیە !!

لەبەرامبەر ئەوانەدا جەماوەریکی زۆر ، خوازیاری سەربەخویین ، بەلام بەپەرشوبلاوی و بێ رێکخستنیک . ریکخراوە سەربەخوییخوازەکانی پێشووش کەئامازەمان بۆکردن  ،  روزگاریان لەبارنەبوو بۆئەوەی ئەو

جەماوەرە لێیان کۆببنەوە ، سەرباری لەبارنەبوونی هەل بۆ ئەو ئامانجە لەو رۆژگارەدا . ئیستا پرسیارەکان ئەمانەن :

1- ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتوە دەزگایەکی نەتەوەیی ناپارتی (غیر حیزبی) بە بەرنامەیەکی نوێ و رەوتیکی نوێوە ، ئەو جەماوەرە سەربەخوییخوازە کۆکاتەوەو هەلی ئیستای لەبار بۆ سەربەخویی بگریتە دەست ؟بەتایبەتی ئیستە چەندین ریکخراوو گروپی سەربەخۆییخوازی نوێ دروستبوون و فەیسبوکیش هۆکاریکی باشە بۆ پەرەسەندنیان .

2- ئاخۆ بەبێ بوونی دەزگایەکی لەوجورە ، ئەو جەماوەرە ، یا چەند وردە ریکخراویکی نەتەوەیی بە پەرش و بلاوی ، تەنیا بە گلەیی و بۆڵەو بیزاریدەربڕین ، یا بەرەشکردنەوەی هوکارەکانی راگەیاندن ، یا بەئاموژگاریکردنی بێهوودەی ئەو پارتیانە ، هیچیان پێئەکرێ و گوێیانلێئەگیرێ ؟

3- ئایا ئەوە رەوایە دەرگای ماڵی کورد بۆ هەموو بیروکەیەکی نامۆ والآبێ و لەبیری کوردایەتی داخراوبێ کە ئەشێ ئیمە خوشمان بەشێکی کەمتەرخەمبین لەوبارەیەوە؟

4- ئایا ئەوانەی لە کۆبوونەوەیەکی ناو ژووریک یا لە چایخانەیەکدا ! بەبێ یەکیتییەکی بیر ، لە دە پازدە کەسەوە ،بووونە حیزبێکی گەورە ، لەئێمە زاناترو کاراترو لێهاتووترو رەواتربوون ؟

5- ئاخۆ خەباتی کورد بەنایەکگرتوویی ،واتا هی هەرپارچەیەکی کوردستان بەجیا ، هیچی لێسەوزئەبێ بۆ سەربەخویی ؟

6- ئەگەر وەلامەکانمان لەیەکەوە نزیک یا هاوتەریببوون، ئایا بەریزتان بەئەرکی سەرشانتانی نازانن بەشداری لە دروستکردنی دەزگایەکی نەتەوەیی نوێ بۆسەرتاسەری کوردستان بکەن ؟

7- راتان چیە لە ئیستاوە خۆمان سازدەین بۆ بەستنی کونفرانسیک لە نزیکترین داهاتوودا، تا بەهەمومان پێکەوە بەردی بناغەی ئەو دەزگایە دانێین و بەرنامەو نەخشەکانی بۆدارێژین و میکانیزمی کارکردنی بۆریکخەین و ستراتیجی کورد دیاریکەین و ئەوبارەی خەلکیتر

نایخاتە سەرشانی ، ئیمە بیخەینە ئەستۆی خۆمان بێئەوەی دژایەتی هیچ لایەنێکی نیشتمانیی کوردی بکەین ئەگەر دژایەتیماننەکەن ؟

8- ئیستا وەک سەرەتایەک پیشنیارەکانتان چیە بۆ گەشەدان بە جۆری ئەو دەزگایە و شێوازی کارکردن و بەریوەبردنی ، دوور لەشێوازی پارتایەتیی ؟ بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای تازەی پەیوەندییە ئەلەکترۆنییەکان بۆ زەمینەسازیی پرۆژەکە بەتایبەتی فەیسبوک ؟ واتا بەدەر لە پەنابردن بۆ شێوازە کلاسیکییەکانی وەک کردنەوەی بارەگا یا خۆبادان بەچەکەوە یا دەسپانکردنەوە بۆ پارەی پاشکۆیەتی و ...هتد.

بۆزانیاریتان ئەم بیروکەیە هی ژمارەیەک لە هاوبیرانی کوردایەتییە کە دۆست و خۆشەویستی ئێوەن و جیدەستیان لە خەباتی کوردایەتیدا دیارەو خاوەنی ئە زموون و رابوردوویەکی خاوێن و خەرمانیک لە بەرهەمە هزرییەکانن لەو بوارەدا . هەروەها ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەنیە لەسەر دارو پەردووی ئەوگرووپ و رێکخراوە کوردییە نەتەوەییانە دروستبکرێت کە ئیستا هەن . ئامانجەکە یەکخستنی خەباتە بەهەماهەنگییەکی نێوانمان و بە بەستنی رایەلێک کە هەموو سەربەخۆییخوازان و ریکخستنەکانیان بەیەکەوە گرێبدات . واتا هەر کەس و کۆڕوکۆمەڵێک ئازادە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ.ئەم بانگەوازە، هەنگاویکی نوێیە وەک هەنگاوی یەکەمی نەخشەریگای سەربەخۆیی . بەریزان ئامادەبوانی ئەم سمینارە: ئەم بانگەوازە بۆ ئیوەی بەریزیشە . ئیمە گرنگییەکی زۆر بە کوردانی تاراوگە ئەدەین ، چونکە لەرووی چەندیتییەوە کوردانی دەرەوەی کوردستان ژمارەیان ئەوەندەی ژمارەی یەکیک لە پارچەکانی کوردستان ئەبیت . لەرووی چوونیەتیشەوە ، پڕ زانیاریترن و ئاوێتەبوون بە رۆشنبیری و بە کلتووری رۆژئاوایی پێشکەوتوو . ئەوە سەرباری ئەوەی جیگە هیوان بۆ دروستکردنی لۆبییەکی کوردیی کاریگەر .

هەنگاوی دوەم : دامەزراندنی ناوەندیک بەناویکی وەک: ناوەندی ئازادی و سەربەخۆیی، یا ناوەندی هاوبیران ، یاهەر ناویکیتر، وەک ریکخراویکی کۆمەلگەی شارستانی ، نەک حیزب . حیزبایەتی بۆ ئەمرۆی

نەتەوەی کورد ، کە هێشتا لەقۆناغی خەباتی رزگاریدایە ، زیانی زیاترە لە سوود ، تەنانەت ئەگەر حیزبی دوور لە گەندەڵی و حیزبی نەتەوەییشبێ . هەمووشمان ئەبینین(وەک برامان د.جەواد مەلا ئەڵێ) ئەوەی ئێستا حیزبە کوردیەکان بە نەتەوەکەمانی ئەکەن ، پەیمانی سایکس بیکۆ پێینەکردوە ! ئەو پەیمانە کوردستانی کرد بە چوار پارچەوە ، بەلام حیزبە کوردییەکان ، کوردیان کردوە بە دەیان پارچەوە کە ئەوە لەمرۆدا گەورەترین زیانئەگەیەنێ بە دۆزی نەتەوەییمان و نەیارانی کوردیش هاندەرن بۆ ئەم دیاردەیە !

هەنگاوی سێیەم : بەستنی کۆنفرانسیک لەکوردستان کە هەوڵئەدرێ لە هەمووپارچەکانی کوردستانەوە نوینەرانی ئاراستە نەتەوەییەکان و گرووپە نەتەوەییەکان بەشداریی تیابکەن بۆ جیگیرکردنی نەخشەریگای سەربەخۆیی و ئەوە ئەبیتە هەنگاوی چوارەم.

**بەشی سێیەم**

ریگای سەربەخۆیی:

ئیمە لەسەرەتای قسەکانماندا وتمان : بارودۆخی هیچ نەتەوەیەک وەک نەتەوەیەکیتر نیە . بۆیە مەرجنیە هەمان نەخشە ریگای نەتەوەکانیتر بگیرێنە بەر بۆ سەربەخۆییمان .گرنگ ئەوەیە ئیمە ئامادەبین بۆ گرتنەبەری هەر ریگەیەک و بۆ قۆستنەوەی هەر هەلێک کە سەربەخۆییما بۆ دستەبەر بکات . ئەو ریگایانەش تا ئیستا بریتیبوون لە :

- 1 ـ ریگای شۆرشی چەکدار . وەک شۆرشی جەزایر دژی فەرەنسا . بەداخەوە شۆرشە چەکدارەکانی کورد سەرکەوتوونەبوون ، چونکە :1- ناوچەییبوون ب-لەچیاو شارەکانی کوردستان تیپەریاننەکرد ج-شۆرشی نەتەوەیی نەبوون د-ستراتیجی زوربەیان سەربەخۆیی نەبوو ە- لەبەرژەوەندیی زلهیزەکانیان نەئەدا . (کە هەر یەک لەم خالانە وتاریکی تایبەتیی ئەوێ)

- 2 ـ ریگای کودەتا. وەک ئەوەی بەکر سدقی کە ئەگەر بیتوانیایە پاریزگاریی خۆی بکا ، حوکمی عیراق ئەکەوتە دەس کورد ، یاهیچنەبێ باشووری کوردستان ئەبوە قەوارەیەکی سەربەخۆ
- 3 ـ ریگای وتووێژو ریکەوتن . وەک ئەوەی چیکۆسلۆفاکیا
- 4 ـ ریگای گشتپرسی (ریفراندۆم )وەک باشووری سۆدان.
- 5 ـ ریگای ئەنجامی شەڕێکی جیهانی کە نەخشەی ولاتان بگۆرێ .وەک ئەوەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم
- 6 ـ ریگای دەسگرتنی کەمینەیەک بەسەر پایتەختی دەولەتیکی فرە نەتەوەدا ، وەک کەمینەی فارس بەسەر ئیران و کەمینەی سوننە بەسەر عیراق و کەمینەی عەلەوی بەسەر سوریادا . ئەو هەلە بۆ کوردیش ریکەوت ، وەک ئەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەبو موسلیمی خۆراسانی و کەریم خانی زەند ، بەلام نەیانزانی بۆ سوودی کورد بەکاریبینن.

7 ـ ریگای سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندیی دەولەتان . کە ئەمەیان لیرەدا تۆزیک دریژەی ئەوێ : بۆ نموونە – سەرەتا بەرژەوەندیی رۆرژئاوا لە عیراقیکی یەکگرتوودابوو ، بۆئەوەی عەرەب بکا بە پۆلیسی پاسەوان بەسەر نەوتەکەی کوردەوە و بۆئەوەی بۆریە نەوتەکان بە ولاتانی عەرەبدا بگەینیتە سەر دەریا . بەلام دوای خۆمالیکردنی نەوت لە عیراقداو دوای گەیاندنی نەوت بۆ سەر دەریا لە ریگەی تورکیاوەو دوای ئەوەی ئەمریکاو ئنگلیز شکستیان هینا لە عیراقی ئەمرۆداو دوایئەوەی دەرکەوت باشووری کوردستان هەمووی لەسەر دەریایەک نەوتە ، ئەمرۆ بەرژەوەندیی رۆژئاواو ئیسرائیلیش لە باشووریکی کوردستانی سەربەخۆدایە ، بگرە بەرژەوەندیی تورکیاش ئەمرۆ هەر لە باشووری کوردستانیکی سەربەخۆدایە نەک عیراقیکی یەکگرتوو، ئەگەر تورکی رەگەزپەرست ئەو بەرژەوەندییە نەکا بەقوربانی رقی ئەستووری لەکورد، ئەگەر کردیشی، ئەو زیاتر زەرەرمەندئەبێ ! بۆیە ئیستا باشترین هەلە بۆ کارکردنیکی خیرا بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەتایبەتی و

کوردستان به گشتی، به گرتنەبەری هەر ریگەیەکی گونجاو لەو ریگایانەی ئاماژەمان بۆکرد .
بەلام گریمان هچکام لەورییانە بۆ ئیمەی کورد گونجاونەبوو . هەروەها گریمان ئەم عیراقەی ئیستا هەر وەک خۆی مایەوەو هیچ دەرفەتێک نەبێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.هەمووشمان ئەزانین کە کوردستان بەسەر پێنج دەولەتی بێگانەدا دابەشکراوە. لەهەر یەک لەو بەشانەشدا، کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیکەدا. ئەوەش بۆتە خالێکی سەرەکیی لاواز بۆ کورد لەهەموو ئەو بەشانەی کوردستاندا. بەهۆی ئەو کەمینەیەتییەوە، کورد، لەشەریشداو لە ئاشتیشدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاوبوەو دۆڕاو ئەبێ تا بەم شیوەیەی ئیستا لەچوارچێوەی ئەو دەولەتانەدا بمێنێتەوە. با دەولەتی عیراق بکەین بەنموونەیەک بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان. ئەگەر رێژەی کورد لەعیراقدا بگاتە 17% یا ئەو پەری 25% ئەوا لەچاو زۆرینەی 75% کەدا، بەشەڕ دەرەقەت نایەت. لەئاشتیشدا، ئەگەر رژێم دیموکراتیشبێ، ئەوا لەئاستی سنووقەکانی هەلبژاردن و پەرلەمانی ناوەندا، هەر کەمینەئەبێ و بەپێی بنەماکانی دیموکراسی، رای پەسەندکراو، هی زۆرینەکە ئەبێ. بەتایبەتی بەشە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دی هەرچی چەندێ ناکۆکبن لەنیوخۆیاندا، لەئاستی بەرەنگاربوونەوەی مافەکانی کوردا ئەبنە یەک راو یەک ریز. کەواتە لەهەردوو بارەکەدا، کوردەکە ئەگەر یەک راو یەک ریزیشبێ لەناوخۆیدا، هەر دۆڕاو ئەبێ. لەدوای تاقیکردنەوەی سالانی رابوردوو ئەوەش دەرکەوت کە پرسی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیش، هیچی لێسەوزنابێ وئەنجامەکەی هەر مەرگەساتئەبێ بۆ کورد. چونکە ئۆتۆنۆمی و فیدرالی، لەناو دەوڵەت و گەلانی دیموکراتیدا ئەژین و ئەمێننەوە. گەلە سەردەستەکانی کورد، لەخەویشدا نابن بەو دیموکراتییەی لەرۆژئاوادا پیادەئەکرێ.
بەڵێ : ( بارودۆخی هیچ نەتەوەیەک وەک هی نەتەوەیەکیتر نیە ) واتای ئەمەش ئەوەیە ریگەچارەی رزگاریی هەر نەتەوەیەک، مەرجنیە وەک هی نەتەوەکانیدیبیت . لەبەرئەوە ئەبێ بیر لەریگەچارەیتر بکەینەوە

بۆ سەربەخۆییمان، لەئاستی ئەو هەڵکەوتە تالەی کە کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیتردا لە تورکیاو ئیران و عیراق و سوریای ئەمرۆدا .
.ریگەچارەیەکی وەک بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە ، بۆ نموونە ، کە ناوی ئەنێین: پرۆژەیەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەبێ خوێن□ئەشێ گونجاوبێ
پرۆژەکە :
بنەمایەکی گشتی یاسایی هەیە ئەڵێ: ئەگەر رێگر نەما، رێلێگیراو ئەگەرێتەوە (اذا زال المانع، عاد الممنوع) ریگرەکەش لەم بوارەدا وەک لەسەرەوە پیشانماندا، بوونی کوردە وەک کەمیینەیەک لەو دەوڵەتانەدا. بەڵام ئەگەر کورد لەبەشێکی وەک ئەم بەشەی باشووردا بووبە زۆرینە لەچاو دانیشتوانی عیراقدا، ئەوا ریگرەکە نامێنێ و ئەوسا ئەشێ لەشەریش و لەئاشتیشدا براوەبێ. هەڵکەوتەی شیعەش لەئیران و لە عیراقدا، باشترین نموونەیە بۆ ئەم راستییە. لەئیراندا لەدێرزەمانەوە دەسەلات بەدەست شیعەوەیە چونکە زۆرینەیە. لە عیراقیشدا، لەهەلی لیدانی رژیمی بەعسدا، شیعەی زۆرینە، بە ئاسانی دەسەڵاتی گرتەدەست و ئەمەریکاش لەئاستی ئەو زۆرینەیەداو لەئاستی ئەو هەلکەوتەیەدا دەستەوستان ماوەتەوە.
کورد چۆن ئەبێتە زۆرینە لەعیراقدا؟
بۆ ئەم مەبەستە : بەهۆی قەوارە سیاسیەکەی هەریمی کوردستانەوە، هەرچی زووترە، تا ئەمیش بەئەنجامی حکومەتەکەی شێخ مەحمود و کۆمارەکەی کوردستان لەئیران نەچووە، دەرگا والاکرێ بۆ کوردی پارچەکانیکەو هەلی کارکردن و ناسنامەو نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکرێ وەک چۆن وڵاتانی رۆژئاوا ئەوە بۆ کۆچبەرانی رۆژهەلات دابینئکەن. لەراستیشدا ئیستا ئەم هەرێمە پیویستی بە دەستی کار هەیە. ئەوەتا لە وڵاتانی ئاسیاوەو لە ئیران و تورکیاو عیراقی عەرەبیشەوە، بەلێشاو خەڵک رووئەکەنە ئەم هەرێمە، کە ئەوەش لە مەترسی بەدەرنیە!. ئنجا بۆچی ئەوەی بۆ بیگانە رەوابێ، بۆ کوردەکە خۆی رەوانەبێ؟

له هه‌مان کاتدا: هانی زۆربوونی منداڵ بدرێ به‌وه‌ی بۆ هه‌رپیاوێک و هه‌رژنیک، به‌کورده هێنراوه‌کانیشه‌وه، به‌رامبه‌ر هه‌ر 7 منداڵ ، پیاوه‌که‌ش و ژنه‌که‌ش خه‌ڵات بکرێ. ئه‌گه‌ر منداله‌کان بوون به 10، ئه‌وا دووجار خه‌ڵات و به‌وجۆره بۆ 12 منداڵ سێجار خه‌لات...هتد. خه‌ڵاته‌کانیش، ئه‌شێ بریتیبن له‌زه‌وی، دراو ، ده‌رماله‌و هه‌رشتێکیکه. جا بابزانین چۆن؟ ئیستا تیکرِای مندالی ژنی کورد له‌باشووری کوردستاندا، به‌تایبه‌تی له‌شاره‌کاندا، له‌چوار منداڵ تێپه‌رناکا. رێژه‌ی کوردیش له‌عیراقدا به 20% ئه‌خه‌ملێنرێ. به‌ڵام ئه‌گه‌ر تێکرِا (معدل)ی منداڵ گه‌یشته ده، ئه‌وا له‌ماوه‌ی ده سالێکدا رێژه‌که ئه‌بێ به‌نزیکه‌ی 50% ئنجا ئه‌گه‌ر نزیکه‌ی یه‌ک ملیون ژنی کوردی پارچه‌کانیکه‌ی کوردستان به‌خۆیان و میرد و منالیانه‌وه هاندران و هاتنه ئه‌م هه‌رێمه‌و ئه‌وانیش تێکرِای منداڵیان گه‌یشته ده ، ئه‌وا رێژه‌ی کورد له‌عیراقدا له‌ماوه‌ی 10 تا 14 سالدا له 75% تێپه‌ر ئه‌کا. ئه‌وسا له‌هه‌موو بارێکدا، له‌شه‌رو له‌ئاشتیشدا، کورده‌که براوه ئه‌بێ و نه‌ک هه‌ر سه‌ربه‌خۆیی ئه‌م هه‌رێمه به‌لکو به‌بێ ده‌نگ و به‌بێ خوێن ، کورد ئه‌بێته خاوه‌نی ده‌وڵه‌تی عیراقیش. به‌وه‌ش گه‌وره‌ترین پێگه بۆ رزکارکردنی پارچه‌کانیکه ئه‌ره‌خسێ.

هاندانی چه‌ند ملیونێک کوردی پارچه‌کانیتر که رووبکه‌نه ئه‌م هه‌رێمه، کارێکی ئاسایی و ره‌وایه. سه‌دام حسین له‌به‌رنامه‌یدابوو که سێ ملیون عه‌ره‌بی فه‌له‌ستینی له‌کوردستان نیشته‌جێ بکا سه‌رباری به‌عه‌ره‌بکردنی موسڵ و که‌رکوک و گه‌لێ ناوچه‌یکه‌ی کوردستان. ئنجا به‌ده‌ر له‌و مه‌به‌سته‌ی سه‌ره‌وه، ئه‌رکی سه‌رشانمانه جێگه‌ی سه‌دان هه‌زار شه‌هیدانی کوردستان پرِکه‌ینه‌وه. ئه‌رکی سه‌رشانمانه جێگه‌ی نزیکه‌ی ملیونێک لاوی په‌نابه‌ری کورد له‌رۆژئاوادا پرکه‌ینه‌وه . جگه له‌وانه ، ئیستا له‌م هه‌ریمه‌دا، که‌رتی کشتوکاڵیش له‌ئاستی سفردایه. شێلم وتووریشمان له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵاته‌وه بۆ دێ. هۆکاری ئه‌وه‌ش ئه‌گه‌ریته‌وه بۆ کۆچکردنی گوندنشینه‌کان بۆ شار بۆ ئه‌وه‌ی ببنه مووچه‌خۆری حکومه‌ت و پارتییه سیاسیه‌کان به‌ناوی پۆلیس وپاسه‌وانی سنوورو پیشمه‌رگه‌وه.

زۆربوونی منداڵ و هاوردنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان، ئەو کەلێنەش پڕ ئەکاتەوە. داهاتی ئەم هەرێمەش ئیستا ئەوەندە زۆرە، ئەم پرۆژەیەو چەندین پرۆژەیکەشی تیا ئەبیٚ. بەو جۆرە، بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، یاهەر ریگەیەکیکە، ئەگەر سەربەخۆیی دەستەبەرکرا، ئیتر ئەوسا پێویستی بە مندالی زۆر نامینی .

ئەم پرۆژەیە لەدانیشتنی رۆژی 2008 /11/22 ی ژمارەیەک کەسایەتی ئەکادیمی و نوینەرانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و کونگرەی نیشتمانی کوردستاندا پەسەندکراو لە هۆکارەکانی راگەیاندندا بلاوکرایەوە بۆئەوەی لایەنەکان و رۆشنبیران، بەباری سەرنجیان، پرۆژەکە دەوڵەمەند بکەن. ئەوەبوو مشتومریکی لیکەوتەوە کە لەهەلیکدا بلاوی‌ئەکەینەوە .

ئەنجام

سەربەخۆیی کوردستان ئەگەر خەونی شاعیران و خەیاڵی خەلکانیکیشبیٚ ، ئەوا گەلیٚ خەون و خەیاڵ هاتوونەتە دی . ئنجا ئەوەش ئاشکرایە کە هەموو خەون و خەیاڵێکی لەوجۆرە ، سەرەتا گالتەی پیکراوە ، کاتیٚ بۆتە واقیعیک ،بەرەنگاریکراوە ،بەلام کاتیٚ جیگیربوە ، ئەوانەی گاڵتەیان پیئەکردو بەرەنگاری ئەبوونەوە ، لەپیش خەلکیترەوە بوونەتە لایەنکری ، بەلکو خۆیانکردۆتە خاوەنی .ئەم بیرۆکەیەی ئیمەش(بەرەو سەربەخۆیی) هەر وا ئەبیٚ .

کەواتە ئیمەی کورد لەراستیدا کیشەی نەبوونی سەربەخۆیمان نیە . دەرگای سەربەخۆیی تا سەر لە هیچ نەتەوەیەک داناخری .ئیمە کیشەی نەبوونی خواست ( ئیرادە )ی سەربەخۆییمان هەیە . کیشەی ترس لە سەربەخۆییمان هەیە . کیشەی گەندەڵیی رابەرایەتیی کوردمان هەیە . کیشەی دەروونیی خۆبەکەمزانین و پاشکۆیەتی و نۆکەرایەتی داگیرکەرانی کوردستانمان هەیە .

بەڵیٚ ئیمە لەپیناوی نەهیشتنی ئەو گەندەلی و ترس و ناتەواوی و نۆکەری و پاشکۆیەتی و خۆبەکەمزانینەداو لە پیناوی ئازادیی کوردو

سەربەخۆیی کوردستاندا ، لەخزمەتی نەتەوە ستەمدیدەکەماندایین.
سوپاس بۆ ئامادەبوون و ماندووبوون و گویگرتنی ئیوەی بەرێز.

ئیستاش ،دوای وچانیک ، دێینە سەر پرسیارو وەلامەکان
************

پرسیارەکان هەندیکیان بە نوسراو و بەبێ ناو . هەندیکیان بەزارەکیبوو لە لایەن بەریزان نەبەز جەلال ،پەری ئەحمەد، سەیفەدین،ئیقبال،ئیسماعیل حەمە ئەمین ،ئەیوب،محەمەد ئاغا پەری،ئیبراهیم، پیشرەو،مستەفاچوارتایی،مەنسور،لوقمان بەرزنجی . هەندێ پرسیاریش لەدەرەوەی بابەتی سمینارەکەبوو ، وەلام نەدرانەوە . وەلامەکانیش ،لەبەر کەمیی کات بەکورتیبوون ، بەبەڵێنی ئەوەی دوایی لەهۆکارەکانی راگەیاندندا دریژەیان هەبێ .
************

پ 1 ـ ئایا نەمانی فرەحیزبی پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراتی نیە ؟
و1ـ لە وەلامدا ئەشێ بپرسم بۆچی دیموکراتی لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناویندا هەیە ! راستییەکەی زۆری ئەوانەی ناوی حیزبیان لە خۆیاننناوەو لافی دیموکراتی لێئەدەن ، یادیکتاتۆرو چەتەو مافیاو ساختەکارو مرۆڤکوژن ، یاکۆمپانیای بازرگانین ، منیش داوای نەمانی فرەحیزبی ئەکەم لە قۆناغی خەباتی رزگاریدا و لەژێر فەرمانرەوایی ئەو جۆرە حیزب و دەسەلاتانەدا. هەرکاتیش کوردستان رزگارو سەربەخۆبوو ، ئەوسا با سنووقەکانی دەنگدان والابێ بۆفرەحیزبی و زۆرینەی دەنگ .لەراستیشدا ئیستا نەتەوەی کورد کیشەی دیموکراتیی نیە . سەربەخۆیی لەپیش هەر خواستیکیترەوەیە .چونکە بەبێ سەربەخۆیی ، نەتەوەی کورد هیچکام لە خەونەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی و سەروەریی یاساو..تادوایی نایەتەدی .
پ 2. راتان چیە بەبێ کەرکوک ،ئەگەرنەتوانرا رزگارکرێ، سەربەخۆیی هەریم راگەیەنرێ ؟

و2. ئەوە سیاسەتکاریکی ناوداری کوردیش کە ئیستا جەماوەریکی بەشوینەوەیە ، جاریک لەوتاریکیدا لە وتیل پالاسی سلیمانی، هەر وایوت و وتی (با واز لەکەرکوک بینین چونکە کەرکوک سەرچاوەی هەموو کیشەکانمانبوە، ئەگەر لەبەر نەوتەکەیەتی ئەوا سلیمانیش لەسەر دەریایەک نەوتە !) ئیمەش لە وەلامدا وتمان: نەخێر لەبەر نەوتنیە . کەرکوک مەسەلەیەکی نەتەوەییە ، بەبێ نەوتیش دەسبەرداری نابین . ئنجا نەوتەکەشی لە دوو روەوە کاریگەریی هەیە . یەکەم داهاتەکەی سامانیکە بۆ نەتەوەکەمان . دوەم ئەگەر ئەو سامانە بۆ ئیمە نەبێ ، لایەنەکەیتر ئەو داهاتە ئەکا بە چەکی کۆکوژو ئەیداتەوە بە سەری ئێمەدا . کورد ئەلێ بۆز بە لەڕی !.

پ3. لە باسەکەتاندا لەدەرگای (حیزب و ئیسلامی سیاسی )تاننەدا ،ئەوانە تا چەند کاریگەریان لەسەر دروستبوون ، یا دروستنەبوونی سەربەخۆییمان ئەبێ ؟

و3 ـ بەلای ئیمەوە ئاین پیوەندییەکی نیوان خەلک و خوداوەندی جیگەباوەریانە. هەمووکەس ئازادە لە هەلبژاردنی ئەو ئاینەدا کە باوەری پێی هەیە .بەلام ئاین وحیزب ، دوو شتی جیاوازن . هەزاران سالە ئاین هەیە و حیزبی نەبوە . پارتی ئاینی لەکوردستاندا زیانئەگەیەنێ بە دۆزی کورد . یەکەم لەبەرئەوەی ئەویش وەک حیزبەکانیتر بەشیک لە کۆمەل دائەبڕێ . دوەم لەبەرئەوەی هۆکاریکە بۆ گەوجاندنی کۆمەل بە مەبەستیکی سیاسی و لەئەنجامدا دوورخستنەوەی جەماوەر لە خەباتی نەتەوایەتی لەپیناوی ئازادی و سەربەخۆییدا . لەگەل ئەوانەشدا ئەگەر بزووتنەوەیەکی ئاینی،یا کەسیکی ئاینی ئاراستەیەکی نەتەوەییانە بگرێ و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکا،ئەوا شایانی ئەوپەری ریز ئەبن لای ئیمە . لەراستیشدا ئەوەیە ئەرکی ئاینپەروەریکی راستەقینە پشتبەست بە فەرمودەکانی :(خۆشەویستیی نیشتمان لەئاینەوەیە )( ئیمە وەک نیرو مێ و گەلان وتیرەکان دروستمانکردن تا یەکتر بناسن و پەسندترینتان لای خوا تەقواکارترەکانن) . لەهەموو بارێکیشدا و لەکوردستانیکی

سەربەخۆدا،ئەبێ دەرگای مزگەوت وپەرستگاکان بە رێزەوە کراوەبێ بۆ ئایندااران .

پ 4 .بۆچی مادەی 140تان بەقومار ناوبرد ؟

و4.چونکە وەک قومار وایە . نازانی براوە ئەبی یا دۆڕاو . کەسی هوشیاریش قومار بە نیشتمانی خۆیەوە ناکات ، مەگەر ئەوانەی پێشەکی کەرکوک و ناوچەکانیکەیان فرۆشتبێ .

پ5. ئەگەر کوردی بەشەکانیتر هاتن بۆ باشوور ، ریژەی کوردی ئەو بەشانە کەمناکا؟

و5. با ، بەلام ئەوە کاتی ئەبێ .ئیمە وتمان عیراقیک ئەگەر ریژەی کوردی تیاکرا بە زیاتر لە 50% ئەبێتە بنکەیەک بۆ رزگارکردنی بەشەکانیتری کوردستان ژمارەیان هەرچەندێبێ.

پ 6. ئیمە هیچماننیە ، هەموو شتێک لەدەرەوەی باشوورەوە هاوردە ئەکەین ، ئیتر چۆن ئەتوانین سەربەخۆ بژین !؟

و6 ـ ئیمە هەموو شتیکمان هەیە . جگە لەنەوت و کانەکان و ئاوو هەتاوو کشتوکال و هەموو کەرەستەیەکی پیشەسازی ، دەستی کاریشمان هەیە .راستیەکەی، کەم ولات ئەوەندەی کوردستان هەلی دەولەمەندبوونی تێدایە . ئەوەشمان بیرنەچێ کە سالانیک باووباپیرمان تەنیا بە بەڕوو ژیاون !!

پ7. بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت بەچی ئەبەستن ؟

و7. بە خۆراگری و ویست(ئیرادە)ی نەتەوەکەمان . پیشتریش ئاماژەم بۆ ریگاکانی سەربەخۆییکرد .با ئەو وەهمەش لەسەری خۆمان دەرکەین کە گوایە بەبێ پشتیوانیەکی نێودەولەتی سەربەخۆنابین! هەرگیز وانیە . هیچ نەتەوەیەک دەولەت بۆ نەتەوەیەکیتر دروستناکا مەگەر بۆبەرژەوەندییەکی خۆینەبێ . بەئاوریکیش لەمیژوو، ئەبینین زوربەی زۆری نەتەوەکان خۆیان خۆیان رزگارکردوەو ولاتیان سەربەخۆ کردوە . ئیستاش وەنەبێ بەرژەوەندیی هیچ ولاتیک لەسەربەخۆیی کوردستاندا نەبێ . جگە لەوە،پشت بەقۆستنەوەی هەلی لەبار ئەبەستین . ئیستا هەل لەبارە بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان .نابێ لەئابلووقەی

ئابووریش بترسین چونکە سنووری باشوور بەرۆژهەلات و باکوورو رۆژئاوای کوردستانەوەیە و بەوهۆیەوە هیچ ئابلووقەیەک لەتوانای ئیران و  تورکیاو سوریەدا نابێ و سەرکەوتوونابێ.ئیستاش لەریگەی ئاسمان و لەریگەی ئێنتەرنیت و مۆبایلەوە دەنگمان بەدنیا ئەگات .جگە لەوانە هەندێ رووناکیتر هەن وەک یاریدەدەر و گەشبینی بۆ سەربەخۆییمان ، لەوانە : سیستمی تازەی جیهانی، دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراست ، نەخشەکەی رالف پیتەرز ، جەنگی دژەتیرۆر ، لەهەموویان گرنگتر نەوتی کوردستان و تادوایی .

پ 8. ئیوە باسی ئەوەتانکرد تەقوتۆقی شاخ هیچی لێپەیدانابێ ، ئەی لەو باوەرەدان ئەوەی قەندیلیش بەیانییەکی باشتر بۆ باکوورو رۆژهەلاتیش دروستناکا ؟

و8 ـ من نالێم هیچی لێ پەیدانابێ، ئەلێم سەربەخۆیی دابیناکات ئەگەر  ئارامیی ئەنکەرەو تاران هەلنەتەکێنێ و بەرژەوەندییەکانی زلهیزەکان نەخاتە مەترسییەوە . ئەوانەش تواناو قوربانیی کەمتریان ئەوێ وەک لە نیمچە مافیک. بەبێ سەربەخۆییش ، هەموو نیمچە مافەکان کاتیئەبن . با پەندێک لەرابوردوو وەرگرین . هەرچی زووتریشە ، پیویستە پەکەکەو پژاک ، ستراتیجیان بگۆرن بۆسەربەخۆیی . لەراستیدا ، جگە لەسەربەخۆیی ، خوێنرشتن بۆ هیچ مەبەستیکیتر بۆ کورد ، هیچ واتایەکی نابێ !.

پ9. لێرە پرسیارمان لێئەکرێ  خەلکی چ پارچەیکی کوردستانن ، چ وەلامیک باشە ؟

و9 ـ ئەوە باشترین هەلە بلێن  : بەلای ئێمەوە کوردستان هەر یەک کوردستانە ئەگەرچی لەلایەن تورکیاو ئیران و عیراق و سوریاوە داگیرکراوە ، بەلام ئامادەم وەلامت بدەمەوە  خەلکی چ شارێکیم یا خەلکی چ لایەکیم ، باکوور یاباشوور ، رۆژهەلات یا رۆژئاوای کوردستان .یا بەجۆرێکیتر : خەلکی رۆژهەلاتی کوردستانم کە لەلایەن ئیرانەوە داگیرکراوە و بەوجۆرە بۆ لاکانیدی .

پ10 ـ پێشنیار ئەکەم یەک کتێب بەناوی (کتێبی پیرۆز)ەوە لە چەند لاپەرەیەکی کەمدا دانێن بۆ کورد بەتایبەتی بۆ مندالی کورد .
و10 ـ پێشنیارێکی بەجێیە ، هیوادارم جیبەجیبکرێ
پ11 ـ راتان بەرامبەر کۆنگرەیەکی نەتەوەیی چیە ؟
و11 ـ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ، بیرۆکەیەکی دێرینەو باشە ، تائیستا بەکردەوە نەهاتۆتە دی . لەوەناچێ لەم بارودۆخەدا زۆر کردەییبێ بەهۆی جیاوازیی بەرژەوەندی وجیاوازیی ئایدۆلۆجیی پارتە کانەوە . هیشتا زۆرێک لەو پارتانە پیکەوەژیانیان لەگەڵ داگیرکەراندا لاباشترە وەک لە سەربەخۆیی کوردستان . ئیتر چی پارتیکی عیراقچیو پارتیکی ئیرانچی کۆئەکاتەوە !؟ بۆیە ئیمە کار بۆ هەماهەنگیەکی نەتەوەیی ئەکەین. واتا هەماهەنگیی ئەو لایەن و گروپ و تاکانەی باوەریان بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە و کاری راستینەی بۆئەکەن و کردارو رەفتارەکانیان پیچەوانەی ئاراستەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیە. لەگەل ئەوەشدا پیخۆشحال ئەبین بە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وئامادەئەبین بۆبەشداری تیایدا .
پ12. مەرجەکانی بوونەئەندام چیە لە ریکخستنەکانی (بەرەو سەربەخۆیی)دا *
و12 ـ وشەی (ئەندام)لای رەوتی بەرەو سەربەخۆیی بوونی نیە . لەم رەوتەدا ، هەماهەنگی هەیە . هەرکۆمەڵ و هەر تاکێک ئەشێ هاوبیرو هەماهەنگبێ لەگەل ئەم رەوتەدا بە مەرجێ باوەری بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێ و کاری بۆبکات و کردارو رەفتارەکانی پیچەوانەی ئاراستەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نەبێ .واتا ریکخستنە نەتەوەییەکان ئەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپاریزن ، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵ ئەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپاریزن . تەنانەت ئەوانەی لە پارتیکی نیشتمانی کوردستانیدان ئەتوانن هەرلەو پارتەدا بمیننەوە و هەماهەنگی (بەرەو سەربەخۆیی)بن و ...هتد . ئەوەی پیویستە لەوانە هەموویان ئەوەیە : لە کاتی پیویستدا هاوکاری یەکدی و هەماهەنگبن بەرامبەر هەر کارو هەلویست و دەنگدانیک بۆ سەربەخۆیی کوردستان و

رایەڵێکیش لەنێوانیاندا هەبێ بۆ گۆرینەوەی بیرورا و یەک هەڵوێستی . ئەو رایەلەش ئەکرێ پەیوەندیی کەسینەی راستەوخۆبێ ، یا لە ریگەی هۆکارە ئەلەکترۆنیەکانەوەبێ. بە هیچجۆرێکیش هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانەدا ناکرێ کە ناپاکیی نیشتمانیان کردبێ یا بۆ گێرەشیوینی و سیخوری خۆیان بهاوێژنە ناو ئەم رەوتەوە . وەرگرتنی بەرپرسیارێتیش ، خۆبەخشانەیە بۆ هەر چالاکیەک،. بەریوەبردنی کارەکان لەلایەن خۆبەخشەکانەوە ، بەریوەبردنیکی بە کۆمەڵە . سەرۆک یا سکرتیری گشتیشی نابێ . ئەمانەو وردەکاریی زیاتر لە یەکەم کۆنفرانسدا شیئەکرینەوەو بریاریان لەسەرئەدرێ .

پ 13. ئایا هیچ کاریکتان لەگەل (یو . ئین) کردوە بۆ بیرۆکەی (بەرەو سەربەخۆیی)؟

و13 ـ بیرۆکەکەمان بەم جۆرەی ئیستا ، جارێ تازەیە . بەلام پیشتر سالی 2004 هەندیک هەوڵمان لەگەل یو ئێن دا لەبارەی دۆزی کوردەوە . کیشەکە ئەوەیە، یو ئێن بەپیی مادەی 11 برگەی 2 و مادەی 35 برگەی 2 لەپەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان ، تەنیا لە دەولەتەکانەوە (ئەندام یا نائەندام) پیشنیارو داواکاری وەرئەگرێ. بۆیە زۆر پیویستە هەرچی زووترە دەولەتیکی کوردیی سەربەخۆ رابگەیەنرێ ،سەرەتاهەرچیچەندێ سنووری جوگرافیاکەی بچووکیشبێ ، دوایی تەشەنە ئەکا بۆ سەرتاسەری کوردستان .

***********



شیاوی وتنە :

1-لەکۆتاییدا بەریزان :

د .جەمال نەبەزو

د .جەوادمەلاو تیکرا

ئامادەبوان ، سمینارەکەیان بەباشی نرخان

2-سمینارەکەش 6 دەمژمێری خایان

- 3- دوایی بە بریاری هاوبیران رۆژی 2013/10/25 ناوەکە بوو بە (کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی) .

سیمینارەکە تەواو

62 – هەڵۆ: تا ئێستاش زۆرکەس بەئاواتەوەیە کاژیکنامە ببینێ. هۆی چییە بە فراوانی بڵاونەکراوەتەوە؟ ئەکرێ ئێستا بیخەیتە بەر دیدی خوێنەرەوەی ئازیز؟

- ژیر: لەسەرەتادا ئەوەندەی لە توانادابوو، لەکوردستان بڵاوکرایەوە. بەڵام کاتێ لە ئەوروپا چاپی دوەم کرایەوە، وەک بینیمان هەندێ شتی لێزیادکراوە . دوایی سەرکردایەتی، بریاریدا ئەوانە لاببرێن. لقی ئەوروپاش بریارەکەی جێبەجێکرد. بەڵام ئەمجارە بە عەرەبی چاپیکردەوە *بەبێ زیادەکان* . ئێستا من تەنیا چاپکراوەکەی 1968 تم لەبەردەستایەو پێشکەشتانی ئەکەم. زیادەکانیش ئەوانەن کە لەبەندی 10 و برگەکانی ( ا ، ب ، ج ، د )لاپەڕە 91 تا( دوا وشە ) لاپەڕە 92 دا چاپکراوە. ئەمەش دەقی چاپەکەی 1968 کە لە ماڵپەڕی بڵاوکراوەکانی برای هاوبیرمان مامۆستا هاورێ باخەوانەوە وەرمگرتوە:

|<>|

ئەدەبیاتی

# کاژیک

کۆکردنەوەی

هاوڕێ باخەوان

چاپی یەکەم

# بەوانەی هەردەم باوەڕیان بە دامەزراندنەوەی شکۆی لەناوچووی کورد هەبووە و هەیە:

# پێشکەشە

# نـــــــــــــــــــاوەڕۆك

پێشەکی ..................................................................... 4
کاژێکنامە..................................................................... 7
بانگی کاژێك – ژمارە 1............................................... 96
بانگی کاژێك – ژمارە 2............................................... 108
چۆن هاوبیرێك بۆ کاژێك وەدەست ئەهێنێت؟................... 138

# پێشەکی

**هاوبیران:**

کاژیك, ئەو رێکخراوەیە کە زۆرمانی بەبیری نەتەوەیی گۆش کردووە. راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاری لەبیر و بۆچوونەکانمان کردووە. تەنانەت کاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی, رامیاری و زۆر لایەنی تر لە ژیانمان کردووە. هەربۆیە هەمووومان پێویستمان بەوە هەیە کە باشتر کاژیك بناسین و بزانین بەتەواوەتی چی بووە و چیی ویستووە؟.

ئاشکرایە کە زۆر لایەنی کاژیك و زۆر هەڵوێستی کاژیك تاوەکو ئێستا بە تەمومژی ماوەتەوە و هەندێك لایەنیشی تاوەکو ئێستا لە بازنەی نهێنییەکاندایە... دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نهێنگیریی خودی کاژیك خۆی.

ئەم نووسینەی بەردەستتان جگە لەوەی بەهیوایە ببێتە دوو توێیەکی گشتگری گشت ئەدەبیات و ئەرشیف و ئەندامانی کاژیك, هەروەها لە داهاتوودا بەهیواشە هەندێك خاڵ بخاتە سەر ئەو نووسینانەی کە کاتی خۆی کاژیك نووسیویەتی و وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بداتەوە کە من و تۆ ماوەیەکە لەخۆمانی دەکەین.

هیوادارم بەکۆکردنەوەی ئەو ئەدەبییاتانە کاژیکم خستبێتە بەردەستی بەڕێزت و ئەوانەشی کاژیکیان نەناسیوە یان نەبیستووە...

بیناسن و بیبیستن. کێ دەڵێت ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو کات و بارێك زۆرتر پێویستمان بە کاژیکێکی دی و بەجۆرێکی دی نییە؟!...

لێرەوە تکا و داوام لە خوێنەرانی بەڕێز هەیە کە هەر بڵاوکراوەیەکی کاژیکیان لەلایە و لێرەدا نییە, هەرچۆنێك بێت بیگەیەننە دەستم تاوەکو لە چاپەکانی تردا بڵاویبکەمەوە. هەروەها هەر بەم شێوەیە خەریکی کۆکردنەوەی ئەرشیف و ئەدەبیاتی پاسۆکیشم و لەداهاتوودا ئەویش دەخەمە بەردەستی بەڕێزتان.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە یادێك لە مامۆستایەکی رەوانشادی خۆم بکەم, کە بووە هۆی ئەوەی من بۆ یەکەمینجار لە تەمەنی هەفت هەشت ساڵانەمەوە ناوی کاژیك ببیستم.

لە سەرەتای هەفتاکاندا خوێندکاری سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی دەرگەزێنی سەرەتایی کوڕان لە شاری سلێمانی, لەو ساڵەدا مامۆستایەکی قەڵەوی رووخۆشمان هەبوو و ناوی مامۆستا "عێززەت" بوو. پێشیان دەگووت "عێززەتە سوور". ئەم مامۆستایە پاش ماوەیەك دیار نەما و ئەوەندەشی پێنەچوو وتیان مامۆستا عێززەت لەسێدارە دراوە چونکە "کاژیك" بووە. ئەوە یەکەمین ناسینی من بوو بە کاژیك. ئەو رووداوە هەروەك هەر رووداوێکی کاریگەر کەلە تەمەنی منداڵیی هەر کەسێك روویدابێت و دیارە بیرناچێتەوە, لەلای منیش تا ئەم کاتە رووخساری ئەو مامۆستا رەوانشادەم هەر لەیادە و بیرم ناچێتەوە.

هەروەك چۆن کاژیکیش لەبیر مێژووی کوردایەتی ناچێتەوە و ئەوەتا ئێمە لە دووتوێی ئەم نووسراوەدا دەیانخوێنینەوە...

2003-12-01

هاوڕێ باخەوان

# کاژیکنامە


کوردستان بۆ کورد
یەکسانی بۆ گەل

کاژیکنامە

ـ فەلسەفەی حیزبی کاژیک لە چەند دێڕێکدا ـ
لە
ئاوەڕاستی تەمموزی (١٩٦١) دا بۆیەکەمین جار
بڵاوکراوەتەوە

چاپی دووەمین
٢٥٨٠ کوردی = ١٩٦٨ فەرەنگی

بەرگی یەکەمی چاپی دووەمی کاژیکنامە

# بەناوی خوا و ناوی کوردەوە[1]

## مژدە و بانگ

باوکە رەوشت جوانە قارەمانە سەربەرزەکان. دایکە شۆخوشەنگە دڵ و دەروون پاکە رووسوورەکان. کوڕوکاڵانی بەشانوباهووی بست بە بستی کوردستان. ئەی ئەو خوشك و برایانەی لەسەر دەستی بیروباوڕی نەتەوەیی کوردیدا, بە تێشووی تۆڵە کردنەوەی لە پشت بەستراویاندا ئامادەیی سەردانانی سەندنەوەی سەربەستیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانن. ئەی دلێرانی رێی کوردایەتی بە خۆش و گۆش. ئەوا بە بەڵێن و گفتی بیروباوڕی نەتەوەیی کوردیی بە بێن و تەوژمەوە, بە چراوگی هەستی کوردایەتییەوە, لە رێ و بانی شەوەزەنگی بە دێوودرنج گیراودا, بانگی کردنەوەی بەختی کوردان و هەڵهاتنی رۆژی نوێی کوردەواریتان بەگوێدا ئەدەین. مژدەی لەبێشە هاتنە دەری بێچووە شێرانی کوردستانتان ئەدەینێ بە شیری بیروباوڕی نەتەوەیی و قەڵغانی رەفتار و کرداری قارەمانانەوە, پیرۆزباییی جەژنی جووڵانەوەی خۆبەختکردن و تۆڵە سەندنەوەتان لێ ئەکەین لەژێر ئاڵای کاژیکدا کە پشتی وا بە کێوەکانی کوردستانەوە و ئاشنا و رۆشناکانیشی

---

[1] تێبینی: ئەم کاژیکنامەیە لەبەر چاپی دووەمی کاژیکنامە تایپکراوەتەوە (بەبێ هیچ دەستکارییەك).

لە هەندێك شوێندا بەپێویستم زانیوە چەند سەرنجێك دەرببڕم, هەموو ئەو پەراوێزانەم بەجیا نووسیوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ پەراوێزەکانی خودی چاپی دووەمی کاژیکنامەدا تێکەڵ نەبن, لە کۆتایی پەراوێزەکانی خۆمەوە نووسیومە (هـ.ب).

شۆڕەسوار و دەست ڕەنگین و هۆشدارانی نەتەوەیی کوردن. لە پێناوی سەندنەوەی ئازادیی کورد و سەربەخۆییی کوردستان و دامەزراندنی ڕژێمی کاژیکیدا.

## سەرەتا

لەو ڕۆژەوە کە ئادەمیزاد خۆی لەسەر ئەم زەمینە دیوە, خوا ڕەنگێکی وای بۆ ڕشتووە کە بکەوێتە جەنگ و بەربەرەکانیوە لەگەڵ هێزەکانی خۆڕسك (الطبیعة)دا, وە لە ئەنجامی ئەم بە یەکدادان و چنگ نانە چنگی یەکەوە, هەندێ لەو هێزانە زاڵ بوون و بە هێز بوون و هەندێکی تریشیان بەزیون و کزبوون. شتێکی زۆر سەیرە کە نەك هەر تەنیا ئادەمزاد, بەڵکو هەموو گیان لەبەرێك, سەراپا, هەستێکی خۆماتکردوو لە ناخی دەروونیدا ڕەگی داکوتاوە, هەمیشە بۆ ئەوە پاڵی پێە ئەنێ کە زیاتر خۆی بگری و درەنگتر ببەزێ تاکوو پتر بژی و زۆرتر بمێنێتەوە لەم جیهانەدا.

ئەم خۆڕاگرتن و هەوڵی مانەوەیە– وەك هەر لە مێژەوە لە تاکەتاکەی خەڵکیدا بووە, دیارە لە نێو هۆز و گەل و نەتەوە جۆر جۆرەکانیشدا هەر بووە. هەر یەکێ لەوانە بەگەلێ هۆ و ڕەنگی جیاواز و لە گەلێ کالا و بەرگی جیاوازدا ئەم ئارەزووی مانەوەیەی دەربڕیوە و ویستوویەتی خۆی لە توانەوە و لە ناوچوون بپارێزێ. بەلای ئێمەوە قایمترین و باشترین کالا بۆ پاراستنی زوربەی نەتەوەکان لە دەورانی کۆندا ئەو بیروباوڕانە بوون کە لە شێوەی ئاین و ئاینزا (مذهب)ی هەمە

چەشنەدا خۆیان دەرخستووە. لە گەڵ ئەوەشدا وەنەبێ بڵێین هەموو نەتەوەیەك توانیوێتی هەر بە تەنیا بۆ خۆی بژی و دوورەو پەرێز لەوانی تر بوەستێ. چونکە گەلێ جار هەر بە هۆی ئەم ئاین و ئاینزایانەوە چەند نەتەوەیەك لەژێر ئاڵای تاکە رژێمێکدا کۆبوونەتەوە و پێکەوە ژیاون. بەڵام ئەم ئاین و ئاینزایانەش لە کانگای چ نەتەوەیەکیانەوە هەڵقوڵابێ بەزۆری ئەوەیان توانیوێتی دەست بەسەر ئەوانی تردا بکێشێ و بیانخاتە چوارچێوەی نەتەوەییی خۆیەوە. لەبەر ئەوە ئەوانیش کەوتوونەتە بەربەرەکانی وە لەگەڵی و لە ئەنجامدا یان سەرکەوتوون و سەربەخۆبوون, یان بە جارێك ژێرکەوتوون و بەرەو توانەوە چوون. چاکترین وێنەش بۆ ئەمە ئاینی دیانە (مسیحی)کانە. چونکە ئەوە بوو کاتێك ئاینی دیانێتی نەتەوەکانی ئەورووپای لە ژێر سایەی خۆیدا کۆکردبووەوە, لە هەمان کاتدا ئەیویست زمانی لاتینیش بەسەر زۆریاندا بسەپێنێ. (هەرچەندە زمانی لاتینی لەوەپێش لەناو هەندێکیاندا بڵاوبووبوەوە). هەروەها ئەتوانین یەکەم جیابوونەوەی کەنیسەی (ئۆرتۆدۆکس) بە کردەوەیەکی نەتەوەیی بژمێرین. چونکە پاش جیابوونەوەی هات یەکسەر زمانی یۆنانی کرد بە زمانی رەسمی خۆی و بەم جۆرە بەشێکی زۆری ئەورووپای رۆژهەڵات لە چنگ زمانی بێگانەی لاتینی رزگاری بوو. تەنانەت جیابوونەوەی کەنیسەی (بولگاری)ش لە کەنیسەی (ئۆرتۆدۆکس) لەم دواییەدا, دیسانەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەم قسەیە. جگە لەوەش ئەو نەتەوانەی زمانیان لاتینی نەبوو لە رۆژاوای ئەورووپادا وەك گەلانی جەرمانی و ئەنگلۆساکسۆنی توانیان

بەهۆی وەرگرتنی ئاینزاکانی پرۆتیستانتەوە زمانی خۆیان بپارێزن[1] کە ئەم کارەش لە خۆیدا کردەوەیەکی نەتەوەییە[2] هەر بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین هەموو ئاینەکانی چەرخی بت پەرستی تێکڕا بە کرداری نەتەوەیی ئەژمێردرێن. چونکە هەموو جۆرە تکا و نزا و پەرستینێکی ئەو بتانە هەر کەسە بە زمانی وڵات و نەتەوەی خۆی کردوویەتی. مانای وایە لە رێی پاراستنی زمانەکەیەوە نەتەوەکەی خۆشی پاراستووە. کە وڵاتێکی بێگانەشی داگیرکردبێ چووە ئاینەکەی خۆی بە زمانەکەی خۆی, بەسەر وڵاتی داگیرکراودا سەپاندووە و بەوە سنووری بڵاوبوونەوەی زمانەکەی فراوانتر کردووە. دوایی ئەتوانین لە ئاینی ئیسلامیشدا جووڵانەوەی (خەواریج)[3] و (شیعەگەرێتی) و (شعوبێتی) بکەین

[1] بۆ وێنە مارتین لۆتەر کە داهێنەری ئاینزای پرۆتیستانت بوو, هەر خۆی یەکەمین کەسیش بوو کە ئینجیلی وەرگێڕایە سەر شێوەی ژوورووی ئەڵمانیا و لەو رێگەیەوە زمانی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار کردە زمانی خوێندن و نووسین.

[2] بەپێچەوانەی ئەمەوە بەشبوونی ئاینێك بۆ دوو ئاینزا لە ناو تاکە یەك نەتەوەدا, ئەو نەتەوەیەك ئەکا بە دووپارچەوە لەڕێی دووکەرتکردنی کولتوورە نەتەوەییەکەیەوە. بۆ وێنە: زمان و ئەدەبیاتی سورەیانی لە سەدەی سێی فەرنگیدا یەك توخم و یەکگرتوو بوو. بەڵام کە لە سەدەی پێنجەمدا بەهۆی ناکۆکیی ئاینییەوە, سوریانەکانی رۆژهەڵات (نەستووریەکان) خۆیان لە سوریانەکانی رۆژاوا (یاقووبیەکان) جیاکردەوە, لەو دەمەوە زمانەکەشیان وردە وردە بوو بە دووشێوەی زۆر لە یەکتری جیاواز و رێگەی گەشەکردنی یەکتوخمانەی لێ گیرا.

[3] خەواریج (الخوارج) ئەو موسوڵمانانە بوون کە نەسەر بە (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) و نەسەر بە (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) بوون. ئەمانە تاقمێکی شۆڕشگێر بوون.

بەنموونەیەکی زۆر چاك بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی. لێرەدا ئەبینین مێژوونووسی عەرەب (ساطع الحصري) ئەڵێ: "ئەو بزووتنەوە شعووبیانەی کە لە مێژووی ئیسلامدا ناویان دەرکردووە هەموو لەو جۆرە بزووتنەوانە بوون کە دەستاو دەستیان دەکرد لە نێوانی ئەو نەتەوە ناعەرەبانەدا کە ئاینی ئیسلامیان وەرگرتبوو. راستیەکەی ئەمانە بزووتنەوەی نەتەوەیی بوون بە هەموو مانای وشە"[1].

شی کردنەوەی مێژووی کورد

(1)– کورد پێش ئیسلامەتی

ئەمجا با لەبەر رووناکایی ئەم قسانەماندا تۆزێك مێژووی کورد شی بکەینەوە.

لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆنی گەلانی رۆژهەڵات و بەتایبەتی سۆراخی زانا زمانەوان و ئەرکیۆلۆجیستەکان دەری ئەخەن کە کورد نەتەوەیەکی یەکجار کۆن و بە دەمار و خاوەنی رابردوویەکی زۆر رۆشن بووە. ئەم کوردە لە دەورانی کۆندا بە گەلێ ناوەوە ناسراوە وەك کورت, کوردۆئین, کوردخۆی, کورتی, کوتێوی, گوتو, کاشی... هتد, کە ئەمانە هەر یەکە فەرمانڕەوا و دەستڕۆیشتووی چاخی خۆیان بوون. تەنانەت کاشییەکان نزیکەی حەوت سەدساڵێك وڵاتێکی فراوانیان

---

بە ناوبانگترین پێشەوای ئەم تاقمە (منصور مساوری خارجی) بوو کە کوردەکان زۆر پشتگیرییان کرد.

[1] ساطع الحصري: ماهي القومية. الطبعة الاولى – دار العلم للملايين – بيروت 1959.

حوکم کردووە. بێجگە لەوەش زمانی کوردی لە زمانە ئاری[1] یە رەسەنەکان ئەژمێردرێ. گەرچی ئەگەر هۆی تواندنەوەی بۆ برەخسێنرێ چار نیە هەر بەرەو توانەوە ئەڕوا و لە ئەنجامدا خۆی بۆ راناپسکێنرێ وەك هەموو زمانێکی زیندووی تر کە بکەوێتە گێژاوی قەلاچۆکردن و تووناکردنەوە.

کورد لەسەردەمی کۆندا گەلێك دەوڵەتی گەورە گەورەی دامەزراندووە. لە هەموویان مەزنتر و ناودارتر ئیمپراتۆرێتی (میدیا) بووە (612–550) پ.ز. کە بەهێزترین دەوڵەتی جیهان بووە لەو رۆژەدا. هەروەها ئەوەندە زانا و نووسەر و فەیلەسووف و رۆشنبیری بووە کە بە تەنیا ناوهێنانیان نامیلکەی گەورە گەورەی ئەوێ. هەرچەندە لەبەر تیشکی بیروباوەری کوردایەتیی کاژیکانەدا هیچ بایەخێکیان نادرێتێ. چەنکە هەر رەنجێکیان داوە بۆ خزمەتی کورد و بیری کوردایەتی نەبووە. ئالا هەڵگری پەیامی ئارییایی[2] زەردەشتی بەناوبانگ کە بە پێی

[1] (ئاری) لە هەندێ شوێندا بەمانای (خاوەن) و (داگیرکەر)ە و لە هەندێ شوێنی تردا بەمانای (مەرد) و (جوامێر)ە. نەژادی ئاریا ئەو لکەیە لە کۆمەڵە گەلی هیندوجەرمانی کە لە هیندستان و ئێرانی کۆندا ئەژیا. لەبەر ئەوە کە ناوی گەلانی ئارییایی ئەبەین تەنیا مەبەستمان لە کورد, فارس, بلووجی, ئەفغانی, تاژیکی, هیدۆکی و ... هتدە ئەگینا نەتەوەی ئەڵمان ئاری نیە. چونکە هەموو هیدو–گێرمانێك بە (ئاری) ناژمێردرێ. ئەم ناوی ئارییە لە کاتی فەرمانڕەواییی حیزبی نازیدا لە ئەڵمانیا بە هەڵە بەکار ئەهێنرا.

[2] مەبەست لە پەیامی ئارییایی ئەو پەیامەیە کە بۆ یەکەم جار لەسەرزەمینی ئارییاییەوە بەسەرکردەیەتیی زەردەشت سەری هەڵدا بۆ پێشڕەویکردنی هەموو

هەندێك سەرچاوەی ئیسلامی پێغەمبەر بووە و ئاینەکەشی بە بنەچە و رەچەڵەکی گەلێك لە ئاینە ئاسمانییەکانیی تر ئەژمێردریٚ فەیلەسووف و زانایەکی کورد بووە. لەم رووەوە کورد نەتەوەیەکە خاوەنی پەیامێکی ئاسمانییە بۆ سەرانسەری جیهان و گشت نەوەی ئینسان.

جا وەکو وتمان هەندێك ئاین ئەبنە هۆی تێکەولاّوبوونی چەند نەتەوەیەك. ئیمپراتۆرێتی میدیای کوردیش توانی بەهۆی ئاینی زەردەشتەوە– کە لە ناو فارسەکانیشدا پەرەی سەندبوو– ناوچەی فارسیش بخاتە ژێر دەست خۆیەوە. خۆ ئەگەرچی زمانی فارسی و کوردی ئەو دەمە ئەبیٚ زۆر لەیەکەوە نزیك بووبن و هەر یەکە بە ئاسانی توانیبێتی لەوی تر بگات, لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئاینەکە هی کوردەکان بوو, فارسەکان لە پێشەوە بوونە (تەبەعە)ی کوردەکان (کە خۆیان خاوەنی ئاینەکە بوون و پێغەمبەرەکەش هەر لە خۆیان بوو) بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. وەك چۆن تورکە عوسمانلییەکان بەهۆی فرتوفێڵی خەلافەتەوە توانیان سەرۆکایەتیی ئیسلامی لە دەست عەرەبەکان بستێنن. لە کاتێکدا کە عەرەبەکان خۆیان خاوەنی ئاینی ئیسلام بوون و پێغەمبەرەکەش هەر لە خۆیان بوو.

زۆرزانی فارسەکان بە ئەندازەیەك بوو تەنانەت (کۆرش)ی فارس[1] کە دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست و (میدیا)ی خستە ژێر رکێفی

ئادەمیزاد. ئەم پەیامە تەنیا ناوەکەی وایە ئەگینا پەیوەندیی نیە بەرەگەزپەرستێتییەوە.

[1] کۆرش یا (کەیخەسرەوی گەورە) شی هەخامەنشییەکان (کیانییەکان) بووە.

خۆیەوە کوتومەزرەقی## هەڵنەشاخایەوە بە رووی ئاینی زەردەشتدا و بۆ پارێزگاری و بنبەستکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناو کوردەکاندا, جاریٚ تا ماوەیەك مووغەکانی[1] زەردەشتی هەر هێشتەوە لە شوێنی خۆیان. جگە لە دەست نەکێشانە کاروباری کۆنی مادەکان و هێشتنەوەی زۆری فەرماندارەکانیان تا وردە وردە لە دەرفەتدا لە ناوی بردن و ئەو حەلە فەرمانڕەوایی خۆی بە جاریٚ چەسپاند.

لە پاش رووخانی دەوڵەتی (میدیا) وڵاتی کورد بەشکراو چەکی ئاینی زەردەشتیش لە چنگ کورد دەرهێنرا و کەوتە دەست ئەوانەی خاوەنی نەبوون. ئەمجا بەرەبەرە هەر هەمان ئاین گیانی کوردانەشی لەبەر داکەندرا و ئیتر لەوساوە کورد هەروا لەژێر رکێفی ناوچەی فارسدا مایەوە هەتا پەیدابوونی ئیسلام. ئەگەرچی جاروبار هەندێك راپەڕینی کوتوپڕ و شۆرشی پچڕپچڕ روویان داوە و بوونەتە هۆی سەربەخۆبوونی هەندێك ناوچەی بچووك بچووك لە کوردستان, یا داگیرکەرێکی وەك یۆنانی یا ئەمەنی یا رۆم ناوچەیەکی کوردستانی بۆ ماوەیەکی کەم بۆ خۆی زەوت کردووە, لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەر تێکڕا ژێر دەستەی (فارس) بوون.

---

[1] مووغ واتا مەلای زەردەشتی. ئەم وشەیە بە زمانی ئێرانیی کۆن (مەگوش)ە کە وشەی (مجوس)ی عەرەبی لەمەوە هاتووە. دوورنیە وشەی (موان)یش کە گوندێکە لە ناوچەی سلەیمانی (کوردستانی عێراق) لە (موغان)ەوە هاتبیٚ, واتا جیٚ و نزرگەی مووغەکانی زەردەشت.

## (2)– کورد پاش ئیسلامەتی

لەژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا عەرەبەکان توانیان (کیانی ئاینی) و لە پاڵ ئەویشدا (کیانی سیاسی)ی فارسەکان لە ناوبەرن وە بە هۆی ئەوەوە وڵاتی کوردستانیش کە ئەو دەمە لەژێر دەستی (فارس)دا بوو کەوتە ژێردەستی عەرەبەکانەوە[1].

هۆی شکانی سوپای فارس بەو گورجییە لە لایەن عەرەبەکانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ تازەیی و پڕچەکیی ئاینی ئیسلام لە لایەکەوە و لە لایەکی کەشەوە بۆ بەکارهێنانی ئاینی زەردەشت بە ناڕاستی و پرهەڵەیی لە لایەن فارسەکانەوە. وە لەبەر ئەم دوو هۆیەی سەرەوە لەپاڵ شەڕوشۆڕێکی یەکجار درێژ و خوێناویدا عەرەبەکان توانیان ئیمپراتۆرێتی ئێران برووخێنن و ئاینی ئیسلامەتیش وردە وردە بچەسپێنن. ئیتر لەگەڵ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئیسلامەتیدا, کوردەکان دۆستایەتییان وەك چۆن لەوەپێش لەگەڵ فارسەکاندا بەستبوو بە هۆی ئاینی زەردەشتەوە, ئاواش لەگەڵ عەرەبەکاندا گرێی دۆستایەتییان بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە بەست.

هەرچەندە کوردەکان ئەم پەیوەندیی دۆستایەتییەیان لەگەڵ عەرەبدا بەست, بەڵام جاروبار هەر هەستی نەتەوەیی هانی ئەدان بۆ شۆڕش بەرپاکردن و بێزاری دەربڕین. وەکو هاوبەشیی کوردەکان لە شەڕوشۆڕی (خەواریج)دا کە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە.

---

[1] بە پێی سەرچاوە ئیسلامییەکان سوپای عەرەب لە ساڵی (18)ی هیجریدا گەیشتە کوردستان.

عەرەبەکان چونکە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا هێشتا گیانی عەرەب پەرستییان زۆر ریشەی دانەکوتابوو و هەموو لایەکی کوردستانیان داگیر نەکردبوو, لەبەر ئەوە کورد جارێ نەکەوتبووە سەر کەڵکەڵەی شۆڕش کردن. بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەوری خەلافەتی ئەمەییەکاندا (622–750) گیانی عەرەبایەتی یەکجار بەهێز بوو و ئەمەوییەکان بە چاوێکی زۆر نزمەوە سەیری گشت ناعەرەبێکیان ئەکرد, ئەوسا کوردەکان بەگیانێکی پڕلەسۆز و هەستی نەتەوەییەوە دەستێکی باڵایان هەبوو لە رووخاندنی بنەماڵەی (ئەمەوی) لە (750)دا و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی بە یارمەتیی ئەبو موسلیمی خۆراسانی لە هەمان ساڵدا. ئەوە بوو کە ئەبو موسلیم ویستی نەیەڵێ دەوڵەتی عەباسیش وەك دەوڵەتی ئەمەوی لێ بێ. عەرەبەکان بە کوشتن پاداشیان دایەوە[1].

[1] تەنانەت هۆنەرێکی عەرەب کە ناوی (ئەبو دولامە) بووە بە هەڵبەست جنێو بە (ئەبو موسلیم) و باووباپیرە کوردەکانی ئەدات:

ابا مجرم هل غير الله نعمة علي
عبده حتى يغيرها العبد
افي دولة المنصور حاولت غدره
الا ان اهل الغدر اباؤك الكرد
(تەماشای الجاحظ: حياة الحيوان## بکە).

بە لەناوچوونی (عەباسییەکان) بەدەستی (مەغۆلەکان)[1] عەرەبەکان یەکێتیی سیاسی و مەعنەویی راستەقینەیان لە ناوچوو. زمانەکەشیان پەکی ئەوەی کەوت کە بتوانێ بنکە لە وڵاتی فارس و کورددا دابمەزرێنێ[2]. ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە پەیدابوونی مەغۆلەکان بوو بە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی (عوسمانلی) لە بەشێك لە (تورکیا)ی ئێستە و دەوڵەتی (سەفەوی) لە ناوچەی (فارس) و چەند ئەمارەتێکی کوردیش لە کوردستاندا.

## پەیدابوونی عوسمانلی و سەفەوی

بنەماڵەی عوسمانلییەکان لەسەر داروپەردووی قرچۆکی ئیمپراتۆرێتی رۆمانی و نەمانی یەکێتیی راستەقینەی سیاسیی عەرەبەکان لە کۆتایی سەدەی (13)ی فەرەنگیدا دەوڵەتی عوسمانلییان دامەزراند وەلەبەر ئەوەی وردە وردە دەمیان ژەندبووە رۆمەکان و بەناوی غەزاوە لەناویان ئەبردن, هەتا ئەهات پایەی رێزیان

[1] سەرکردەی مەغۆل و تورکومانەکان (هۆلاکۆ) لە (1258)دا بەغدای داگیرکرد و دوا خەلیفەی عەباسی (مستعصم بالله)ی کوشت.

[2] مێژوونووسی ناوداری عەرەب (ابن خلدون) لە (المقدمة) بەناوبانگەکەیدا شایەتی بۆ ئەمە ئەدا و ئەڵێ: "فلما## ملك التتر والمغول بالمشرق و لم يكونوا على دين الاسلام ذهب ذلك الموج و افسدت اللغة العربية على الاطلاق ولم يبق لها رسم في الممالك اللاسلامية بالعراق و خراسان و بلاد فارس و ارض الهند – مقدمة ابن خلدون – الطبعة الثالثة – المطبعة الادبية – بيروت ( 1900) – ص (380).

له دڵی موسوڵمانه‌کاندا به‌رزتر ئه‌بووه‌وه. که له دواییشدا خه‌لافه‌تیان گرته ده‌ست خۆیان, ئیتر به ئاسانی توانیان هه‌موو موسوڵمانێکی سوننی بخه‌نه ژێر رکێفیانه‌وه. به‌ڵام چونکه فارسه‌کان له رووی گیانی نه‌ته‌وه‌ییانه‌وه له ژێر ئالای شیعه‌گه‌رێتیدا ده‌وڵه‌تی (سه‌فه‌وی)یان له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی (16)ی فه‌ره‌نگیدا دامه‌زراندبوو توانیان کیانی خۆیان بپارێزن. له کاتێکدا کورده‌کان له رووی ئه‌وه‌وه که به‌شی زۆریان سوننی مه‌زه‌ب بوون, عوسمانلییه‌کانیش مه‌ترسی شیعه‌کانیان یه‌کجار خستبوونه دڵه‌وه و به هۆی ئه‌وه‌وه که ده‌ماری نه‌ته‌وه‌ییان به جارێ سڕ و سست بوو بوو, له رووی دڵساف و ساویلکه‌ییی خۆیانه‌وه له تورکه‌کان نزیك بوونه‌وه و ئه‌وه‌بوو به سایی ده‌ڵاڵی (ئیدریسی بیتلیسی)یه‌وه کوردستان له (1515)ی فه‌ره‌نگیدا که‌وته ژێر ده‌ستی تورکه‌کان, به‌رامبه‌ر هه‌ندێك گفت و به‌ڵێن که درا به کورده‌کان و له ئه‌نجامدا هیچیشی راست ده‌رنه‌چوو[1].

[1] ئیدریسی بیتلیسی خۆی له کتێبه‌یدا هه‌شت به‌هه‌شت (هشت بهشت – کتێبێکه به فارسی دای ناوه له باره‌ی مێژووی خه‌لیفه‌کانی عوسمانلییه‌وه) دان به‌وه‌دا ئه‌نێ که سوڵتان سه‌لیم داوای لێ کردووه په‌یوه‌ندیی بگرێ له‌گه‌ڵ ئه‌میره کورده‌کان و بیانبه‌ستێ به ده‌وڵه‌تی عوسمانلییه‌وه به شێوه‌یه‌کی فیدراڵی. هه‌روه‌ها له نامه‌یه‌کدا که سوڵتان سه‌لیم له (15ی شه‌ووالی 921ی هیجری – 1ی نۆڤه‌مبه‌ر 1515)دا بۆ ئیدریسی بیتلیسی نووسیوه, به ئاشکرا ده‌رئه‌که‌وێ که سوڵتان سه‌لیم بۆ ئه‌م مه‌به‌سته چه‌ند به‌رتیلی داوه به بیتلیسی و میره کورده‌کانی چۆن به پاره و دیاری له خشته بردووه (بۆ خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و نامه‌یه ته‌ماشای: خوجه سعدالدین: تاج التواریخ – جزء 2 لا 322)بکه.

بەڵام تورکە عوسمانلییەکان چونکە هەستی نەتەوەییان لە پەیوەندیی "برایەتی" بەهێزتربوو, هەر کە پێیان داگرت ئیتر کەوتنە وێزەی کوردەکان و دەستیان کرد بە ئاوەکی کردن و تواندنەوەیان لە بۆتەی تورکایەتیدا[1]. کوردەکانیش کە لە ئەنجامی چەوسانەوەی دەستی عوسمانلی و سەفەوییەوە نەختێك وریابووبوونەوە و لە فڕوفێڵی هەردوولا گەیشتبوون, کەوتنە تەلاش. عوسمانلی و سەفەوی تا ئەهات بە دەستیانەوە وەڕستر ئەبوون. لەبەر ئەوە هەردوولا کەوتنە فاکوفیکی رێك کەوتن. تا لە ساڵی (1639)ی فەڕەنگیدا بە پێی پەیمانی زەهاو "زهاب" رەنگی سنوورێکیان لە ناو خۆیاندا رشت و بەو پێیە بەشێکی زۆری کوردستان کە ئێستە لەژێر دەستی عێڕاق و تورکیا و سووریا و رووسیادایە کەوتە بەر عوسمانلییەکان و بەشی خۆرهەڵاتیشی کە ئێستا وا بەدەست ئێرانەوە هەر لەژێر دەستی سەفەوییەکاندا مایەوە. ئەم سنوورە دەستکردە لەوساوە تا ئێستە لە کەمێ جێگۆڕکێ پێکردنی هێنانەپێشەوە و بردنە دواوەی سنگی بەیناوبەینی رەنگڕێژەکانی لێ دەربچێ, هەر ئەو رەنگ رشتنەیە و نەگۆڕاوە. واتا ئەو سنوورە ئێستەش هەر وەك خۆی ماوە.

کوردەکان کە لە رێی تاقیکردنەوەوە تێگەیشتن کە عوسمانلییەکان مەبەستیان لەم "برایەتیی ئیسلامی"یە درۆزنە و خەلافەتبازییە تەنیا داگیرکردنی کوردستانە و هیچی تر ئەوسا کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین و

[1] ئەحمەدی خانی (1650–1706) ئەم قوبەسەرییەی کوردی بە هۆنراوەی جوان لە (مەم و زین)ە نەمرەکەیدا چاك دەربڕیوە.

بەرپاکردنی هەراوهوریا. بەڵام ئەم هەراو هوریایانە بابیی پوولێك سوودیان نەبوو. چونکە هەموو کاتێك عوسمانلییە فێڵبازەکان بە ناوی (ئاین)ەوە خەلچکیان لێ هان ئەدان و هەرچی شۆڕشێکی کورد هەبوو هەر بە کوردەکان خۆیان ئەیانکوژاندەوە. وەك مەسەلەی (مەلای خەتێ)ی ناپاك و (پاشا کۆرە)ی هەڵکەتوو[1]. (عیزەدین شێر)ی بێ ئابڕوو و (میر بەدرخان)ی نەمر[2]. جگە لەوەی زۆر جار عوسمانلییەکان دەستیان لەگەڵ سەفەویەکاندا تێکەڵ ئەکرد بۆ لەناوبردنی هەموو سەرۆك و هەڵکەوتوویەك لە ناو کوردەکاندا. گەرچی عوسمانلییەکان و سەفەوییەکان لە رووی جیاوازیی مەزەبییەوە زۆر دوژمن بە یەکتریش بوون.

---

[1] پاشا کۆرەی رەواندز گەورەترین ئامارەتی کوردی دامەزراند لەسەدەی (19)دا بەناوی ئەمارەتی سۆرانەوە. جا کاتێ کە تورکەکان بەشەڕ دەرەقەتی نەهاتن چوون بەرتیلیاندا بە مەلای خەتێ. ئەویش لە خوتبەی نوێژی جومعەدا وتی: "هەر کەسێ بچێ بەگژ سوپای خەلیفەی ئیسلامدا تەلاقی ئەکەوێ و بە کافری ئەمرێ". ئەمە پشتی لەشکری میری ساردکردەوە لەشەڕ و ناچاری کرد بە خۆبەدەستەوەدان. هەرچەندە تورکەکان بەڵێنیان پێدابوو هیچی لێ نەکەن و بیگێڕنەوە شوێنی خۆی, بەڵام کە چوو بۆ ئەستەمبووڵ لە (1836)دا کوشتیان و ئەو ئەمارەتە مەزنە لەناوچوو.

[2] عیزەدین شێر میرێکی خزمی بەدرخان بوو چوو لە رقی بەدرخان یارمەتیی تورکەکانیدا دژی بەدرخان. بەڵام کە تورکەکان بە یارمەتیی (عیزەدین)ی ناپاك (بەدرخان)یان لەناوبرد, دەمودەست عیزەدینیشیان لەناوبرد. با ئەوە هەر پاداشی نۆکەر و زۆڵە کورد بێ.

عوسمانلییەکان تەنانەت لەبەر راگرتنی کیانی نەتەوەیی خۆیان کە (مەحموود خانی ئەفغانی) ئێرانی داگیرکرد و تورکیای خستە مەترسییەوە, عوسمانلییەکان کەوتنە کۆمەکی بنەماڵەی (سەفەویەکان) کە شیعە بوون و دوژمنایەتیی مەزەبییان لەبیرخۆیان بردەوە. چونکە (مەحموودخان)ی ناوبراو سوننی بوو و مەترسیی ئەوەشی لێ ئەکرا کە ئیمپراتۆرێتێکی تری سوننی لە تەنیشت ئەوانەوە دابمەزرێنێ. عوسمانلییەکان ئەم هاوکارییەیان لەگەڵ سەفەوییەکاندا کرد, هەرچەندە بە درێژاییی مێژووی تاریکی خۆیان بۆ پاراستنی (مەزەبی سوننی) بەسەرزاری و بەناو, ئەچوون بەگژ شیعەکاندا و سەروماڵ و ناموسیان حەڵاڵ ئەکردن.

لێرەدا ئەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە دەوڵەتی عوسمانلی هەتا ئەهات بەرەو کزی و بێ هێزی ئەچوو. لە لایەکەوە بەهۆی نەتەوەی زۆری ژێر دەستییەوە کە هەستی نەتەوەیی لە نێوانیاندا زیاد بووبوو. لە لایەکی کەشەوە بە هۆی دەرکەوتنی ساختەبازیی خەلیفەکانی عوسمانلی و لا چوونی پەردەی لافوگەزافی درۆیینەی ئیسلامەتی لەسەر روویان. ئەو خەلیفانەی کە بۆ کەنیژەکێك وڵاتێکی فراوانیان ئەبەخشی. دیسانەوە لەبەر نەگونجانی جۆری فەرمانرەوایی و سیاسەتی عوسمانلییەکان لەگەڵ پێویستی چەرخدا. هەر لەبەر ئەم بارەش بوو سوێندخوارەکان مرخیان لە دەوڵەتی عوسمانلی خۆش کرد و هەڵیان کوتایە سەری و لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خاکەکەیان داگیرکردوو و بە پێی پەیمانی سێڤەر و لە (1920\8\10)دا مافی جیابوونەوە درا بە

نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانلی –بەپێی هەندێ مەرج– کە کوردیش یەکێك بوو لەو نەتەوانە.

ئەمە لەم لاوە. لەو لاشەوە سەفەوییەکان کە بە ناوی شیعەگەرێتییەوە هەندێك لە کوردەکانیان فرێودابوو. وە هەندێك کوردی سوونیشیان بە زۆر خستبووە ژێر دەست خۆیانەوە هەر بە هۆی ئەم شیعەگەرێتییەوە کیانی نەتەوەییی خۆیانیان ڕاگرتبوو. بەڵام کوردەکان و بە تایبەتی سوونیەکانیان لە هەلدا## هەندێ ئەمارەتی پچووك پچووکیان بۆ خۆیان پێکەوە نابوو وە سەربەخۆییی ناوخۆییی ئەو ئەمارەتانەیان پاراستبوو. وەك ئەمارەتی "بابا ئەدەڵان" کە گەلێك جار فەرمانڕەواییی تا شارەزووریش بڕی کردووە و تەنانەت سەردەمێك "خان ئەحمەد خان" هەتا (مووسڵ)یشی لە ژێردەستدا بووە.

فارسە کاربەدەستەکان بە زۆری لەوە مڕمابوون## کە کیانی ئەم ئەمارەتانە هەر بە جارێك لە ناوبەرن. بۆ ئەمە کەوتنە فڕوفێڵ و ساختەکارێتی. تا لە ئەنجامدا توانیان ئەمارەتە کوردییەکان بە پاشکۆی خۆیانەوە ببەستن و بە فەرمانی شاهانە میرەکانیان بۆ دابنێن و لە هەمان کاتدا بیانکەنە کوتەکی دەستی خۆیان بۆ بە گژدا چوونی برا کوردەکانی تریان. کوردەکان لەم دەورەدا بە جۆرێك دەماری هەستی نەتەوەییان سڕ و بێ هۆش بوو بوو تەنانەت پاڵەوانێکی مەزنی وەك (کەریم خانی زەند) کە هەموو ئێرانی گرتبووە ژێر دەست هیچ گیانێکی کوردایەتیی نەبوو و هەمیشە هەر لە خزمەتگوزاری و بەڕێکردنی کاروباری فارس و ئازربایجاندا بوو. ئەمیش نموونەیەکە بۆ

کزی و لاوازی هەستی کوردایەتی وەك لە دواییدا لێی ئەدوێین. بێگومان هەر ئەوەش بوو پاڵی بە (کەریم خان)ەوە نا کە کوڕی دوژمنەکەی خۆی (ئاغا محەمەد قاجار) لە ماڵی خۆیدا (19) ساڵ بەخێو بکا بۆ ئەوەی ئەویش وەك مارەکەی شێخ هۆمەر لە قاپی بئاڵێ و پێوەی بدا و لە ئەنجامدا دەوڵەتی قاجاری خوێنەخوێی کورد دابمەزرێنێ و ببێتە هۆی دروستکردنی زەریایەکی لە بن نەهاتوو بە خوێنی بەناڕەوا رژاوی نەتەوەی کورد. بێگومان بێ هەستی سەردارەکانی کورد و ناکۆکیی بەینیان گەورەترین هۆیەك بوو بۆ سەرکەوتنی قاجارەکان. کوێرەوەری و چەرمەسەریی کوردی کولۆڵ بەدەست قاجارەکانەوە لێرەدا جێی نابێتەوە. لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە ئەڵێین پاش نەمانی بنەماڵەی قاجاری و لە دەمەدەمی هاتنە ناوی (رەزا خانی پەهلەوی)دا کوردەکان بە هەلیان زانی بۆ راپەڕین و خۆکۆکردنەوە و ئەمجارە لە ژێر سەرکردەییی هەندێ سەرۆکی خۆیاندا توانیان لە گەلێك ناوچەدا سەربەخۆییی خۆیان وەدەست بخەن و هەتا ماوەیەك (تاران) گێژ بکەن. لەم سەرۆکانە ("سمایل خانی سمکۆ" و "قەدەم خێر" و "سەردار رەشید" و "عەلی مراد خانی بەختیاری"). بەڵام ئەمانیش لەبەر نەبوونی رێکخراوێکی کوردانەی بەهێز کە پشتگیرییان بکا و لەبەر کزیی هەستی کوردایەتی کە بتوانێ لە هەموو تەنگانەیەکدا گەلەکۆمەکێ بە خەڵکی کوردستان بکا بەرامبەر دوژمن. هەروەها نەیاریی ناو ئەم سەرۆکانە و خۆپەرستییان بوو بە هۆی ئەوەی (رەزا خانی پەهلەوی) بە ئاسانی یەك یەك ئەمانە لە ناوبەرێت وە دەوڵەتی ئێرانی نوێ دروست

بکا و لە پاشدا ژەهری مار بکا بە گەرووی کوردەکاندا. جا ئێستەش کە ئەڵێن لە ئێراندا لە (لایەن حکوومەتەوە) فشە کوردایەتییەك هەیە و گوایە حکوومەتی ئێران مافی کوردەکانی ئەویٚ ئەدا, ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هیچ بڕوامان پێی نیە چونکە پێمان وایە مافی نەتەوەیی گوێزەبانە نیە بە خۆڕایی ببەشرێتەوە.

(4)– کورد پاش جەنگی جیهانی یەکەم

ئیمپراتۆرێتی عوسمانلی رووخا و سوپای سوێند خواران خاکەکەیان داگیرکرد و لەشکری ئینگلیز و فەرەنسا چوونە ئەستەموولەوە و یۆنانیەکانیش لە ئیزمیردا گیرسانەوە. ئیتر سوڵتان دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەما و بوو بە دەسکەلای دەستی سوێند خواران. ئا لەم کاتەدا کە هێشتا بزووتنەوەی "کەمالێتی" بە شێوەیەکی رێکوپێك دەستی پیٚ نەکردبوو وە دەوڵەتێکی عەرەبی نە لە عێراق و نە لە سووریادا نەبوو, هەروەها حکوومەتی ئێران بە دەردیی ناوخۆیی خۆیەوە, ئەیناڵاند, لەشکری تورکیش دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو بێجگە لەوەش سوێند خوارانیش لەناو خۆیاندا لەسەر سیاسەتی پاشەڕۆژی وڵاتی عوسمانلی هێشتا رێك نەکەوتبوون. ئا ئەم کاتە چاکترین هەل بوو بۆ کوردەکانی ژێردەستەی عوسمانلی ئەگەر بیانزانیایە بە کاری بهێنن و گویٚ لە گفت و بە تەمای بەڵێن و دەستبڕینی ئینگلیزەکان نەبوونایە و بە بەندوباوی برایەتیی درۆزنەی "مستەفا کەمالی گورگە بۆر" تەفرەیان نەخواردایە. بەڵام کوردەکان کە "کوردایەتی"یان کرد بە قوربانی "برایەتی" و

دەستیان لەگەڵ "گورگە بۆر"دا تێکەڵاو کرد و بوون بە هۆی زیندووبوونەوەی تورك, ئەوسا فەڕەنسیەکان و ئیتالیاییەکان لە لایەکەوە و رووسە کۆمۆنیستەکانیش لە لایەکی ترەوە سەرەڕای یارمەتیدانیان لە سەرەتاوە, دانیان بە حکوومەتی گورگە بۆردا نا لە ئەنجامدا. وە لە هەمان کاتدا ئینگلیزیش ناچار بوو مل بۆ کاری کراو کەچ بکا و مافی کوردەکان بخاتە پشت گوێ و ئەو بڕوبیانووەی کە لە سەرەتاوە ئەیگرت بۆ پێشڕەوتی مەبەستی کاری خۆی لەپاش چەند (مساوەمە)یەك لە گەڵ گورگە بۆردا دەستی لێ هەڵگرت و ئەو حەلە سوێند خوارەکان بڕیاری پاشەڕۆژی لاکی عوسمانلییان لەناو خۆیاندا دا و وڵاتەکەیان لە خۆیان بەشکرد و ئیتر ئیشی کوردیش کەوتە نەهاتی و گێژاوەوە. تورکیای تازە دروست بووش بە سەرۆکایەتیی گورگە بۆر کەوتە کەش و فش و دەماخەوە.

ئەوەی راستی بێ ئینگلیزەکان تا ماوەیەکیش هەر وایان لە کورد ئەگەیاند کە گوایە ئەوان دەم ڕاستی کوردن. لەبەر ئەوە "مافی کوردیان بە زیادەوە مسۆگەر کردووە". ئیتر پێویست ناکا کوردەکان پەلە قاژە بکەن "ئاژاوە" بنێنەوە. کە کوردی خۆشبڕوا و دڵپاکیش بەمە هەڵخڵەتا و ئەو هەلەی لە دەست خۆیدا, ئینگلیزەکان بە شێنەیی و بە ئارەزووی دڵی خۆیان مەسەلەی "ویلایەتی مووسڵ" یان لەگەڵ "فەڕەنسا" و "تورکیا"دا بڕیەوە و "عێڕاقی عەرەب"یان بە سەرۆکایەتیی فەیسەڵ دروست کرد. پاش ئەوە ناچاربوون بۆ پاراستنی باری ویستاوی خۆیان لەگەڵ "گورگە بۆر"دا دەست تێکەڵاو بکەن, نەبا دەسەڵاتی فەڕەنسا

یان رووسیا لە تورکیادا پەیدا ببێ. بە تایبەتی چونکە رووسەکان چاویان بڕیبووە ویلایەتی (قارس) و (ئەردەهان)## – کە دوو ویلایەتی کوردستانی ژووروون و بەپێی پەیمانی (بریست لیتۆڤیسک) لە 3\3\ 1918دا دران بە تورکیا – بەناوی ئەوەوە کە گوایە ئەو دوو ویلایەتە هی ئەرمەنین. لەبەر ئەوە رووسە کۆمۆنیستەکان ئەرمەنییەکانیان لە (تورکیا) هاندا. بەڵام ئەرمەنیەکان لە ساڵی (1920)دا لە شەڕدا شکان و ئیتر کۆمۆنیستەکان ناچاربوون پەیمانی ئاشتی لەگەڵ (تورکیا)دا ببەستن و واز لەو تەماعە کۆنەی خۆیان بهێنن. ئەگەرچی (ستالین) هەتا ئەم دواییەش هەر دەستی لێ هەڵنەگرتبوون و پەیتا پەیتا داوای ئەکردن. خوا هەڵناگرێ رووسە کۆمۆنیستەکان هەموو دەمێك هەر "دەستگیری هەژاران" و "پشتگیری لێقەوماوان" بوون. بۆیە ئەیانویست ئەو دوو ویلایەتە کوردە بە ناوی ئەوەوە کە گوایە هی ئەرمەنین "رزگاریان بکەن" و بیانخەنە سەر "ئەرمەنستانە ئازاد"ەکەی خۆیان تاکو کوردیش لەو "بە هەشتە"ی ئەوان بێبەش نەبێ.

ئەمجا ئەو دەوڵەتانەی تازە دروست بوو بوون وەك "تورکیای کەمالی" و "عێراقی فەیسەڵ" و "ئێرانی رەزا شاە" ناچار بوون بۆ راگوازتنی باری سیاسی خۆیان هەرەوەزیی لەگەڵ "سوێندخواران" و یەکتردا بکەن و بە هەموو هێزێکیانەوە بەرگریی هەموو جۆرە گۆڕانێك بکەن کە لەم بارەوە روو بدا. چونکە هەر یەکە بەشی خۆی لە کوردستان بردبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "پەیمانی عێراق و تورکیا و بەریتانیا" لە (5)ی حوزەیرانی 1926 و پەیمانی سعد ئاباد لە (8)ی

تەمموزی 1937دا بەستران و هەر سەبارەت بەوەش بوو کاتێ کە شۆڕشەکانی کورد دەستیان پێ کرد, بەتایبەتی شۆڕشی دیاربەکر لە ساڵی (1925)دا بە سەرکردەییی "شێخ سەعیدی پیران" نەك هەر لە لایەن رووسە کۆمۆنیستەکانەوە پشتگیریی نەکرا و بەس بەڵکو یارمەتیی تورکیاش درا بۆ کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشانە و رووسیاش هەر سەبارەت بەوە بوو کە لە بەینی ساڵانی (1930–1937)دا سنووری لە شۆڕشگێڕە کوردەکانی "ئاگری داخ" داخست کە بەرامبەر تورکیای کەمالی راست بووبوونەوە و داوای مافی خۆیانیان ئەکرد. هەروەکو چۆن فەرانسەییەکان خەتی شەمەندەفەری (حەلەب)یان بۆ لەشکری ئەتاتورك کردەوە بۆ ئەوەی لە پشتەوە درانە لە کوردەکان بدەن. بەم جۆرە یەکێتیی سۆڤیاتی کۆمۆنیستی "ئادەمیزاد پەرست" و ئیمپریالیستی فەڕانسەیی "سەرمایەداری خوێنمژ" یەکیان گرتەوە لە یارمەتیدانی کورددا بۆ هێنانەدی "مافی نەتەوەییی خۆی لە بڕینەوەی سەرەنجامی خۆی"دا[1].

## برزووتنەوەی کوردایەتی

کوردەکان کە حاڵی خراپی خۆیان دی بە دەست تورك و عەرەب و ئێران و ئیگلیز و رووس و فەڕەنسەییەکانەوە و بە هەر لایەکدا ئاوڕیان ئەدایەوە هەر تێسرەواندن بوو و هیچی تر, بیرێکیان کردەوە و بەیەکدا

[1] ئەمە سەرناوی کتێبێکە کە لینین نووسیوێتی و کراوە بە عەرەبی بە ناوی (حق الامم في تقرير مصيرها).

هاتن. بەڵام ئەمجارە ویستیان لە ڕێگەی پێکهێنانی هەندێك دامودەزگای سیاسیی ڕێکوپێکەوە مافی خۆیان بە زۆر بسێنن. هەرچەندە بزووتنەوەی کوردایەتیی ڕێکوپێك نەختێك لەم دەورە کۆنترە و ئەگەڕێتەوە بۆساڵی (1908) واتا کاتێك کە حیزبی تعالی و تەرەقی کورد لە ئەستەموول دامەزرێنرا[1]. لەگەڵ ئەوەشدا لاوان و ئەفسەران و قوتابیان و ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە خۆیان بۆ دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بە ناوی (هێڤی)یەوە لە ساڵی (1910)دا کە مەرکەزەکەی هەر ئەستەموول بوو. پاش بڕانەوەی شەڕی جیهانی یەکەم و لەبەرەبەیانی دەم کردنەوەی گوڵی هیوای کوردا بۆ سەربەخۆیی, کۆمەڵەی (ئیستیقلالی کورد) لە (1918)دا دروست بوو[2]. حیزبی (خۆیی بوون)یش پاش دابەشکردنی کوردستان لە کانوونی یەکەمی (1927)دا هاتەکایەوە. بێ گومان ئێمە نامانەوێ لێرەدا لە بارەی چۆنێتی دامەزراندن و بەڕێوەچوون و رووخانی ئەم حیزبانەوە بدوێین, چونکە ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتییە. بەڵام هەر ئەوەند ئەڵێین ئەو شۆڕشانەی کە لە سایەی ئەم کۆمەڵانەدا بەرپاکران بە داخەوە هیچیان سەری نەگرت. وەك شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) کەلە ساڵی (1925)دا بەرپابوو, وە شۆڕشی (ئاگری داخ) کە لە بەینی ساڵانی (

---

[1] کۆنترین حیزبی کوردی ناوی (جەمعیەتی عەزمی قەوی) بووە. بەلام بەداخەوە لەم بارەیەوە هیچ زانیارییەکمان چنگ نەکەوت.

[2] بەدرخانییەکان خۆیان لەم کۆمەڵە جیادردەوە و حیزبێکی تریان دانا بە ناوی (جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە)وە.

1927–1930)دا هەڵگیرسا و شۆڕشی دەرسیم یش کە لە ساڵی ( 1938)دا روویدا. ئەمەش سەبارەت بەوەبوو کە ئەم حیزبانە نە (تنظیمێك)ێکی بەهێز و پتەویان هەبوو وەنە لەسەر بیروباوڕێکی کوردایەتیی راستەقینە دامەزرابوون. بە تایبەتی چونکە زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەمانە ئەفسەر و فەرمانبەر و ئەفەندی و سەرۆك هۆز بوون. بزووتنەوەکەش نەبووبوو بە بیروباوڕێکی نەتەوەییی ئەوتۆ کە لە ناو جەرگەی نەتەوەی کوردا رەگ دابکوتێ وبە هەموو سووچ و گۆشەیەکی کوردستاندا پەل بهاوێژێ. هەروەها بە هۆی کاڵوکرچی بزووتنەوەی کوردایەتییەکەشەوە. ئەو حەلە کاربەدەستانی ئەو کۆمەلانە گەلێکیان ئەوەندە خۆشبڕوا بوون, پێیان وابوو لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کوردیدا "دەوڵەتە گەورەکان" هیچ نەبێ بێ لایەن ئەوەستن یان یەکسەر یارمەتیی کوردی داماو ئەدەن. بە تایبەتی "رووسیای لێنین" کە خۆی کردبوو بە باوکی گەلان[1]. تەنانەت ئەو ئاوە ئێستەش وا رژاوە گەلێك لە پیرە بەرێزەکانی خۆمان کە باسی کوردایەتییان بۆ ئەکەیت, جارێ بەر لە هەموو شتێك ئەڵێن "کێتان لەگەڵە؟".

---

[1] پاش ئەوەی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکچوو و تورکەکانیش دەستیان کرد بە زاخا, رووی کردە مۆسکۆ. لە نامەیەکدا لەکە 20ی کانوونی دووەمی 1923دا بۆ کۆنسۆلی سۆڤیاتیی لە تەورێز نووسیوە یەکێتیی سۆڤیاتی بە "رزگارکەری گەلان" داوەتە قەڵەم و داوای یارمەتیی لە مۆسکۆ کردووە. بەڵام سۆڤێتەکان کە "باوکی گەلان"ن هەر وەرامیشیان نەدایەوە.

بێجگە لەمەش هەندێك لەم شۆڕشانە لە پاش دابەشکردنی کوردستان و جێگیربوونی باری چەسپاو (الوضع الراهن) روویان دا. بۆیە سەرگرتنیان مەحاڵ بوو. گەورەترین نموونە بۆ ئەمە شۆڕشەکانی (شێخ مەحموود)ە کەلە کوردستانی خوارووادا روویاندا و ئەوەبوو ئینگلیزە ئیستیعمار–گەرەکان بەو پەڕی توندی و جانەوەرێتییەوە کورژاندیانەوە. تەنانەت "مسزبیلی رووسوور" بە شانازییەوە ئەیگێڕێتەوە کە فڕۆکەکانی ئەوان ئەم شۆڕشەی شێخی دامرکاندووەتەوە[1]. هەروەها هەموو شۆڕشەکانی تری شێخ مەحموود ئەنجامیان لەمەی سەرەوە باشتر نەبوو. خۆ شتێکی ئاشکرایە کە شۆڕشەکانی (بارزان)یش هەموو جارێك بە یارمەتیی ئینگلیز ئەکوژانەوە و هەردەمێ شۆڕشێکی کوردانە بەرپابببوایە گورج گاڵی ناپیاو و سەرۆك هۆزە بێگانە پەرستەکانی لێ ئەدرا و بەشێوەیەکی زۆر جانەوەرانە ئەکوژێنرانەوە. ئەمە بەسە بۆ ئەو "بە ئابڕوانە"ی کە ئەڵێن هەموو شۆڕشێکی کورد پەنجەی ئینگلیزی تێدا بووە.

لە ئێرانیشدا وەك لەمەوپێش وتمان, گەلێك شۆڕش روویاندا بە سەرۆکایەتیی (سمکۆ) و (سەردار رەشید) و (قەدەم خێر) و ... هتد و ئەمانیش هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە (لە نەبوونی دامودەزگای رێکوپێکی نەتەوەیی و نەگەیشتنی دەنگی کورد بە جیهان و دەمکوت

[1] تەماشای کتێبەکەی مس بێڵ بکە:
BELL, Lady, Letters of Gertrude Bell. Lond, 1927.2 vols.

بوو و خۆ سڵ نەکردنی سوێند خواران و دەوڵەتە گەورەکانی تر لە ئاستی کورددا و کزیی هەستی نەتەوەیی بە تێکڕایی لە ناو کورددا, سەریان نەگرت.

لەپاش ئەوەی مەسەلەی (مووسڵ) بڕایەوە[1] و کوردستان دابەشکرا و عێڕاق و تورکیای تازە دروست بوون, لە کوردستانی عێڕاقدا گەلێك دامودەزگای سیاسی دامەزرێنرا گرنگەکانیان: زەڕدەشت (1928), یەکێتی (1937), پشتیوانی (1938), برایەتی (1938). حیزبی (هیوا)ش هەر لە (198)دا لە لایەن قوتابییەکانی (کوللیەی حقوق)ەوە دروستکرا. راستیەکەی ئەتوانین بڵێین (هیوا) لە هەموویان گەورەتر و بە دەسەڵاتتر بوو. چونکە پەلی کێشابوو بەسەر زۆر شوێنی کوردستانی عێڕاقدا و تەنانەت ئەشڵێن ناوی لە (کوردستانی ئێران)یشدا هەر بووە. لەبەر ئەوە ئێمە واز لە حیزبە کەم تەمەنەکانی تر ئەهێنین و نەختێك لەسەر (هیوا) ئەڕۆین چونکە (هیوا) بناغەی گەلێك حیزبی تر بوو کە لەم دواییەدا دروست بوون. هەرچەندە نامانەوێ بە دوورودرێژی لە بنچینەی (هیوا) و چۆنێتی دامەزراندنی بدوێین بەڵام بە پێویستی ئەزانین باسێکی سیاسەتی "هیوا" بکەین.

---

[1] ویلایەتی مووسڵ بەپێی بڕیاری (عصبة الامم) لە کانونی یەکەمی 1925 دا خرایە سەر عێڕاق بەرامبەر ئەوەی کوردەکان لە کاروباری ناوخۆییی خۆیاندا خۆیان ببەن بەڕێوە. بەڵام ئەو مافە هەتا ئێستە هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە و نەخراوەتە مەیدانی کارەوە.

"هیوا" وەك دامو دەزگایەکی سیاسی کوردانە خۆراکی لە بیروباوڕێکی نەتەوەییی سنوور بۆکێشراوی ئامانج دیارەوە وەرنەدەگرت. بگرە ئەتوانین بڵێین مۆری شەخس پەرستی و عاتیفەکاری ئاشکراترین مۆر بوو پێوەی. تەنانەت گەلێك لە جاسووس و نۆکەرەکانی بێگانە وەك (ماجد مستەفا)[1] لەبەر کزیی (تنظیم) و نەبوونی بیروباوڕی کوردایەتی, لە هەلی هەڵکەوتوودا توانیبوویان خۆیان بکێشنە ناوی و پایەی گەورەشیان ببێ. وە نەبوونی بیروباوڕ و یەکێتیی بیر لەناو ئەندامە جۆرجۆرەکانی (هیوا)دا کارێکی وای کردبوو کە بە جارێك (یەکێتیی رێکخستن – تنظیم)یش نەمێنێ و حیزب ببێتە پاشاگەردانێ و هەرکەس بۆ خۆیی.

ئەو جاسووسانەی ئینگلیز کە کەوتبوونە هیواوە کارێکی وایان کرد کە رێباز و رێڕووی حیزب بێتە سەر ئەوەی باوڕی بە یارمەتیی ئینگلیز ببێ و بێجگە لەوەش لە ئەندامە ساویلکەکانیشیان وا ئەگەیاند کە گوایە هەر ئینگلیزە کورد رزگار ئەکا. لەبەرئەوە حیزب ئەبێ سیاسەتێك بگرێ کە لایەنی ئینگلیز بەر نەدات. لەلایەکی کەشەوە ئەو خوێندکارە کوردانەی کەلە (هیوا)دا بوون و لە بەغدا ئەیانخوێند و پەیوەندییان لەگەڵ کۆمۆنیستە عەرەبەکاندا پەیدا کردبوو, بوونی ئەمانە لەناو حیزبدا بوو بە هۆی دروست بوونی کەلێنێکی گەورە و کوتەکی دایە

[1] هەر (ماجد مستەفا) بەهۆی خۆشاردنەوەیەوە لە (هیوا)دا توانی یارمەتیی ئینگلیزەکان و عێراق بدا بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی بارزان لە 1945دا و ئەمجا بوو بە ئاگری بن کا بۆ رووخاندنی حیزبی هیوا.

دەست کۆمۆنیستەکان کە سیاسەتی ئیگلیزپەرستی هەندێ لەو ئەندامە جاسووسانە بکەنە بڕوبیانوو و هێرش بەرنە سەر (هیوا) و پەلاماردانی هەموو جۆرە کوردایەتییەك. لەبەرئەوە (هیوا) هەر لەیەکەمین تاقیکردنەوەدا کەوت و لێك هەڵوەشا و بەمە کۆمۆنیستەکان ڕێیان بۆ پاك بووەوە و کەوتنە گوناهبارکردنی هەموو کوردپەروەرێك و تەنانەت ئەوانەی لە گوڵیش پاکتر بوون. لە هەمان کاتدا جاسووسەکانی ئینگلیزیش شان بە شانی شیووعیەکان هەر ئەهاتنەوە بەسەروپۆتەڵاکی کوردە ڕاستەکاندا و زۆر بە شەیتانانە ناووناوبانگی کوردایەتییان پیس ئەکرد. ئەوی شایانی باسە ئەمە لەو کاتەدا بوو کە لە شکری سۆڤیات ئێرانی داگیر کردبوو[1] و تا ڕاددەیەك خوێندن و نووسینی بە کوردی ئازاد کردبوو. لەبەر ئەوە شیووعیەکان زیاتر دەسیان گەرم بوو و قسەکانیان زۆرتر ئەچووە دڵی خەڵکی ساویلکە و نەفامەوە.

لە رووخانی حیزبی (هیوا) دوو تاقمی گەورە پەیدابوون. تاقمێکیان ئەو شیووعییانە بوون کە یەکسەر پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی شیووعی عێڕاقدا پەیداکردبوو. تاقمەکەی تریش گوایە سەر بە "کوردایەتی" بوون. ئەمانەی دوایی پاش ئەوەی سەردەمێکی زۆر بە دوودڵی مانەوە بوونە حیزبی (بەرەی ڕزگاریی کورد). لە هەمان کاتدا تاقمێکی پچووکی تریش هەبوون کە بە زۆری لە هەولێردا چەقیان بەستبوو, ناویان لە خۆیان نابوو (شۆڕش). ئەمانە خەیاڵی ئەوەیان هەبوو کە حیزبێکی

[1] لە ئابی (1941)دا سوپای سۆڤیات ئێرانی داگیرکرد (ناوچەی ئازربایجان و بەشێك لە کوردستان).

شیووعی کوردی سەربەخۆ دروست بکەن. بەڵام کە لە پاشدا دییان سەری نەگرت بۆیان و شیووعییە کورد و عەرەبەکان پشتگیرییان نەکردن, هاتن لەگەڵ (رزگاریەکان)دا یەکیان گرت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان هەر دیسان جیابوونەوە و چوونەوە ناو حیزبی شیووعی عێراق. لێرەدا ئەبێ بزانین کە لقێکی کۆمەڵەی (ژ.ك)[1] کە لە سلەیمانیدا هەبوو ئەویش هەر چووە پاڵ رزگاری و لەم یەکگرتنانە (پارتی دیموکراتی کورد) لە 18–06–1946دا دروست بوو. بەم جۆرە لەو حەلەوە بنچینەی دوو دەستە خەڵکی لە کوردستاندا پەیدا بوو. پارتی و شیووعی.

ئەمە لە عێراقدا. لە ئێرانیشدا کە سەرەتای بزووتنەوەی کوردایەتی بە هۆی مریدەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)یەوە — کە بە دەستی تورکەکان خنکێنرابوو و ئەوانیش دیعایەیان ئەکرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان — جۆشی سەندبوو. دوایی چوونی مستەفا پاشای نەمروود لە دەوروبەری حکوومەتی شێخ مەحموودا بۆ کوردستانی ئێران و بەسەرکردنەوەی هەندێ کوردی ناسراو, ئەو جۆشەی بە تینتر کردبوو. لەم کاتەدا (کۆمەڵی ئازادی کوردستان) لەلایەن (زەندی)یەوە دامەزرێنرا. بەڵام سەبارەت بەوەی (زەندی) ناپاکی لێ دەرکەوت (کۆمەڵی ئازادیی کوردستان) رووخا. ماوەیەك کورد لەوێ هەروا بێ حیزب مایەوە. تا لەدواییدا کۆمەڵەی (ژ.ك)ی ناوبراو لەسەر

[1] کورتەی (ژیانەوەی کورد)ە. پاش ماوەیەك باسی ئەکەین.

داروپەردووی ئەم حیزبە و گەلێك کۆمەڵ و دەستەی پچووك پچووك لە مەهاباد لە ((16) ئەیلوولی 1942دا[1] دروست بوو. وە ئەوەبوو لە ئەنجامدا کە قازی محەمەد هاتە ناو (ژ.ك)ەوە و "کۆماری کوردستانی" لە 22-01-1946دا بە یارمەتیی رووسەکان دامەزراند, ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە سەر خواستی رووسەکان گۆڕدرا و لە تیشرینی دووەمی (1945)دا بوو بە (حیزبی دێموکراتی کوردستان).

شیووعێتی لە کوردستاندا

ئەو هۆیانەی ئاگری بڵاوبوونەوەی شیووعێتییان خۆشکرد بەم فراوانییەی ئێستای و سەریان لە دانیشتووانی کوردستان تێکدا, بریتین لە:

(1)– نەبوونی بیروباوڕێکی نەتەوەییی چەسپاو لە دامودەزگایەکی سیاسی بە هێزی ڕێکوپێکدا کە بتوانێ هەڵەکانی ئەو دامودەزگا کۆنە رووخاوە بێ فەلسەفە و باوڕانە بخاتە بەر چاو و لە خەڵکی بگەیەنێ و چاوێك بەو سەنگانەدا بگێڕێتەوە کە لەوەبەر هەڵسوکەوتی خەڵکیان پێ کێشراوە و هەر لەو ڕێگەیەوە بەربەستێك دروست بکا بەرامبەر لێشاوی بیروباوڕی نانەتەوەیی و لە هەمان کاتدا چەکێکی فیکری بداتە دەست گشت کوردێکی دڵسۆز بۆ بەربەرەکانێی هەموو جۆرە بیروباوڕێکی بێگانە. بە نەبوونی ئەمە ڕێگە بۆ شیووعییەکان تەخت بوو کە دەست بە سەر بیری خەڵکیدا بگرن و لە باری سەرنجی مارکسییەوە

[1] بەرامبەر (25)ی شهریوری 1321ی (شەمسی).

بزووتنەوەی کوردایەتی شی بکەنەوە و ئەم باری سەرنجەش بسەپێنن بەسەر خەڵکدا.

(2)– وەکو وترا – فەلسەفەی ئەم دامودەزگا سیاسییە کۆنانە بە هۆی جاسووسەکانی ئینگلیزەوە وای لێ هاتبوو کە گوایە ئینگلیز بە پشتیوان و هاودەنگی کورد بدرێتە قەڵەم. کەچی بە پێچەوانە و لە جیاتی ئەمانە ئینگلیز وا دەرکەوت کە بە هیچ جۆرێك پشتی پێ نابەسترێت. بیروباوڕێکی واش لە کایەدا نەبوو کە لەمە کەڵك وەرگرێ. و بیکا بە دەرس بۆ هەموو جووڵانەوەیەکی پشت بە بێگانە بەستوو. لەبەر ئەوە خەڵکی کە لە ئینگلیز ساردبوونەوە, شیووعییەکان وەستایانە توانیان ئەم هەلە لە دەست نەدەن و لە خەڵك بگەیەنن کە هەر رووسە "مافی گەلان" ئەدا و لە تەنگانەدا "فریای کورد"ی بێکەس ئەکەوێ و هەر ئەوە کە بتوانێ بەربەرەکانێی ئینگلیزی پێ بکرێ.

(3)– بە تایبەتی کە یەکێتیی سۆڤیات لە شەڕی جیهانی دووەمدا بەرامبەر بە هێزی ئەڵمانیای هیتلەری خۆی راگرت و کاتێ کە ئێرانیشی داگیرکرد فەرمانڕەواییەکی ناوخۆیی بۆ کوردەکانی ئەوێ دروست کرد. شیووعییەکان لەمەوە دەنگیان دلێر بوو و توانیان لە خەڵك وابگەیەنن کە "مادام لە کۆنەوە ئینگلیز هەر دەستی دەستی بە کورد ئەکا و هیچی بۆ نەکردووە, ئیتر بۆچی دەست لە ئینگلیز نەشۆرین و روونەکەینە رووسەکان و بە تایبەتی ئەمە دوو رۆژە هاتووەتە ئێرانەوە کە چی ئەوەتا "کۆمارێکی" دامەزراندووە کە ئەبێ بە بنکەیەك بۆ

یەکگرتنەوەی هەموو کوردستان[1]. خەڵکی سادە و بیّ دەسەڵاتیش دیارە پیاوی بە هیّزیان خۆش ئەویّ – بە تایبەتی ئەگەر ئەو خاوەن هیّزە پیّی سەلماندن بەرامبەر زۆردار پشتگیرییان ئەکا. لەبەر ئەوە کوردی ساویلکەی لە گویّی گادا نووستوو زوو بەمە هەڵخەڵەتان و جۆشیان سەند. دەکە کۆماری مەهابادیش پاش خۆکیّشانەوەی رووسەکان لە تیشرینی دووەمی (1946)دا – رووخیّنرا دیسانەوە پڕوپاگانتەی زۆڵانەی شیووعییەکان و فەریکە مارکسییەکان سەری والە خەڵك تیّکدا کە ئۆباڵی رووخانەکەی هەر بەتەنیا خرایە ئەستۆی ئیستیعماری خۆراوا و رووسیا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. لەبەر ئەوە کوردی سادە و نەفام و خۆشباوڕ روویان لە رووس وەرئەگیّڕا.

(4)– شیووعییەکان کە درۆشمی هەر گەورەیان "برایەتی"ی نیّو کورد و نەتەوەکانی تر بوو، ئەمە وەنەبیّ درۆشمیّکی تازە بوو‌بیّت. بەڵکو زۆر لە کۆنەوە جلخوارەکان و بیّگانەپەرستەکانی سەردەمی عوسمانلی و ئاینوئۆین بازەکانی ئیسلامەتی بە ناوی ئەم برایەتییە

[1] تەنانەت هۆنەری کورد (هەژار) کە ئەو دەمە لە رووی خۆشباوڕییەوە باوڕی بە رووسەکان هیّنابوو وتبووی:

کوردە ئەتەویّ ببیت سەربەخۆ
بڕۆ هەراکە، تۆ بەرەو مۆسکۆ
قسەی درۆیە سان فرانسیسکۆ

بژی ستالین خۆشبیّ چەکوش و داس
لە ژیّر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس

درۆزنەیەوە زۆر جار رێگەیان لە کوردایەتی گرتووە. وە کە هەستی کوردایەتی نەختێك هێزی پەیدا کرد ئەم سەگوسواڵە بەکرێگیراوانە بە ئاشکرا نەیان دەوێرا دەری ببڕن. بەڵام هەر کە شیووعییەکان ئەم درۆشمی "برایەتی"یەیان هێنایە ناوەوە, ئەوسا کاسەلێسەکانی ئینگلیز گورج قۆزتیانەوە و کردیانە کوتەکی دەستیان. نەك لەبەر خاتری شیووعییەکان, بەڵکو تەنها بۆ رێگرتن لە کوردایەتی. بەداخەوە ئەڵێین گەلیێ کوردی پاکیش ئەم درۆشمەی لە رووی ساویلکەیەتییەوە وەرگرت و بەم برایەتییە بیێ جیێ و رێیە هەڵخەڵەتا. سەرەڕای ئەمانەش ئەم برایەتییە بە کەڵکی حکوومەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و ... هتد ئەهات. لەبەر ئەوە بە پێی بەرژەوەندیی ئینگلیزەکانیش ئەمانە دەستیان بە پشتەوە ئەگیرا و رێگا لە بزووتنەوەی شیووعێتی نەدەگیرا. چونکە تەنانەت داگیرکەرانی کوردستان کە دوژمنی شیووعێتیش بوون دیسانەوە هەر خەتەری کوردایەتییان لا زلتر بوو لە خەتەری شیووعێتی. لەبەر ئەوە سیاسەتێکی تایبەتییان بەرامبەر شیووعییەکانی کوردستان بەکار ئەهێنا کە ئێستاش هەر وایە. ئەوەتا باژێڕەکانی کوردستان پڕن لەو نووسراوانەی کە ئەچنەوە سەر بیروباوڕی شیووعێتی و کوردستانی عێراق (بە تایبەتی هەولێر و سلەیمانی) بووەتە پەناگا بۆ ئەو شیووعییە عەرەبانەی کە لە ترسی کوشتن و بڕین لە عەرەبستانەوە هەڵاتبوون[1].

[1] تەنیا شارێکی کوردستان کە رێی بڵاوبوونەوەی شیووعێتی کەم پێدراوە کەرکووکە. ئەویش بۆ پاراستنی دەسکەوتی ئینگلیزەکانە لە چاڵە نەوتەکاندا.

(5)– مادام شیووعییەکان تێکۆشانیان لەسەر بنچینەی (قطري)یە. دیارە هەموو کاتێك پارێزگاریی ئەم سنوورە دەستکردانەی ئێستە ئەکەن و داگیرکەرانی کوردستانیش کە هەموو هەوڵێکیان بۆ چەسپاندنی ئەم سنوورە دەستکردەی ئێستەیە هەموو کاتێك باوەش بۆ شیووعییەکان ئەکەنەوە و ئەیانکەنە داردەست و کوتەکی خۆیان بۆ لێدانی ئەوانەی بڕوایان بەم دابەشکردنەی کوردستان نیە. جا لەبەر ئەمەیە کە شیووعێتی کردن لە میری ترسان و سڵکردنەوەیەکی ئەوتۆی ناوێ لە کوردستاندا ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردایەتی. ئەو کوردایەتییەی کە بە ڕاستی بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد بێ ئەکۆشێ لە نیشتمانێکی یەکگرتوودا, بۆمان دەرئەکەوێ کە بەکرێگیراوانی داگیرکەران و پیاوانی ئینگلیز کە وەختی خۆی رایان لەگەڵ داگیرکەراندا کردووە بەیەك و ئێستەش هەر لە تەقەلادان بۆ راگرتنی ئەم باری دابەشکردن و رەنگ رشتنە. شیووعییە زۆڵەکانیش هەموو قۆڵیان کردووە بە قۆڵی یەکدا بۆ سەرپانکردنەوەی ئەوانەی کوردایەتیی راستەقینە یان کردووە بە رێبازی تێکۆشانیان. لەبەر ئەوە لەم زەلکاوە پیسەدا دیارە هەموو کاتێك شیووعی ئەتوانێ راوی ۆخی بکات.

(6)– بەلای ئێمەوە شیووعێتی بە زۆری لە ولاتێکدا گەشە ئەکا و جێی خۆی ئەکاتەوە کە رژێمی دەرەبەگێتی و خەڵك رووتاندنەوە و ئاژاوەی ئابووری تێدا گەرم بێ (بە پێچەوانەی قسەی کارل مارکسەوە کە ئەڵێ شیووعێتی زیاتر لە ولاتە پیشەسازییەکاندا بلاوئەبێتەوە)

چونکە سەرکەوتنی شیووعێتی لە رووسیای قەیسەری و چینی شان کای شیکدا کە دوو وڵاتی کشتوکاڵی دواکەوتووبوون و سەرنەکەوتنی لە ئینگیلتەرە و ئەڵمانیادا کە دوو وڵاتی پیشەسازی و پێشکەوتوو بوون، راستیی ئەم قسەیە بۆ هەموو لایەك دەرئەخا. کوردستانیش لەبەر ئەوەی لە سای رژێمی دەرەبەگێتیدا ئەژی و سەروەت و سامانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەش ناکرێ و رەنجێکێش و ئیشکە زووربەی لە بەروبوومی رەنجی خۆیان بێبەرن. زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بێ ئەندازەش لەولاوە بوەستێ. ئیتر شتێکی سەیر نیە کە کورد گوێ بۆ ئەم قەوانانەی شیووعییەکان شل بکا کە هەمیشە بە ناوی چونیەکی و دادی کۆمەڵایەتی و یارمەتیی چینی کرێکارەوە لێ ئەدرێ. لەبەر ئەوە زوربەی زۆری کوردی هەژاری رووتە و چەوساوە دوای شیووعێتی کەوتن بەو مەبەستەی کە گوایە رزگارکەری چینی هەژارانە.

(7)– ئاشکرایە لە ناو هەموو کۆمەڵگایەکدا لەبەر هەر هۆیەك بێ پیاوی رەوشت نزم و خوێری و بێ ئابروو و پاشڵ پیس زۆرن. لەگەڵ ئەوانەشدا گەلێك هەن مەمەڵ و تەوەزەل و بێکارە و لە ژیان دواکەوتوو و لە قافڵە بەجێماو و گەوج و گەلۆرن. دە دیارە ئەوانە حەز بەم بیروباوڕانە ئەکەن. چونکە هەموو کەموکووڕییەکی خۆیان و خزم و کەسوکار و بنەماڵەیان بۆ دائەپۆشێ و لەسەر حسابی خەڵکی ئەیانخاتە بەزم و کەیف و رابواردنەوە. چونکە شیووعییەکان خووورەوشت بە (مەفاهیمی بۆرجوازێتی) لێك ئەدەنەوە و رەوشتی بەرز بەلایانەوە ئەوەیە پیاو بۆ سەرکەوتنی شیووعێتی تێ بکۆشێ لەم جیهانەدا و ئیتر

بە هەر رێگەیەك ئەبێ بابێ. ئەگینا ئەوان بڕوایان بە یەکێتیی خێزان و نامووس و ئابڕوو نیە. ئەوان ئەیانەوێ هەموو شتێك "ناوکۆیی" و باوبێ. تەنانەت ئافرەتیش ئەبێ هەر وابێ. چونکە ئەویش هۆیەکە بۆ بەرهەم هێنان. لەبەر ئەوە نابێ تاکە یەکێك دەستی بەسەردا بگرێ و خەڵکی لێی بێ بەش بێ. هەروەها نابێ یەکێتیی خێزان بپارێزرێت. چونکە پێیان وایە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی پیاو بیر لە دوارۆژی منداڵەکانی بکاتەوە و هەوڵیان بۆ بدا و پارەیان بۆ کۆبکاتەوە. کە دیارە ئەوەش لە رژێمی شیووعێتیدا دەست نادات.

## هەندێك زانیاری لەبارەی شیووعێتییەوە

ئێستە بەر لەوەی لە دەست درێژیی شیووعییەکان بدوێین بۆسەر رەوشت و رەفتاری جوان و بزووتنەوەی کوردایەتی بە تایبەتی, پێویستە جارێ بیروباوڕی شیووعێتی لە باری سەرنجی نەتەوەیییەوە کەمێك شی بکەینەوە.

شیووعێتی واتا مارکسێتی لە مەیدانی هێنانەکاردا. کە مارکسێتیش لەسەر کۆڵەکەی "نانەتەوەیی=الاممیة" دامەزراوە. ئەم بیروباوەڕی "نانەتەوەیی"یە هەرچەندە زۆر کۆنە و گەلێك دامودەزگای ئاشکرا و نهێنی (بەتایبەتی جوولەکەکان), بانگی بڵاوبوونەوەیان بۆداوە لە پێش "مارکس"دا بەڵام بە زۆری بە ناوی (کارل مارکس)ەوە ناوبانگی سەندووە. چونکە مارکس یەکەم کەس بوو کە ئەم بیروباوڕەی خستە قاڵبێکی سنووربۆکێشراوەوە و بەستی بە مەسەلەی بەرژەوەندیی

ئابووری و خەباتی چینایەتییەوە. لەبەر ئەوە بەپێویستی ئەزانین لە پیچشدا باسێکی کورتی "نانەتەوەیی" بکەین.

## نانەتەوەیی

"نانەتەوەیی" مانای پێکەوە تێکۆشانی چەند نەتەوەیەك بۆ توانەوەیان لە بۆتەیەکی یەکگرتوودا. واتا مۆری نانەتەوەیی نان بە چەند نەتەوەیەکی جیاوازەوە. کە ئەمەش رێ خۆشکردنە بۆ ئەو خەباتە چینایەتییەی مارکسیەکان باسی ئەکەن.

بەپێی ئەم بڕوایە ئادەمیزاد پێك نەهاتووە لە چەند نەتەوەیەکی جیاوازی مەسڵەحەت جیاواز بەڵکو لە چەند چینێکی جیاوازی مەسڵەحەت جیاواز. وە بۆ ئەوەی ئەو چەند نەتەوەیەی بەیەکەوە ئەژین وەیا (ظروفی سیاسی) وای لێ کردوون پێکەوە بژین, هەروا بمێننەوە و لە پاشەڕۆژدا بەربەرەکانی نەکەوێتە بەینیانەوە و بتوانن پێکەوە خەباتی چینایەتیی خۆیان بکەن, شیووعێتی بۆ ئەم مەبەستە (نانەتەوەیی) بەکارئەهێنێ. کە ئاشکرایە "برایەتیی کورد و عەرەب و تورك و جوو و رووس" لەم سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاوە. گومانی تێدا نیە کە بڵاوبوونەوەی ئەم باوڕە لەناو هەموو نەتەوەیەکدا یەك ئەنجام نابەخشێ. چونکە نەتەوەیەکی یەکگرتووی بە هێزی بە دەسەڵات کە خاوەنی چەندین دامودەزگای نەتەوەیی بێ, لە هەموو کاتێکدا بە سەربەستی ئەتوانێ مێژووی نەتەوەییی خۆی پەروەردەبکا و هەزاران لاوی خاوەن هەستی نەتەوەیی بخاتە ژێر چەکەوە. دە دیارە

نەتەوەیکەی وا بیروباوڕی "نانەتەوەیی" ناتوانیٚ گیانی نەتەوەییی تێدا بکوژیٚ و لە ریشەی دەربهێنیٚ. تەنیا ئەوەندەی پیٚ ئەکریٚ کەمێك لە توندوتیژی کەمکاتەوە. بەلاّم لەناو نەتەوەیەکی پچڕپچڕی مێژوولەبیرچووەوەی, زمان یەکنەگرتووی, خاك دابەشکراوی وەك کورددا, کە هەستی نەتەوەیی بە هەزاران فێلٚ و بەربەرەکانی بەربەستکراوە, ئەلّێین لەناو نەتەوەیەکی ئاوەهادا هیچ گومانی تێدا نیە کە بیروباوڕی "نانەتەوەیی" گیانی نەتەوەیی بە یەکجاری ئەکوژیٚ و دەستیشیان پیٚ تێکەلاّو ئەکا لەگەلٚ داگیرکەرانی خاکەکەیاندا و وایان لیٚ ئەکا ئەو داگیرکەرانە بە برای خۆیان بزانن. ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی کەشەوە شیووعییەکان بۆ تێکەلاّوبوونی ئەو چەند نەتەوەیە بە هەموو هێزێکیانەوە تیٚ ئەکۆشن کە بە هۆی دەسکەوتی ئابووریی هاوبەشەوە بیان بەستن بەیەکەوە. بۆ ئەمەی لە پاشدا بلّێن "جیابوونەوەی نەتەوە پچووکەکان زیان لەبەرژەوەندیی (پرۆلیتاریا) ئەدا" — کە ئەمەش لە مافی بریاری چارەنووسدا نەختێك لەسەری ئەرۆین.

ئەنجا ئەگەر ئەوە بێنینەوە بەر چاوی خۆمان کە لێنین ئەلٚیٚ ئەمە قسەیەکی راستە. چونکە پیٚ داویستەکانی ئابووری هەمیشە ئەو نەتەوانەی لەیەك دەولّەتدا ئەژین (مادام بیانەویٚ پێکەوە بژین) ناچار ئەکا کە زمانی زوربەیەتی (الاكثرية) فێربن. وەهەتا رژیمی فەرمانڕەوایی لە رووسیادا شێوەیەکی دێمۆکراتیانەتر وەربگریٚ, رژیمی سەرمایەداریش ئەوەندە توندتر پالٚ بەنەتەوە جۆرجۆرەکانەوە ئەنیٚ بۆ

ئەوەی فێری ئەو زمانە ببن کە لە بارترە بۆ پەیوەندیی بازرگارنیی هاوبەشی"[1].

مانای ئەمە وایە لە پلەی یەکەمدا زمانی نەتەوە گەورەکە لەناو ئەوانی تردا بڵاوئەبێتەوە. لەپاشدا زمانە بێهێزەکان لەناو ئەبات. وەك کۆزلۆڤ شیووعی رووسی بە ئاشکرایی ئەمەی یەکالاکردووەتەوە. کۆلۆف ئەڵێ: "بێ گومان جیاوازیی بەینی نەتەوە سۆسیالیستەکان شتێکی هەتاهەتایی نیە. چونکە ئەم جیاوازییە لە دواییدا نامێنێ. لە پلەی زال بوونی سۆسیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا, ئەو مەرجانە دەست ناکەون کە پێویستن بۆ لەیەکدا توانەوە (اندماج)ی نەتەوەکان و زمانە نیشتمانیەکانیان"[2].

"بەڵام لەسەردەمی شیووعێتیدا ئەم جیاوازییانە نامێنن و زمانە نیشتمانییەکان لەناوئەچن و نەتەوەکانیش لەیەکدا ئەتوێنەوە. وەلەپاش تێپەڕبوونی زەمانێکی دوورودرێژ, زمانێکی هاوبەشی دەست بە پەیدابوون ئەکات"[3].

"بەڵام ئادەمیزاد ئەم زمانە هاوبەشییە ناکات بە ماڵ بەسەر خۆیەوە هەتا رژێمی ئابووریی شیووعییانە لە جیهاندا بە چاکی بنبەست ئەبێ وەکاتێك شیووعێتی تێکەڵ بە ژیانی هەموو گەلانی جیهان ئەبێ.

---

[1] لينين. ملاحظات انتقادية حول المسئلة الوطنية. حق الامم في تقرير مصيرها. دار الطبع والنشر باللغات الاجنبية – موسكو – لا.(5).

[2] كوزلوف. امتان – بورجوازية واشتراكية. تعريب واصدار دار ابن الوليد. مطبعة الجمهورية – دمشق. لا. (68).

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا. (69).

لە یەکدا توانەوەی نەتەوەکان و بەسەرخۆوە ماڵکردنی زمانە هاوبەشییە جیهانییەکە تەواو بە وێنەیەکی سروشتی (طبيعي) رووئەدات. زمانە نیشتمانییەکان لە خۆیانەوە لەناوئەچن و جێگە چۆڵ ئەکەن بۆ زمانێکی جیهانی کە هەموو نەتەوەکان تێیدا بەشداربن. بەڵام لەدایکبوونی ئەم زمانە بەستراوە بە پێویستییە زیندووەکانی ئابووریی شیووعییانەی یەکگرتووی جیهانییەوە"[1].

<u>بیروباوەڕی مارکسێتی</u>

ئەوەی بۆ ئێمە پێویست بێ لە مارکسێتیدا جارێ هەر ئەو لایەنەیە کە پەیوەندیی بە نەتەوایەتییەوە هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە بە زۆری باسەکەمان ئاڕاستەی ئەو لایەنە ئەکەین.

بەپێی بیروباوڕی مارکسێتی ئەم جیهانە شتێکی یەکجار کۆن و بەتەمەنە و لە لایەن هیچ هێزێکی میتافیزیکییەوە خەڵق نەکراوە. بەڵکو تەنیا لە (تطور)ی ماددەوە دروست بووە بێ خاوەن و کارگێڕ و دروستکەر و هێنەرەبوو (خالق). کە ئەو ماددەیەش هەمیشە لە جووڵاندایە و هەرگیز وەستانی بۆ نیە. چونکە وەستان لەم جیهانەدا نیە. کۆمەڵگای ئادەمیزادیش کە بەشێکە لەم جیهانە کۆمەڵگایەکە لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە. ئەم چینانە لە جەنگێکی بەردەوامدان لە ناوخۆیاندا. هۆی ئەم جەنگەش تەنیا ناکۆکیی بەرژەوەندیی ئابوورییانە کە پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ لەیەك بەربوون و خەباتکردن. لە

---

[1] هەمان سەرچاوە. لا. (70).

ئەنجامی ئەم خەباتەشدا چینی تازەی بەهێز سەرئەکەوێ و چینە کۆنە پیربووە کەڵك پێوەنەماوەکەی پێش خۆی لەناو ئەبا و دەست بەسەر خێروبێری ئەو کۆمەڵگایەدا ئەگرێ, هەتا ئەمیش پیر ئەبێ و لە کەڵك ئەکەوێ. ئەوسا جارێکی تر ناکۆکی لەناو کۆمەڵگادا دروست ئەبێتەوە و ئەم ناکۆکییەش چارەسەر ناکرێ تا چینێکی تری تازە نەیەتە کایەوە و جێی ئەمە نەگرێتەوە.

هەر بە پێی سەرنجی مارکسێتی کۆمەڵگای ئادەمیزاد لە ماوەی ئەم (تطور)ەدا تا ئێستە بە پێنج پلەدا تێپەڕیوە. کۆمۆنیزمی سەرەتایی, بەندەگەرێتی, دەرەبەگێتی, سەرمایەدارێتی, هاوبەشی. دوای ئەمەش پلەی شیووعێتی دێ کە هێشتا نەبینراوە و گوایە بەرزترین پلەی (تطور)ی کۆمەڵگایە. چونکە بەلای ئەوانەوە لەو پلەیەدا کۆمەڵگا ئەبێتە کۆمەڵگایەکی بێ چینی نانەتەوەیی.

مارکسییەکان هەر لەم گۆشەیەشەوە مێژوو لێك ئەدەنەوە و ئەڵێن گوایە مێژوو بریتییە لە سەرجەمی کارەساتی شەڕەکانی نێو چینەکانی کۆمەڵگا بە هۆی ناکۆکیی دەسکەوتی ئابووریی ئەم چینانەوە. هەروەها هەموو جۆرە بزووتنەوە و چالاکی و هەڵسوکەوتێك کە لە ژیانی مرۆڤدا روویدا هەر بەم جۆرە لێکی ئەدەنەوە. وێنەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دێنە سەر باسی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەڵێن گوایە "ئەم بزووتنەوەیە دەستکردی چینی بۆرجوازی و سەرمایەدارە. چونکە بە لای ئەوانەوە بەرژەوەندیی ئابووری پاڵ بە بۆرجوازییەکانەوە ئەنێ کە گیانی نەتەوەیی بهێننە ناوەوە تا هەست و هۆشی چینی کرێکار و رەنجکێش

سڕبکەن و لە ئەنجامدا چەند پارچەیەك وڵات بە ناوی "نەتەوایەتی"یەوە لێك بدەن بۆ فراوان کردنی بازێڕ و گەشە پێدانی سەرمایەی خۆیان و خۆ ئەگەر بۆیان لوا ئەوا هەر لەرێی هورووژاندنی گیانی نەتەوەییەوە ناکۆکی دروستبکەن لە بەینی نەتەوەکەی خۆیان و نەتەوەیەکی تردا بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەی و بەستنی خاکەکەی بە وڵاتی خۆیانەوە بە ئامانجی گەورەکردنی بازێڕەکەیان و مژینی خوێنی چینی زەحمەتکێش.

ئەمە لێکدراوەی "نەتەوایەتی"یە بەلای ئەوانەوە. واتا نەتەوایەتی لە گۆشەی بیروباوڕی مارکسێتییەوە "دەستکردی چینی بۆجوازی"یە.

جاکە نەتەوایەتی "بزووتنەوەیەکی بۆرجوازیانە" بێ، دیارە هەر بە نەمانی چینی بۆرجوازی، ئەبێ ئەو بزووتنەوەیەش نەمێنێ و نەتەوایەتیش بەرەو "نەمان" بڕوا. مارکسییەکان بەم پێیە باوڕیان وایە کە "نەتەوایەتی شتێکی وەختییە". بۆیە گەلێ جار لە ناو نەتەوە پاشکەوتوو و بێ دەسەڵاتەکاندا هەوڵ ئەدەن بە زووترین کات ئەم پلەی بۆرجوازیتییە ببڕن. واتا هیچ دەربەست نایەن ئەگەر ئەو نەتەوەیە بشتوێننەوە و شوێنەواری نەتەوەیی ون بکەن بۆ ئەوەی یەکسەر بیخەنە خەباتی چینایەتییەوە بۆ زوو گەیشتنە پلەی کۆمۆنیزم.

دیارە ئەم قسەیە بەلای ئێمەوە و لە گۆشەی بیروباوڕی ئێمەوە راست نیە. ئێمە نەتەوایەتی بە رووداوێکی وەختی یان بە دەستکردی چینی بۆرجوازی نازانین. چونکە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی ئەوان راست بوایە ئەبوو لە وڵاتێکی وەکو رووسیادا کە ئێستە لە پلەی هاوبەشی

دایە و گوایە خەریکە بەرەو شیووعێتی ئەڕوا, ئەبوو بەم پێیە نەتەوایەتی بە جارێك لوی — ناوی لە ناواندا نەمایە. کەچی دووبەرەکی و لێوەکرۆژە لە بەینی نەتەوەکاندا ئا ئێستە لە زەمانی "قەیسەر" زۆرتر و توندوتیژترە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە پڕوپاگەندەی حکوومەتی سۆڤیات لە جەنگی جیهانی دووەمدا رێبازێکی نەتەوەیی گرتبوو نەك نانەتەوەیی. چونکە کاربەدەستانی سۆڤیات بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە پڕوپاگەندەی "نانەتەوەیی" خەڵکی ناهێنێتە جۆش. هەروەها مێژوو نیشانی ئەدا کە زۆر نەتەوە هەبوون دەسکەوتی ئابووریی خۆیان خستووەتە لاوە لە پێناوی پاراستنی نەتەوەکەیاندا و نەتەوایەتیی خۆیاندا. وێنەش بۆ ئەمە ناوچەی (سار)ە کە لە کاتی خۆیدا خرابووە سەر فەڕەنسا و لە باری ئابوورییەوە بە توندی بەسترابوو بە فەڕەنساوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش بڕانەوەی جەنگی جیهانیی دووەمیش و تەواوبوونی مۆڵەتە پانزە ساڵیەکەش بۆ دەنگ وەرگرتن (استفتاء), واتا لە ساڵی (1960)دا کە رای خەڵکی وەرگیرا, خەڵکەکە هەموو شەقێکیان لەو بەرژەوەندیی ئابوورییە هەڵدا کە لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا هەیان بوو و باوەشیان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی گرتەوە لەگەڵ هاونەتەوە ئەڵمانەکانیاندا چونکە خەڵکی ناوچەی (سار) ئەڵمانن. هەروەها گەلی (سووریا)ش لە ساڵی (1957 )دا هەستی نەتەوەیی وای لیَ کرد بە هەموو کوڵ و دڵێکەوە بچێتە ناو یەکێتیی عەرەبەوە لەگەڵ (میسر)دا هەرچەندە گەلی (سووریا)

ئەشیزانی کە لە رووی ژیانی ئابوورییەوە گەلێك تەنگاوی ئەبینێ. ئەم دوو وێنەیە بەسن بۆ بەرپەرچدانەوەی شیووعییەکان لەم بارەیەوە.

باری سەرنجی ستالین بەرامبەر نەتەوایەتی

ستالین بە فەیلەسووفی شیووعییەکان ئەژمێردرێ لە رووی شی کردنەوەی گیروگرفتەکانی نەتەوایەتییەوە بە پێی سەرنجی مارکسێتی. ستالین "ئابووریی هاوبەش" الاقتصاد المشترك — بە گەورەترین نیشانەی نەتەوە دائەنێ و ئەیخاتە پێش ئەرز و زمان و مێژوو و هەستی هاوبەشییەوە.

بێجگە لەوەش ستالین "دەوڵەت" بە نیشانەی "نەتەوە" دانانێ. چونکە لای وایە — کە ئەمە راستیشە— هەر نەتەوەیەك دەوڵەتی نەبوو وەنەبێ ئیتر نەتەوە نەبێ.

کەچی سەیر ئەوەیە هەر ستالین خۆی "ئابووریی هاوبەش" بە نیشانەی هەرەگەورەی "نەتەوە" دائەنێ. کەواتە دیارە ستالین لە ژێرەوە دان بەوەدا ئەنێ کە دەوڵەت دەستێکی زۆر باڵای هەیە لەم رووەوە. چونکە ئەوی راستی بێ (دەوڵەت) و (ئابووری) لەیەك جیاناکرێنەوە. ئەی ئەگەر وانیە بۆچی شیووعییەکان هەوڵ ئەدەن هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە بیخەنە ژێردەستی خۆیانەوە؟. ئەی ئایە ئەمە بۆ ئەوە نیە کە رژیمی ئابووری ئەو دەوڵەتانە بگۆڕن لە رێگەی دەست بەسەردا گرتنی دەوڵەتەوە؟ خۆ ئەگەر دەوڵەتیان بەشتێکی

گرنگ نەزانیایە ئەبوو بیانتوانیایە بە بیٚ دەستگرتن بەسەریدا رژیمە ئابوورییەکەی بگۆڕن.

ئەنجا کە وابیٚ ئەبیٚ بپرسین ئەی بۆچی ستالین بە سەرزاری ناوی "دەوڵەت" نابا؟ ئیٚمە بڕواما وایە وەرامی ئەمە ئەگەڕیٚتەوە بۆ:

(1)– چونکە مارکسییەکان –وەکو وتمان– هەموو بزووتنەوەیەك ئەبەنەوە سەر ناکۆکیی ئابووری نیٚو چینەکانی کۆمەڵگا.

(2)– چونکە خۆشیان ئەزانن ئەگەر ناوی "دەوڵەت" بەرن و بیکەن بە مەرج بۆ نەتەوە, دیارە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان نیە بە جاریٚك لیٚ یان زیز ئەبن بە تایبەتی خۆیان لەسەد نەتەوە زیاتر وا لە ژیٚردەستیاندا کە حەفتایان پتر تەنانەت "خودموختار"یە درۆیینەکەشیان نیە. بەڵام کەوتیان "ئابووری" خۆی لە ناوەرۆکدا وەکو وتمان مانای "دەوڵەت" ئەگریٚتەوە. ئیتر پیٚویست ناکا ناوی دەوڵەت بەرن و خۆیان بخەنە گیٚژاوەوە.

(3)– چونکە "یەکیٚتیی سۆڤیات" بە دەیان نەتەوەی بیٚ دەوڵەتی تیٚدایە. خۆ ئەگەر بیٚتو هەر یەکەیان دەوڵەتیٚکی سەربەخۆیان بدەنیٚ ئەوا رووسیا دەستی لە بنی هەمانەکە دەرئەچیٚ. هەروەها وەکو لە پیٚشەوە وتمان – دەستکەوتی ئابووری گەلیٚك نەتەوە بەیەکەوە ئەبەستیٚ و زمانی نەتەوە گەورەکە زاڵ ئەکا بەسەر ئەوانی تردا. هەر لەسەر ئەم داودەزمیرەش## رووسەکان ئەیانەویٚ نەتەوە پچووکەکانی یەکیٚتی سۆڤیەت کە دەوڵەتیان نیە لە بۆتەی نەتەوایەتیی رووسدا بیانتویٚننەوە.

ئەمە وا. خۆ ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیات سەیر بکەین, ئەبینین هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە شیووعییەکان خۆیان پێی ئەڵێن "دەستکردی ئیستیعمار" و لە هەمان کاتدا کوردستانیان داگیرکردووە, رووسیا هەمیشە مێچکە مێچکەیان بۆ ئەکات و چەك و پارەیان ئەداتێ بە لێشاو و چاو لە هەموو ئەو کوردانە ئەپۆشێ کە لە ژێر باری گرانی ئەو دەوڵەتانەدا ئەناڵێنن. بۆ وێنە لەو کاتەدا کە حکوومەتی ئێران ناوچەی "جوانڕۆ"ی بۆمباباران ئەکرد, رووسەکان بەو پەڕی شانازییەوە (شا)یان بانگکرد بۆ رووسیا و لەوێ مەدالیای زێڕینیان کرد بە سنگی دا. ئەمە بێجگە لە پشی پشی کردن و یارمەتیدان و لەسەر کردنەوەیان بۆ کاربەدەستانی تورکیا و عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەب. ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوەی دەوڵەتی هەیە بە نرختر و بەڕێزتر و لەپێشترە لەوانەی بێ دەوڵەت و مایەپووچن وەك کورد؟؟؟.

هەروەها ئەگەر دەوڵەت نرخێکی نەبوایە بەلای شیووعییەکانەوە, بەم هەموو جۆش و خرۆشەوە شەڕیان لەسەر پاراستنی "یەکێتیی عێراق" و "یەکێتیی سووریا" و... هتد نەدەکرد و نەدەچوون بەگژ ئەو کوردپەروەرانەدا کە خۆیان بە کلکی ئەو دەوڵەتانە نازانن. ئەوان کە ئەم هەراو هوریایە بەرپا ئەکەن بە ناوی ئەوەوە کە گوایە ئەبێ خەباتی چینایەتی لەسەر بناغەی (قـطرێکی سیاسی) بێ و لەو سنوورە دەرنەچێ, نەك لەسەر بناغەی "نەتەوە", وە کە ئەڵێن نابێ "حیزبی شیووعی کوردستان" دروست ببێ, هەر بیانوویان ئەوەیە کە کوردستان

دەوڵەتێکی نەخشە بۆکێشراوی دان پێدانراوی نیە. لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە کاتێك کە ستالین ئەم مەرجانەی داناوە بۆ نەتەوە. "زمان و ئابووریی هاوبەش و مێژوو و ئەرز و هەستیی هاوبەش" زۆر بە توندییەوە پەلاماری ئەو جوولەکانە ئەدا کە ئەیان وت "ئێمە نەتەوەین"[1]. تەنانەت ستالین لە نووسینەکانیدا ئەیوت "جوولەکە نەتەوە نین" چونکە ئەرزی هاوبەش و زمانی هاوبەش و ئابووریی هاوبەشیان نیە". بەڵام هەر ئەو جوولەکانە بوون کە لەم دواییەدا ستالین خۆی دانی پێدانان و یارمەتی دان بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت[2].

---

[1] شەڕی شیووعییەکان و جوولەکە بۆندییەکان بەناوبانگە لە مێژووی حیزبی شیووعی بەلشەفیکدا.

[2] یەکێتیی سۆڤیاتیش وەك دەوڵەتە رۆژاواییەکان لە ساڵی (1948)دا لە چوارچێوەی بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگی دا بۆ بەشکردنی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل. چونکە ئەو دەمە رووسیا پێی وابوو کە ئیسرائیل وەك وڵاتێکی پیشەسازی ماوەی هاتنە سەرکاری حیزبی شیووعی زۆرترە لە وڵاتانی عەرەب کە لە پلەی دەرەبەگێتیدان. بەڵام بەهێزبوونی نەتەوایەتیی عەرەب و دەسەڵاتی عەرەب, بە زۆری بە هۆی ناسرو حیزبە نەتەوەییەکانی عەرەبەوە و ژمارە زۆری عەرەب لە چاو ئیسرائیلدا و هەندێ شتی تر وایان لە یەکێتیی سۆڤیات کرد بۆ خۆنزیك کردنەوە لە عەرەب هەڵوێستێکی وا نادۆستانە بەرامبەر ئیسرائیل پێشان بدات کە فڕی بەسەر شیووعێتییەوە نەبێ. بۆ وێنە خرۆشێف لە کاتی خۆیدا هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلی ئەکرد لەسەر نەخشە.

ئایە ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ هێزی جوولەکە و کاری کراو, یان پێچەوانە جووڵانەوەیە بەرامبەر دەستووری شیووعێتی؟؟؟.

شیووعێتی و دێمۆکراتێتی

گەلێك کەس وا تێ ئەگا شیووعییەکان بڕوای تەواویان بە دێمۆکراتێتی هەیە. ئەمەش شتێکی سەیر نیە. چونکە دێمۆکراتی و دێمۆکراتێتی ویردی سەرزمانیانە و هەموو دامودەزگاکانی خۆشیان هەر بەناوی "دێمۆکراتی"یەوە ناوناوە. وەك "یەکێتیی لاوانی دێمۆکراتی" و ئافرەتانی دێمۆکراتی" و "مەلا و فەقێی دێمۆکراتی" و نەقابە دێمۆکراتییەکان" و "دیکتاتۆرێتیی دێمۆکراتیانەی گەل" و "قوتابیانی دێمۆکراتی" و ... هتد.

دێمۆکراتێتی کە لە جەوهەردا بریتییە لە فەرمانڕەوایی بەشی زۆری گەل بەسەر بەشی کەمیدا, بە لای شیووعییەکانەوە وانیە. چونکە هەر فەرمانڕەواییەك ئەگەر زۆربەیەتیی گەلیش پشتگیریی بکا بەو مەرجەی لەگەڵ بەرژەوەندیی حیزبی شیووعیدا رێکنەکەوێ, ئەوان دانی پێدا نانێن. لەم رووەوە "لێنین" رەپوڕاست لە کتێبی "ماف نەتەوەکان لە بڕینەوەی سەرنجامی خۆیاندا" لەبارەی نەتەوەی نەرویج و رژیمی پاشایەتییەوە ئەڵێ. "ئەگەر بهاتایە و زۆربەی نەتەوەی نەرویج پشتگیریی لە پاشایەتی بکردایە و پرۆلیتاریاش پشتگیریی لە کۆمارێتی بکردایە ئەو حەلە پرۆلیتاریای نەرویجی دوو رێگەی ئەهاتە بەر. یان شۆڕش بەرپاکردن ئەگەر ظروف لەباربوایە. وەیان مل کەچکردن بۆ

زۆربەیەتی و دەستکردن بە کاروباری پڕۆپاگەندە و هاندانێکی درێژەکێش لە هەمان کاتدا"[1].

ئە ئاوا لێنین دانی پێدا ئەنێ کە هەر بڕیارێك زوربەیەتیی گەل بیدا و بۆ بەرژەوەندیی حیزبی شیووعی باش نەبێ. ئەوا ئەگەر بتوانن سەری بۆ دانانەوێنن. ڕاستیەکەی ئێمەش ئەگەر زوربەی نەتەوەی کورد لە رووی خۆشباوڕی و هەڵخڵەتاویی خۆییەوە بڕیارێك بدا کە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوایەتیدا رێکنەکەوێ بێ گومان ئێمەش سەری بۆ شۆڕناکەین. لەم رووەوە ئێمە و شیووعییەکان وەك یەك "دێمۆکراتین".

ئەمە لە روویەکەوە. لە روویەکی تریشەوە, ئێمە پێمان وایە نوێنەر هەڵبژاردن و پەیداکردنی زۆربەیەتی لە پەرلەماندا چارەسەری مەسەلەی ئاڵۆزکاوی کورد ناکا لەم بارەی ئێستاماندا. تاقیکردنەوەی عێراق و سووریای پێش یەکێتیی عەرەبی بە ئاشکرا دەری خست کە دێمۆکراتێتی بە کەڵکی نەتەوەیەکی بەشکراوی ژێردەستی وەکو کورد نایەت. لەبەرئەوە ئێمە بە هیچ جۆرێك دڵ بە "سەربەستیی دێمۆکراسیانە" خۆش ناکەین و هەر چارەسەرێك لە رەگوریشەوە نەبێ نامانەوێ.

## شیووعێتی و بڕیاری چارەنووسی نەتەوەکان

شیووعییەکان هەمیشە لافوگەزافی دانی "چارەنووسی گەلان" لێ ئەدەن و خەڵکی سادەشیان وا تێگەیاندووە کە گوایە هەر شیووعی دان

[1] لينين. حق الامم في تقرير مصيرها. الطبعة الثانية. الصفحة (57). ايلول – 1958.

بەو مافانەدا ئەنیّ. کە سبەی رۆژێکیش هاتنە سەر کار یەکەم هەنگاویان دان نان ئەبیّ بە چارەنووسی گەلانی ژێردەستەدا کە کوردیش یەکێکە لەوان. راستییەکی شیووعییەکان — وەك هەموو کاروکردەوەیەکی تریان — مافی چارەنووسیش هەر ئەبەستن بە بەرژەوەندیی حیزبەکەیانەوە کە خۆیان پێی ئەڵێن "بەرژەوەندیی چینی کرێکار". بۆ وێنە لە کاتێکدا کە دوو نەتەوە پێکەوە بژین با یەکێکیان زۆر پچووك و دواکەوتووش بیّ وە لە ئەنجامدا لەوانە بیّ زمانەکەی ببیّ بەژێر زمانی گەورەکەیانەوە بەڵام ئەگەر شیووعییەکان توانیان هەردوولا بەکەڵەك و ساختەکارێتی تیّ هەڵکێش بکەن و بەناوی "برایەتی"یەوە لەیەکدا بیانتوێننەوە, ئەوا بە هیچ جۆرێك رێگەی گچکەکە نادەن کە جیاببێتەوە. بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە ئەم کارە لەگەڵ "دەستەی پرۆلیتاریا" ناگونجیّ. ئیتر ئەگەر ئەو نەتەوە گچکەیە توایەوە ئەوا بۆ سوودی شیووعێتی زۆر باشترە. چونکە بەلایانەوە وایە ئەم یەك توخمییە ئەبێتە هۆی یەکخستنی خەباتی چینایەتی. ئەوەتا لەم رووەوە لینین ئەڵیّ:

"بەڵام وەرامدانەوە بە (ئا) یا (نا) لە بارەی مەسەلەی جیابوونەوەی هەر نەتەوەیەکەوە دادەرئەکەویّ کە داخوازییەکی زۆر کردەیی (عملی) بیّ لای هەندێك. بەڵام راستییەکەی داخوازییەکی هیچوچووچە. چونکە لە باری سەرنجی (نظري)یەوە رووە و میتافیزیکییە و لە باری سەرنجی کردەی (عملی)شەوە پاڵ بە پرۆلیتاریاوە ئەنیّ کە دوای سیاسەتی بۆرجوازێتی بکەویّ. چونکە

بۆرجوازێتی هەمیشە داخوازییە نەتەوەییەکانی ئەخاتە پێش دەستەی هەموو ئامانجێکیەوە و رەپوڕاست دانی پێدا ئەنێ. لە کاتێکدا پرۆلیتاریا لەو رووەوە ئەڕوانێتە ئەو داخوازییانە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتیدا رێك ئەکەون یان لێك ئەکەون"[1].

ئەمە مانای وایە مافی بریاری چارەنووس بەلای شیووعییەکانەوە وەنەبێ مافێکی سەربەخۆ (مطلق) بێ و بێ چەند و چۆن بدرێ بە هەموو گەلێك. بەڵکو ئەوەندە شەرتوشرووتیان لەسەر داناوە کە سبەینێ پیاو ئەکەوێتە قوڕێکەوە هەر سەری لێی دەرناچێ و بە تایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکو کوردیش کە ئێستا بەرژەوەندیی ئابووریی بەستراوە بە پێنج دەوڵەتەوە کە یەکێك لەوانە رووسیا خۆیەتی. وە بۆ ئەمە ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی رووداو پێشان بدەین ئەبێ تەماشای هەڵوێستەی شیووعییەکانی عێراق بکەین لە پاش (14 )ی تەمووزەوە کە بەبێ دەنگ وەرگرتن (استفتاء) و لە خەڵك پرسینەوە زۆر بێ شەرمانە لە رۆژنامەی (اتحاد الشعب)ی زەردباودا ئەیاننووسی و بە هەزاران دەمیش جاڕیان ئەدا, ئەیانوت. "ئەم یەکگرتنەی ئێستای کورد و عەرەب لە عێراقدا یەکگرتنێکی (اختیاری)یە". بەڵام ئەم یەکگرتنە لە زەمانی نووری سەعیدا (اختیاری) نەبوو کەچی پاش (14 )ی تەمووز کە بۆ ماوەیەك دەست بوو بە دەستی ئەوان (شیووعییەکان) کوردستانی لەلایەن ئیستیعمارەوە داگیرکراو– بوو بە "کوردستانی ئازاد". لەوەشدا ناهەقیان نەبوو. وایان ئەزانی کە عێراق بەرەو

[1] لينين – حق الامم في تقرير مصيرها. الطبعة الثانية. ايلول (1958) ص. (26).

شیووعێتی ئەڕوا و هەر خۆیان حساب ئەبن لە پاشەڕۆژدا. بۆیە هەموو مافێکی کوردیان کرد بە ژێرلێوەوە. دوایی کە بۆیان دەرکەوت ئەو خەوەی ئەوان دیویانە نایەتەدی, ئەمجا بایان دایەوە و ئەوەتا بە چوار چاو فرمێسکی درۆ هەڵئەڕێژن بۆ کورد و کوردستان و هیچ دارودیوار و لاکۆڵان و دارئەلەکتریکێك نەماوە بە نووسینی بەیاننامەی زەردی ئەوان پۆخڵ نەبووبێ. لە هەمان کاتدا پەیتا پەیتاش هەر باسی "یەکێتیی عێراق" ئەکەنەوە. هەر بەمەشدا دەرئەکەوێ کە ئەوان تا چ ئەندازەیەك بۆ "ئازادیی کوردستان" تێئەکۆشن.

کەواتە مافی بڕیاری چارەنووسیش وەك هەموو لافوگەزافێکی تری ئەم نۆکەرانە هەر بەندە بە بەرژەوەندیی ئابوورییەوە. ئیتر هەستی نەتەوەیی و زمانی جیاواز بەلای ئەوانەوە پوولێك ناهێنێ. ئەوان ئەیانەوێ بە هەر ڕێگەیەك بێ حیزبی شیووعی بەهێز بکەن. ئیتر جیاوازیی کورد و عەرەب و... هتد بەلایانەوە بایەخێکی نیە. چونکە مەسەلە مەسەلەی بەهێزبوونی حیزبی شیووعی و سەرکەوتنێتی لە کن ئەوان نەك مەسەلەی جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان.

## کارو کرداری شیووعییەکان

ئەو کردەوانەی کە شیووعییەکانی عێراق پێش (14)ی تەمووز و دوای (14)ی تەمووز کردوویانە و ئەیکەن بەرامبەر بە کورد, هەر لەوەوە کە کورد "نەتەوە – امة" نیە هەتا ئەگاتە جنێودان بە کورد و

کوردستان کردن بە قلیاسان[1] و خەڵك راکێشان و پەتخستنە هەڵسووڕان و ## جاسووسی کردن بۆ دوژمنان و پڕکردنەوەی رۆژنامەکان بە پاکانە و وازهێنان و رێگرتن لە هەموو بزووتنەوەیەکی کوردایەتی و نۆکەری کردن بۆ هەموو بێگانەیەکی خوێنمژی داگیرکەر. هەروەها ئەو دەورە نامەردانەیەی کە حیزبە شیووعییەکانی دراوسێی عێراق وەك حیزبی "تودە"ی رووڕەش و حیزبی شیووعی سووریا — بە سەرۆکایەتیی زۆڵە کورد خالید بەگداش — بوویانە و هەیانە بەرامبەر بە کورد, چاکترین ئاوێنەن بۆ بیروباوڕی پیسیان. هەر کەسێکیش پاکانە بۆ ئەمانە بکا و بڵێ "جاکەی ئەمانە شیووعی بوون و ئەمانە لە مارکسێتی لایان داوە ئەگینا شیووعێتی راست دوورە لەمانەوە" دیارە ئەوانەش هەر فەریکە شیووعی و زۆڵەکوردن و ئێمە بەرەو رووی رادیۆی (مۆسکۆ)یان ئەکەینەوە کە هەمیشە بەرگریی بۆ ئەم نۆکەرانە ئەکا و بە شیووعی راستەقینەیان ئەداتە قەڵەم. ئێمە هیچ کاتێك ئەو فەریکە شیووعییانەی ئەم بەهانانە ئەهێننەوە لە خرۆشێف و کاربەدەستانی رادیۆی مۆسکۆ بەشیووعی تر نازانین کە گیانیان لەسەرسەری ئەمانەی ئێرە ئەخولێتەوە. تەنانەت نووسەری "پارتی پێشڕەو"یش لە

---

[1] پاش ئەوەی نەتەوەییەکانی کورد بیری "مەعاریفی کوردستانیان" خستە مێشکی خەڵکی وڵاتەوە. ئەوجا پارتەکان ئەم بیرەیان قۆزتەوە و بوو بە درۆشمیان لە (مظاهرة)کانیاندا. شیووعییەکانیش بۆ گاڵتە پێکردنیان بە مەعاریفی کوردستانیان ئەوت "مەعاریفی قلیاسان" و کە یەکێکیش بیوتایە "رۆژباش" وەرامیان ئەدایەوە "تاکە کڵاش".

نامیلکەکەیدا دانی بە پەیوەندیی شیووعییەکانی عێراق و بۆلشەویکەکانی رووسدا ناوە. لەبەرئەوە ئەو بڕوبیانوانەیان یا لە گەوجێتییەوەیە, یا لە هاوبەشیکردنی ئەو نۆکەرانەوەیە.

ئێمە و پارت

پارتی دێمۆکراتی کوردستان, لەسەرەتاوە و چۆن دروست بووە و هاتووەتە کایەوە ئەوە بەلای ئێمەوە ئەم سەرو ئەو سەر لێکدانەوەی بە پێویست نازانین. چونکە هونەر ئەوەیە ئیمڕۆ بزانین چۆنە. نانیش ئەو نانە کە ئیمڕۆ لە خوانە. لەبەر ئەوە وای بە چاك ئەزانین یەکسەر ئەو بیروباوڕانەیان لێك بدەینەوە کە لەسەرین.

ئێمە لە سەرەتاوە باسی شیووعێتیمان کرد و بە چاکی دەرمانخست کە چەند لەگەڵ کوردایەتیدا ئەگونجێ. ئەمجا ئەگەر ئێمە سەرنجێکی پارتی بدەین کە لە چەند سەرێکەوە ئەچێتەوە سەر شیووعێتی و لە تەکیدا رێکئەکەوێ ئەوسا هەموو کورد پەروەرێك تێئەگا کە پارتی پاشڕەویش تا چ ئەندازەیەك بۆ کوردایەتی هەوڵ ئەدا. لەبەر ئەوە با جارێ ئەو نوختانە بخەینە بەرچاو کە (پارت) و (شیووعی) تێیدا یەك ئەگرنەوە.

(1)– پارتی هەرچەندە بیروباوڕێکی سنوور بۆکێشراوی ئامانج دیاری هەرگیز نەبووە و نیە و بە پێی ظروف و رۆژگار بیروباوڕی خۆی گۆڕیوە کاتێك شیووعێتی بەهێز بووبێ, چووە مارکسێتیەکی خەستی کردووە و بە شانوباهووی بیروباوڕی مارکسیدا هەڵداوە. کاتێکیش

نەتەوایەتی بەهێز بووبێ فشە کوردایەتییەکی "فراوان"ی کردووە. بەڵان ئەگەر سەرنج بدەینە پێڕەوی کۆن و تازەی هەروەها نووسینەکانی رۆژنامەی "خەبات" و جۆری بیروباوڕی سەرکردەکانی, ئەو حەلە بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کە پارتی حیزبێکی فەریکە مارکسییە و ئەیەوێ ئەندامان و لایەنگرەکانیشی وردەوردە بە خۆراکی مارکسێتی گۆش بکا. تەنانەت لەو رۆژانەدا کە خەریك بوون دامودەزگای لاوان و قوتابیان و ئافرەتانیان لێك هەڵئەوەشاند و پێشکەشی شیووعییەکانیان ئەکرد, زۆر بێشەرمانە سەرکردەکانیان ئەیانوت: "ئێمە قوتابخانەیەکین بۆ پێگەیاندنی شیووعی". دوایی ئەوەتا پێڕەوی پاش "(14)ی تەمووزی بە ئاشکرا دان بەوەدا ئەنێ کە کەڵك لە بیروباوری مارکسییەوە وەرئەگرێ (هەرچەندە لە دواییدا ئەمەی لەبەر دڵی کاکە کەریمی لابرد) ئەگەرچی ناشوێرێ بە ئاشکرا بڵێ "مارکسین". واتا بە ناخێری گیانی "گۆشتەکەی ئەخوا و گۆشتاوەکە نە". وە هەر لەبەر ئەمە و راگرتنی دڵی شیووعییەکان بوو کە لە پێڕەوەکەیدا لە پاش (14)ی تەممووزەوە هەموو هەوڵێکی ئاڕاستە کردووە بۆ پاراستنی حکوومەتێکی دێمۆکراتی لە عێراقدا. کەچی لەبەرنامەی پێش (14)ی تەمووزی دا ئەڵێ "ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو کوردستان". بێ ناگەین سەربەخۆیی کوردستان لە کوێ و پارێزگاریی "کۆماری هەتا هەتا (خالد)ی عێراق" لەکوێ؟؟؟.

ئێستە ئەگەر هەندێ کەس بێن ئەم ڕێبازی مارکسیانەیەی پارتی بە ڕێبازی دەستەیەك سەرکردەی دەرکراو دابنێن (وەك هەمزە و تاقمەکەی) ئێمە ئەڵێین وانیە. چونکە گەلێك لەو سەرکردانەی ئێستا هەن, ئەو حەلەش هەر کاربەدەست و سەرکردە بوون و فزەیان لێوە نەهات کە ئەو دامودەزگا کوردستانیانە هەڵوەشێنرانەوە و خرانە قوڕگی شیووعییەکانەوە.

(2)– پارتیش وەکو شیووعی باوڕی بە پێکەوە تێکۆشانی کورد و عەرەب و ... هتد هەیە و بۆ بەهێزکردنی ("برایەتی" یان هەوڵ ئەدا. ئەمە هەرچەندە بیروباوڕی نانەتەوەیی یە و هی شیووعییەکانە, کەچی پارت ئەمەی ناوناوە "کوردایەتیی فراوان". واتا بە هێزکردنی یەکێتیی گەلانی سووریا و عێراق و ... هتد و پاراستنی سنووره دەستکردەکانی ئەم وڵاتانە بە بەهێزکردنی کوردایەتی دائەنێ. لەبەر ئەوە کورد پەروەرەکان ناهەقیان نیە ناویان ناوە "کوردایەتیی فریودان".

(3)– پارتیش وەکو حیزبی شیووعی رووسیای سۆڤیاتی بە "رووگە (قبلة)ی گەلان" و "قەڵای ئاشتی و ئازادی" ئەزانێ و پەیتا پەیتا نوێنەرەکانی ئەنێرێ بۆ ئەو کۆنگرانەی لە ژێر چاودێریی ئەواندا رێك ئەخرێن.

(4)– پارتیش وەکو شیووعی هەموو کوردپەروەرێك کە بە "کوردایەتی فریودان" رازی نەبێ, بە ناووناتۆرەی "شۆڤێنی" و "پیاوی ئەمریکا" و "هیتلەری" و "کۆنەپەرست" و "نۆکەری شا"

ناوئەبا و گەلێك جار لە نووسینەکانیدا و لە ناو شانەکانیدا هانی خەڵك و کاربەدەستانی میرییان لێ ئەدا و جاسووسییان بەسەروە ئەکات[1].

(5)– پارتیش وەکو شیووعی هەر باوڕی بەو ئاشتی و دۆستایەتییەیە کە "دەزگای جیهان"ی لەمەڕ شیووعییەکان سەرپەرشتیی ئەکا. ئەو دەزگایەی کە هەمیشە پاکانە بۆ هەموو دەستدرێژییەك و تاوانبارییەکی رووسیا و دەوڵەتە شیووعییەکانی تر ئەکا.

(6)– هەردوولایان باوڕیان بەو دێمۆکراتییە ئاڕاستەکراوە هەیە کە دەستکردی (ماوتسی تۆنگە). مانای بڕوایان وایە کە چەند نەتەوەیەك ئەتوانن لەژێر سایەی ئەو رژێمە "دێمۆکراتی"یەدا کە لە چین هەیە وەك یەك بژین. ئەمە وا و کە نەتەوەکان لە "مافی بریاری چارەنووسیش"دا

[1] یەکێك لە سەرکردەکانی پارت کە بە ئاشکرا و شانازییەوە جاسووسی بۆ (مدیریەتی امنی عام)ی عێراق ئەکرد, (عبدالرحمانی زەبیحی – عیسی عەرەفات) بوو. ئەم نۆکەرە پەیتا پەیتا ناوی کورد پەروەرەکانی ئەدا بە (امن) و بە فیزێکەوە ئەیوت "خزمەتی جمهوریەت ئەکەم". زەبیحی – وەك هەوالگوزاری کاژیك ئاگاداری کردووین – بەدزیەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتە. بە سازمانی ئەمنی ئێرانیشەوە کۆنە پەیوەندییەکیشی هەر هەیە. چونکە کە لە ساڵی (1954)دا لە بەغدا گرتیان و دایانەوە دەست ئێران, سازمانی ئەمنیەت گورج بەرەڵای کرد و ناردیەوە عێراق و ئەمجا لەوێوە چوو بۆ سووریا و پەساپۆرتی سووریای دەرهێنا بە ناوی (عیسی عەرەفات)ەوە. پاش (14)ی تەمووز گەرایەوە عێراق و دەستی کرد بە خراپەکاری و ئاژاوە نانەوە وەك پێشوو.

هەروەك یەك بن, ئیتر ئاشکرایە کە قەوانی جیابوونەوەی نەتەوەکان بە سەربەستی, تەنیا بۆ دەستخەڕۆکردنە و هیچی تر.

(7)– هەر لەیەکەم رۆژی (14)ی تەمووزەوە هەردوولایان بیّ چەند و چۆن و بە گەرمییەوە پشتگیریی ئەم شۆرشەیان کرد, بیّ ئەوەی ریّ بدەنە سەر ئەوەی کوردی کولۆلّ کەلّکێك لەم هەلە وەربگریّ و تەکانێك بداتە خۆی. بگرە بە پێچەوانەی ئەمەوە هەرکەسێك ناوی پاشەرۆژی کوردی بهێنایە بە هەردوولا ئەکەوتنە وێزەی و بە پیاوخراپ و کلکی بێگانە و دەستندەخۆریان دائەنا و ئەیان فەرموو "کۆمارەکەمان – کۆماری کورد و عەرەب – هێشتا ساوایە و داوای چ هەقێك ئەکەن جاریّ!". بیرخەرەوەی مامۆستا ئازادەکان لە بارەی مافی خوێندەواریی کوردەوە کە چەند رۆژێك پاش (14)ی تەمووز دایان بە قاسم بۆ تاقیکردنەوەی لەبەر دەم خەلّکی ساویلکەدا و داخستنی رۆژنامەی (البلاد) لەسەر ئەوەی ئەو بیرخەرەوەی بلّاوکردبووە, ئەمجا هێرشی پارت و شیووعی و جنێودانیان بەو مامۆستا یانە بەلّگەیەکی بە هێزە بۆ راستیی ئەم قسەیە.

(8)– هەردوو لایان پاش (14)ی تەمووز لەگەلّ حیزبی (بەعسی عەرەب) و (ئیستیقلال) و (وطنی دیمقراطی) دا بەرەیان کردەوە و دانیان بەوەدا نا کە عێراق "بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب" بیّ ئەوەی هیچ سنوورێك بۆ کوردستان دەست نیشان بکەن[1].

[1] "میثاق جبهة الوطني" کە لە رۆژی (19)ی تیشرینی دووەمی (1958)دا دەرچووە بەم جۆرەیە:

(9)– حیزبی (بەعسی عەرەبی) وەك لە پرۆگرامەکەی دا دەریئەکەویٚ هەر لە (محیطی اطلسی)یەوە هەتا چیاکانی پشتکۆ بە نیشتمانی راستەقینەی عەرەب ئەزانیٚ, واتا کوردستانی عێراق و سووریا و بەشێك لە کوردستانی ئێرانیش هەر بە موڵکی عەرەب ئەزانیٚ. لەگەڵ ئەوەشدا شیووعییە نۆکەرەکان و پارتە ریسواکان, هەموو بەرەیان لەگەڵدا ئەکەنەوە و بەو پەڕی بێشەرمییەوە پەلاماری ئەوانەش ئەدەن کە ئەم راستییە ئەخەنە روو.

(10)– کە قاسم – وەك نەتەوەییەکان پێشەکی پێشەکی ئەیانوت لە پاشەرۆژدا چی ئەکات – دەستی بەسەر "سەربەستییە دێکۆکراتیەکان"دا گرت, ئەوسا پارت و شیووعی, کوردایەتییان کەوتەوە بیر و دەستیان دایەوە فشە کوردایەتیەکەی خۆیان و وتیان بەشێك لە کوردستان کراوە بە خاکی عەرەب (هەرچەندە لەوەپێش خۆشیان دانیان بەمەدا نابوو و ئیمزاشیان کردبوو) ئەمەشیان نەك بە ئاشکرا و پیاوانە ئەوت بەڵکو بە فسکە فسك و دزەخونجێنەوە. چونکە هەموو رۆژێك رۆژنامەی "خەبات" لەسەر لاپەڕە زەردەکانی لوورەی ئەهات بۆ "یەکێتیی عێراق" و وای ئەدایە قەڵەم کە کوردستان هەمووی داگیرکراوە بێجگە لەم پارچەیەی عێراقی کە بەختی هەستاوەتەوە و خوا "کاکە کەریمی دێمۆکراتی" بۆ رەخساندووە و کردوویەتی بە

---

المادة الاولى: "لما كانت جبهة الاتحاد الوطني تقر ان امة واحدة فرقها الاستعمار و اعاق توحيدها و ان العراق جزء لا يتجزأ من الامة العربية فانها تعمل على اعلاء شأن القومية العربية و تسعى بوجه خاص من اجل تحديد افضل و امتن شكل من اشكال الارتباط بالجمهورية العربية المتحدة... الخ". المادة الثالثة. "تعمل الجبهة على صيانة استقلال العراق من كل تدخل اجنبي و تبنيه سياسة عربية متحررة... الخ".

"کوردستانی ئازاد" و بە هەزار چاویش لەم دواییەدا ئەگریان بۆ "سەربەستیی دیمۆکراتی" ئەو سەربەستییەی کە هەموو خزمەتێکی بۆ کورد ئەوەبوو سەرکردەکانی پارت و شیووعی بەسەربەستی لە کۆشك و تەلاری وەزیرە لێ کەوتووەکان و ئۆتۆمۆبێلی کۆنە نۆکەرەکانی دەوری "نووری سەعید"دا لرفیان لێ ئەدا. ئەمە هەمووی لەسەر حسابی رەشکردنەوەی ناوی کورد و دوژمن لێ هاندانی بە جۆرێك سەردەمێك (و هەتا ئێستەش) وای لێ هاتبوو کورد نەی ئەتوانی لە گەلێ شوێنی بەغدا و تەنانەت لە هەندێك شوێنی ولاتەکەی خۆشیدا (کە کەرکووك و مووسڵە) بە دڵنیایی هاتوچۆبکا.

(11)– هەردووکیان لە پێش (14)ی تەمووزدا بە شانوباهووی (جەمال عبد الناصر)یان دا هەڵ ئەدا و بە قارەمانی رزگارکەری ولاتی عەرەب و "کورد"یان ئەزانی و هەرکەسێکیش بیوتایە "کوردەکانی سووریا بەم رزگار بوون و یەکێتییەماڵیان خراپتر بووە" بە پیاوی ئیستیعمار و بڵاوکەرەوەی بەیتوبالۆرەی ئیسرائیل و نووری سەعید و شای ئێرانیان ئەدایە قەڵەم. تەنانەت هەندێکیان هیچ شەرمیان نەئەکرد, بیانوویان بۆ ئەمە وەها ئەدۆزیەوە کە گوایە کوردەکانی سووریا "کەمەکێکن" ئیتر "چی تێدایە ئەگەر هەرواش بمێننەوە یان بە جارێ بتوێنەوە".

(12)– لە پاش ئەوەی قسەی کوردپەروەرەکان بە راست دەرچوو و بۆ عالەم دەرکەوت کە (ناصر) چییە و چۆنە بەرامبەر کورد. وەکە (ناصر) دەستی کرد بە ئازاردانی شیووعییەکانی سووریا و جنێودان بە

شیووعییەكانی عێراق, ئەوسا شیووعییەكان كەوتنە پەلاماردانی و قسەی ناشرین پیێ وتنی و كردنی بە نۆكەری ئیستیعمار و پیاوی (راونتری##). تەنانەت ئەچوون وێنەكەی (ناصر)یان ئەهێنا و سەرەكەیان لێ ئەكردەوە و لە جیاتی ئەوە سەلكی كەرێك یا سەگێك یا ئافرەتێكی خراپیان پێوە ئەكرد و ئەیان نووساند بە دیوارەكانەوە. پارتییەكانیش كە هەمیشە هەر كلك و پاشڕەو بوون ئەوسا وێرایان ناوی كوردی سووریا بهێننن و ئەو حەلە پێكەوە (پارت و شیووعی) بە جووتە دەستیان كرد بە رشتنی فرمێسكی درۆ بۆ كوردستانی داگیركراوی سووریا "نەك بۆ "كەمێك كورد" كە "قەی چی ئەكرد ئەگەر هەواش بمانایەوە یان بە جارێ بتوانایەوە".

(13)– هەردووكیان لە سەرەتاوە پشتگیریی یەكێتیی عەرەبیان كرد. بە تایبەتی (خالید بەگداش)ی زۆڵە كورد لە رۆژنامەی (النور)دا كە زمانی حاڵی شیووعییەكانی سووریا بوو بە ئاشكرا لایەنی ئەو یەكێتییەی ئەگرت, تەنانەت وتاری وای لەم بابەتەوە ئەنووسی: "نحن خیر امة اخرجت للناس" واتا خۆی بە عەرەب ئەدایە قەڵەم و عەرەبیش بە باشترین نەتەوەی جیهان. ئافەرم بۆ خۆت شیووعی و ئافەرم بۆ خۆت (اممی)".

بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین كە شیووعییەكانی سووریا بە مەرجێك پشتگیریی ئەم یەكێتییەیان ئەكرد كە حیزبی شیووعی بە سەربەستی لە هەردوو كیشوەری (میسر) و (سووریا)دا ئیش بكا. كە ئەوە سەری نەگرت بۆیان, ئەمجا كەوتنە هێرش بردنە سەر (ناصر) و جنێوپێدانی و

بوختان پێکردنی. ئەمە ئەوان و کە (میشێل عەفلەق)ی سکرتێری حیزبی بەعسی عەرەبیش لە مانگی ئابی (1958)دا هاتە بەغدا و لەگەڵچ (برایم ئەحمەد)ی سکرتێری پارتیدا کۆبوونەوەیەکی تەلەفزیۆنییان کرد, برایم لەو کۆبوونەوەیەدا بە عەرەبی ووتی: "ئەو هاوبەشییەی رۆڵەکانی کورد و عەرەب هەڵیان بژاردووە باووباپیرانیشیان هەر هەڵیان بژاردووە, کاتێك لە چاخە جۆرجۆرەکانی مێژوودا پێکەوە وەستاون و بەرگرییان لەم وڵاتە کردووە... برا کوردەکانتان شانازی بە راپەڕینی نەتەوەییی عەرەبەوە ئەکەن لە خەباتە رزگاریخوازانەکەیدا و دڵنیاشن هەر هەنگاوێك کە عەرەب بینێ بەرەو یەکگرتن یا یەکێتیی عەرەبی و گەشەپێدانی هێزی عەرەب, ئەبێتە خێر و بێر و ئەڕژێ بەسەر کورددا[1]".

کەواتە پارتیش وەك شیووعی ئەم یەکێتیی عێراقە بە "اختیاری" دائەنێ و سەرەڕای ئەوەش "یەکێتی عەرەب" بە سەرۆکایەتیی (بەعس و ناصر) بێ شەرتو شرووت — وەك سکرتێرەکەیان دانی پێدانا– بەخێر و خۆشی ئەزانێ" بۆ کورد.

(14)– لە باری سەرنجی هەردوولایانەوە کە لەسەر بنچینەی مارکسێتی دامەزراوە, ئیستیعمار هەر بە ئیستیعماری ئابووری ئەزانرێ. وە لەم رووەوە هەردوو حیزبەکە هەر تەنیا ئەمریکا و ئینگلیز و فەرەنسا بە داگیرکەر و ئیستیعمار دائەنێن و چاو لە داگیرکەرە

[1] جريدة (الجمهورية) البغدادية. السنة الاولى, العدد (13) الجمعة (11) آب – (1958).

راستەوخۆکانی تر ئەپۆشن و تەنانەت بە "برا گەورە"یان ئەدەنە قەڵەم.

(15)– هەردوو لایان بە بەندوباوی نوێنەر هەڵبژاردن و "سەربەستیی دێمۆکراتی"یەوە گیروگرفتی بنچینەیی کورد و کوردستان ئەشارنەوە و وای لە کورد ئەگەیەنن کە ئەو فشەمافانە چاری هەموو دەردێکی کورد ئەکات.

(16)– هەردوولایان هەوڵ ئەدەن (اقتصادیات)ی کوردستان پێش بخەن بە هۆی کارگە دروستکردن و دامەزراندنی پرۆژەی گەورەگەورە بۆ ئەوەی کوردستان توندتر ببەستن بە پایتەختەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە.

(17)– هەردوولایان لەو باوڕەدان کە کوردەکانی رووسیا ئازادن و هەموو مافێکی نەتەوەییی خۆیانیان هەیە و وەرگرتووە و پێیان وایە پارچەیەك لە ئەرزی کوردستان لە ژێردەستی رووسیادا نیە و کورد کەمایەتییەکە لە رووسیادا.

ئەمانە هەمووی بە جوانی بۆمان دەرئەخەن کە پارت و شیووعی تا چ ئەندازەیەك بەیەکەوە بەستراون. لەبەر ئەوە پێویست بە یەکالاکردنەوەی تر ناکا.

پارتی هەرچەندە لە جەوهەردا حیزبێکی فەریکە مارکسییە, بەڵام بە هۆی ترسنۆکی و هەلپەرستیی سەرگەورەکانییەوە ئەم راستیەی نەخستووەتە روو, بەڵکو هەموو کاتێك هەوڵی داوە بە ناوی "نەتەوایەتی"ی درۆزنە و کوردایەتیی فریودانەوە پیاوی کوردپەروەری

ساویلکە دابدۆشێ و هەڵخڵەتێنێ. زۆرتریش کەڵکی لەوە وەرگرتووە کە تا ئێستا دامودەزگاکایەکی کوردانەی راستەقینەی وەك "کاژیك" نەبووە کە بیروباوڕی کوردایەتی شی بکاتەوە بۆ ئەم خەڵکە. لەبەر ئەوە پارتی گەلێك کورد پەروەری بەشەرەفی تێکەوتووە. لەوانەی کە یا هەستیان بە چەوتوچەوێڵیی پارتی نەکردووە وەیان لە ساویلکەیەتیی خۆیانەوە پێیان وایە ئەتوانن پارتی پاشڕەوی قڕە بەرەوباشی بەرن. ئەمە بێجگە لەو ئەندامە هەلپەرستانەی کە بۆ کات رابواردن و رۆژبردنەسەر, چوونە ناوی و ئەمانەش لە فیشاڵکردن و خۆهەڵکێشانی درۆ بەولاوە هیچی تریان لەباردا نیە. دیسانەوە ئەو سەرۆك هۆز و دەرەبەگ و خاوەن مەسڵەحەتانەی لە رقی شیووعییەکان چووەتە## ناو پارت چونکە بەوە دەسخەڕۆ کراون کە گوایە پارت دژی شیووعێتییە. هەروەها ئەو جاسووس و نهێنگرانەی حیزبی شیووعی عێراق و باڵوێزخانەی ئینگلیز و ئەمریکا و دامودەزگای ئەمنی عێراق و پەیمانی بەغدا ناردونێتە ناوی. ئا لەبەر ئەمانە پارت یەکێتییەکی بیروباوڕانەی راستەقینەی لەناودا نیە و هەر لەبەر ئەمەشە یەکێتییەکی رێکخراوانەی (تنظیمي) و (زبت و رەبتێکی) حیزبی تێدا نیە بەڵکو تەمەڵخانەیەکی بە ئەدەب و کۆکتێلێکی زۆر سەیرە.

بەمانەی سەرەوەدا بۆمان روون بووەوە کە شیووعێتی چارەسەری مەسەلەی کورد ناکا. هەروەها پارتیش کە کلك و پاشڕەوی شیووعێتییە ئەویش لە شیووعێتی خراپتر کورد بە ناخی ئەرزدا ئەباتە خوارەوە. دیسانەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی

کوردی سووریاش لە دەستەخۆشکی پارتی عێراق و کلکی توودە و دەستنێژی شیووعییەکانی سووریا بەولاوە هیچی تر نین و لە کوردایەتی بە دوورن. ئەمەش وەنەبێ شتێکی سەریر و رێکەوت بێ چونکە ئەم حیزبانە لە سەرچاوەی بیروباوڕی بێگانەوە ئاو ئەخۆنەوە و مژ لە بیروباوڕی پاکی کوردایەتی نادەن. دە دیارە لەمە باشتر نابن. لە کوردستانی تورکیاشدا هیچ حیزبێکی کوردی تا ئێستە نیە و شیووعیە تورکەکانیش وردە وردە واخەریکن دەم ئەژەندنە ئەوێ. ئەمجا لەبەر ئەم هۆیانە و لەبەر ئەوەی کوردستانی دابەشکراو و نەتەوەی کوردی ژێردەستە و دیلمان لە رێگەی دامودەزگایەکی کوردانەی خاوەن بیروباوڕی رێکوپێکی شۆرشگێڕەوە نەبێ رزگاری نابێ, دیارە دامەزراندنی دامودەزگایەکی نەتەوەیی چەسپو لە سەر فەلسەفەیەکی پتەوی خۆماڵی پێویستیەکی دستوبردە بۆ پێشڕەوی کردنی کورد و رێبەری کردنیی بۆ رزگاری و سەربەخۆییی کوردستان و نەهێشتنی ئەم ئاژاوەیەی کە کەوتووەتە ژیانی کوردایەتیمانەوە و لە ئەنجامدا ئامادەکردنی کورد بۆ گەیاندنی پەیامە مێژووییەکەی بە هەموو جیهان.

دە ئەو دامودەزگایەی کە بتوانێ ئەم کارە گران و گرنگە بە جێبهێنێ و ئەم ئەرکە مێژوویییە مەزنە بگرێتە ئەستۆی خۆی تەنیا کاژیکە. چونکە کاژیك نەك هەر دامودەزگایەکی سیاسیی شۆرشگێڕی نەتەوەییە و بەس بەڵکو بەر لە هەموو شتێك راپەڕینێکی فیکرییە گشت لایەکی سڕبووی گیانی کوردەواریمان رائەوەشێنێ و ئەی هەژێنێ و تۆزوخۆڵی تەمەڵی و سستوسۆڵیی لێ ئەتەکێنێ.

کاژیك وەك لە ناوەکەیدا دەرئەکەوێ (ك.ا.ژ.ی.ك) — واتا کۆمەڵی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد — فەلسەفەیەکی کوردانەی نوێ و بیروباوڕێکی نەژادی و پەیامێکی جیهانییە, ئامانجی ژیانەوە و رزگاریی کورد و سەربەخۆییی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کوردیی تازە لەسەر بنچینەی بیروباوڕی کاژیکی, بە جۆرێ کە پەیامی نەژادیمان بە جیهان بگەیەنێ.

جا ئەمجا با رێ بە رۆژی درەخشانی کاژیك بدەین چەند تاڵێك لە تیشکە بە تینەکانیمان ئاڕاستە بکات:

## کورتەی فەلسەفەی کاژیك

### (1)— کاژیك و بزووتنەوەی کوردایەتی

بە پێی بیروباوڕی ئێمە بزووتنەوەی کوردایەتی لەو رۆژەوە دەست پێ ئەکا کە نەتەوەی کورد خۆی لەم جیهانەدا بە کورد ناسیوە. چونکە — وەك وتمان — ژیان سەراپا جەنگی مان و نەمانە, لەبەر ئەوە پێمان وایە ئەوەتەی کورد هەیە بزووتنەوەی کوردایەتیش هەر بووە لە پێناوی مانەوە و ژیاندا. دیسان لەبەر ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بۆ "مان و ژیان"ە کەواتە هەتا کورد بمێنێ, کوردایەتیش هەر ئەمێنێ. ئەمجا ئەگەرچی کوردایەتی لە دەوری کۆندا بەم شێوەیەی ئێستای بەرشووەوە نەبووە, بەڵام تاکوتەرا و کەم کەم و پچڕ پچڕ و لە گەلێ بەرگ و چەشنی جۆرجۆردا هەیبووە. وێنەش بۆ ئەمە لە مێژووی نەتەوەکەماندا زۆرە وەك ئەو هۆنەرانەی کە لە دەوری خامۆشیی

نەتەوەییدا بانگیان داوە بە گوێی نوستواندا, بەتایبەتی عەلی ترمۆکی (لەسەدەی 4ی هیجریدا ژیاوە) و ئەحمەدی خانی (1650–1706) و حاجی قادری کۆیی (1815–1892)[1]. هەروەها ئایینی کۆنی یەزیدییەکان کە ئاینێکە لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەمە. دیسانەوە بەربەرەکانیی کورد بەرامبەر داگیرکەرەکانی کوردستان لە دەوری کۆندا و گۆرانی هەڵدان بەو پاڵەوانانەدا کە کوردیان پاراستووە لە هێرشی بێگانە وەك (رۆستەمی زاڵ) و (کاوەی ئاسنگەر). کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەو مارکسییانەدا یەك ناگرینەوە کە ئەڵێن "بزووتنەوەی کوردایەتی شتێکی تازە کوورە## و وەختییە و کوردایەتیش ئێزگەیەکە بۆ گەیشتنە جیهانی ئادەمزادێتی". کە ئەمان مەبەستیان لەم جیهانە "جیهانی نانەتەوەییی شیووعییانە"یە. چونکە بەلای ئێمەوە ئادەمزاێتی پلەیەکی تایبەتی نیە لە سەروو هەموو پلەکانی تری پەیژەی گۆڕانی کۆمەڵگاوە بێ بەڵکو تەنیا هەستێکی بەرزە و لە هەموو پلەیەکدا چنگە ئەکەوێ. بزووتنەوەی کوردایەتی بەلای ئێمەوە دەستکردی هیچ جۆرە چین و دستەیەکی

---

[1] جوانترین نموونە بۆ ئەمە شاعیری بەناوبانگی کورد "بابەراخی هەمزانی"یە کە بە هۆنراوە جوانەکانی کوردەکانی چیای داسەنی هانداوە, پشتگیریی شۆڕشگێڕی کورد "نجەعفەر کوڕی میر حەسەن" بکەن دژی خەلیفەی عەباسی و خۆشی لە سوپای میری کورددا دژی هێرشی خەلیفە (معتصم باللـه) بووەتە سەرباز تا لە مانگی شەوالی (266)ی هیجریدا شەهید کراوە. ئەم کارەساتە لە هەزار ساڵ زیاترە.

خەڵکی یا هیچ پلەیەکی مێژوویی تایبەتی نیە. ئەگەرچی هەندێ جاریش چینێکی تایبەتی بۆ خۆی دای دۆشی بێ (ئیستیغلالی کردبێ). وەك هەموو شتێکی تر کە دادۆشراوە و دائەدۆشرێت. کوردایەتی بزووتنەوەیەکی خۆڕسکی (طبیعي)ی زینووی هەمیشەییە. لە رۆژگاری دروستبوونی نەتەوەی کوردەوە ئەمیش پەیدابووە و سەری هەڵداوە. ئەگەرچی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کورد و گۆڕانی چەشتنی رژێمی کۆمەڵایەتی کارئەکاتە سەر ئەم بزووتنەوەیە و پەرەی پێئەسێنێ و سنوورەکەی فراوانتر ئەکا و هێز و گوڕەکەی زیاتر ئەکا و وردە وردە پێشی ئەخا و ئەیخاتە قاڵبی سنوورێکی زانستیی ئاشکراوە کە (نظریات) و (آراء)ی لەسەر دابنرێ و لە ئەنجامدا هەنگاوی قایمتری پێ دابگێرێ بەرەو ئامانج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بزووتنەوەیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کوردەوە دەستی پێنەکردووە. وەك چۆن مارکسییەکان ئەڵێن خەباتی چینایەتی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە لە هەموو پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەربووە (بێجگە لە پلەی کۆمۆنیزمی سەرەتایی) بەڵام ئەوەند, هەیە رۆژانی (کارل مارکس) ئەم خەباتە نەخراوەتە قاڵبێکی (نظري)یەوە. ئێمەش بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەڵێین. بزووتنەوەی نەتەوەیی کە هەوێنی هەموو جۆرە راپەڕین و هەڵسوکەوتێکە لە ژیانی ئادەمیزاددا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە بووە ئەگەرچی هەتا ئەم دواییەش نەخرابێتە قاڵبێکی

زانست و ڕێکخراوێکی (تنظیمي)یەوە یان بە پێی (تطور)ی کۆمەڵگای ئادەمیزاد (مەفاهیمە)کانی نەختێك گۆڕابێ و فراوانتر بووبێ.

## (2)– کاژێك و جێ چۆڵی بیروباور

وتمان بزووتنەوەی کوردایەتی بزووتنەوەیەکی یەکجار کۆنە و لەگەڵ هاتنەبوونی کورددا دروست بووە. ئەی کە بزووتنەوەیەکی وا کۆنە و ئێستاش هەر سپوزیندووە, ئیتر بۆچی نەی توانیوە لەم ماوە دوورودرێژەدا بگاتە ئامانج و نەتەوەی کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەری شانۆی ژیان؟؟؟.

بێگومان هیچ بزووتنەوەیەك لەم جیهانەدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ناڕوا هەتا بیروباوڕێکی ڕەسەن پاڵی پێوەنەنێ و نەیخاتە ڕێ. چونکە هەموو بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە لە بیروباوڕێکەوە پەیدا ئەبێ. دە بەلای ئێمەوە هەموو بیروباوڕێکی تازە یان لە یەکێکی بلیمەتەوە یان لە چەند کەسێکی لێوەشاوەی ژیرەوە سەر هەڵ ئەدا و بناغەی بۆ هەڵ ئەبەسترێ و کە ظروفی باشی بۆ هەڵکەوت ئەو بیروباوڕە لە دڵی چەند کەسێکی کارزانی بەکردەوەدا ئەچەسپی و گینگڵ ئەخوا و وردەوردە ئەبێتە بزووتنەوە و لەگەڵ کاتدا (بە مروری زەمان) هەوڵ ئەدا بچێتە قاڵبی دامودەزگایەکی ڕێکخراوی سنوور بۆدانراوەوە. هەر بیروباوڕێکیش بە ڕێکوپێکی خۆی کوتایە ناو مەیدانەوە, کار ئەکاتە سەر کۆمەڵگای خەڵکی و نەفسیەت و هەست و هۆشیان ئەبزوێنێ, وەك چۆن لە هەمان کاتدا باری سەرنجی خەڵکەکە و هەستی دەروونییان کار

ئەکاتە سەر بیروباوڕەکە و ئەیەوێ بیبزوێنێ. ئالێرەدا دوو هێزی پێچەوانەی یەك دروست ئەبن, یەکێکیان هێزی بیروباوڕەکەیە کە ئەیەوێ کار بکاتە سەر دەوروپشتی خۆی و هەر بزووتنەوەیەکی کەش کە هەبێ لەگەڵ لێشاوی خۆیدا بیانبا بەڕێوە. هێزەکەی تریش سەرجەمی ئەو بیروباوڕ و بزووتنەوانەیە کە لە ناو خەڵکەکەدا باون و ئەیانەوێ بیروباوڕەکە لە راستە رێی خۆی لابدەن و هەریەکە هەوڵ ئەدا بەرەو ئامانجی تایبەتیی خۆیی بەرێ. ئەمجا ئەگەر هاتوو بیروباوڕەکە بیروباوڕێکی ناڕەسەن بوو– مەبەستمان لە بیروباوری رەسەن ئەو بیروباوڕەیە کە لە زادەی بیر و تاقیکردنەوەی مێژوویی و بەسەرهاتی نەتەوەیەکەوە هەڵقوڵابێ و لە دەرەوە نەخواسترابێ– ئەوا ئەو بزووتنەوانەی هەن لەگەڵ خۆیاندا راپێچی ئەکەن و شەقوپەقی ئەکەن و ناوی لە ناواندا ناهێڵن. کەواتە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەك رێی لێ هەڵەنەبێ و لە تەنگانەدا تەمی نەڕەوێتەوە و لە ئەنجامدا بگاتە ئامانج پێویستە بەر لە هەموو شتێك لەسەر بنچینەی بیروباوڕێکی رەسەنی رێکخراو دامەزرابێ.

بزووتنەوەی کوردایەتیش وەك هەموو بزووتنەوەیەکی زیندووی تر پێویستی بە بەردەوامی و کێش و خۆراگرتنێکی زۆر هەیە, لە ناوجەرگەی ئەو توژمانەدا کە ئەیانەوێ راپێچی بکەن, یان لە ناوی بەرن. لەبەر ئەوە ئەم بزووتنەوەیە بەر لە هەموو شتێك پێویستە پاڵ بدا بە بیروباوڕێکی رەسەنی واوە کە لە ناوجەرگە و ناخی دەروونی کوردەوارییەوە هەڵقوڵابێ و نەخشەیەکی سنوور ئاشکرای بۆ کێشرابێ.

چونکە ئەوی راستی بێ بزووتنەوەی کوردایەتی هەر ئامانجی ئەوە نیە (کیانێکی سیاسی) دان پێدانراو دابمەزرێنێ. بەڵکو ئەیەوێ راپەڕینێکی وا بەرپا بکا کە هەموو لایەکی ژیانی ئەم نەتەوەیە بگرێتەوە و کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی جیهان و پەیامە مێژووییەکەی کە پاشمانوە و درێژەی پەیامی زەردەشتی یە بگەیەنێ بە نەوەی ئینسان. ئەمەش بەر لە هەموو شتێك پێویستی بە شۆرشێکی فیکرییە. ئەمجا لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر کۆنە (و بگرە لەو دەمەوە کە بیری زەردەشتی لە قاڵبی دروستی خۆی دەرچووە) کورد قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفی کوردانەی وای نەبووە کە خۆراکی نەتەوەیی بکابە دەم خەڵکەوە. ئا لەبەر ئەوە جێ چۆڵییەکی بیروباوڕانە (فراغ عقائدی) لە ژیانی کوردایەتیماندا دروست بووە. وەلەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆریشە کوردستان لەتلەت بووە (و بگرە لەو دەمەوە کە دەوڵەتی ماد رووخاوە) و کورد لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا ئەژی، دیارە بیروباوڕی بێگانە خۆی کوتاوەتە ئەم جێ چۆڵییەوە بە شێوەیەکی ناپەسەند پڕی کردووەتەوە. کوردیش لەبەر بوونی ئەو جێچۆڵییە بە پەرۆشەوە باوەشی بۆ ئەو بیروباوڕە بێگانانە کردووەتەوە و قۆزتووەنێتەوە، چونکە خۆرسك (الطبيعة) هەمیشە دژی جێ چۆڵییە. هەموو جێیەکی چۆڵ ئەبێ پڕ ببێتەوە زوو یا دەرەنگ سا یا بە کەرەسەی چاك یا خراپ.

ئەوی شایانی باسە ئەوەیە کورد لە کاتێکدا باوەشی بۆ ئەو بیروباوڕە بێگانانە کردووەتەوە کە پێی وابووە لە رێی وەرگرتنی

ئەوانەوە رزگاری ئەبیّ. لەبەر ئەوە لە پێشەوە زۆر بە توندی و شێتگیرانە گرتوونی, تا بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتووە کە هیچیان کەڵکیان نەبووە. چونکە هیچیان پڕ بە پێستی ژیانی نەتەوەییمان نەبوون و کوتومت نەبوون لەگەڵ ئەو پەیامە مێژووییەدا کە کورد پێی سپێردراوە. لەم بیروباوڕانە کە کورد بە پەرۆشەوە باوەشی بۆ کردوونەتەوە و لێیان نائومێد بووە. بیروباوڕی خەلافەتبازی و عوسمانلی, رژیمی دێمۆکراتیی ئینگلیز و شیووعێتی و ... هتد ئەمجا لەبەرئەوەی ئەو بیروباوڕانە ناخۆیی و ناڕەسەن بوون دیارە ئەو بزووتنەوانەی کە لەو بیروباوڕانەوە هەڵقوڵیون هەر ناخۆیی و ناڕەسەن بوون. بۆیە هەتا سەر بەرگەیان نەگرتووە و هیچ پێشکەوتنێکیان لە ژیانی نەتەوەکەماندا وەدەست نەهێناوە.

(3)– کورد و بیروباوڕی بێگانە لە باری سەرنجی کاژیکەوە

ئەم جیّ چۆڵییەی بیروباوڕ کە هەر لە کۆنەوە لە ژیانی کوردەواریدا هەیە و تا ئێستە بە بیروباوڕی بێگانان پڕبووەتەوە, گەلێك کاری کردووەتە سەر نەفسیەتی نەتەوەی کورد و بە تایبەتی سەر رەوشت و خووی. جاریّ وای شپرزە کردووە کە دەنکێك باوڕی بە خۆی نەمێنیّ و لە هەموو کردارێکدا هەر چاوەڕوان و پاشڕەو و کلکی بێگانە بیّ و لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا بە شانازییەوە لاسایی بێگانان بکاتەوە و بە هیچ جۆرێك توانستی پێشڕەوی و شتداهێنانی تێدا نەمێنیّ. بێجگە لەوەش ئەم جێچۆڵییە کارێکی وای کردووە کە کورد تەرازوویەکی

خۆماڵی نەبێ بۆ كێشانەی كارەساتەكانی رۆژانە و قەوماوەكانی جیهان و هەر لەسەر بنچینەی هەوا و هەوەس و كەفوكوڵی دەروون فەرمان بەسەر هەموو رووداوێكدا بدا و لە هەمان كاتدا زۆر خۆشبڕوا و ساویلكەش بێ. سەرەڕای ئەوەش چونكە بیروباوڕێكی رێكوپێكخراوی وای نیە شتی پێ لە مەحەك بدا, بێگومان هیچ پەند لە (تجارب) وەرناگرێ و یەك لە دوای یەك شتی تاقیكراوە تاقی ئەكاتەوە و لە هەموو دەمێكدا وەك مەلە نەزانێكی نوقوم بوو دەست بۆ چلەپووشێكیش رائەكێشێ. بۆ وێنە ئەو بێگانەیەی دوێنێ دەستی بڕیوە و یاریی بە چارەنووسی كردووە, ئەمڕۆ وا هاتووەتەوە مەیدان و بەڵێنی درۆی پێ ئەداتەوە, كەچی واخەریكە پێی هەڵ ئەخڵەتێتەوە. هەروەها ئەو شیووعییەی دوێنێ جنێوی ئەدا بە كورد و كوردستان ئەمڕۆ فەرمانی لەسەرەوە بۆ دەرچووە كە جلكی كوردی لەبەر بكا و باسی كوردایەتی بكا كەچی ئەمیش ئەڵێ: "ئۆخەی دەنگ مەكە. ئەوا شیووعی یەكانیش باش بوون". یا جاری وا هەیە ئەڵێ: "شیووعییەكانی عێراق شیووعی تەواو نین" لەكاتێكدا ئەگەر بیروباوڕێكی نەتەوەییی رێكوپێكخراوی هەبوایە و هەموو شتێكی هەر بەوە بپێوایە, ئەیزانی شیووعی هەر شیووعییە و لە هەموو شوێن و كاتێكدا هەر یەكەو تەنیا ئەوەیە جاروبار بە پێی سوود و بەرژەوەندیی خۆیان "تاكتیك"یان ئەگۆڕێ. هەروەها هەندێك لەو زۆردارە خوێنمژانەی كە لەسەر حسابی چەوساندنەوەی هەژاران و لێقەوماوانی كورد بوونە ملیۆنێر و خاوەنی كۆشك و تەلار و زەوی و زار, لە كاتێكدا

کە بەرژەوەندییان پاش (14)ی تەمووز بە دەستی شیووعییەکان کەوتە خەتەرەوە, دەستیان کرد بە "کورد کوردێنە". کەچی زۆر کوردی ساویلکەی لە گوێی گادا نووستووی عاتیفی باوڕی پێکردبوون. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوڕێکی رێکخراو هەبوایە و شتی پیّ بپێورایە ئەیانزانی کە کوردایەتی مانای دەست هەڵگرتنە لە بەرژەوەندیی خۆیی, نەك چەوساندنەوەی خەڵکی و خوێنمژینیان و ئەو حەلە باوڕیان بە مانەش نەئەکرد. هەروەها زۆرجار بووە دەوڵەتە ئیستیعمارییە گەورەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە مەرامی کاری خۆیان ناوبەناوێك ناوێکی کوردیان بردووە و ئەیبەن, کەچی ئەوەتا ئەبینین زۆر کەس لە خۆشیاندا هەڵ ئەپەڕن. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوڕێکی رێکخراو هەبوایە و شتی پیّ بپێورایە, ئەزانرا.. کە گورگ و مەڕ قەت نابنە دۆست و برا و کەسیش بە خۆڕایی بە ئێمە ناڵیّ "مەرحەبا". ئەمجا تاقیکردنەوەی زۆر و بۆ نەهاتنی زۆریش وای لە کورد کردووە کە بەجارێك باوڕی بەخۆی نەمێنیّ و وەبزانیّ نەتەوەیەکە خوا دروستی کردووە بۆ خزمەتکاری و لەمەوە هەزارەها قسەی پڕوپووچ و بیّ مانا داهێنراوە وەك "کورد کورتە" و "کورد قەت نابیّ بە هیچ" و ... هتد.

جیّ پێی کاری بیروباوڕی بێگانە بۆ سەر هەست و هۆشی کورد بە ئەندازەیەك قووڵە, هەرچی شانازییەکانی رابوردووی خۆی هەیە و بە هی بێگانەی ئەزانیّ و بێزیان لیّ ئەکاتەوە. تەنانەت ئەو پەیکەر و ئابیدانەی## کە لە هەموو میراتێکی کۆنماندا تەنیا ئەوانەمان بەسەر چیا و کێوە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆ ماوەتەوە. ئەم لە باتی

پاراستن و پەند لیٚ وەرگرتنیان ئەیەویٚ هەر بە جاریٚ لەناویان بەریٚ. بەلاٚم لەبەر ئەوەی دەستی نایانگاتیٚ لەتوپەتیان کا, لە دوورەوە بە گولله سەروگویٚلاکیان ئەشکیٚنیٚ و ئەگەر پیٚت وت:– ئەوە بۆچی وائەکەیت؟, ئەلیٚ: "جا قەی چی ئەکا بیم وەسیاقەت خۆ گاور کردە". ئافەرین... دەستکردی باوباپیری خۆی بە هی بیٚگانە و "گاورکرد" ئەزانیٚ و باوباپیریشی بە "کافر". ناهەقی نیە. چونکە دەردەدارە و بنچینەی راستیی دەردەکەش ئەوەیە بیروباوڕیٚکی شۆڕشگیٚڕی کوردانەی نیە کە ببیٚتە چرا بۆ رۆشنکردنەوەی ریٚگەی ژیانی و مەحەکی تاقیکردنەوەی زیٚڕ و زەرد بۆی. ئا لیٚرەدا ئەبیٚ بزانین ئەم بیروباوڕانە کە بە دریٚژاییی چەند چەرخیٚکی دووروودریٚژ کاریان کردووەتە سەر نەفسیەت و هەست و هۆشی کورد, دیارە هەروا بە ئاسانی لاناچن. بەلٚکو پیٚویستە بیروباوڕی کاژیکی ماوەیەکی چاکی بەدەستەوە بیٚ هەتا بتوانیٚ خۆی جیٚگیر بکا لە هەموو گۆشەیەکی ژیانی نەتەوەکەماندا و هەموو بیروباوڕیٚکی بیٚگانە شاربەدەر بکا.

(4)– کاژیك و دادی کۆمەلاٚیەتی

دووەمین درۆشمی کاژیك "یەکسانی بۆ گەل"ە. ئیٚمە بیروباوڕمان لە بنچینەدا لەسەر بەردی پتەو و بەهیٚزی "دادی کۆمەلاٚیەتی" دامەزراوە. بەلاٚم کە وا ئەلیٚین لەبەر ئەوە نایلیٚین دەستی کەسی پیٚ ببڕین یا هیچ کەسیٚکی ساویلکەی دلٚسۆزی پیٚ هەلٚخلٚەتیٚنین وەك شیووعییە قوماربازەکان. نەخیٚر... هەرگیز ئیٚمە ئەوە نین لاف شتیٚك لیٚ بدەین کە

لێوەی دووربین. دیسان ئەوەش ئێمە نین کە لە ترسی شیووعییەکان بڵێین "سۆسیالیستین". نەء. ئێمە هیچ دەمێك شتێك ناڵێین کە باوڕمان پێی نەبێ و بەڕاستی نەزانین. با خەڵکیش لێمان زیز بێ و نەیەتە ریزەکانمانەوە. یان بکەوێتە لێ خوێندن و بەربەرەکانیمان. ئێمە لە هیچ کاتێکدا راگرتنی دڵی خەڵکی ناگەیەنینە رادەی ئەوەی موویەك لە گیانی ئایدۆلۆجیمان لار بکاتەوە. ئێمە کە ئەڵێین باوڕمان بە سۆسیالیزمێکی کوردانە هەیە تەنیا لەبەر ئەوە ئەیلێین کە باوڕمان پێیەتی و پێمان وایە کۆمەڵگای کورد تاقە یەکە کۆمەڵگایە و هەموو گیروگرفتەکانیشی لە بنچینەدا هەر ئەچنەوە سەر یەك بنەڕەت. لەبەر ئەوە ناتوانین باسی لە رزگاریی سیاسی کورد بکەین هەتا باس لە رزگاریی ئابووری و خوێندەواری و کۆمەڵایەتیشی نەکەین.

ئەمجا بۆ ئەوەی هەموو کوردێك بتوانێ چی لەباردایە بیخاتە بەردەستی نەتەوەکەی و لە رێگەی ئەوەوە خزمەتی ئادەمیزادیش بکا, پێویستە هیچ جۆرە تەگەرەیەکی وای نەهێنرێتە رێ کە ببێتە هۆی وەستاندنی تەوژمی (ابداعاتی)ی بەکەڵکی. کەواتە ئەبێ هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە بەکارهێنانی خێروبێری ئەم وڵاتەدا بەشداربێ, بۆ ئەوەی بتوانێ هێزە شاراوەکانی خۆی بخاتە کار و بە پێی توانستی خۆی لەم رێگەیەوە گەورەترین بەش خزمەت و بەروبووم پێشکەش بە نەتەوەکەی بکا. ئەمەش بەوە ئەبێ کە رێی خەڵك دادۆشین و چەوساندنەوەی چینایەتی و رووتاندنەوەی رەنجکێش بە هیچ جۆرێ نەهێڵرێ و رێی هەموو ئیشکەرێك بدرێ کە بەری رەنجی

خۆی بۆ خۆی بەریَ, بیَ ئەوەی کەس لێی زەوت بکا, تا گیانی هەولَ و تێکۆشان و خۆڕەتاندن و خۆماندووکردنی تێدا نەمریَ و هۆی ئەم خۆڕەتاندن و خۆماندووکردنەش ببەستریَ بە هەستی نەتەوەیییەوە و بەجۆرێکی وا پەروەردە بکریَ کە گیانی خۆپەرستی و خۆویستی تێدا کەم بکرێتەوە و بخرێتە سەر رێی فیداکارێتی و دەست لە مەسڵەحەتی خۆ هەڵگرتن لە پێناوی مەسڵەحەتی بیروباوڕی نەتەوەییدا.

بەڵام دیسانەوە نابیَ لەمە وا تێبگەین کە ئەمانەویَ سۆسیالیزمی شیووعییانە بهێنین و بەسەر کۆمەڵگای کورددا متی بکەین. یان رژێمێکی سۆسیالیستانەی تر لە بێگانەیەکی ترەوە وەرگرین و کوتومت (تە طبیقی) بکەین. یان وەك هەندێك کۆمەڵی تر بچین لاساییی هەندێك رژێمی بێگانە بکەینەوە. نەخێر ئەم سۆسیالیزمەی ئێمە باسی ئەکەین بە تەواوی پڕبەپێستی نەتەوەکەمانە. چونکە لەناو جەرگەی ویستەمەنی و واقیعی نەتەوەکەمان و وڵاتەکەمانەوە وەرمان گرتووە. بۆیە بە خۆمان وا رەوا ئەبینین کە ناوی بنێین سۆسیالیزمی کاژیکانە".

راستییەکەی ئێمە سۆسیالیزم بە ئامانج نازانین (وەك مارکسییەکان) تا لە پێناوی پێگەیشتنیدا هەموو پیرۆزەمەنیەکانی (مقدسات) نەتەوەکەمان بخەینە ژێر پیَ و وابزانین بزووتنەوەی نەتەوەیی هۆیەکە بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە. سۆسیالیزم بەلای ئێمەوە هۆیەکە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگای کورد بتوانیَ بە هەموو هێزێکی خۆیەوە زیاترین و پوختترین بەرهەم پێشکەش بە نەتەوەکەی بکا و لەو رێگەیەوە کورد بکاتە هاوبەش لە پێشخستنی شارستانێتی و

کولتووری جیهاندا. ئەگینا هەموو رژێمێك کە لە دەرەوە هێنرابێ و هەندێ کەس بیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی بیسەپێنن بەسەر نەتەوەکەماندا, ئێمە زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەوەستین و ئەوانەی دیعایەشی بۆ ئەکەن بە نۆکەر و بێگانە پەرستیان ئەدەینە قەڵەم. بەڵام ئەمە مانای وانیە کە ئێمە هیچ کەڵکێك لە زادەی بیری بێگانە وەناگرین وەهەرچییەك بێگانە بێ و روومان بێ بکا شاربەدەری ئەکەین. نەخێر. ئەوەی لە بێگانەوە بۆمان بێ و نەبێتە هۆی شێواندنی بنچێنەی بیروباوڕی نەتەوەییمان وەك (نظریاتي رياضي) و کیمیا و پیشەسازی و داهێنراوەکانی پزیشکی ئێمە وەریان ئەگرین. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە نەتەوەی بلیمەتی کورد ئەگەر رێگەی بیروباوڕی کاژیکانەی گرت ئەوەندەی لەباردا هەیە کە بتوانێ شتی تازە دابهێنێ و لە داهێناندا پێشرەو بێ و ئەگەر شتێکیشی لە خەڵکەوە وەرگرت گیانێکی کوردانەی بکا بەبەردا. لەبەر ئەوە هیچ پێویستی بەوە نیە هەر دەست لە خەڵکی پان کاتەوە. کەواتە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا سۆسیالیزمێکی تایبەتییە و هەر بۆ خۆمان و هی وەك خۆمان دەست ئەدا, بۆیە پێی ئەڵێین "سۆسیالیزمی کوردی".

هەرچەندە لێرەدا ناتوانین بە دوورودرێژی لەم سۆسیالیزمە کوردییە بدوێین بەڵام ناچارین هەر ئەبێ هەندێك هێڵی درشتی بخەینە روو, وەك: "دابەشکردنی زەوی و زار بەسەر فەلاحەکاندا بەپێی دەسەڵاتیان لەبەرهەم هێناندا و لەریشەوە هەڵکەندنی رژێمی دەرەبەگێتی. سنووردانان بۆ هەموو موڵکیەتێکی تایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە

هیچ موڵکیەتێکی تایبەتی (نقدی و عینی) نابیٚ بگاتە ئەندازەی ئەوەی ببێتە هۆی (استغلال). هەروەها (تأمیم) کردنی کارگە و پرۆژە گەورەکان و پشتگیریکردنی پرۆژە (فەردی)یە پچووکەکان کە نابنە هۆی (استغلال) و نەهێشتنی هەموو جۆرە (احتکار) و (استثمار)ێکی چینایەتی. گشتی کردنی هۆی بەرهەم هێنان بۆ هەموو کەسێك کە بتوانیٚ بۆ سوودی گشتی و خۆی بەکاری بهێنیٚ و ماوەدان بە دروست بوونی (نەقاباتی میهنی و حرفی) لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی. بێجگە لەوەش (تأمیم)کردنی پیشەی پزیشکی و کردنی خوێندنی سەرەتایی بە خوێندنێکی زۆرەملیٚ و خۆڕایی و دانانی لایەنی هەرەکەم بۆ ژیان بە ئامادەکردنی نان و جلوبەرگ و داڵدە بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا و مسۆگەرکردنی یارمەتی و دەستگیرۆیی کردنی خەڵکی لە کاتی پیربوون و نەخۆشیدا. هەروەها پەروەردەکردنی هەموو (قابلیاتێکی فەردی)ی بەکەڵك و دانی ماف کارکردن بە هەموو کەسێك و بایەخدان بە ئارەزوو و توانست و لێهاتنی هەموو ئیشکەرێك و کردنی نەریتی سوپایی بە نەریتێکی زۆرەملی و هاوبەشکردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاندا".

<u>(5)– پێویستی بوونی کاژیك</u>

وەك لەمەوپێش وتمان ئەو حیزبانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا دروست بوون هیچیان لەسەر بناغەی بیروباوڕێکی نەتەوەییی ڕەسەنی ڕێکخراو دانەمەزراون. بۆیە هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە شۆڕشێکی فیکر

بەرپابکەن و لە ئەنجامدا بگەنە ئامانج. چونکە هەموو هەر لەسەر بنچینەی عاتیفە و دەستکەوتی تایبەتیی چەند کەسێك فەرمانیان داوە بەسەر کارەسات و کاروباری رۆژگاردا. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆریان تەمەن کورت و هەر لەیەکەم جەزرەبەدا چوونەتە ریزی نەبووان. خۆ ئەوانەی ماویشن تەنیا یەك دوو پایەی قرچۆکیان پێوە ماوە هاکا کەوتن. دە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەموو بزووتنەوە و شۆڕشێك کە ئەو حیزبانە بەرپایان کردووە سەریان نەگرتووە. چونکە ئەو بزووتنەوانە هەموو لەسەر بنچینەی عاتیفەیەکی وەختی بوون نەك بیروباوڕ. لەبەر ئەوە کە سەرۆکەکانی کوژراون یا رەهەندەکراون بزووتنەوەکە ئەو خۆراکە گیانییەی لێ براوە کە بزووتنەوەیەکی رەسەن هەمیشە دەستی ئەکەوێ و لەسەر چاوەی بیروباوڕەکەیەوە ئەیمژێ. لەبەر ئەوە پەکی کەوتووە و بە جارێك کوژاوەتەوە. هەندێك حیزبی تر بوون و هەن بیروباوڕ و فەلسەفەکەیان خۆیی نەبووە و نیە. بەڵکو لە بێگانەوە وەریان گرتووە. لەبەر ئەوە زۆر جار کە سەری لووتیان بەر بەردی واقیعی نەتەوەیی کەوتووە ناچاربوون رێبازی خۆیان بگۆڕن و بکەونە راڕایی و هەندێك درۆشم بە کوتوپڕی هەڵگرن و واز لە هەندێکی تریش بهێنن و هەندێ جاریش ناچاربن دەستکاری پرۆگرام بکەن. لەبەر ئەوە خەڵکی باوڕی پێیان نەماوە و لەمەشەوە یەکێتیی فیکرییان لێك هەڵوەشاوە و لە ئەنجامدا بە جارێك لێك رەوینەتەوە و بوونەتە واتەی رۆژگار. یان ماون بەڵام بوون بە پەند. کەواتە ئەو جێ چۆڵییە بیروباوڕانەیەی کە لە ژیانی کوردەواریدا هەر لە کۆنەوە بووە،

ئێستاش هەر هەیە و ماوە و دەمی داپچڕیوە بۆ قۆزتنەوەی هەموو بیروباوڕێکی تر کە پڕی بکاتەوە. بە تایبەتی لەم رۆژانی دواییەدا کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختەوە خەڵکی کوردستان بۆیان دەرکەوت کە بیروباوڕی شیووعێتیش وەك بیروباوڕە بێگانەکانی تر هیچ دادێکی کورد نادات لەبەرئەوە وا خەریکن لێی پاشگەزئەبنەوە و ئەگەڕێن بە دوای بیروباوڕێکی تردا کە ئەگەر بێتو ئەمجارەش هەر هی بێگانە بێ, دیارە چارەنووسی ئەویش لە چارەنووسی خەلافەتبازی عوسمانلی و دێمۆکراتێتی ئینگلیزی و شیووعێتیی نانەتەوەیی باشتر نابێ.

لەبەر ئەم هۆیانە دامەزراندنی دامودەزگایەکی (عقائدی) بەهێز کە بیروباوڕەکەی لە ناوجەرگەی بەرژەوەندیی واقیعی کورد و هی وەك کوردەوە هەڵهێنجابێ و لە جەوهەر و قاڵبدا هەر کوردانە بێ, شتێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی شۆڕشێکی فیکری وا بەرپا بکا کە بە جارێ میللەتی کورد راچڵەکێنێ و هۆشیاری بکاتەوە و ئەو چڵك و پیسییەی دەوری کانگای بلیمەتیی کوردی گرتووە رای ماڵێ تا بە پاك و خاوێنی و باری راستەقینەی خۆی لە شوێنی خۆیدا دای بنێ. واتا لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی ئادەمیزاددا بۆ ئەوەی ئەو دەورە مێژوویییەی پێی سپێردراوە بیگەیەنێتە ئەنجام.

(6)– کاژیك و دەوڵەت

دەوڵەت بەلای ئێمەوە دەزگایەکە بۆ پەروەردەکردنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوڕی کاژیکی و گەیاندنی پەیامە مێژووییەکەمان بە جیهان. لەبەر ئەوە دەوڵەت بە کوتەکی دەستی هیچ چینێك نازانین. چونکە بیروباوڕەکەمان بە تەنیا بیروباوڕی هیچ چینێك نیە. هەموو کەسێك کە لەم بۆتەیەدا بتوێتەوە ئەتوانێ ببێتە (کاژیك)ەوە. کەواتە دەوڵەتی ئێمە دەوڵەتێکی کاژیکییە مانای (عقائدی)یە. لەبەرئەوە ئێمە دڵ بە هیچ جۆرە دەوڵەتێکی تر خۆش ناکەین و دان بە هیچ جۆرە دەوڵەتێکی هەرەمەیی یان شیووعی یان دەستکردی بێگانەدا نانێین.

(7)– پوختەی بیروباوری کاژیکی

یەکالاکردنەوە و خستنە بەرچاوی بیروباوری کاژیکی لە هەموو لایەکەوە پێویستی بە گەلێك کتێب و نامیلکە و وتار هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی هەندێك لە کاریتە ئەستوورەکانی کاژیك لێرەدا شتێکی زۆر پێویستە.

(1)– کاژیك باوڕی بەوەیە کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بلیمەت و رابوردووڕۆشن و دامەزرێنەری کولتوور و شارستانێتیی بەناوبانگ بووە. هەروەها لە مەیدانی سوروشتی بەرزی وەك مەردایەتی و ئازایەتی و وەفاداری و خۆنەویستی دا بێ هاوتا بووە. ئەم نەتەوەیە هەر لە کۆنەوە پەیامێکی مێژوویی بووە بیگەیەنێتە جیهان. هەڵگری ئەم پەیامە یەزدانییە لە دەورانی کۆندا پێشڕەوی مەزن "زەردەشت" بووە. بەڵام هەندێ کارەساتی تایبەتی بەرگێکی بێگانەی کردووە بەبەر ئەو

پەیامەدا و لە هەمان کاتدا کانگای بلیمەتیی ئەم نەتەوەیەی شاردووەتەوە. لەبەر ئەوە پێویستی بە راچڵەکین و خۆشەکاندنێك هەیە تا ئەو بەرگە پیسە لەبەر خۆی داکەنێ و بچێتە شوێنی خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی قافلەی گەلاندا و پاشماوەی ئەو پەیامە نەمرە لە شێوەیەکی مودیرن (عصری)دا بە نەوەی ئینسان بگەیەنێ.

(2)– کورد لەبەرئەوەی دەمێکە بیروباوڕێکی نەتەوەیی خۆی نیە جێگەیەکی چۆڵ کەوتووەتە ژیانی کوردایەتییەوە و هەتا ئێستە ئەو جێ چۆڵە بە چەند بیروباوڕێکی بێگانە پڕبووەتەوە. بەڵام ئەو بیروباوڕانە چونکە خۆیی نەبوون, کوردیان نەگەیاندووەتە ئامانج. لەبەر ئەوە پێویستە لە رێگەی بیروباوڕێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە ئەو بۆشاییە بیروباوڕانەیە پڕبکرێتەوە و ئەو شۆڕشە فیکرییە بەرپا بکرێ. هەر بیروباوڕێکیش خۆیی نەبێ کاژیك بەربەرکانیی ئەکات.

(3)– کاژیك پێی وایە دەردەکانی کورد هەموو ئەچنەوە سەر یەك بنچینە و ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیماربکرێن. لەبەرئەوە بڕوای تەنیا بەو چارەسەرکردنەیە کە ئەگاتەوە سەر رەگوڕیشە. کەواتە بڕوای بە هیچ چارەسەرێکی وەختی و رووکەش نیە. هەر لەبەر ئەوەیە بڕوای تەنیا بە بەکارهێنانی هێزە و بە هیچ جۆرێك بە کرداری رواڵەتانە و کەموکورت و نیوەناچڵی وەك نوێنەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی بێگانان و نووسینی پڕۆتستۆنامە و ئیمزاکۆکردنەوە و متمانەکردن بە "سەربەستی دێمۆکراسیانە" نیە. چونکە پێی وایە هەموو مافێك کە بە زۆر زەوت کرابێ هەر بەزۆر ئەستێنرێتەوە.

(4)– کاژیك داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەیەك چاو تەماشا ئەکا و کوردستان تەنیا بە موڵکی کورد ئەزانیٚ و ئەبیٚ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوا بیٚ لە کوردستاندا. لەبەرئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نیە کە لە ڕێگەیەوە سەروەت و سامانی بە تاڵان ئەبریٚ و لە کەمترین مافی مرۆڤانە بیٚ بەش ئەکریٚ. لەبەرئەوە فەرمانڕەواییی هەموو ناکوردێك بەسەر کوردستاندا بە کارێکی ناشەرعی ئەزانیٚ.

(5)– کورد خۆی خۆی رزگار ئەکا لە ڕێی بیروباوڕی پاکی کوردایەتییەوە. لەبەرئەوە کاژیك هەر پشت بە کورد ئەبەستیٚ و بڕوا بە هیچ بێگانەیەك ناکا و هەر کەسیٚ بڵیٚ "بێگانە کورد رزگار ئەکا" یان بە ساویلکە یان بە دوژمنی دائەنیٚ. چونکە ئاشکرایە کە بێگانەیەك دەوڵەت بۆ کورد دروست بکا لە هیچە زۆر بە ئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە.

(6)– کاژیك ڕێزی هەموو نەتەوەیەك ئەگریٚ بەو مەرجەی تەماع نەکەنە کوردستان. هەروەها بە تەماش نیە کە ئەو کەمە نەتەوانە بتوێنێتەوە کە لە کوردستاندان بەو مەرجەی ناپاکی لەگەڵ کورد و بیروباوڕی کاژیك دا نەکەن.

(7)– کاژیك حیزبی چینێکی تایبەتی نیە و بڕوای بە (امتیازاتی چینایەتی و بنەماڵەیی) نیە و تەنیا بڕوای بە جیاوازیی مێشك و لەش هەیە. لەبەر ئەوە بەربەرەکانێی هەموو جۆرە (استغلال و احتکار و استثمار)ێك ئەکا, واتا لە باری سەرنجی ئابوورییەوە حیزبێکی سۆسیالیستانەیە و باوڕی تەواوی بە دادی کۆمەڵایەتی هەیە.

(8)– کاژیك زۆر بە توندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی (اقتصادیات)ی کوردستان بە (اقتصادیات)ی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە و هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی ئابوورییانەی ناوێ کە لە سەر حسابی دروستبوونی (جیوب) و بنکەی بێگانان بێ لە کوردستاندا.

(9)– دەوڵەت بەلای کاژیکەوە دامودەزگایەکە بۆ پێگەیاندنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوڕی کاژیکانە و گەیاندنی پەیامە مێژوویییەکەمان بە هاونەژادان و تەواوی جیهان. کاژیك دان بە هیچ چەشنە دەوڵەتێکی تردا نانێ.

(10)– لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکە پەیامێکی مێژوویی یەزدانی جیهانیی نەمری پێ سپێردراوە تایبگەیەنێ بە هەموو ئادەمیزاد و لەبەرئەوەی ئالاهەڵگری ئەم پەیامە (زەردەشتی نەمر) پێی نەکرا دەنگی زەنگی یەزدان بگەیەنێتە هەموو گۆشەیەکی جیهان و پاش خۆشی بیروباوڕەکەی کەوتە دەست بێگانە و تێکدرا, لەبەر ئەوە نەوەی نوێی کورد بەر پرسیار (مسئوول)ە لە تەواوکردن و درێژەپێدانی ئەو پەیامە لە شێوە و قاڵبی راستی خۆیدا. بۆ ئەمەش ئەڵێین:

(أ)– نەتەوەی کورد خۆی خاوەنی راستەقینەی ئەو پەیامەیە. لەبەر ئەوە گەیاندنی ئەو پەیامە بە جیهان ئەبێ لەسەرچاوە بنچینەیییەکەیەوە دەست پێ بکاتەوە, واتا لە رێگەی کورد خۆیەوەبێ.

(ب)– هاونەژادانی کورد کە بە خێزانی "نەژادی ئاریا" ناسراون هەر لە کۆنەوە هاوبەشی کورد بوون لەو پەیامەدا. لەبەرئەوە پێویستە لەسەریان پشتگیری و هاوکاریی کورد بکەن لەم رووەوە.

(ج)– گەیاندنی پەیامی ئارییایی بە جیهان, پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێزی ئارییایی هەیە کە باوڕی بەم پەیامە بێ و هەموو ئەو نەتەوانەی بەم ناوەوە ناویان ڕۆیوە بە شێوەیەکی فیدراڵی کۆبکاتەوە. بەڵام دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە تەنیا پاش ڕزگاریی کورد و سەربەخۆییی تەواوی کوردستان ئەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو هاونەژادێك بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی کوردستان شان بە شانی کوردەکان تێ بکۆشێ.

(د)– دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی لەم نەتەوانە و لە ژێر ئاڵای ئەو پەیامەدا گەورەترین بەربەستێکە بۆ ڕاگرتنی لێشاوی شیووعێتی و یەکێتیی عەرەب و یەکێتیی تۆرانی و یەکێتیی ئەورووپا و هەموو جۆرە خەتەرێکی ئیدۆلۆژی و سوپاییی تر کە بۆ سەر ئەم نەژادە و پەیامە یەزدانییەکەی خۆی بکوتێ.

دوا وشە

ئەی ڕۆڵە سەربەرزە جوامێرە بەزاتەکانی کورد:

بەم جۆرە کە تێگەیشتین پەنجەی تیژی دوژمنان بۆ بردنی سۆمای چاوی کوردایەتیمان سەدەها ساڵە چۆن کراوە و ئەکرێ بە چاوماندا... کە بۆمان روون بووە چۆن چنگیان لە هەناومان گیرکردووە و بە لووتە شەقی پاداشیانەوە## پەیتا پەیتاش ژەهراوی برایەتیی ڕەنجبەر و ئاغامان ئەکەن بە گەرووا لەسەر لاشەی کورد و کوردستان...

کە لە دەمولەوس و دەستوقەمچی دەزگا سیاسییەکانی دوێنێ و ئیمڕۆش, چۆن لە پارێزی ئەستۆشکاندنی کوردانی دڵسۆزدان و چۆن

بەدڵ و بەگیان سنووره دەستکردەکانی بێگانەی خوێنمژ دەپارێزن و چۆن بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان و لە پاڵ بیروباوڕی "نانەتەوەیی" و بێگانەپەرستیدا بەسزمانان هەڵدەخڵەتێنن و فریویان دەدەن و هەر خەریکی شاردنەوەی ورگدان و هەرەس هێنانی رەفتاری جوانی کوردەواری بوون بە هەڵپەرساردنی مووره دیواری خۆ هەڵخڵەتاندنەوە...

بەڵێ. دەرکەوتنی ئەمانە و زۆر ئەشکەنجە و ناسۆری تریش وەك زۆریمان لە لاپەڕەکانی بەرووداھ## بەسەر کردەوە ئا ئەم جووڵانەوەیەی هێنایە گۆڕێ کە لە ژێر ئاڵای (کاژیك)دا کەوتووەتە رێگە و شانی ئامانج و ئاواتی لەسەر تیرگەی بیروباوڕی راست و پاکی نەتەوەییی کوردی داداوە. ئیتر رەگوڕیشەی بۆ هەر ساڵێکی کوێرەوەریمان بگەڕێتەوە لە ساڵانی رابوردووی مل کەچی ماندا...

ئێمەی خەمخۆری ئەم خاکە پاکە ئەوەندە بەختەوەرین, بە شانازییەوە پەردە لەسەر رووی خاڵومیل رێژراوی هەڵ ئەدەینەوە...

دڵسۆزانە دەرگای ماڵ بە ماڵی کوردەواری دەقلێشێنینەوە, سەر بە کوانووی خێزان بە خێزانیاندا شۆڕئەکەینەوە...

بە دەستی بە دەستنوێژی کوردایەتییەوە, هەموو کوردێکی بەتەنگەوەبوو رائەچڵەکێنین...

لەسەر دەستی جوامێران و رەفتاری جوانیاندا و بەو سوێندەوە کە بەخاکوخۆڵی پیرۆزی کوردستان, پڕ هەرجوو چنگمان خواردوومانە, ئێمەی جگەرگۆشە و سەرپێوەنەبوو لە حەن خاك و نەتەوەکەماندا...

بەڵێنێکە و داومانە و نەزرێکە و لەسەرمانە. ئەم جەنگەی ناومانەتەوە لە کوردستاندا لەگەڵ دوژمنانی خوێنە خوێدا بەرپەرچدانەوەی وشك و وێستانی کزۆڵانە نیە بە دیاریانەوە و لە ئەنجامدا زەبوونانە خۆکێشانە دواوە و پاڵدانەوە و هەناسەبڕکێی ئابڕوو چوون و رقە کێشان و بەس...

هەڕەشەو گوڕەشەیەکی بێ دەنگ نیە بۆ چاو و ڕاو و دۆزینەوەی چاری نیوە و نیوچڵ, یا دەست گرتنەوەی ناپاکی لە کاربەدەستانی داگیرکەران و لە ژێر داوێنی بەکرێ گیراوی دا دۆش دامان بە دیار مۆزی ریسوایی و بێ شەرمیی بێگانە پەرستی نان بێ بە ناوچەوانی کوردەوە و لە گڵ و ئاوی کوردستان قوڕی شل تر گرتنەوە بێ بۆ دانی بە چاوی کاڵی هەموو دڵ و دەروون پاك و لاوچاکێکدا...

جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەموو کوردێکی دڵسۆزی بازوو هەڵکراوی لە خەو راپەڕیوە بە تێشووی بیروباوڕی نەتەوەییی کوردییەوە بۆ ئەستۆ وردکردن و مێشك پڕژاندنی هەموو ناپاکێکی رێگر لە سەربەستیی کورد و سەربەخۆییی کوردستان...

بۆ تێکدان و راماماڵینی تەختوتاراجی کۆشك و تەلار و گشت جێ دەست و بنکەیەکی ئیستیعمار و داگیرکەران — بە کێشکەرانی خێر و بێر و سامانی کوردستان...

بۆ هەڵتەکاندنی داروپەردووی زنجی ئەو خوێڕییانەی نێڵە نێڵ نرکەی ئاگریی کوورەی خێڵایەتی خۆش ئەکەن و داری بێگانەپەرستی

لەسەر لاشەی کورد و کوردستان لە نەمامی برایەتی چووز دەکەن و بە دەست و زینی نۆکەرییەوە بالۆرەی ناوچەپەرستی لیَ ئەدەن...

بۆ دوایی هێنان بە دیلێتی و سەندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی پێشێلکراومان...

بۆ لە رەگورپیشەوە هێنانە دەرەوەی بیروباوڕی نانەتەوەیی و بڕینی شادەماری هەموو بیروباوڕێکی #ئناوەکی بە بیروباوەری نەتەوەییی کوردی...

بۆدانانی بەردی بناغەی سەرفرازی و سەربەرزی, سەرکەوتن و پێشکەوتنی کورد و کوردستان لە قەوارەیەکی سیاسی (عەقائدی)ی سەربەست و سەربەخۆدا...

بۆ وەدەست هێنانەوەی رۆژانی هەر بە شان و شەوکەوتی باوباپیرانمان — قارەمانانی جیهان...

جووڵانەوەیەکیش ئەندامەکانی لەو رۆژەوە خۆیان بە سەربەست ناسیبیَ کە دایان ناوە لە رێی کورد و کوردستاندا بمرن...

ئیتر خۆشی لە کورد و خۆشی لە کوردستان...

بمرن ئیستیعمار و داگیرکەران و گشت دوژمنان...

قافڵەی کاژیکیش بۆ رێبەری وا کەوتە تەکان...

دەستیش لە دەست و پشتیش لە یارمەتیی یەزدان...

کۆتایی ی هات

XXXXXXXXX

# بانگی کاژیك – ژمارە 1

ڕۆژنامەیەکی کوردییە فەلسەفە و بیروباوڕی حیزبی "کاژیك" بڵاوئەکاتەوە

دامودەزگای "کاژیك" لە ئەورووپا ناو بەناو دەری ئەکات

بە سەرپەرشتیی هاوبیر ڕەسووڵ و لەسەر بڕیاری کۆنفڕانسی دامودەزگای "کاژیك" لە نیسانی 1968دا

ژمارە (1) – 14ی نیسانی 1968

## بەیادی ڕۆژی پیرۆزەوە

هاوبیرە خۆشەویستەکان! هاووڵاتییە بەڕێزەکان!

لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژی 14ی نیسانی 1968دا نۆ ساڵی تەواوەتی ئێ ئەپەڕێ بەسەر دامەزراندنی حیزبی "کاژیك"دا. نۆ ساڵی خشت بەسەر ئەو ڕۆژە پڕو چڕەدا ئەڕوا کە لە تۆماری کوردەواریدا وەك کارەساتێکی گرنگ و بێ وێنە لاپەڕەیەکی زێڕینی بۆ خۆی نەخشاندووەتەوە.

هاتنەبوونی "کاژیك" وەنەبێ تەنیا خواستی چەند کەسێکی دڵسۆزی ئەم نیشتمان و ئاو و گڵ و خاك و خوێنە بووبێ. بەڵکو پێویستییەکی مێژوویی بوو کە خۆی بەسەر کۆمەڵگای کورددا سەپاند. بانگێکی نەتەوەیی و نەژادی بوو کە خەڵکی مەردی لێوەشاوەی ئەم

کوردسـتانە باسـتانە بـە دەنگیەوە چوون و دەرگای دڵ و دەروونیان بۆ کردەوە و بیروڕا و فەلسەفەی ژیانیان لە چوارچێوەی "کاژیك"دا خستە قاڵبێکـی واوە کـە جەزرەبـەی پشتشکێنی بەدکاران و دەستی چەپەڵ و تێکدەری رۆژگاری ناهەمواری نەگاتێ.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە تا ئیمڕۆ رۆشنبیرانی کوردستان بیریان لـەوە کـردووەتەوە کـە بزووتنەوەی کوردایەتی لە سنووری دامودەزگای سیاسـیدا رێـك بخەن و لەو رێگەیەوە بچن بەگژ دوژمندا. لەو رۆژەشەوە تـا ئێـستە گەلـێك حیزبـی وەك "تەعالـی و تەرەقـی" و "خۆیـبوون" و "ئـازادی" و "پـشتیوانی" و "پێشکەوتن" و "برایی" و "زەردەشت" و "هیوا" و "رزگاری" و "ژ.ك" و "پارتی دیموکراتی کورد" دروست بوون و هاتوونەتە کایە. کەچی ئێستە ئەمانە لە ناوەکانیان زیاتر هیچی تریان لـە پـاش بەجـێ نـەماوە. چونکە هەموو ناوی بێ ناوەڕۆك بوون. ئەمانە تەنـیا دڵـسۆزی رووتـی چـەند کەسـێکی پاکدڵی ئەم نیشتمانە تێکەڵ بە دەسـتی رەشی لە ژێرەوە کارکردووی خۆفرۆش و بێگانە ماوەیەکی کەم بردوونـی بەرێـوە و ئـیتر وەك گـیاکەی بـەهار وشـك بـوون و لەمـیەداندا نـەماون. ئـەم نـەمان و لەناوچـوونە کتوپڕییە و ئەم هەست بە نەخۆشی کـردنە و بـەڵام دەرمـان نەزانینەش زیاتر دەمی قسەی داوە بە دوژمن و ناحـەز کـە بکەونـە کـەین و بـەین و تەڵەکـەبازی بـۆ بێزاتکردنـی رۆڵـەی خێـرخوازی نەتەوەکـەمان بـە درۆ و دەلەسـەی "کورد کورتە" و "کورد نابـێ بـە هـیچ" و "کـورد هیچی لەباردا نیە" و "کورد کێی لە پشتە" و

"کوردایەتـی درۆیە" و هتد تا لە ئەنجامدا پشتی ئەم کوردە کلۆڵەی پێ سارد بکەنەوە و لە تێکۆشان و تەکان دانەخۆ پەشیمانی بکەنەوە.

سـاڵ هات و رۆی و گەلێك شۆڕشی قورس و سووك لەم کوردستانەدا رووبانـدا. هەندێکـیان سـەربەخۆ و هەندێکـی تریـشیان بـە سەرکردەییی ئـەم حیـزبانە. بـەڵام ئـەم شۆرشـانە هیچیان نەهێنایە دی و بە مردن یا وازهێنانـی سەرۆکەکانیان وەك بەفرەکەی پار توانەوە و زنجیری دیلی و کوێـرەوەری زیاتـر لـە جـاران لـە ملـی نەتەوەکەمانـدا توندکـرا. بـەڵام پێـشینان راسـتیان وتووە "بۆ هەر دەردە مەردێك". ئەم دەردەش هەر ئەوەنـدە درێـژەی کێـشا تا خوا پیاوی بلیمەت و وردبین و بیرکەرەوەی بـۆ ئـەم کوردە نارد و بەوە لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی نەتەوەکەماندا نووسـی. ئـا لـەو رۆژەوە بانگـی "کاژیـك" درا. بـەڵام ئـەو بانگەش وەك هەمـوو بانگێکـی ژیـرانە و وەستایانە لە پێشەوە لە "کوولەکە"دا ئەدرا. تـا دوژمنانــی نــەژاد و نەتــەوە و گــەل و هــۆزمان هــەر لــە بێــشکەدا بێـچووەشێری بیروباوەڕهەڵگر نەتاسـێنن و دەستی پیرۆزی کوردایەتیی راســت دەستنیــشان نەکــەن و هــەر لــە یەکــەم بــزوتنەوەوە نەیــبڕن. "کاژیـك" لـە سەرەتاوە بە شێوەیەکی نهێنی وا کەوتە کار کە بەئاستەم پـیاو بـاوەڕ بکا. ئەمەش وەنەبێ شتێکی هەر وا ئاسان بووبێ. کارکردن بـە نهـێنی و لـە هەمـوو کاتـێکدا خـۆ بـۆ مـردن ئامادەکـردن, بـەڵام خۆدەرنەخـستن و خۆراگـرتن بەرامـبەر تانـووت و تـوانج و دەمارگـرتنی ئەوانــەی فێــری کارکردنــی "قەڵەبالغــی" و دیموکــراتیانە و ســـنگ دەرپەڕانـدن, کـە گـوایە هـەر ئـەوانن ئـیش ئەکـەن و خەڵکـی تر هەموو

ترسنۆك و کەمتەرخەمن. ئەمجا رێگەپیشاندانی گەل و بنبەستکردنی بیروباوەڕی نوێ بێ ئەوەی پیاو لە ناو هۆبەیەك دوژمندا بناسرێ. دووایی ئامادەکردنی چاپ و چاپەمەنیی و هۆی بلاوکردنەوە بە پولەپولەی رەشوڕووتی بەشەرەڤ ئەم کوردستانە و لەناو کۆمەڵی گورگی دڕی ناوخۆ و بێگانەدا, کارێك بوو هەر بەدەم گێڕانەوەی خۆشە. بەلام "کاژیك" ئەم دەورەشی مەردانە تێپەڕاند و وەك بیروباوەڕێکی زانستانەی رێکخراو هاتە مەیدان و لە نامیلکەی "کاژیکنامە"ی پیرۆزدا بنجی بیروباوەڕ و فەلسەفەی کاژیکانەی دامەزراند.

کاژیك بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەماندا بانگی بیروباوەڕی نەتەوەیی لەناو کورددا دا و بۆ یەکەمجار هۆی کەوتن و سەرنەگرتنی شۆڕش و دامودەزگا کوردیەکانی پێشووی بە شێوەیەکی زانستانە لێکدایەوە و چارەسەری بۆ رزگاری ولات دۆزیەوە. کاژیك بۆ یەکەمجار برایەتی "ئاغا و مسکێنانە"ی کورد و داگیرکەرانی کوردستانی بە پەند کرد. ئەو برایەتیە درۆزنەیەی کە ناوچە دیموکراتی و مارکسیەکان شان بەشانی داگیرکەران بەدەم و بە دەست تەپڵ و زورنای بۆ لێ ئەدەن. کاژیك بۆ یەکەمجار مەسەلەی چارەسەرکردنی جیاوازی چینایەتی بەست بە چارەنووسی مەسەلەی نەتەوەییی کوردەوە بەشێوەیەکی کاژیکانە و بانگی لەناوبردنی بەرزونزمی چینایەتییدا لە ژێر ئالای "کاژیك"دا. کاژیك بۆ یەکەمجار فەلسەفەی بیروباوەڕ و شێوەی کارکردنی سیاسی بەیەکەوە بەست بە جۆرێ جیاکردنەوەیان نەیەتە گۆڕ بەوە هەموو شێوە و دەستوورێکی هەلپەرستانە و فشەکوردایەتی و

دووڕووانــەی ریــسوا کــرد. کاژیــك بــۆ یەکــەمجار چــەکێکی کاریگــەر و ترســێنەری دایــە دەســت هەمــوو ئــەو دڵــسۆزانەی بــە دەســتی رووت و مێـشکی بەتاڵـەوە بـەرەنگاری لێـشاوی دوژمنانـیان ئەکـرد و بەرگـەیان نەئەگـرت. کاژیـك بـۆ یەکـەمجار لـە مـێژووی گەلانـی رۆژهەلاتـدا بانگـی یەکگـرتنی گەلانـی ئاریایـی دا وەك کـورد و ئەفغانـی و بلووچ و فارس و تاژیکـی و هیندی لەسەر بنچینەی رێزگرتن لەسەربەخۆیی و مافی یەکتری و هاوکـاری کـردن بـۆ پاراسـتنی خاك و کولتووری کۆنیان. ئەمەش وەك هـەنگاوێك بەرامـبەر هـەوڵ و تەقـەلای ئیمپریالیـستانەی گەلـێ لا کە بە نـاوی جۆرجـۆرەوە دێـنە مەیـدان وەك "یەکێتیـی تـات" و "یەکێتیـی تـۆران" و "یەکگرتنی ئەوروپا" و "شۆڕشی هەمیشەییی چینی سوور بۆ یەکێتیـی کرێکارانی جیهان" و بۆشایی پڕکردنەوەی ئەمەریکایانە و هتد کـە بـە هـەر ناوێکـەوە و لـە ژێـر هـەر پەردەیەکـدا بـێ بـۆ تالانکـردن و ژێردەستەکردنی وڵاتانی دواکەوتوو و لە کاروان بەجێماوە.

کاژیك بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا بۆشاییی ژیانی کوردەواری بە بـە کەرەسـەی خۆماڵـی پڕکـردەوە. کاژیـك بـۆیەکەمجار لـە مـێژووی بزووتنوەی سیاسیی کورددا خەڵکی بە خووڕەوشتی کاژیکانەی تایبەتی پــەروەردە کــرد. چــەنەبازی دیموکــراتیانە و خۆدەرخــستن و ســنگ دەرپەڕانـدن و تێکۆشانی سەرودەمی و فشە کوردایەتیی بەجارێ سووك و ریـسواکرد و چارەنووسـی هەمـوو کوردێکـی بەسـت بەچارەنووسـی گشتیی نەتەوەکەیەوە.

کاژیك هەر لە یەکەمین رۆژی شۆرشەوە بە دڵێکی پاك و بێ تەماوە پشتی شۆڕشی گرت و گەلێ لە رۆڵە گیان فیدا و بەجەرگەکانی دەرخواردی شۆرشدا و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی زانستانەی بێ وێنە گەلێ پێشبینی و پێشنیازی خستەروو کە هەمووی وەك نەخشی بەرد وابوون و پاشەرۆژ هاتنەدی. بەیاننامەکانی بۆ گەل و بیرخەرەوەکانی بۆ بارزانی شایەتی ئەم قسەیەن.

کەواتە "کاژیك" بەڕاستی رێپیشاندەر و پێشڕەوی نەتەوەیە بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانی. دە کە حیزبێك ئامانجی ئاوا بەرز و پیرۆز بێ, دیارە هەر بەو پێیەش دوژمن و نەیاری بۆ پەیدا ئەبێ و هەتا کار گەورەتر بێ ئەرکی زۆرتر و ناحەزانی زیاترە. لەبەرئەوە شتێکی سەیر نیە کە هەموو زۆڵە کورد و فەریکەمارکسی و هیچ لەباردا نەبوو و هەلپەرستێك وەك هەموو هێزێکی بێگانەی داگیرکەر دەمیان لە "کاژیك" داپچڕیبێ و بیانەوێ بە بوختان و درۆ و دەلەسە بۆ رێکخستن و لە پشتەوە دزانە تێسرەواندن لەناوی بەرن. بەڵام ئێمە بەو مێشك بۆشە کورتبینانە ئەڵێین دەسەڵاتی کاژیك گەلێك لەوە بەهێزترە کە بە ئێوە لەناو بچێ. دەنگی کاژیك گەلێك لەوە زوڵاڵترە کە بە ئێوە کپ بکرێ. کاژیك حیزبێکی خاوەن فەلسەفەیە و دامودەزگای خاوەن فەلسەفەش بە گەلەکۆمەکێی پیاوی بێ بیروباوەڕ لەناوناچێ. ئەندامانی کاژیکیش پێشمەرگەی بەوەفای حیزب و ئامادەی هەموو سەر دانانێکن لەم پێناوەدا. لەبەرئەوە پێویست ناکا خەڵکی خۆیان بە خۆڕایی ماندوو بکەن و ئەنجامیش بۆ ئەوانە تەنیا رووڕەشییە.

رۆژنامـەی "بانگـی کاژیـك"یـش کـە بـە بـۆنەی پێوەگەڕانی نۆ ساڵ بەسەر رۆژی لەدایکبوونی "کاژیك"دا دەرئەچێ, بەڵێن بۆ هاوبیران تازە ئەکاتـەوە کـە ئـەو پێویـستیەی لەم رێگەیەدا کەوتووەتە سەرشانی بەو پەڕی شەرەف و سەرڕاستی و رێکوپێکییەوە بە جێ بهێنێ.

ئـیتر هەربـژی یـادی (14)ی نیـسانی پـیرۆز, رۆژی دامەزراندنـی "کاژیك", رۆژی هەڵاتنی رۆژی نوێی کوردایەتی.

هاوبیر "رەسووڵ"

# کۆچی دوایی هاوبیر لەتیف عەلی, پێشمەرگەی کورد و ئەندامی کاژیك

لـە ئـێوارەی رۆژی هـەینی 8ی مارتی 1968دا هاوبیری تێکۆشەری کاژیـك و یەکـێك لـە پێـشمەرگەکانی سـوپای رزگـاری کوردسـتان کـاك "لەتـیف عەلـی محەمـەد" لـە نەخۆشـخانەی گاوتیـنگ لـە مۆنیخ کۆچی دوایی کرد.

هـاوبیر "لەتـیف عەلـی" لە ساڵی (1939)دا لە شاری سلەیمانی لە خێزانێکی زۆر هەژار و دەستکورت پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە سـەرەتای منداڵـیـیەوە هەسـتی رزگـاری خوازانەی نەتەوەیی لە مێشك و دڵـدا جـێگیر بـووە و لـە پـاش دامەزراندنـی حیزبـی "کاژیـك" شـەرەفی ئەندامەتیی پێدراوە.

لـە پـاش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی 11ی ئەیلـوول 1961 بـووەتە پێـشمەرگە و نزیکەی دوو ساڵ خۆبەختکەرانە دژی سوپای داگیرکەرانی تات جەنگیوە. بەهۆی برسێتی و سەرما و خۆتێنەگەیاندنی ئەوانەی ئەو دەمـە لـە شۆڕشدا کاربەدەست بوون, تووشی نەخۆشی سیل بووە. بەو حاڵەشەوە هەر شەڕی کردووە تا لە پەلوپۆ کەوتووە.

بـۆ تیمارکردنـی نەخۆشییەکەی لە ئۆکتۆبەری 1964دا رووی کردە ئەڵمانـیا و لەلایـەن هاوبیرەکانـیەوە خرایە نەخۆشخانەی "گاوتینگ" لە مۆنـیخ. لـەم ماوەیـەدا نموونەیەکی دڵسۆزی و فیداکاری بوو بۆ حیزب و بیروباوەڕی کوردایەتی.

بـەڵام ئاکامـی مـەرگ و توندیـی نەخۆشـییەکەی کـە لـە چـارەکردن تێـپەڕی بـوو بەرۆکـیان بەرنـەدا و لـە بـەهاری ژیانیدا تاساندیان. گیانی پاکـی هاوبیر لەتیفی جوانەمەرگ رۆی بۆ لای ئەو پاڵەوان و قارەمانانەی کـە لـە رێـی رزگـاری کـورد و کوردسـتاندا شـەربەتی شـەهیدبوونیان بە سەربەرزییەوە نۆشی.

ئـێمە هەڵگرانـی بیروبـاوەڕی کاژیـك لـە کاتـێکدا کـە یـادی هـاوبیری خۆشەویـستمان لەتیف ئەکەینەوە بەڵێنیشی لەگەڵ تازە ئەکەینەوە کە تـا دوا هەناسـەی ژیانمان هەرە لەسەر ئەم رێگەیە بڕۆین, ئیتر ئەنجامی کار هەرچەندێك خوێن و فیداکاری ئەوێ با بیەوێ.

حیزبی کاژیك

دامودەزگای ئەوروپا

## شەهیدبوونی سەلامی سەرتاش

کاك سەلامی سەرتاش کە یەکێك بوو لە سەربازانی رێی کوردایەتی لە شاری سلەیمانی لە پایزی 1967دا شەهید کرا. بێزاری و پەستیی خۆمان بەرامبەر ئەو کارە دەرئەبڕین و سەرخۆشی لە کەسوکاری ئەکەین.

بانگی کاژیك

## کۆنفرانسی دامودەزگای کاژیك لەئەوروپا

دامودەزگای حیزبی کاژیك لە ئەوروپا لە سەرەتای مانگی نیسانی 1968دا کۆنفرانسێکی بەست بۆ لێکۆڵینەوەی باری سیاسی حیزب و وڵات و جیهان و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا ئەم بریارانەی خوارەوەیدا.

(1)– دامودەزگای حیزب لە ئەوروپا بە چاوێکی زۆر بەرز و رێزەوە ئەڕوانێتە ئەو کاروکردەوانەی تا ئێستە حیزب رایگەیاندوون لە سەختترین باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا و ئافەرم و سڵاوی هاوبیرانە ئەنێرێ بۆ هەموو هاوبیرانی کوردستان کە بە چەك و مێشك فەلسەفەی حیزبیان هێناوەتە دی و رێگەی راستیان پیشانی نەتەوەکەمان داوە و بەوپەڕی ئازایی و خۆبەختکردنەوە بۆ رزگاریی وڵات تێکۆشاون.

(2)– دامـودەزگای حیـزب ئافـەرین و سـلاوی کـوردانە ئەنێـرێ بـۆ پێـشمەرگەکانی کوردسـتان و لـە پـێش هەمـوویاندا بـۆ بـرای گـەورە و خۆشەویـست بارزانـی و ئەیخاتـەوە بیریـان کـە ئـەم بـارە ناهەمـوارەی دوژمنانی تێکەوتووە نابێ لە دەست بدرێ. چونکە داگیرکەرانی تات لەم کاتـەدا لـە هەمـوو کاتێکـی تـر بـێ هێزتـرن و رۆژبـەڕۆژ تەنگوچەڵەمەی نوێـیان بـۆ دروسـت ئەبـێ. بارزانـی پێویـستە لەگـەڵ دوژمـنان زیاتر لە جـاران توندوتیژتر بجووڵێتەوە و لەم هەلە سوود وەربگرێ بۆ سەپاندنی مافەکانمان بە سەریاندا.

(3)– دامــودەزگای حیــزب لەئــەورووپا بــریاری دا بەدەرکردنــی رۆژنامەیەکـی کـوردی بەناوی "بانگی کاژیك"ەوە کە ناوبەناو دەربچێ و بیروبـاوەڕ و فەلـسەفەی حیـزب بڵاوبکاتـەوە بەو مەرجەی هەموو جارێ پوختەی باسەکان بە زمانێکی ئەورووپاییی زیندوو بخاتە بەرچاو.

(4)– دامـودەزگای کاژیـك لـە ئـەورووپا بـە تووڕەیـی و بێزارییەکـی زۆرەوە ئەڕوانێتە کاروکرداری داگیرکەرانی تات لە کوردستانی سووریادا کـە هەوڵی دەرکردنی برا کوردەکانمان ئەدەن و داوا لە برا کوردەکانمان ئـەکات کـە ئـیتر بـە قەوانـی ژەنگخواردووی "برایەتیی کورد و عەرەب" تەفـرە نەخـۆن و بـۆ پاراسـتنی ژیانی نەتەوەییی خۆیان هەموو هەوڵێك بـدەن. هـەروەها بـە پێویـستی سەرشـانی هەمـوو کوردێکـی ئەزانـێ کە لەسەر ئەو کوردە خانە و لانە شێواوانە بکاتەوە.

(5)– تـا دوو پارچـەی کوردسـتان لە ژێر دەستی داگیرکەرانی تاتدا بـێ, دامـودەزگای حیـزب هـەر وەك جـاران بەربەرەکانێـی هەموو جۆرە

یەکێتییەکی عـەرەب ئەکا ئیتر ئەو یەکێتییە بەسەرکردەی هەر کەسێك ئەبێ بابێ.

(6)– سـەبارەت بـەو دوژمنایەتیـیەی کە داگیرکەرانی تات بەرامبەر نەتەوەکەمانـی ئەکـەن و بـۆ لەناوبـردنمان تـێ ئەکۆشـن. دامـودەزگای حیـزب لــە ئــەوروپا بــێ لایەنــی تــەواوی خــۆی دەرئەبــڕێ بەرامــبەر شـەڕوهەڵای بـەینی تـات و ئیـسرائیل. لـە هـەمان کاتـدا بێـزاری خـۆی بەرامـبەر ئـەو دامـودەزگایانەش دەرئەبـڕێ کـە یـا لـە ترسـا یـا لـە ساویلکەیەتی یـا لەبـەر خاتـری مۆسـکۆ یا لەبەر هەر هۆیەکی تر پشتی تات ئەگرن دژی ئیسرائیل.

(7)– دامـودەزگای حیـزب لـە ئـەوروپا هـەر وەك جـاران پێی وانیە مەسـەلەی کـورد بەشـێوەیەکی ئاسـایش پەروەرانـە چارەسـەر ئەکـرێ, لەبەرئـەوە ئـەوی بـاوەڕی بـە کوردایەتـی هەبـێ ئەبـێ باوەڕی بەگرتنی ڕێگەی بەکارهێنانی هێز بێ.

(8)– ڕۆژنامـەی (التآخـی) کە تەنیا ڕۆژنامەیەکە بەناوی شۆڕشەوە دەرئەچێ پێویستە لەم ڕۆژەدا بە فرمانی سەشان و پێویستی نیشتمانی هەستێ, تا تام و بۆی ڕۆژنامەیەکی کوردی لێ بێ نەك عەرەبی.

(9)– دامودەزگای حیزب بێزاری خۆی دەرئەبڕێ بەرامبەر داخوازی ناڕەوایانەی تات لە خلیجی فارسدا.

(10)– دامـودەزگای کاژیـك لـە ئـەوروپا داوا لـە بارزانـی ئـەکات لە کاتـێکدا ئەگـەر مـیری مافەکانـی کـوردی بـە تـەواوی بەجـێ نەهێـنا,

ئێستگەی رادیۆی کوردستان بخاتەوە کار. خۆ ئەگەر پرۆگرامەکانیشی سیاسی نەبن با جارێ بە باسی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی پڕبکرێنەوە.

(11)– دامودەزگای حیزب لە ئەوروپا لە جەنگی ڤیەتنام کۆڵییەوە و بۆی دەرکەوت کە خەریکبوونی رای گشتیی جیهانی بە جەنگی ڤیەتنامەوە باسی مەسەلەی کوردی لە رۆژنامە و گۆڤارە سیاسیەکانی وڵاتانی بێگانەدا شاردووەتەوە و بەوە زیانی بە کورد گەیاندووە. لەبەر ئەوە بڕانەوەی ئەم جەنگە سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کورد لەم رۆژەدا.

# بانگی کاژیك – ژمارە 2

ڕۆژنامەیەکی کوردییە فەلسەفە و بیروباوڕی حیزبی "کاژیك" بڵاوئەکاتەوە

دامودەزگای "کاژیك" لە ئەورووپا ناو بەناو دەری ئەکات

بە سەرپەرشتیی هاوبیر ڕەسووڵ و لەسەر بڕیاری کۆنفڕانسی دامودەزگای "کاژیك" لە نیسانی 1968دا

ژمارە (2) – 30ی ئابی 1968

## ئێمە و بارزانی و شۆڕش

هیچ گومان نیە لەوەی بارزانی ئەو پیاوەیە کەلاپەڕەیەکی پڕ لە ئازایەتی لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بۆ گەلەکەی نووسیوەتەوە. جا ئەم ئەرکە گەورەیەی ئیمڕۆ مستەفا بارزانی گرتوویەتە ئەستۆی خۆی وەنەبێ هەر تەنیا خۆی بووبێ و لە منداڵییەوە دەستی دابێتێ, یان دەرزێکی کوتوپڕ بێ و لەمولەوەوە فێری بووبێ. بەڵکو بنەماڵەی بارزانی هەر لە چەرخی داگیرکەرە تورکە عوسمانلییەکانەوە ڕێگەی نیشتمانپەروەرییان گرتووە و لەو پێناوەدا خوێنیان ڕژاوە وماڵیان بە تاڵان براوە و جێ و نزرگەیان رووخێنراوە. چ کوردپەروەرێك هەیە ناوی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی نەبیستبێ؟ ئەو عەبدولسەلامەی لە پێناوی ماڤ نەتەوەییدا بۆ کوردی بارزان, لە یەکی کانوونی یەکەمی 1914دا ملی بە سێدارەدا کرا لە ڕۆژێکدا کە هەستی

نەتەوەیی تەنیا لەناو کەمەیەکی کەمی خەڵکی ئەم کوردەوارییەدا نەبێ ناوی نەبوو.

بارزانی ئیمرۆش ئەو پێشمەرگەیەیە کە بەم سەری پیرییەوە رۆژ نیە ئەم شاخ و ئەو شاخ و ئەم بەرد و ئەو بەرد نەکا و گیانی نەخاتە سەر بەری مستی. هەر لەبەر ئەوەیە کە شایانی سوپاس و رێزی هەموو کورد پەروەرێکی دڵسۆزی ئەم کوردستانەیە.

بەڵام ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم راستییانە ئەخەینە بەر چاو، وەنەبێ مەبەستمان لەوەبێ ماستاوی بۆ ساردکەینەوە. یان بمانەوێ "پاداشی" ئەم "چاکە"یەمان بداتەوە. ئێمە نەبەتەمای پاداشی ئەم و ئەوین و نەهیچ کەسێکیش هەیە لەم جیهانەدا کە ئێمە لە ترسانا بەشانوباهوویدا هەڵبدەین. ئێمە خاوەنی بیروباوڕێکی بێ گەردی نەخشە بۆکێشراوی ئامانج دیارین. ئەگەر هاتوو باسی کەسێکمان بە چاکە کرد، مەبەستمان تەنیا دەربڕینی راستی و پشتگیریی ئەو کەسانەیە کە تا ئەندازەیەك کەم یا زۆر هاوکێشی ئێمەن لە تێکۆشانی رۆژانەماندا.

بەڵێ ئێمە کە ئەم راستییانە دەرئەبڕین و ئەشڵێین: "تا بارزانی چەکی بەدەستەوە بێ بۆ کورد، بە هەموو هێزێکمانەوە یارمەتیی ئەدەین و بەرپەرچی هەموو هەلپەرست و دوژمنێکی بۆ ئەدەینەوە"، هەر لەم کاتەدا بە پێویستییەکی نەتەوەییشی ئەزانین کە لە راستیی هەندێ کاروباریش ئاگاداری بکەین، وەك تا ئێستە کردوومانە. چونکە بارزانی پیاوێکی یەك تەنی سەربەخۆ نیە. بەڵکو شۆڕشێکە کە پاشەڕۆژی نەتەوەکەمانی تا ئەندازەیەکی زۆر پێوە بەستراوە.

ئـێمەی هاوبیرانـی کاژیك پێمان وایە هەر بزووتنەوەیەك, چەکدار بێ یـا بـێ چـەك, بـە ژمـارە زۆر بـێ یـا کـەم, بـە ڕێوەبەرانـی ناسـراوبن یا نەناسـراو, ئەگـەر هاتـوو لـە سەرچـاوەی بیروباوڕێکـی ڕێکوپـێکەوە هەڵـنەقولا بـوو ئـەوا لە تەوژمێکی ماوە کورت و ئاژاوەیەکی بێ ئامانجی سـەرودەمی بەو لاوە هیچی تر نیە. چونکە بیروباوڕ خۆراکێکی گیانی یە بـۆ هەمـوو جووڵانەوەیەکـی سیاسـی و بـێ ئـەو خـۆراکەش هـیچ جـۆرە بووەیەکی سیاسی لە گاگۆڵکێ کردنەوە ناکەوێتە سەر پێیان. هەر تەنیا بیروبـاوڕە کـە ڕێکوپێکـی و یـەك ئـاوازی و هاوهەستی ئەخاتە ریزەکانی بـزووتنەوەوە. شۆڕشـیش کـە بەرزتـرین پلـەی بـزووتنەوەی سیاسـییە ئەگەر هاتوو لەسەر بنچینەی بیروباوڕێکی بنج داکوتاو بەرپا نەبوو, ئەوا پاشـاگەردانێ و هـەر کـەس بـۆ خۆیـی و کات بە فیڕۆدان نەبێ هیچی تر نیە.

ئەم شۆڕشەی ئیمڕۆی ئێمە کە قورسترین شۆڕشێکە تا ئێستە کورد بـەرپای کردبـێ, لـە کاتێکـی وا ناوەختدا هەڵگیرسا کە هێشتا نەتەوەی کـورد خـۆی کۆنەکردبووەوە بۆ تەنگانە. بەر لە هەموو شتێك بیروباوڕی نەتەوەیی تازە چەکەرەی کردبوو لە باخی کاژیکدا. کۆمەڵ و دامودەزگا سیاسـییەکانی تـر کـە بـە تەمەنـی چـەند گەز درێژ و چەند قولانج پانی خۆیانەوە ئەنازن, شان بە شانی داگیرکەرانی بێگانە تەپڵ و زوڕنایان بۆ "برایەتیـی" درۆزنـەی ئاغا و مسکێنانەی کورد و داگیرکەرانی وڵاتەکەی لـێ ئـەدا. ئەوانـەی خـۆیان بـە پێـشڕەو و سـەرگەورەی کـورد دانـا بوو هەموو بە تەمای ئەوەبوون لە ڕێگەی وتاری ناو ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوەی

بەیاننامە و ئیمزا کۆکردنەوە و پەڕلەمانی ساختەی دوژمنەوە "ماف کورد" بسێنن. باو باوی فشە کوردایەتی و ڕۆژ ڕۆژی سنگ شێری ماکەر پشت بوو. کوردایەتیی راستەقینەش تەنیا ئەوە بوو کە لە کوولەکەدا بانگی بۆ ئەدرا. چونکە لێشاوی زۆڵەك و ئەوانەی بەتەمای "کاکە کەریم"یان بوون کوردستانیان بۆ دروست بکا, ڕێگەی پەلوپۆ بزواندنی بەستبوو. گەل پارچە پارچە و سەر لێ شێواو و ڕێ هەڵە کردوو. زوڵم و زۆری کۆمۆنیستەکان و گوریس هەڵسووڕاندنیان زوربەی زۆری خەڵکی خستبووە دانە جیڕێ لە هەموو جۆرە سیاسەتکردنێك.

ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی ترەوە قاسم بەخەیاڵی بەنگ## کێشانەی خۆی لە دوو دوژمنی گەورەی وەك بەعسی و شیووعی بووبووەوە و ئەمجا هاتبووە وێزەی کورد. لە ناوبردنی بارزانی بە هەنگاوێك دائەنا بۆ پێشێلکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی. قاسم بەتەمای ئەوە بوو لە ڕێگەی پڕ چەککردنی چەند دەرەبەگێکی خۆفرۆش و لابردنی باجی زەوی و زار لە سەر چەند ئاغایەکی مل هوڕ, پشتی بارزانی بشکێنێ. بەڵام ئەوەبوو پشتی خۆی شکا. ئێمە لێرەدا نامانەوێ لە چۆنێتی دەستپێکردنی شۆڕش و هۆی بەردەوامی و پەرەسەندنی بکۆڵینەوە. ئەوە هەڵ ئەگرین بۆ وتارێکی تایبەتی. بەڵام ئەوەندە ئەڵێین: قاسم لەو حسابەدا کە کردبووی بە هەڵە چووبوو. چونکە ئەو هەر حسابی ساڵی 1945ی هێنابووە پێش چاوی, واتا ئەو دەمەی ئەو لە سوپای عێراقدا ئەفسەرێك بوو و سوپاکەی توانی ناوچەی بارزان بگرێ. قاسم هەرچەندە خۆی بە مەلای ماوەران نەئەگۆڕیەوە بەڵام لە

سیاسەت سەری دەرنەئەچوو. لەبەرئەوە نەی ئەتوانی ظروفی ناوەوە و دەرەوە و جیاوازی بەینی 1945 و 1961 باش شی بکاتەوە. ئەمجا کە کار لە کار ترازا ئەوە بوو تا مردن بەو ئاواتەوە بوو کە شۆڕشی کورد بکوژێنێتەوە و بارزانی لە ناوبەرێ. بەڵام داخی گرانی ئەو ئاواتەی بردە گڵەوە.

ئەمێنێتەوە سەر دەوری حیزبی کاژیك. کاژیك وەك چۆن لە پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشدا ڕێزی خۆی پێشکەش بارزانی کرد و ئەو کردەوە خراپانەی کە پارتەکان بە ناوی ئەوەوە ئەیان کرد، وای لێ نەکرد بکەوێتە هێرش بردنە سەر بارزانی. هەروەها هەر لە یەکەمین رۆژی بزووتنەوەی پرچەکەوە کە ئەو دەمە زۆرتر بە سەرۆکایەتیی بنکەکانی پارت و سەرۆك هۆزەکان بوو بەرگریی بۆ کرد و لەسەری کردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو هەڵە و ناتەواوییەکی ئەم بزووتنەوە چەکدارەی خستە پێش چاو چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی سوپاییەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمۆنیستەکان راستەوخۆ پشتی قاسمیان ئەگرت و هێرشیان ئەبردە سەر شۆڕش و بە "یاخی بوون" و "پلانی ئیستیعمار" و "گۆشەگیریی نائومێدانە"یان دائەنا[1]. سەرکردەکانی پارتیش لە ترسی کۆمۆنیستەکان پاکانەیان بۆ خۆیان ئەکرد و ئەیان وت: "کۆمیتەی مەرکەزییان ئاگای لەم بەزمە نەبووە"[2]. کەچی لە ژێریشەوە خەڵکیان

[1] تەماشای بەیاننامەی 17-9-1961ی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بکە.

[2] پارتیی برایم ئەحمەد لە ژمارە (482)ی رۆژنامەی خەبات – تیشرینی دووەمی 1967دا دانی بەوەدا نا کە زوربەی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیی پارتی بڕیاری دا

تـیژ ئەکـرد و بەوە دەستخەڕۆ ئەکرد کە گوایە "کوردستانی گەورە"یان بـۆ دروسـت ئەکـەن. جیهانـی دەرەوەش ئاگـای لـە شـۆڕش نەبـوو. خۆ ئەگـەر جاروبارێـك لـە ڕۆژنامەکانـی ئـەوروپادا وتارێـك بنووسرایە لەسەر شۆڕش بە بارزانییان ئەووت "مەلا سوورەکە" "The Red Mullah"[1].

لـەم کاتـەدا تەنـیا حیزبـی کاژیـك بـوو کە ڕاستیی کۆمۆنیستەکان و پارتەکانـی خـستە ڕوو و دامودەزگاکانی خۆی لە ئەوروپا خستەکار و لە سـەرەتای سـاڵی 1962ەوە و لـە پێـشا لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەکانـی فەرەنـساوە و ئـەمجا لە ڕێی بەیاننامە و پەیوەندیی تایبەتییەوە دەنگی شۆڕشی بە هەموو جیهان گەیاند و بردیە مێشکی گەلێ لە ڕۆژنامەنووس و سیاسـییەکانی ئـەوروپاوە کـە شۆڕشـی کـورد شۆڕشـێکی نەتەوەییی ڕەوایە و بارزانیش نە مەلایە و نە کۆمۆنیستە.

بـەڵام ڕۆژگـار وا هاتە پێشەوە کە سەرکردەکانی پارت خۆیان بکەنە بـنکداری شـۆڕش و مـیری سـەربڕ لـە ڕیزەکانیدا. کۆمۆنیستەکانیش لە ترسـی کوشـتار و کـردەوەی جانەوەرانـەی بەعـسیەکان لە 8ی شوباتی 1963 بە دواوە بایان دایەوە و ڕوویان کردە کەژوکێوەکانی کوردستان و پـەنایان بـردە بـەر بارزانـی. ئـەمجا هـەردوو لا, پـارت و کۆمۆنیـست کەوتـنە خراپەکاریـی دژی کاژیـك. چـونکە کاژیك کوردایەتییەکی ڕاستی

---

کە بە چەك نەچن بە گژ قاسم دا و "پارتی نوێنەری خۆی نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بڵاوە بە هێزە چەکدارەکان بکەن" — بانگی کاژیك.

[1] تەماشای ڕۆژنامەی ئینگلیزی The Sunday Telegraph ژمارەی (25)ی ئۆکتۆبەری 1964 بکە.

زانستانە ئـەکات و جـێگەی بـە فـشە کوردایەتـی لـێژ کـردووە و ڕێگای بێگانەپەرسـتی بـردووەتە بەسـت. کاژیـك لـەم سەرودەمەیـشدا هەروەك جـاران لــە پــشتگیریی شــۆڕش دەســتی هەڵنەگــرت. چ لــە ڕێگــەی دامـودەزگای سیاسییەوە و چ لە ڕێگەی پێشمەرگە قارەمانەکانیەوە کە وەك ســەربازی ون بـوو خـۆیان بـە کوشـت ئـەدەن, ســەرەڕای هەمـوو چەوسـاندنەوەیەکی دزانـە و نامەردانـەی سەرۆکەکانی پارت. ئەو هەموو خـراپەکارییەی کـە پارتـەکان کـردیان وای لـە کاژیـك نەکـرد پـەلاماری بارزانی بدا و دڵی دوژمن بەوە خۆش بکات.

وەسـتاندنی شەڕ لە دەوری بەعسیەکاندا بە دڵی کاژیك نەبوو. بەڵام کاژیـك دانی بەخۆیدا گرت تا ناکۆکی نەکەوێتە ناو. هەروەها وەستاندنی شـەڕ لـە 10ی شـوباتی 1964دا بـە هـیچ جۆرێك بە دڵی کاژیك نەبوو. بـەڵام کاژیـك تەنـیا رای خـۆی بـە شـێوەیەکی بابەتانـە (موضوعی) بە بارزانـــی راگەیانــد و نەکەوتـــە ئـــەوەی بڵـــێ "کــوردی بـــە پـــرتەقاڵ فرۆشتووە".

لـە پـاش وەستاندنی شەڕ لە 1964دا دەستەکەی پارت کەوتە روو و ناکۆکـی بـەینی بارزانـی و سـەرانی پارت گەیشتە راددەیەك کە بوو بە هـۆی لـێك پـچڕان. کاژیـك کـە دەمـێك بـوو لـە راسـتیی کـار ئاگادار بوو هـەروەك جـاران چـی هەق بوو بەرامبەر بە بارزانی بە بەیانێکی مێژوویی لـە رۆژی 30-3-1964دا بـڵاوی کـردەوە. لـە بەیاننامەکەدا داوای لە خەڵکـی کـرد کە ئاگری ئەم ناکۆکییە خۆش نەکەن و بە بەڵگە ئیسپاتی کـرد کـە بارزانـی ئەو پیاوە نیە لە شەو رۆژێکدا بکەوێتە ناپاکی و کورد

فرۆشتن وەك سەرۆكە پارتەكان ئەڵێن. هەروەها داوای لە هەردوو لا كرد كـە لـە رێـی بەسـتنی كۆنگرەیەكەوە ناكۆكی بەینیان چارەسەر بكەن و رێگە بۆ دوژمن و ناحەز خۆش نەكەن تۆوی ناكۆكی بچێنیٚ.

لـە 13ی مایسی 1964دا كاژیـك بیرخەرەوەیەكـی دا بـە بارزانـی. تەنـیا ئـەو بیرخەرەوەیـە بـوو كـە توانـی بەشـێوەیەكی زانـستانە ئـەو هێـزانەی پەیوەندیـیان بە یەكێتیی عەرەب و شۆڕشی كوردەوە هەیە لە رۆژهەلاٚتـی ناوەڕاسـت و جـیهاندا بە جۆرێكی وا شی بكاتەوە كە هەر لە دەسـت كاژیـك بـیٚ. بـەوە رێگـەی تاریـك و نووتەكـی ئـەو رۆژەی بـۆ دڵـسۆزان روونـاك كـردەوە. ئـەو پێـشبینی و ئامۆژگاریـیانە هەمـوو بـە زیـادەوە راسـت دەرچـوون و سـوودیان لـیٚ وەرگـیرا و ئێـستە شـۆڕش بەرەكـەیان ئەخـوا. كەچـی سەرۆكەكانی تازەی پارت و ئەوانەی بارزانی بـە نوێـنەری شۆڕشـی دانـاون لـە جنـێو و قـسەی ناشـرین و درۆ بـۆ هەڵبەسـتن زیاتـر هیـچی تریان بە كاژیك رەوا نەدی. بێجگە لەوەش هەر لـەو سـەردەمەدا بـوو كـە بارزانـی بـە پیلانـی چـەند چـڵكاوخۆرێكی خۆفرۆشـی بـیٚ بـاری وەكـو "عەونـی یوسـف" كە بە "عەونی مەقاییس نـەماوە" بـە ناوبانگـە كەوتـە گـرتنی هاوبیرانـی ئـێمە و شـەڕ پـیٚ فرۆشـتنیان. بـەلاٚم كاژیـك یەك دێڕی لە دژی بارزانی نەنووسی و لە گوڵ كـالٚتری پـیٚ نـەوت چـونكە كاژیـك بەرژەوەندیـی گەل و نیشتمان بەر لە هەمـوو بەرژەوەندییەكی تایبەتی رەچاو ئەگریٚ. لەبەر ئەوە حیزب دانی بـە خۆیدا گرت تا بارزانی راست و درۆی كارەكەی بۆ دەركەوت و پیاو و ناپـیاوی بـاش لەیـەك جیاكـردەوە. بـەلاٚم سـەیر ئەوەیـە هەنـدێك لـەو

ناپــیاوانە هــەتا ئێــستەش هــەر کاربەدەســتن و ســواری کۆڵــی پــشتی دڵسۆزەکان بوون.

پــاش لابردنــی تاقمی برایم ئەحمەد خەڵکی سادە و بەسزمانی وایان ئەزانــی کــە ئــیتر پارتــی بوو بە حیزبێکی یەکڕەنگ و پاك بووەوە. بەڵام کاژیــك هــەر لــە ســەرەتاوە ئەیزانــی کــە پارتــی چــەند بە لابردنی هەمزە پاکــتاو بــوو هــەر ئەوەنــدەش بــە لابردنــی ئــەم تاقمەی تر پاکتاو ئەبێ. چــونکە مەســەلە مەســەلەی لابردنی چەند کەسێك نیە. مەسەلە لە پێش هەمــوو شــتێکدا مەســەلەی بیروباوڕەکــە پارتــی هەردەمــە لــە ئاوازێکــی خویــندووە و جــۆرە ڕێبازێکــی بــووە. درێــژی نەکەیــنەوە تاقمــی تازەی پــارت لــە هــی کۆن زیاتر کەوتنە خراپەکاری و هێرش بردنە سەر کاژیك. لــە ڕۆژی 25-09-1964دا بەیانێکــیان لــە ژێــر نــاوی "دەربــارەی پــڕۆپاگەندەی دوژمنانــی شــۆڕش" دەرکــرد کــە جەوهــەری خــۆیان بــە تــەواوی تــێدا دەرخــستبوو. هەنــدێك لــە ســەرانی ئــەم پارتــە تازەیــە ڕەپوڕاســت لــە ژێــرەوە لەگــەڵ تاقمــی برایم ئەحمەددا دەستیان تێکەڵ کــردبوو و کەوتــنە خــراپەکاری دژی شــۆڕش و هەندێکــی تریــشیان لــە دەوری بارزانــی مانــەوە. بــەڵام لەبــەر هەلپەرسـتی و پایەویستی نەك لە خۆشەویــستی. ئەوانــە هەوڵــی ئــەوەیان ئــەدا کــە بارزانــی بکــەن بەگــژ کاژیکدا و لەژێریــشەوە نامــەیان بــۆ دۆســتەکانی خۆیان ئەنووسی — کە ئێــستەش ئەوانــە نوێــنەری بــارزانین — و بــە "مێــشك تەســك" و "عەشــایری"یــان ئەدایــە قەڵــەم و کــە ڕۆژێــك هــەوا بــە دڵی ئەوان هەڵی نەکــردایە, بایــان ئەدایــەوە و بــە "ســەرۆکی هەمــشەری" ناویــان ئەبرد.

ئەوانـەی گـوایە نوێـنەری بارزانـی بـوون و ئەڵقـەی پەیـوەندی بـوون لە بـەینی کوردسـتان و ئـەوروپادا و تـا ئێـستەش لـە وڵاتێکـی تایبەتـیدا ئەخـۆن و ئەنـوون و دژی کاژیـك ئەدوون و ئێمەش گەلێك شتی نهێنییان لـە بـارەوە ئـەزانین, بـەلاّم وەك کنگـر و ماسـتە کـە هـەڵمان گرتووە بۆ کاتـی خۆی — ئەوەندە "دڵسۆز" بوون دەنگوباسی شۆڕش و کوشتاری کـوردی کولۆڵـیان نەئەگەیانـدە ئەوروپا. وەك شۆڕش ماڵی بارزانی بێ و ماڵـی کـورد نەبێ. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشمەرگە لە گرمەی شەڕدابوو و خوێن لاشەی ئەبرد. تەنیا چونکە ئەو بەیاننامانەی شۆڕش دەری ئەکرد هێرشـی تـێدا بـوو بـۆ سـەر تاقمـی بـرایم ئەحمـەد, لەبـەر ئـەوە بڵاونەئەکرایەوە. نوێنەرانـی بارزانـی لـە ئـەوروپا بەتایبەتـی "عیسمەت شـەریف" لـەم ناپاکانـە بێ دەنگ بوون و چاویان ئەنووقاند و هەموو لە ژێرەوە خراپەیان بەرامبەر شۆڕش ئەکرد ئیتر هەریەکە بە جۆرێ.

ئـا لـەم کاتـەدا بـوو کـە دامـودەزگای کاژیـك و یەکێتیـی نەتەوەییی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپا هاتنەوە کایە و هەموو ئەم دوژمنانەیان بـۆ خـۆ و بـێگانە یـەکالاّ کـردەوە و راسـتییان خـستە روو و دەنگـی شۆڕشـیان جارێکـی کـە گەیانـدەوە بـە جـیهان, بـێ ئـەوەی ئەوەندەی گـەردێك هێرش بەرنە سەر بارزانی. ئەگەرچی بارزانی هیچ (اجرائاتێکی) بەرامـبەر هەنـدێك لـەم تاوانـبارانە نەنـواند, ئەوەنەبـێ کـە "عیـسمەت شـەریف"ی دەرکـرد و "مەحمـوود عەلـی عـوسمان"ی کۆنە هەمزەییی خستە جێی.

بـە کورتـی لـە یەکـەمین رۆژی شۆڕشـەوە هـەتا ئیمـڕۆ, هەمـوو دامـودەزگا نەتەوەیـیەکان چ لـە کوردسـتان و چ لـە دەرەوەی وڵات پـشتگیری سـەخت و بـێ تـەمای بارزانـی بـوون. نـەك لەبەر خاتری ئەو بەڵکـو لـە پێناوی ئەوەدا کەنەتەوەکەمان نیمچە مافێکی دەست کەوێ. ئێستەش لەبـەر ئـەوەی شـۆڕش کەوتووەتە بەردەم خەتەرێکی یەکجار گـەورەوە بـە تایبەتـی پـاش گەڕانـەوەی بـەعس بـۆ سـەر کـار لە $17$ی تەمـووزی $1968$دا. ئـیتر ئـێمە ناچـارین راستەوڕاست هەندێ سەرنجی خـۆمان لـە بارزانـی بگەیـەنین چـونکە خـۆمان بـە لـێ پرسـراو ئـەزانین بەرامبەر بە کورد و کوردستان و هەست بەوە ئەکەین ئەگەر ئەم حاڵە وا بـڕوا شـۆڕش بـەرەو نـەمان ئەچێ و بە نووچ بردنی شۆڕشیش نەتەوەی کـورد لە ئەرمەنی و ئاسووری و عەرەبەکانی فەلەستین خراپتری لێ دێ و ئەبێتە ئاردی ناو دڕك. لەبەر ئەوە ئەم سەرنجانەی خوارەوە ئەخەینە بـەر چـاوی بارزانـی و بەجێ هێنانیان بە مەرجێك ئەزانین بۆ بەردەوامی دۆستایەتیمان:

$(1)$– هەمـوو شۆڕشـێك وەك وتـرا ئەبێ لە بیروباوڕێکەوە هەڵقو بێ ئـەمجا بەرگـە ئەگـرێ. ئەگیـنا وانەبـێ تـەمـەن کورتە و کەم پشوو و بێ ئامـانج. ئـەو بیروبـاوڕەش بـەلای ئـێمەوە تـەنیا بیروباوڕی کوردایەتییە. ئـەم شۆڕشـەی ئیمـڕۆی کوردسـتان لەسـەر رێ و شـوێنی هـیچ جـۆرە بیروباوڕێك ناڕوا بەڕێوە, چ جایەکی بیروباوڕی نەتەوەیی. چونکە هەندێ لـە سەرکردە سیاسییەکانی شۆڕش نەك تەنیا باوڕیان بە کوردایەتی نیە



233

و بەس بەڵکو هیچ بیروباوڕێکیان نەکردووە بە ماڵ بەسەر خۆیانەوە. شیووعییەکانی پاکانە کردوو کە لە زمانی نووری سەعیدا گاڵتەی بە کوردایەتی ئەهات و هەتا دوێنێ بوو جنێوی بە بارزانی ئەدا و ئیمڕۆ بۆ پایە بە درۆ خۆی خستووەتە بنەو پاڵی و دەستی کردووە بە قسەی ناشرین وتن بە تاقمی برایم ئەحمەد و ئیتر وەزانی دەستەکەی ژێرەوەی بەم جنێودانە بۆ ئەشارێتەوە. ئەمجا کۆنە هەمزەییەك کە لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا لەسەر فرۆشتنی دامودەزگا کوردستانیەکان بە حیزبی شیووعی عێراق لەلایەن بارزانی خۆیەوە دەرکراوە و ئیمڕۆ دێتە ئەورووپا ئەڵێ: "بارزانی وەك ئەمیر بەدری یەمەن وایە" و گاڵتەی پیچ ئەکا و لە ماڵی "سەعدی دزەیی" ئەنوێ و بە ئۆتۆمبێلی ئەحمەد دزەییی برای گەشت ئەکا و کە یەکێکی نەتەوەیی دی ئەڵێ "ئیستیغلالیان ئەکەم". دوایی ئەچێتە تاران و لە رۆژنامەی "خاك و خون"دا باسی "برایەتی و هاوکاری ئاری نەژادان" ئەنووسی و لە ئەورووپاش بە پان ئێرانیستەکان ئەڵێ "فاشستی" و "نازی" و ... هتد. ئەمجا ئەوانەی لەسەر حسابی خوێنی پێشمەرگەی کوڵۆڵ بە ئوتومبێل شارەوشار ئەگەڕێن و بە هەزاران دینار خەرج ئەکەن بە هاتوچۆ و گەڕانەوە و لە ماڵی تاقمی برایم ئەحمەد ئەخۆن و ئەنوون و لە پاشەملەش جنێو بە هەردوولاش ئەدەن. ئەمانە گوایە بە خێرێ خزمەتی شۆرش ئەگەن و پیاوی چاکن و ئەبێ تەنیا لە رێگەی ئەوانەوە کورد بە "مافی خۆی" بگات.

بە راستی ئەمانە نەك هەر شەرم و شوورەییە نوێنەری شۆڕشێك بن, بەڵکوو بەربەرەکانییان پێویستە. چونکە نە تەنیا دژی باوڕی

بـەرزی کـوردایەتین و بـەس بەڵکـو خاوەنی نزمترین پلەی خو ورەوشتی مەردانە نین.

لەبـەر ئەوە بارزانی ئەبێ بەر لە هەموو شتێك دەورووپشتی خۆی لەم دووڕوو و کاسـەلێس و هەلپەرست و ماستاو ساردکەرەوە و ناپاك و هیچ لـەبارا نەبـووانە خـاوێن کاتـەوە. ئەگیـنا شـۆرش سـەد ساڵی تریش بەو جـورە بـڕوا بەڕێـوە هـیچ بـە هـیچ ناکـات. کوردی دڵسۆزی لێوەشاوەی سەرلەپێناویش نەچووەتە قاتی جێگەی ئەوانە بگرنەوە.

(2)– لــە نەبوونــی بیروبــاوڕی کوردایەتیــیەوە ناپرۆگــرامێتی کەوتووەتە ریزی شۆڕشەوە. ئەبینیت لەشکری دوژمن پاش شەڕێکی هۆ بـە هـۆ و قوربانییەکـی زۆر ئەشـکێ و پێشمەرگەر سەر ئەکەوێ. کەچی هـەر ئەوەندە نازانیت شەڕ ئەوەستێنرێ بۆ ماوەیەکی زۆر بێ ئەوە هیچ مافـێك بـە کـورد درابـێ. تـا دوژمـن خـۆی بـە هێـز ئەکاتـەوە و پـەلامار ئەداتـەوە. بارزانـی ئەبـێ سـنوورێك بـۆ ئـەم کوێـرەوەرییە دابنێ. پاش ئــەوەی ئەمــە چــەند جــارە بــە تاقیکــردنەوە درۆی داگیرکەرانــی بــۆ دەرکەوتـووە. ئەبـێ بارزانـی دانـی ئەوانە بشکێنێ کە دێنە لای و بەدرۆ دەسـت ئەکـەن بە گریان بۆ دێی سووتاو و خوێنی رژاو و گوایە دڵسۆزی ئەنوێـنن و بەمـە بارزانـی ئەخەنـە سـەر پلـوپاوی شەڕوەسـتاندن. لـە کاتـێکدا کـە دوژمـن موویەکـی ئەمـێنێ بـە جـارێ بـە لادا بکـەوێ. ئێمە ئەزانین ئەوانە چ بێگانە و دوژمنێك ئەیاننێریچ و بۆ ئەوەی بە فرمێسکی بە پارە کڕاویانەوە ژەهری مار برێژنە جەرگی نەتەوەکەمانەوە.

(3)– پێویــستە بارزانــی پــاش لابردنــی ناپــاك و هەلپەرســت و لێنەوەشـاوە تاقمێکی کورد پەروەری کارزانی بەرامبەر دوژمن سەخت و تــوند و تــۆڵ لــە خــۆی کــۆبکاتەوە و جارێکــی تــر لەســەرەتاوە بــە داخوازییەکانــی شۆڕشـدا بـچێتەوە. ئایـا "حوکمـی زاتـی" راسـتە لـەم رۆژەدا درۆشمـی شـۆڕش بـێ؟ ئـەمجا لـە هێزەکانـی دۆست و دوژمن بە شـۆڕش بـە وردی بکۆڵێـتەوە و ئـەوجا ئەگـەر بـە چـاك زانرا لە کاتێکی لـەباردا – کـە چـەند جارێك کاتی وا هەڵکەوت و لەدەست درا – شۆڕش دەسـت پـێ بکاتـەوە لەسەر بنچینەیەکی نوێ و رانەگیرێ هەتا رزگاریی تـەواو. زۆر کـەس هـەن ئەڵێن سـەرکردەکانی شـۆڕش خـۆیان سەنگ و سـووکی شـۆڕش چـاکتر ئـەزانن. بـەڵام ئـەم قـسەیە تەنـیا لـێفەیەکە بۆ شـاردنەوەی راسـتیی کار. بۆ ئەوەی قوڕ بدەن بەدەمی پیاوی دڵسۆزی کارزانـدا. ئەگیـنا هەمـوو کوردێك مافی ئەوەی هەیە لە سیاسەتی شۆڕش بـدوێ بـەو مەرجـەی تەنیا دڵسۆز بێ. ئەوانەی ئەم قسانەش بەهانەیانە نـە لـە کاژیـك دڵسۆزتر و نـە لە کاژیك زاناتر و نە لە کاژیك دامودەزگای هەواڵگوزارییان بەهێزترە.

(4)– دادپــەروەری بنــچینەی بەڕێوەبردنــی هەمـوو کاروبارێکـە لـە ژیانـدا کـە ئەبـێ لـە شۆڕشـدا زیاتـر بخـرێتە کار. ئەو پێشمەرگەیەی کە خـۆی ئـەدا بـە کوشت و بووەتە سەربازی ون بوو، پێویستە وەك ئەوانە تەماشـا نەکـرێ کـە لـە سـای سـێبەردا ئەخـۆن و ئەنـوون و تەمـەڵ و تــەوەزەل دانیــشتوون و تەنانــەت هەندێکیــشیان زمانــی دایکوباوکــیان نـازانن. پێـشمەرگە نابـێ هـەر بـە چـاوی جـاران تەماشـا بکرێ کە باری

ئابووری سوپای رزگاری زۆر خراپ بوو. هەموو دڵسۆزێکی ناو ئەو شۆڕشە لەسەری پێویستە دەستی ئەوانە لە بندا ببڕێ کە ئەبنە هۆی سارکردنەوەی پشتی پێشمەرگە و بە قسەی تاڵ و ناشرین دڵیان کرمێ ئەکەن. پێویستە رێز و خۆشگوزەرانی هەموو کەسێك جووت بەرامبەر بێ لەگەڵ ئەو سوودەی ئەوی کەسە بە گەل و نیشتمانی ئەگەیەنێ ئەگینا شیرازەی کار ئەپچڕێ.

(5)– لەو شوێنانەی کەوان بە دەست پێشمەرگەوە پێویستە حکوومەتێکی وەختی تێدا دابمەزرێنرێ. بەڵام بە کردەوە نەك بە نووسین. ئەمجا هەوڵ بدرێ کە حکوومەتەکانی دەرەوە دانی پێدا بنێن. ئەبێ ئەوەش بزانین کە مەسەلەی کورد لە عێراقدا مەسەلەیەکی دەولییە نەك ناوخۆیی. هەرچەدە داگیرکەرانی عەرەب ئەیانەوێ ئەم راستییە بکەن بەژێر لێوەوە. بەڵام "عصبة الامم" مافی کوردی عێراقی دەست نیشان کردووە و ئەم عێراقەی ئیمڕۆ کاتێك سەربەخۆیی دراوەتێ کە دانی بەمافی کوردەکانی عێراقدا ناوە لەسەر بنچینەی "خۆبەڕێوەبردن". ئێستەش "هيئة الامم" کەمیراتگری کە میراتگری "عصبة الامم"ە بۆی هەیە لەسەر ئەو مافانە لە عێراق بپرسێتەوە. لەبەر ئەوە ئەو حکوومەتەی لە شوێنە ئازاد بووەکانی کوردستاندا دروست ئەبێ شتێکە لە باری سەرنجی "یاسای دەوڵەتان"ەوە ناڕەوا نیە. فەرمانی سەر شانی ئەو حکوومەتە وەختییە کە ملیۆنێك کورد ئازاد بوو ئەبا بەڕێوە ئەبێ دابەشکردنی ئەوی و زار و دانانی یاسای کارکردن و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بێ بەر لە هەموو شتێکی تر.

(6)–[1] شۆڕش له دەرەوەی وڵات دیعایەی کەمە. ئەوانەی تا ئێستە بە ناوی شۆڕشـەوە هاتـوونەتە دەرەوە هەمـوو کارێکیان بینینی چەند خوێندکارێکـی کـورد و هێـرش بـردنە سـەر ئـەم و ئـەو و گاڵتە کردن بە بارزانـی بووە. ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە بارزانی هاوبیرێکی ئێمە بنێرێ و بـیکاتە نوێـنەری خـۆی. ئـێمە خزمەتـی خـۆمان لـە سـەختترین کاتدا کـردووە و دەنگـی شـۆڕشمان بە بێ دەنگی و خۆدەرنەخستن بە بێگانە گەیانـدووە. چـونکە ئەمە پێویستی سەرشانی ئێمەیە. ئێمە مەبەستمان خزمەتـی بیروبـاوڕی کوردایەتـیـیە نـەك سـنگ دەرپـەڕانـدن بـەڵام ئەڵێین ئەبـێ شۆڕش تاقمە کورد پەروەرێکی دڵسۆزی لێ وەشاوەی لە دەرەوە بـبێ بـۆ ئیـشکردن, بـە جـۆرێ کـە بـڕوایان بە کوردایەتی هەبێ. ئەوسا ئـێمە ئامـادەین بە هەموو هێزێکمانەوە یارمەتیی ئەوانە بدەین. تەنیا بۆ وێـنە ئەڵـێین بـۆ شـوێنێکی وەك ئـەوروپا کـە دیانن (مەسیحین) شتێکی بەجێیە وەفدێك بەسەرۆکایەتیی قەشەی نیشتمانپەروەری کورد "پۆلس بـیداری" بنێـردرێ بـۆ ئـەوەی ئـەم وەفـدە لـە رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ئـەوروپادا لەسـەر شـۆڕش قسە بکا و کۆنگرەی رۆژنامەیی ببەستێ و لە رێگــەی ئــەو ئەوروپایــیانەوە کــە دۆســتی کــوردن پیــتاك بــۆ کــورد کـۆبکاتەوە. بۆ ئەمە پێویستە سەرکردایەتی شۆڕش کامیرای سینەمایی ئامادەبکـا و چەند فلیمێك لەسەر شۆڕش و کوردستان بە گشتی بگرێ و

[1] ئەم ژمارەیە بە هەڵە لە رۆژنامەکەدا ژمارە 4 نووسرابوو و خاڵی داهاتووش ژمارەی 6ی دراوەتێ. بەڵام من لێرەدا ژمارە راستەکەم نووسی و خاڵی داهاتووش دەبێتە خاڵی 7. (هـ.ب).

بـە شـیرکەتەکانی سـینەما و تەلەفیزیۆنـی ئێـرەی بفرۆشـێ. ئەمـە پڕوپاگەندەیەکـی گەورەیـە بـۆ کـورد و پـارە پەیداکردنیشە بۆ شۆرش. ئەمـە چەند جارە نوێنەرانی شۆڕش دێنە ئەورووپا و پارە خەرج ئەکەن و ئەگەڕێنەوە. کامیان ڕێگەیان بە شتێکی وا برد, کە کردنی زۆر ئاسانە و کەڵکی زۆر گەورە و گرانە؟.

(7)– چـەند جـار درۆی کاربەدەسـتانی عێـراق ئیـسپات بـوو. بـە تایبەتـی حکوومەتـی ئیمـڕۆ هەر ئەو حکوومەتە بەعسییەیە کە لە ساڵی 1963دا دەوری هۆلاکـۆی لـە کوردسـتاندا دووبـارە کردووە. ئەو ساڵح عەمماشـەی ئێـستە نوێـنەری سـەرۆك وەزیـرانە ئـەو دەمـە دەیگـووت "لەشـکری عێراق لە ژووری وڵاتدا شەڕ ناکا بەڵکو سەیرانێکی نیشتمانی ئـەکا"+ بـەڵام گـریمان ئـەوا وتمـان ئەم حکوومەتە پڕۆگرامەکەی 29ی حوزەیرانـی بـەزازی هێنایە دی. ئایا ئەو مافانەی لەو پڕۆگرامەدان, هەر ئەوانـەنین کـە لـە دەسـتووری عێراقـی دەوری فەیـسەڵدا هەبـوون؟ لـە کاتـێکدا کـە دەسـتووری عێراقی ئەو دەمە نەی ئەگوت "عێراق بەشێکە لـە نیـشتمانی عـەرەب" بـە پێـچەوانەی دەسـتووری ئێـستاوە. بـێجگە لـەوەش ئـەو مافانـەی لـە بەیانـی 29ی حوزەیـراندا باسـکراون گەلـێك کـەمترن لـەو مافانـەی بەعسیەکان لە بەیانی ڕۆژی 11ی مارتی 1963 یانـدا دەستنیـشانیان کـرد کاتـێ دانـیان نـا بـە (لا مرکزیە)دا بۆ هەندێ ناوچـەی کـوردەواری. بـێجگە لـەوەش ئـەم حکـوومەتە تازەیـەی عێراق نـیازی نیە مەسـەلەی کـورد چارەسەر بکا بەڵکو ئەیەوێ لەگەڵ هەموو لایـەك ڕێ بکـەوێ بـۆ لێدانی شۆڕشی کورد. لەسەرێکەوە شیووعییەکان

بەر ئەدا کە هەموو کەسێك ئەزانێ بەعسی چەند دۆستی شیووعییە. لە سەرێکی ترەوە خۆی لە رۆژاوا نزیك ئەکاتەوە و پشی پشییان بۆ ئەکات و بەوەش هەڵی خڵەتاندوون کە گوایە لەگەڵ ناسر نیە و نەوت نافرۆشێ بەفەرەنسا. لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا ئەگرێ کە کوردستانیان بەش کردووە. شان بە شانی ئەمەش دەستی وا لە ملی جاشەکان و خائنانی نەتەوەی کورددا.. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی هیچ چاکەیەك لەم حکوومەتە ناکرێ. ئێمە وای بە باش ئەزانین بارزانی ئێستگەی رادیۆی کوردستان بخاتەوە کار و کۆنگرەیەکیش ببەسترێ بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی شۆڕش بەرامبەر هێرشی تازەی بەعس بۆ سەر کوردستان.

ئەوا ئێمە بە مەبەستی خزمەت ئەم سەرنجانەمان خستە بەرچاو. پێویستە ئەوەش بڵێین ئەندازەی کۆبوونەوەی هەر گەلێك لە دەوری شۆڕشێك بە پێی هێنانە دی دەسکەوتە لەلایەن ئەو شۆڕشەوە. جا هەر شۆڕشێك لەسەرچاوەی بیروباوڕێکەوە هەڵقوڵا و باش رێکخرا و نەیزانی (مساومە) بەری بە کوێوەیە, ئەوا ماف وەدەست ئەهێنێ و خەڵك دوای ئەکەون. ئێمەش بۆ یارمەتیی و رێکخستنی شۆڕش ئامادەی خزمەتین و لە ئاستی هەقدا ملمان لە داوە دەزوویەك باریکترە.

هاوبیر: رەسووڵ

## بخوێنەوە و خۆت سەرپشك بە

بانگی کاژیك خۆی زۆر بە بەختیار ئەزانێ سەرپاکی ئەو بەیاننامە و بیرخەرەوە و پەخشنامانە بڵاوبکاتەوە کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستە کاژیك دەری کردوون. ئەمانە بەڵگەنامەن بۆ سیاسەتی راست و زانایانەی حیزبە دووربینە پێشرەوەکەمان کە پێشبینییەکانی وەك نەخشی بەرد وانە. خوێنەرەوەی بەرێز ئەتوانێ خۆی سەرپشك بێ لە بڕیارداندا. لە هەر ژمارەیەکدا چەند دانەیەك چاپ ئەکەینەوە.

## چەد وشەیەك لە بارەی ئەم بزووتنەوە چەکدارەوە

هاوبیرە بەشەرەفەکانمان. برا کوردە نیشتمانپەروەرەکان:

لە بەیاننامەکانی پێشووماندا زۆر بە وردی روونمان کردەوە کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی راستەقینە چۆن دروست ئەبێ و لەسەر چ بنچینەیەك رەگی دائەکوتێ. لەبەر ئەوە پێویست ناکا جارێکی تر بە تانوپۆی ئەو باسە درێژەدا بێینەوە خوارێ. تەنیا ئەوەندەتان بیرئەخەینەوە کە هۆی هەرە بنچینەیی و مەرجی هەرە پێویستی سەرگرتنی بزووتنەوەیەك (نەتەوەیی بێ یا نەتەوەیی نەبێ) ئەوەیە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا ملی یەك رێ روو (مسار, اتجاه)ی ئاشکرا بگرێ و تاقە یەك سەرکردەیی (قیادە) بیبا بەرێوە. چونکە ئەگەر هاتوو بزووتنەوەیەك چەند رێڕوویەکی جیاوازی گرتە بەر و لەچەند سەرکردەییەکی جیاوازەوە گوڕ و تینی خۆی وەرگرت, دیارە لە کاتی پەلاماردانیدا لەلایەن دوژمنەوە, زوو پەرشوبڵاو ئەبێتەوە و هەربەشەی

بۆ لایەك مل ئەنێ. کە ئەمەش ئەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونیی ئەم بزووتنەوەیە و سەرنەگرتنی لە ئەنجامدا.

جا ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم راستییەدا تەماشایەکی ئەم بزووتنەوەیەی ئێستە بکەین کە پارتی بە دەم لافوگەزافی سەرکردەیەتیی لێ ئەدا, دەمودەست دوو رێڕەوی زۆر لە یەك جیاواز لەم بزووتنەوەیەدا ئەبینین:—

(1)— رێڕەوویەك کە لە ناو خەڵکدا بە حیزبی "شۆڕش" دراوەتە قەڵەم— هەرچەندە مەرج نیە ئەم ناوەش راست بێ[1] بەڵام زۆربەی هێزی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لەو چەند ئاغا و خاوەن زەوییانەی کە هەزاران جار پارتی بەسەروگوێلاکیاندا هاتووەتە خوارەوە و بە پیاوی "ئیمپریالیزم" و "هەڵاتوو لە دەست کۆماری سەربەخۆ و دێوکراسی عێراق"ی داناون و تەنانەت لە گەلێك بەیاننامەی پارتیدا بە ئاشکرا ناویان بە خراپ براوە و پەلاماردراون. کەچی ئەمانە ئێستە وان لە ریزەکانی پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا و پارتی دەستی وا بە دەستیانەوە.

ئێمە بەلامانەوە وایە ئەوەی زۆرتر ئەمانەی کۆکردووەتەوە ئەوەیە زۆربەی ئەم ئاغا و خاوەن زەوییانە رقێکی ئەستووریان لە کۆمۆنیستییە و ئەوەش سەبارەت بەو دەستدرێژی و پیاوخراپییەیە کە کۆمۆنیستەکان لە کاتی خۆیدا بەرامبەریان کردوون. بێجگە لەوەش

[1] دوایی دەرکەوت کە حیزبێکی نهێنی هەیە بە ناوی "شۆڕش"ەوە. لە هەلێکدا شتێکی لەسەر ئەنووسین (بانگی کاژیك).

بەداخـەوە ئەیلـێین زۆریـشیان سـاویلکە و نەشـارەزای سیاسـەت و بـێ تەجـروبەن و لە بەدبەختیی کورد هەندێکیان هەر بەجارێ بۆ چوونە ژێر رێکخستن (تنظیم) دەست نـادەن. هەرچەندە ئینکاری ئەوە ناکەین کە هی وایان تێدایە زۆر دڵسۆز و کوردپەروەر و بەشەرەفن.

(2)– رێـڕووی پارتـی کـە وەکـو لەمەوپـێش وتمـان حیـزبێکە نـە یەکێتیـی بیروبـاوەڕ و نە یەکێتیی رێکخستنانە (تنظیمي) تێدایە. دەمێك بـەلای ئەو پەڕی چەپدا و دەمێکی تر بەلای ئەو پەڕی راستدا مل ئەنێ. دیـارە ئەمەش کردەوەی هیچ حیزبێکی خاوەن بیروباوەڕ نیە. کە باوەڕ بنـچینەی هەمـوو جـۆرە بـزووتنەوەیەکە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە ئـەوەتا ئەبیـنین لـە کاتـێکدا کـە پارتیـیەکان بیرخەرەوەکـەیان بـریتییە لـە "پاراسـتنی یەکێتیـی عێـراق" و "بنبەسـتکردنی ژیانـی دێمۆکراتـی"[1] و تەنانـەت داوای بەرەلاکردنـی رۆژنامەی "ئازادی" – زمانی حاڵی حیزبی کۆمۆنیـستی عێـراق – ئـەکا کـە ئـەم رۆژنامەیـە بارەها پەلاماری پارتی داوە, هـەر لـە هـەمان کاتدا پارتی دەرزی ئەندامەکانی وا دائەدا کە ئەم بزووتنەوەیە جووڵانەوەیەکیی نەتەوەییی پەتییە و هەندێ جاریش وا لە خـەڵك ئەگەیـەنن کـە ئامانجـی سـەربەخۆیی کـوردە, واتا جیابوونەوەی کوردستانی عێراقە.

ئـەم ئاڵۆزاوییـیەی ئێـستە و ئامـانج شـاراوەیی ئـەم بـزووتنەوەیە زۆرتـری لـە ئـاژاوە و ئاڵۆزانـی بـاری بـێ بیروبـاوەڕی "پارت" و لە یەك

[1] لە کاتی کرژبوونی باری سیاسی دا ە کوردستان پارتی لە بیرخەرەوەیەکیدا بە قاسم.

نەچـوونی دامـودەزگای "پـارت" و حیزبـی "شـۆڕش"ەوە هاتـووە. وا دەرئەکـەوێ هــەر لەبــەر ئەمەشــە کــە پارتــەکان ناتــوانن رەپوڕاســت بەیاننامەیەکـی حیزبـی لەسـەر بـزووتنەوەکە دەربکـەن و بـە ئاشـکرا پـشتگیریی بکـەن. چـونکە حیـزبێك کـە ئامـادە بێ رۆژێ بەلای چەپ و رۆژێ بـەلای راسـتدا بـڕوا, بـێ گـومان ئەوەی بۆ خۆی داناوە کە ئەگەر هاتـوو سـبەینێ ئەم هەڵڵایە سەری نەگرت, ئەبێ لە لای کۆمۆنیستەکان وا خۆی نیشان بدا! کە گوایە پارتی نەی هێشتووە ئەو کۆمەڵی شۆرشە بکەوێـتە هەڵـەوە و داوای جـیابوونەوە بکا[1] و لە هەمان کاتدا بیشیکا بە مـنەت بەسـەر کۆمۆنیـستەکانەوە کـە گـوایە ئـەمان ئەم هەموو "ئاغا و دەرەبەگانـەیان" والێ کردووە کە بۆ "یەکێتیی عێراق" تێ بکۆشن و بۆ "سەربەسـتیی دێمۆکراتی" هەوڵ بدەن و بە "قسەی ئیمپریالیستەکان" هەڵنەخڵەتـێن و نەبـنە "دەستەچـیلەی پەیمانـی سـەنتۆ". هەمووی پار بـوو کە مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لەگەڵ هەندێك لەم ئاغایانەدا لە بەغـدا کۆئەبـووەوە کەچـی رۆژنامـەی "خـەبات" پەیـتا پەیـتا پەلاماری ئاغاکانـی ئەدا و بە پیاوی ئەمریکا و کۆمپانیەکانی نەوتی ئەدانە قەڵەم. جـا لەبـەر ئەمە ئەم دوو کۆمەڵە رێڕوو جیاوازە بکەونە یەك — بە هیوای هێنانە دی ئامانجێك, دیارە هەر لە یەکەم جەزرەبەدا ناکۆکی و ناتەبایی

[1] پارتیەکان لە بەیانی 24-09-1961یاندا دانیان بەوەدا نا کە گوایە ئەم "بزووتنەوە چەکدارە (انفصالی) نیە و نۆکەری پەیمانی سەنتۆ"شی تێدا نیە. ئەم پێشبینیەی کاژیك راست دەرچوو.

ئەم قسەیەی عەمماش لە رۆژی 03-07-1963دا بوو.

ئەکەوێتە بەینیانەوە و کەلێنی ناویان ئاواڵەتر ئەبێ. واتا بە جارێك لەیەك هەڵئەوەشێ و لێدانی بۆ دوژمن پاسانتر ئەبێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە هێشتا هەستی نەتەوەیی نەبووەتە بیروباوەڕێکی بنبەستووی پتەو و لە قاڵبێکی ڕێکخراوانەی بەهێزدا دانەڕێژراوە. لەبەرئەوە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە وا بڕوا هیوای سەرکەوتنی زۆر کزە و خۆ ئەگەر دەستکەوتیشی ببێ شتێکی ئەوتۆ نابێ لە چاو ئەو قوربانییە زۆرەدا کە بۆی ئەدرێ. ئەمە ئەگەر بێتو کارەساتێکی گەورە یا گۆڕانێکی کوتوپڕی چاوەڕوان نەکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روونەدا. بێجگە لەوەش بەداخەوە ئەیڵێینەوە کە ژێرکەوتنیشی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی چەند قۆناغێکی زۆر بخاتە دواوە و دوژمنی داگیرکەر و جاسووس و پاشڵ پیس و کۆمۆنیست و نۆکەر و کاسەلێسی بێگانەی زۆرتر لێ هان بدا و ئەم بەڵگەیەشیان بۆ بخاتە سەر بەڵگەکانی تریان بۆ بەربەرەکانی جووڵانەوەی کوردایەتیی ڕاستەقینە. هیچ دووریش نیە کە پارت لە نیوەی ڕێگەدا ئەگەر هاتوو زۆری بۆ هات یا چەند داخوازییەکی حیزبیانەی خۆی هاتە دی, دەست لەوانی تر بەربدا و پاشەوپاش بگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمە وای بەباش ئەزانین کە ئەم هێزە گەورەیە جارێ بپارێزرێ و زیاتر ئامادە بکرێ و چاکتر ڕێکبخرێ بۆ پاشەڕۆژ تاکو ئەم وزە پەزمەندەکراوە (قوة احتیاطیة) لە هەلێکی باشتر و لە شێوەیەکی چاکتر و لەژێر ئاڵای دامودەزگایەکی سیاسی بە دەسەڵاتتر و شارەزاتردا بەکاربهێنرێ.

ئێمە هەرچەندە ئەزانین کە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە سوودێکی زۆرە بۆ کوردایەتی لەم ڕۆژەدا, ژێرکەوتنیشی زیانێکی زۆر ئەدا لە بزووتنەوەی کوردایەتی, لەبەر ئەوە لە کانی دڵمانەوە حەز بە سەرکەوتنی ئەکەین, بەلام حەز و خۆزگە و ئاوات هیچ لایەك لەم ڕاستییانەی سەرەوە ناگۆڕن و دیارە "حەقیش ڕەقە"...

ئیتر هەربژی بەربەرەکانی نەتەوەی کورد بەرامبەر ئیستیعمار و داگیرکەران و هەموو دوژمنان لەپێناوی ڕزگاریی کورد و سەربەخۆییی کوردستاندا.

مردن بۆ ئیستیعمار و داگیرکەران و نۆکەران و بێگانەپەرستان.

بژی حیزبەکەمان — حیزبی کاژیك — تاکە حیزبی نەتەوەیی لە کوردستاندا.

بژی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە سەرکردەیەتی کاژیك بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووی ئازادی هەڵگری بیروباوەڕی کاژیکی.

31ی ئابی 1961

## ئەم بزووتنەوە چەکدارە و تاکتیکی سوپایی

هاوبیرە بەشەرەفەکانمان, برا کوردە نیشتمانپەروەرەکانمان:

لە بەیاننامەی ڕۆژی 31ی ئابی 1961ماندا جەوهەری ئەم بزووتنەوەیەی ئێستەمان لە باری سیاسییەوە خستە بەر چاو و وتمان ئەم بزووتنەوەیە کە پارتی لافی ڕابەرێتیی لێ ئەدا لە بنەڕەتدا دوو

رێڕووی جیاواز ئەیبا بەرێوە. رێڕووی حیزبی "شۆڕش" ئەگەرچی مەرجیش نیە ئەم ناوە راست بێ, بەڵام گەلەکۆمەیەکی هەست پێکراو لەبەینی هەندێ کەسدا هەیە کە بە ناوی "شۆڕش"ەوە لەناو خەڵکدا ناسراوە کە ئەم حیزبی شۆڕشە وەك دەرئەکەوێ رەپوراست لایەنی راسترەوی "یمینی" گرتووە. رێڕەوی دووەم رێڕەوی پارتە کە تەواو پێچەوانەی یەکەمە و لایەنی چەپڕەوێتی (یسارية)ی گرتووە. وە وتمان بەرەیەکی ئاوا دوو چەشن نابێتە هۆی ئەوەی خۆراکێکی هەمیشەییی بەسوود بۆ بەرێوەچوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆرشگێڕ ئامادە بکا. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە یەکەمین لێداندا لەلایەن دوژمنەوە ناکۆکی ئەکەوێتە ناوی و پەرشوبڵاو ئەبێتەوە. ئەمە هەمووی لە رووی سیاسییەوە بوو. ئێستە ئەمانەوێ لە رووی تاکتیکی سوپاییەوە نەختێك لەم بزووتنەوەیە بکۆڵینەوە.

وەك لە پێشەوە دەرمان خست "پارتی" حیزبێکی چەپڕەوە و هەمیشە بڕوای بە کارکردنی دێمۆکراتیانەیە لەژێر سایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا. ئەوەتا تەنانەت لەم رۆژانەدا کە بەدەم لەناو خەڵکدا لافوگەزاف شۆڕشی پڕچەك لێ ئەدا, کەچی ئێستەش درۆشمی "پارێزگاریی کۆماری نەمری عێراق" و "یەکێتیی راستەقینەی عێراق" و "برایەتیی کورد و عەرەب" سەرپەڕەی درۆشمەکانێتی. دیارە حیزبێك کە ئەمە رەوشت و رێڕووی بێ, ئیتر شتێکی سەیر نیە کە لە باری سوپاییشەوە هەر هەمان رێگە بگرێتە بەر و بچێ هەموو سەرۆکەکانی ئەم بزووتنەوە چەکدارە بزرێنێ و پیشانی دوژمنیان بدا

وەك چۆن هەر لە پێناوی كاركردنی ئاشكرادا چوو ناوی هەموو ئەندامە ئیشكەرەكان و كادیرە نەناسراوەكانی خۆی پێشكەش بە "دائیرەی ئەمن" و میری كرد بە خۆیان و وێنەیان و شوێنی دانیشتنیان و سەرچاوەی رزق و رۆژیانەوە, تەنیا بۆ ئەوەی بە ملهوڕی و قەڵەباڵغی و ژمارە زۆری خۆی پیشان بدا. ئەمە گوایە بڕوای وایە بەم شێوەیە مافی كورد ئەسێنرێ. ناهەقیشی نیە پارت وابكا. چونكە خۆی حیزبێكی دێموكراتیە و دێموكراتیش تەنیا بڕوای بە زۆروكەمی هەیە و هیچی تر. كە بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەبوو ئەو سەرۆكانە بكرانایە بە بنكەیەكی قایم بۆ ئەو چەتە نیشتمانییانەی كە ئەیانەوێ بە زەبری كوتەك مافی كورد بسێنن. كە دیارە ئەمەش بەردەوامییەكی زۆری ئەدا بە بزووتنەوەكە چونكە:-

یەكەم- لە شەڕی چەتەگەرێتیدا عادەت وایە هەمیشە جڵەوی كات و جێگە بەدەست چەتەگەلەوەیە. واتا چەتەگەل كات و جێگە بۆ دوژمن دائەنێ. كە ئەمەش گەورەترین هۆی سەركەوتنێتی. دیسانەوە كەمی ژمارەی چەتەگەلەكە و ئەم تاكتیكی خۆشاردنەوە و هەڵبژاردنی وەختی ناوەختە بۆ دوژمن ئەبێتە هۆی پاراستنی و خۆ ئەگەر بەر چەپۆكی دوژمنیش كەوت ئەو حەلە ئەو زیانەی لێی ئەكەوێ یەكجار كەمە لە چاو ئەو زیانە گەورەیەدا كە لە لەشكرێكی گەورەی نیزامی ئەكەوێ. چونكە ئامانجی چەتەگەل ئەوەیە دەستی خۆی بوەشێنێ و رابكا.

دووەم- هەموو دەزگایەكی چەتەگەرێتی پێویستی بە بنكەیەكی قایم هەیە كە بەردەوام بە خۆراك و چەك و داڵدەدان و هاڵ و هەواڵ بۆ

نـاردن و پـڕۆپاگەندە بـۆ کـردن کۆمەکی بکات. کە بۆ ئەمەش پێویستە چـەند بنکەیەکـی دەسـەڵاتداری وا هەبـێ کـە لـە لای دوژمن نەناسرابن. ئـێمە بـڕوامان وایـە گەلـێك لەوانـەی کـە ئێـستە لـەم بـزووتنەوەیەدا بەشـدارن, بەتایبەتی ئاغاکان و پیاوە ئاینییەکان ئەیانتوانی ئەم دەورە ببیـنن ئەگـەر بهاتایـە و پارتـی نـاوی بـەجارێك نەزڕاندنایـە بـۆ دوژمن و نەیخستنایە ڕوو. ئەبـێ لێـرەدا چـاك بزانین کە مەبەست لەم قسەیەمان ئـەوە نـیە بڵـێین نابـێ کـەس دەربکـەوێ و دەسـتەکەی بکەوێـتە ڕوو. نەخێـر, تەنیا ئەڵێین ئەبێ هەموو کەسێك تا ئەتوانێ خۆی بشارێتەوە و هـەوڵ بدا ئاشکرا نەبێ. ئەمجا ئەگەر هاتوو هەر ئاشکرا بوو ئەوسا قەی ناکـا خۆی دەربخا و ڕاستەوخۆ پشتگیریی بزووتنەوەکە بکا و بچێتە ناو چـەکدارانەوە. ئـەوە کۆمۆنیـستەکان, تـا یەکێکـیان تـەواو دەرنەکـەوێ نایکەنـە یاخـی بـوو لـە مـیری. هـەروەها جەزائیرییەکانـیش تـا نـاوی یەکێکیان تەواو نەزڕێ نایخەنە ناو چەتەکانیانەوە.

بـەڵام ئـەوە شـتێکی (حتمـی)یـە, پارتـی هـەر ئەبـوو ئەمـەی ئـاوا بکـردایە. چـونکە یەکـەم وەك وتمـان بڕوای بە کارکردنی ئاشکرایە لەژێر سـایەی دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردستاندا و بڕوای بە خۆپیشاندان و قەڵەباڵغـی و "زۆربـێ و بـۆ بـێ"یە. دووەم خۆ وەنەبێ پارتی مەبەستی لەمـــە جیاکـــردنەوەی کوردســـتان بـــێ تـــا بـــیەوێ بزووتنەوەیەکـــی چـەتەگەرێتی ڕێکوپـێك بەڕێـوەبەرێ چـونکە ئەگـەر ئـەوەی بویـستایە ئەبوو پێڕەوی ئەم ڕێگەیەی ئێمەی بکردایە.

هـەر لەبـەر ئەمەشـە ئەبینـیت کۆمەلێکـی زۆر لـە چـەکداران ئەچـن لەسـەر جێگایەکـی سـادە یـا لەسـەر چـیایەکی بـەر بـەرەڵا یـان لـە دەربەندێکـی بـچووکدا مـۆڵ ئەبەسـتن و لاشـیان وایـە کـە بەمە ئەتوانن لەشکرێکی نیزامی مەشق پێکراوی پڕچەکی خاوەن تۆپ و تانك و فڕۆکە بگێـڕنە دواوە. کـە ئەمەش شتێکی ڕاست نیە و ئەنجامی تەنیا شکانە و شـکانی هێزێکـی واش ئەبێـتە هـۆی شـکانی مەعنەویاتـی خەڵکـی و ورەپێبەردانـیان و چاوترسـێنکردنیان. ئەمـە بـێجگە لـەوە کـە پارتـی حیزبێکـی دێمۆکـراتییە و ئەندامەکانـی بـە چـەنەبازی و فیـشاڵکردن و خۆهەڵکێـشان پەروەردەکـردووە بـە جـۆرێ لـە هەمـوو کاتـێکدا ئـەم ئەندامانـــە بـــە ســـازندەیی و هەڵەوەڕیـــی خـــۆیان جـــووڵانەوەی چـەتەگەلەکانیان پـێش وەخت بەدەم میری ئەگەیەننەوە. وائەزانن ئەمە شانازییە و بەمە ورە بەخەڵکی پەیدا ئەکەن و زات ئەنێنە بەریان. نازانن ئەمــە ئەبێــتە هــۆی وریاکــردنەوەی دوژمــن و خــستنەرووی دەســتی جـووڵانەوە و هەڵسوکەوتی ئەم کۆمەڵە چەکدارانە. ئەمجا ئێستە ئەگەر ئەمانـە مەبەستیان ئەوەیە لە ڕێگەی شۆڕشێکی چەکداری بەردەوامەوە کوردسـتان جـیابکەنەوە– کـە بـەلای ئـێمەوە هەتا ئێستا هیچی وا دیار نیە کە ئەمە بگەیەنیٚ– چونکە وەك لە پێشەوە وتمان هەتا ئیمڕۆ پارتی بەیاننامەیەکـی ڕاستوڕەوانی بۆ پشتگیریی بزووتنەوەکە دەرنەکردووە و وەکـە کۆمۆنیـستەکان بەیانی لەسەر دەرئەکەن و بە "پیلانی ئەمریکا و پەیمانـی سـەنتۆ"ی ئەدەنـە قەڵـەم پارتـی هـیچ لەسەری ناکاتەوە و بە ئاشـکرا و بە هیچ جۆرێك نایکا بە ماڵ بەسەر خۆیەوە– دیارە ئەبیٚ هەر

ئـەو ڕێگەیـەی سـەرەوە بگـرن کە ئێمە باسمان کرد. ئەگینا بەم حاڵەی ئێستەیان ئەو ئامانجە هەرگیز نایەتە دی بگرە زیانێکی زۆر گەورەش بە کـورد ئەگەیەنـێ و بـزووتنەوەی کوردایەتـی گەلێك دوا ئەخا. خۆ ئەگەر وەك پارتـەکان خـۆیان لـە بیرخەرەوەکانـیاندا هـاوار ئەکـەن ئامانجـیان تەنـیا دەستکەوتنی چەند فشەمافێکی دێمۆکراتی بێ یان "ماددە دووی دەسـتوورەکەی قاسـم" بـێ, ئـەوا چاکترین شت ئەوەیە ئیتر لەمە زیاتر خـەڵك نەخەنـە ڕوو و هەرچـی چـۆنێك ئەبـێ بزانن ڕێك بکەون بۆ ئەوەی ئـەم هێـزە چـەکدارە بمێنێـتەوە بـۆ ڕۆژێکـی لەبارتـر و سـەرکردەیەکی نەتەوەیی ڕاست.

ئـیتر هـەر بژی بەربەرەکانیی نەتەوەکەمان لە پێناوی ڕزگاریی کورد و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا. مـردن بـۆ ئیـستیعمار و داگیرکەران و زۆڵە کـوردەکان و چـڵکاوخۆرەکان و نۆکەرەکانـی بـێگانە. بـژی حیزبەکەمان حیزبـی کاژیـك تاکە حیزبی نەتەوەیی ڕاستەقینە لە هەموو کوردستاندا. بـژی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە خوێندەوار و زانا و ڕۆشنبیر و قوتابی و کـرێکار و مامۆسـتا و جووتـیار و کاسبکار و هەموو نەتەوەپەروەرێکی بەشـەرەفەوە, بـە ڕابەریـی حیزبـی کاژیـك بـۆ دامەزراندنـی کوردسـتانی یەکگرتووی هەڵگری بیروباوەڕی کاژیکی نەمر.

8ی ئەیلوولی 1961

لیژنەی سوپاییی کاژیك

تێبـینی: لەپاشـكۆی ئەم ژمارەیەی بانگی کاژیك کورتەیەکی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەیەی بەزمانی ئەڵمانی تێدایە.

# چۆن هاوبیرێك بۆ كاژیك وەدەست ئەهێنیت؟




بەرگی پێشەوەی نامیلكەكە

نووسینی: رەسووڵ[1]

چاپی دووەمین

چاپخانەی دامودەزگای كاژیك – لكی ئەورووپا

(2580ی كوردی – 1968ی فەرەنگی)

[1] رەسووڵ, ناوی خوازراوی جەمال نەبەزە, ئەم نامیلكەیە ئەو نووسیوویەتی.

چوونە ناو خەڵك بە نیازی لێ هەڵبژاردنیان بۆ ئاراستە کردن و پێشڕەوی کردنیان لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی بیروباوڕێکدا, وەنەبێ شتێکی هەروا سووك و ئاسان بێ و بە هەڵمی دەم بێتەدی. یان بە هەموو جۆرە کەسێك بچێتە سەر. راستیەکەی ئەم ئەرکە هەتا بڵێیت گەورە و گرانە و یەکجار ورد و نازکە. ئەندازەی گەورەیی و گرانی ئەم ئیشەش بە پێی ئەو بیروباوڕە ئەگۆڕێ کە هەوڵی بۆ ئەدرێ و بەپێی ئەو خەڵکە ئەگۆڕێ کە لە ناویاندا ئیش ئەکرێ. چونکە هەتا بیروباوڕەکە بەرزتر و پیرۆزتر و پڕ لە مەترسی تر بێ و هەتا ئەو خەڵکەی رێکەر (منظم) ئیشیان لەناودا ئەکا دواکەوتووتر و نەزانتر و راڕاتر و پەرێشانتر بن, هەر بەو پێ یەش ئەرکی رێکخەر و پێویستیەکانی سەرشانی پتر ئەبن.

هەموو هاوبیرێکی کاژیك ئەزانێ چ ئەرکێکی گەورە و گران و لەسەر شانی ئەم حیزبە سەربەرز و نەبەزە و چ ئاواتێکی بەرز و پیرۆز وا لەبەر چاوی و چەند دوژمنی ناپەسەند و بەهێز و پڕ چەك و نامەرد خۆیان بۆ مەڵاس داوە. بێجگە لەوەش ئەو نەتەوەیەی ئیشی لە ناودا ئەکا چەند نەتەوەیەکی دواکەوتوو و هەژار و پەرێشان و راڕایە. ئێمە ئەگەر ئەوە بهێنینەوە پێش چاومان کە کاژیك لە پلەی یەکەمدا ئەیەوێ هەموو پارچە بەشکراوەکانی کوردستان لە داگیرکەران بسێنێتەوە و لە یەکیان بدا و کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتووی ئازاد پێکبهێنێ, ئەبێ تێ بگەین کە هەموو داگیرکەرانی وڵاتەکەمان کە جیاکردنەوەی کوردستان جەزرەبەیەکی پشتشکێنە بۆیان, لێی ئەبنە دوژمنی خوێنە خوێ.

هەروەها کوردستانێك کە لەسەر بناغەی فەلسەفەی کاژیکی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی سۆسیالیستانەی دژی ئیمپریالیزم پێکبهێنیٚ, دیارە هەرچی ئیمپریالیزمی جیهانی هەیە بە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژاوایەوە, کە ئەم بیروباوڕە کاژیکییە برەوی بیروباوڕی ئەوان ناهێڵێیٚ و تەرازووی کەینوبەین و چاوڕاویان سەرەونخوون ئەکاتەوە بۆ سێبەری سەری ئەگەڕێن پێی پێدابنێن. هەروەها هەرچی ناحز و نۆکەر و بەکرێگیراو و زۆڵە کوردێك هەیە, وەك جلخوارەکان و کۆمۆنیستەکانی ناوخۆ بە خوێنی سەری تینوو ئەبن. چونکە ئەو کوردستانەی ئێمە دای ئەمەزرێنین ئەبێتە چقڵی چاویان. بێجگە لەوەش هەرچی ئەوانەی کە بیروباوڕی ئێمە لە قەپۆزیان ئەدات و لە درۆ و فیشاڵ و دەستبڕینی خەڵکیان ئەخا (وەك پارت و فەریکە کوردەکانی تر) بۆی ئەبنە گەندە مووی لووت. ئەمە بێجگە لە دەرەبەگی نانیشتمانپەروەر و سەرمایەداری بێگانە پەرست و خاوەن بەرژەوەندی (مەسلەحەت) کە سەرکەوتنی بیروباوڕی سۆسیالیستانەی کاژیك ژێرکەوتن و نابووتییە بۆیان. جا ئەگەر ئەمانە بخەینە پێش چاوی خۆمان, ئەوسا تیٚ ئەگەین کە کاژیك چ ئەرکێکی گەورە و گرانی بەسەرشانەوەیە و چەند دوژمنی ترسێنەر و بەهێزی لە مەکۆدا بۆ راوەستاوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەی کورد خۆی هەتا بڵێیت زەبوون و پەرێشان و مێشك تێکدراو و بیٚ دامودەزگا و ماڵ وێرانە.

لەبەر ئەوە ئەو رێکخەرەی دێتە مەیدانەوە و ئەیەوێ بچێتە ناو خەڵکەوە بە نیازی دروستکردنی هاوبیرێك بۆ کاژیك, ئەبێ پێشەکی ئەم ئەرکە گەورەیە بخاتە بەرچاوی خۆی.

ئێمە هیچ گومانمان لەوەدا نیە کە ئەو رێکخەرەی ئەم ئیشە ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ئەگەر بە باشی بیر بکاتەوە و خۆی نەخەڵەتێنێ وەك ئەو کەسەی لێ دێ کە لەبەردەم کێوی دەماوەندا ئەوەستێ و ئەیەوێ بە دەرزیی دروومان تۆنێلێکی تێدا دروست بکات.

ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم قسەیە ئەکەین و پێشەکی چی راستە دانی پێدا ئەنێین مەبەستمان ئەوە نیە چاوی رێکخەر بترسێنین و هەر لە بەربووره بڵێین کەس هیچی پێ ناکرێ و ئەم رێگەی کاژیکەش ئەوەندە, سەختە بۆ پێدارۆیشتن ناشێ, تاکو لە ئەنجامدا پشتی ساردبکەینەوە. نەخێر تەنیا ئەوەندەمان ئەوێ کە بە راستی شت بکەین, تا لە رێگەدا بە هەڵە نەچین و خۆمان تەفرە نەدەین. ئەگینا ئەگەر بڕوای بە هێز و زاتی نەگۆڕ و هەوڵی بێ وچان لە کایەدا ببێ, هەموو ئاواتێك دێتە دی. ئەوەتا ئاو لە چیا دڵۆپ دڵۆپ دێتە خوارەوە و ئەکەوێتە سەر گابەردێکی زل, کەچی لەگەڵ کاتدا (بە مروری زەمان) ئەو بەردە چاڵ ئەکات. لە کاتێکدا کە هێزی دڵۆپە ئاو هەموو کەسێك ئەزانێ چییە. لێرەدا ئەبێ بزانین کە ئەو رێکخەرەی ئەچێتە ناو خەڵکەوە بۆ هەڵبژاردنی هاوبیری پاشەڕۆژ بۆ کاژیك پێویستە هەندێ سروشتی تایبەتی تێدا هەبێ و هەر کەسێکیش ئەو سروشتانەی تێدا نیە, مەرجی مەردایەتی و خۆشەویستی بۆ کاژیك وا پێویست ئەکا هەر

لە سەرەتاوە دەست لەم کارەوە نەدا و جێ چۆڵ بکا بۆ هاوبیرێکی تر. ئەگینا خەتەری ئەمە ئەوەندە زۆرە ئەگاتە ئەندازەی ئابڕووچوون و ماڵوێرانی.

جا ئەو کەسەی ئەم سروشتە تایبەتیانەی تێدایە, ئەبێ پێڕەوی چەند ئامۆژگارییەك بکا و لە ئیشکردندا (تطبیقیان) بکا و ئەوجا بە دەوام کردن لەسەر کار گەلێك شتی تر فێر ئەبێ و هەتا بمێنێتەوە قاڵتر ئەبێ و ئەبێتە پسپۆڕ و شارەزا لەم رووەوە.

لێرەدا ئەمانەوێ بە کورتی ئەو سروشتانە بڵێین کە پێویستە لە هەموو رێکخەر (منظم, کادر)ێکی کاژیکدا ببێ.

(1)– ئەبێ بڕوایەکی تەواو و نەگۆڕی بە بیروباوڕی کاژیکی هەبێ و بە باشی تێی گەیشتبێ. لەبەرئەوە ئەبێ بەر لە هەموو شتێك کاژیکنامەی باش دەرز کردبێ و تێی گەیشتبێ. هەروەها پرۆگرامی حیزبیشی لە کانی دڵەوە پەسند کردبێ و ئەو نامیلکە و بەیاننامانەی حیزب دەری کردوون هەمووی بە چاکی هەزم کردبێ و لە ئەنجامی ئەوەوە بڕوای تەواوەتی بە فەلسەفەی کاژیکی هێنا بێ و لەم رێگەیە زیاتر هیچ رێگەیەکی تر بە راست نەزانێ و هیچ کارەساتێکی ناکاو یان رووداوێکی وەختی کار نەکاتە سەر هێز و پێزی بیروباوڕی بە کاژیك. بە کورتی ئەبێ هاوبیرێکی راستەقینەی کاژیك بێ.

(2)– ئەبێ هەمیشە ئامادە بێ بۆ خۆبەختکردن لە پێناوی بیروباوڕی کاژیکیدا. جا هەرچەندەبە زۆری وایە پیاو تا بڕوای بە رێگەیەك بەهێزتر بێ, زیاتر ئامادە ئەبێ بۆ فیداکارێتی لە پێناویدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە دەستوورێکی گشتی نیە. چونکە هەندێ کەس باوڕیان بە راستێتی و سەرکەوتنی بیروباوڕێك هەیە و کەچی هەر ناشوێرن توخنی بکەون. ئەگەرچی دڵیشیان لێ ئەدا بۆی. راستیەکەی ئەو کەسەی خۆی بەخت ئەکا بۆ (مبدأ)ێك ئەبێ بێجگە لە بیروباوڕ بەهێزی, گەلێك سروشتی خۆڕسکی (طبیعي) تێدا بێ وەك ئازایەتی و نەترسی و چاوقایمی و بەزاتی و دنیا بەگران هەڵنەگرتن و خۆنەویستی و گەلێك سروشتی بەرزی تر کە وەنەبێ لە هەموو کەسێکدا چنگ بکەون. لەبەرئەوە کادری کاژێك ئەبێ سەرەڕای ئەوەی بڕوای تەواوەتی بە فەلسەفەی کاژێك و سەرکەوتنی ببێ, ئازایەتی و دلێرییەکی واشی تێدا بێ کە مردن لە پێناوی کاژێکدا بە ژیانی راستەقینە بزانێ.

(3)– ئەبێ لە مەیدانی خوێندەواریدا دەستێکی باڵای ببێ. بۆ ئەمەش پێویستە هەمیشە خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و سۆراخ کردنی سیاسیانە بێ. ئەبێ شارەزای هەموو ئەو بیروباوڕانە بێ کە پەیوەندییان هەیە بە ئیمڕۆی جیهانەوە وەك دێمۆکراتێتی و شیووعێتی و نازێتی و نەتەوایەتی و وجودێتی و ... هتدد بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەموو کاتێکدا ئەم (مبدأ)انە باش شی بکاتەوە و خەوشەکانیان (عیبەکانیان) بخاتە روو. بۆ ئەمەش پێویستە زانیارییەکی باش لە بارەی زانستی ئابووری و فەلسەفەوە ببێ. بێجگە لەوەش ئەبێ لە رووی سایکۆلۆژی و ئاین و مێژووەوە بەتاڵ نەبێ. وە لەبەر ئەوەی لەناو کورددا ئیش ئەکات ئەبێ شارەزاییەکی زۆری لەبارەی مێژووی کورد و

جوگرافیای کوردستانەوە ببێ. هەروەها رابووردوو و ئێستەی ئەو نەتەوانەی کوردستانیان دابەش کردووە ئاگاداربێ.

(4)– ئەبێ شارەزایییەکی تەواوی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە هەبێ و بتوانێ بە پێی کۆمەڵگاکان (مجتمعات) خۆی بگۆڕێ و لەناو هەموو تاقم و دەستەیەکدا بژی و خەڵك هەڵبژێرێ و کەڵك وەرگرێ. بۆیە پێویستە مرۆڤێکی رووخۆشی قسەزانی رەوشت بەرزی گەڕاوەی زوو## بێ. نابێ هیچ جۆرە نەخۆشییەکی نەفسی و دەروونی ببێ. ئەبێ ئەوە بزانێ کە هەموو مرۆڤێکی خۆدەرخەر, چەنەباز, خۆهەڵکێش, خۆپەرست, پوولەکی, درۆزن, دووڕوو, داوێن پیس, ترسنۆك, ریاباز, سەرخۆش, قومارکەر دوژمنی بیروباوڕی کاژیکییە و بە هیچ جۆرێك لە حیزبی ئێمەدا جێی نابێتەوە. لەبەرئەوە هەر کە لەسەرەتاوە زانی یەکێك لەو سروشتانەی تێدا هەیە و بەری نادا, وازی لێ بهێنێ و ئیتر خۆی پێوە ماندوو نەکات. چونکە ئەوەی خووی بەخۆدەرخستن و چەنەبازی و خۆهەڵکێشانەوە گرتووە, ئامادە نیە نهێنییەکانی حیزب راگرێ. ئەوی کە دڵی نایە چوار پوول بدا لە رێی کوردایەتیدا, هیچ کاتێکیش ئامادە نابێ دەست لە گیانی خۆی هەڵگرێ. پیاوی دووڕوو و درۆزن و ریابازیش نابێتە هاوبیری ئێمە, چونکە ئێمە یەك رەنگ و راستگۆین. سەرخۆش و داوێن پیس و قومارکەر, تا لەسەر ئەو خووانە بن نابێ بێنە ریزەکانمانەوە.

(6)– پێویستە کادر زیرەکییەکی وای هەبێ کە بتوانێ بە ماوەیەکی کەم خەڵك بناسێ و لە قسە و باسی خەڵکەوە ئەنجامی شت

وەرگرێ. واتا ئەبێ سەرکزی دڵ وریا بێ و کاری خۆی بکا بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ و دوژمن زەفەری پێ بەرێ.

(7)– ئەبێ کادر لە ئیشکردندا زۆر پشوو درێژ و جگەر بەکێش بێ و بە هیچ جۆرێك پەلە نەکا. چونکە پەلە کردن زۆر جار ماڵوێرانی لێوە پەیدا ئەبێ. پێویستە بە تەواوی دان بەخۆیدا بگرێ. چ لە هەڵبژاردنی خەڵکدا و چ لە کاتی تووڕەبووندا. بە کورتی پێویستە (عاطفی) نەبێ.

(8)– پێویستە کادر (رێکخەر) تەندروست و لەش سووك و گورجوگۆڵ بێ. پیاوی نەخۆش و لەش بەدۆشاو و خاووخلیچك بە کەڵکی بوونە رێکخەر نایەت.

(9)– پێویستە هەموو کاتی یان بەشی زۆری کاتی خۆی بەمەوە## رابوێرێ. هەرکەسێك سەرێکی ببێ و هەزار سەودا, ئەم ئیشەی پێ ناکرێ. لەبەرئەوە, پێویستە ژیانی رێکخەر حیزب مسۆگەری بکا ئەگەرچی ئیشێکیشی ببێ بۆ شوێنە ونی, قەیناکا بەمەرجێ وەختی نەگرێ.

(10)– پێویستە کادر شەخسیەتێکی سەرنج راکێشی ببێ. وەك ئەوەی دەموپلی قسەکردنی باش بێ و دەنگی ناساز نەبێ و کەموکووڕییەکی ئاشکرای لە دەموچاو و لەشدا پێوە نەبێ. هەرکەسێك نەتوانێ وا لە خەڵکی بکا گوێی لێ بگرن ناتوانێ ببێتە رێکخەرێکی باش, پیاوی دەنگ ناخۆشی بێ دەموپل با زۆریش بزانێ و یەکجار دڵسۆزیش بێ و قسەی چاکیش بکا, دیسان قسەکانی کەمتر ئەچێتە دڵی خەڵکەوە. دوایی ئەوانەی کە کەمووکووڕییەکی ئاشکرایان هەیە

وەك یەك چاوی یان لووت بڕاوی یان فسی## یان گوێگرانی, ئەمانە کارێکی ئەوتۆ ناکەنە سەر خەڵکی و باری سەرنجی گوێگران ڕاناکێشن. پیرەمێردی هۆنەری بەناوبانگ, چونکە دەموپلی نەبووە, کە هۆنراوەی ئەخوێندەوە, ئەوەندە هۆشی خەڵکیان نەئەبزواند. کەچی کە یەکێکی تر بۆی بخوێندنایەوە گەشکە ئەیگرتن.

(11)– ڕێکخەر ئەبێ توانەستێکی## ئەوتۆی ببێ کە بتوانێ لە هەموو کاتێکدا لەپێش چاوی ناحەز و نەیار خۆی بگۆڕێ و بە ریشی دوژمن پێ بکەنێ. ئەبێ ئەوە بزانێ کە زۆرجار دوژمن بە فێڵ و تەڵەکە ئەیانەوێ خوتووکەی فیزی بدەن و قسەی لێ وەربگرن یان لە هەندێ هەڵوێستدا تەماشای ڕەنگی دەموچاوی بکەن. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو لەوسەری ئەم شتانەوە بێتەوە. یان بە زۆری جاسووسەکانی دوژمن کە دەرەقەتی یەکێك نەیەن یان نەتوانن تێی بگەن, بۆی ئەکەن بە دیعایە کە فیسارەکەس "جاسووسە". لەبەر ئەوە ڕێکخەری کاژیك ئەبێ بزانێ یەکێك کە ئەو ئەرکە گەورەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی, بەشەرەفترین کەسی دنیایە و ئازاترین پیاوە, با خەڵکیش بوختانی پێ بکەن و درۆ و دەلەسەی بۆ هەڵبەستن. ئەو ئەبێ بزانێ کە خۆی ئەزانێ جاسووس نیە و بۆ باوڕێکی بەرز و پیرۆز هەوڵ ئەدا, لەبەرئەوە نابێ بەم قسانە تەنگەتاو ببێ و لە ئەنجامی ئەوەدا کارێکی وا بکا کە قسەیەکی لەدەم دەربچێ یان کردەوەیەك بنوێنێ کە دوژمن کەڵکی لێ وەربگرێ. ڕێکخەر ئەبێ بزانێ ئەو بۆ "کورسی نیابەت" هەوڵ نادات تا (رصید)ی لەناو خەڵکدا زۆر ببێ و دەنگی بۆ بدەن. لەبەرئەوە (رصید)ی ناو هەموو

جۆرە تاقم و کەسێك بەلای ئێمەوە ئەوەندە بایەخی نیە. هونەر ئیشکردنی سەرومڕ و پەیداکردنی متمانەی نەختوپوختی بە شەرەڤ دڵسۆزە, نەك خۆپێشاندان و قاووقیژ و (رصید) پەیداکردن لەناو رەشبگیر و زۆروبۆردا.

ئەمجا هەرکەسێك ئەم سروشتانەی سەرەوەی تێدا بوو و خۆشی ئارەزووی کرد, ئەو حەلە هەڵ ئەگرێ کە حیزب بیکاتە (کادر)ی خۆی بۆ رێکخستنی خەڵکی و هەڵبژاردنی هاوبیر بۆ کاژیك. ئەویش کە لە خۆیدا رادی و بڕوای بە خۆی هێنا, پێویستە بەزات و دەسەڵاتێکی پۆڵایینەوە ناوی خوای لێ بێنێ و بچێتە ناو خەڵکەوە.

کە رێکخەر بریاریدا بچێتە ناو خەڵکەوە پێویستە زۆر بە شێنەیی و ژیرانە بچێتە ناویانەوە. خەڵکیش هەمە چەشنە و هەمە پیشە و هەمە رەوشت و هەمە پایەن. پێویستە بچێتە ناو هەموو جۆرە تاقمێکەوە: هەژار و دەوڵەمەند, قوتابی و مامۆستا, کاسبکار و فەرمانبەر, کرێکار و جووتیار, ناو سەر## بە هەموو بیروباوڕێك شیووعی, پارت, نەتەوەپەرست, موسوڵمان دیان ... هتد. پێویستە کارێکی وا بکا لای هەموو لایەکیان خۆی خۆشەویست بکا. بۆ ئەمەش ئەبێ زیاد لە هەموو شتێ گوێگرێکی باش بێ و بڕای بڕای دەمەتەقێ نەکا. خەڵکی بە تایبەتی لەناو گەلانی دواکەوتوودا, بە زۆری یەکێکیان خۆش ئەوێ کە گوێ بۆ قسەکانیان شل بکاو پێیان نەبڕێ بە بەرهەڵست وەستان و بەدەمدا دانەوەیان. رێکخەر ئەبێ لەگەڵ هەموو کەسێك بە نۆرە (مجاملة) بێ تا لە ئەنجامدا ناووناوبانگی وا ئەڕوا کە کوڕی باشە و

سەلامەتی خوازە و حەز بە چاكەی هەموو كەسێك ئەكا, بەڵام بە كردەوە خۆی لە ئیشی هیچ تاقمێكدا هەڵ ناقورتێنیٚ. خۆ ئەگەر لە ناو تاقمێكدا دانیشت پێك هاتبوو لە چەند دەستەیەكی جیاواز و بووبە (مجادلە)یان, پێویستە ئەم زۆر چاك گویٚ بگریٚ و لە بیروڕای هەریەكەیان باش بگا و شتی تری لیٚ (استنتاج) بكا. خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا هەزار قسەی (استفزازی) بكریٚ بەرامبەر نەتەوایەتی و كوردایەتی و كاژیك, نابیٚ هەڵبداتیٚ, یان كارێكی وابكا كە تێی بگەن پێی ناخۆشە بەڵكو ئەبیٚ بە بێدەنگی بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر هاتنە سەر ئەوەی ناچاری بكەن رەئیەك دەربڕیٚ پێویستە گورج رەئێكی شلوشۆڵ دەربڕیٚ كە ببێتە هۆی ئەوان زیاتر لەناو خۆیاندا بكەونە دەمەتەقیٚ و شیكردنەوەی بیروباوڕەكانی خۆیان. خۆ ئەگەر زانی ئەم ناچارە هەر ئەبیٚ قسەی تێدا بكا یا (مجادلە)كە كەڵكێكی وای نیە, پێویستە زۆر وەستایانە باسەكە بگۆڕیٚ بە جۆریٚ هەر خۆشیان هەستی پیٚ نەكەن. یان ئەگەر پرسیارێكیان لێكرد و نەیتوانی وەرامە راستەكە بخاتە قولی مستیانەوە, پێویستە بیكاتەوە پرسیار بۆخۆیان. یان ئەگەر رۆژیٚ لە رۆژان كارەساتێكی وا قەوما كە ببێتە باسوخواسی هەموو مەجلیسێك و ئەم ناچار بیٚ نەتوانیٚ قوڕوقەپ دابنیشیٚ لە ئاستیدا, پێویستە ئەو رۆژە نەچێتە ناو خەڵك و بیانوویەكی جوان و بەجێش بدۆزێتەوە. خۆ ئەگەر لەپڕ تووشی بوو بە تووشەوە, ئەبیٚ گورجوگۆڵ بیر لە باسێك بكاتەوە كە جێی ئەو باسە بگرێتەوە و ئەمجا بە بیانووی شتێكەوە خۆی دەرباز بكا. خۆ ئەگەر ئەوەش نەكرا پێویستە قسەیەك بكا كە

ڕەئی بە تەواوی نەزانن. واتا قسەیەکی وا بکا "نە شیش بسووتێ و نە کەباب".

لە پاش ئەوەی ڕێکخەر ماوەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا ئەمێنێتەوە و گوێ لە هەموو جۆرە کەسێك ئەگرێ و سکاڵای هەموو جۆرە کەسێکی گوێ لێ ئەبێ, ئەوسا ئەتوانی ڕەئی سیاسی و باری کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکانە بزانێ و لەمەوە ئەتوانێ بزانێ کێ شیووعییە و لە کانی دڵیەوە بووەتە شیووعی و بیروباوڕی شیووعێتی کاری تێکردووە, یان کێ لە ترسانا یان لەبەر خزمایەتی شیووعییەك بووەتە شیووعی کێ پارتە و لەبەرچی بووەتە پارت؟ ئایا پێی وایە پارت کوردایەتی ئەکا؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە خۆی حەزبە کوردایەتی ئەکا و حیزبی تری دەست ناکەوێ لە پارت زیاتر؟ ئایا خزمێکی یا کەسێکی سەرکردە یان ئەندام نیە لە پارتدا؟ ئایا لە ڕقی شیووعییەکان بووەتە پارت؟ یان لەبەر هۆیەکی تر؟ هەروەها ئەتوانێت بزانێت کێ هەلپەرستە, کێ بەشەرەفە کێ نامەردە, کێ چەنەبازە, کێ سرپۆشە, کێ خۆدەرخەرە– کێ بە هەوایە. کێ زۆرزانە و کێ نەزانە و ... هتد لە ئەنجامدا ئەتوانێ دەست بخاتە سەر کەسانێك کە بەکەڵك دێن نیشانە بکرێن بۆئەوەی لە پاشەڕۆژدا ئەگەر لە (امتحان)دا دەرچوون ئەوا ببنە لایەنگرانی (کاژیك) و لە ئەنجامدا بە هاوبیرانی (کاژیك).

لێرەدا ئەمانەوێ بزانین ڕێکخەر ئەبێ چی بکا پاش ئەوەی یەکێکی دەست نیشان کرد و وتی ئەمە بەکەڵك دێ بۆ خۆپێوە خەریککردن و بە چ ڕێگەیەکدا بڕوا و چۆن ئەو کەسە تاقی بکاتەوە.

(1)– ئەبێ هاوڕێیەتیەکی بەهێز لەگەڵ ئەو کەسەدا ببەستێ بۆ ماوەیەك و زۆر بە وردی سەرنجی هەموو جۆرە سروشت و ڕەوشتێکی بدا. بۆ وێنە بزانێ خەڵکی کوێیە, باوکی چی بووە و ڕەوشتی چۆن بووە, بنەماڵەکەیان بەچی ناسراوە, خۆی لە منداڵیدا خووڕەوشتی چۆن بووە, ئێستە بە زۆری ئارەزووی لەسەر چییە, چەنەبازە یان قسە هەڵگرە, سرپۆشە یان نهێنی دەرخەرە, خۆشبڕوا و سادەیە یان زۆرزان وگەڕاوەیە, تەمەنی چەندە؟ خوێندەواریی لە چ پلەیەکدایە؟ ئایا هەر کوردایەتی ڕێگەی ژیانی بووە یان لەوە پێش بە چەند ڕێگەیەکی تریشدا ڕۆیوە و ئێستە وازی لێ هێناون و هاتووەتە سەر کوردایەتی؟ (تجاربی) لە ژیاندا چەندە؟ ئامادەیە بۆ فیداکاری یان هەر خۆدەرخەرە و هیچی تر؟ ڕەوشتی چۆنە؟ ئەخواتەوە, قومار ئەکا, یان رقی لەمانەیە؟ هاوڕێکانی کێن و کێ بوون؟ لووتبەرزە یان بێ هەوایە؟ بازرگانی بە بیروباوڕەوە ئەکا یانا؟ درۆزنە یا ڕاستبێژە؟ کەسوکار و خزمەکانی کێن؟؟؟.

ئەوسا کە ڕێکخەر بە شێنەیی و بێ ئەوەی بیەڵێ ئەو کەسە هەستی پێ بکا, ئەم شتانەی زانی, ئەتوانێ لە شێوەیەی ڕاپۆرتێکدا سەرنجەکانی خۆی لە بارەی ئەو کەسەوە بە تەواوی بدا بە حیزب و حیزبیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەواڵگوزاریانە و سۆراخی تایبەتیی خۆیدا ئەتوانێ فەرمان بدا ئایا ئەم کەسە کەڵکی ئەوەی پێوەیە دەوام بکرێ لە گەڵی یان نا؟

(2)– ئەبێ ڕێکخەر بزانێ کە نەتەوەی کورد دەمێکە بێگانە کنەی تێدا ئەکا, لەبەر ئەوە کەرەسەی خاو لەناو کورددا زۆر کەمە. بۆیە ڕێکخەر هەتا لەسەرخۆ وردبین بێ, هێشتا هەر کەمە.

(3)– پاش ئەوەی ڕێکخەر لە ڕێگەی حیزبەوە بڕیاری وەرگرت کە فیسارە کەس بەکەڵك دێ, پێویستە وردە وردە و لەسەرخۆ باش بیهێنێتە سەر باسی سیاسەت تا بزانێ ئەڵێ چی و ڕەئیی چۆنە و چاك گوێی لێ بگرێ هەتا هەرچییەکی پێیە دای ئەنێ و دەردەدڵی خۆی ئەکا, ئەبێ کەم کەم شتی فێر بکا, بەڵام زۆر لەسەرخۆ و کارێکی وا بکا کە ئەو کەسە وەبزانێ ئەم ڕەئیانە ڕەئی ی خۆین ئەمجا بەرەبەرە و لە شێوەی پرسیار و وەرامدا بیهێنێتە سەر ئەوەی کە ئایا کورد چۆن ڕزگاری ئەبێ و بۆچی هەتا ئێستە ڕزگاری نەبووە و ئەمجا نەختە نەختە باسی مێژووی کوردی بۆ بکا لەبەر ڕۆشنایی "کاژیکنامە"دا هەتا وای لێ ئەکا ئەو کەسە دێتە سەر ئەوەی هەست بە بۆشاییەکی بیروباوڕانە ئەکا لە ژیانیدا و خۆی هەست بەوە ئەکا کە کورد پێویستی بە حیزبێکی خاوەن باوڕ هەیە. ڕێکخەر ئەبێ لەم ماوەیەدا بیری پاڵێوراو (مرشح) ڕۆشن کاتەوە و زۆر چاکیش سەرپەرشتیی بکا. چونکە هەندێ کەس هەن, ئەبینێت زۆر باشن لەسەرەتاوە. بەڵام لە پڕ ئەگۆڕێن و تێك ئەچن و پاش ئەوەی چوار وشە فێر ئەبن, ئیتر ئەچن وەك تووتی ئەیلێنەوە بۆ ئەوەی خۆیانی پێوە بابدەن لەناو خەڵکدا و بازرگانیی پێوەبکەن. ئەگەر ڕێکخەر شتێکی وای دی لەو کەسە پێویستە زۆر بەشێنەیی و هەنگاو هەنگاو وازی لێ بهێنێ و وا لەو کەسە بکا کە وا تێ بگا ئەمیش

بیروڕای وەك بیروڕای کۆنی ئەوی لێهاتووە. لەبەر ئەوە پێویستە ڕێکخەر هەتا ئەو کەسە تەواو تەواو نەناسێ و لێی ڕازی ڕازی نەبێ هیچی پێ نەڵێ و هەتا ٪100 لێی دڵنیا نەبێ، نابێ بە چاك و بە خراپ هیچ جۆرە نهێنییەکی حیزبی پێ بڵێ بۆ ئەوەی هەموو دەمێك ماوەی گەڕانەوە بۆ خۆی بهێڵێتەوە. لەمەشدا نابێ ڕێکخەر گوێ بداتە کات بەختکردن و کەم ئەندامی. ئێمە نەختوپوختمان ئەوێ نەك زۆر و بۆر.

(4)– پێویستە ئەو کەسەی بۆ هاوبیرێتیی کاژیك ئەپاڵێورێ مرۆڤێکی دڵسۆز بێ بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەم دڵسۆزییەش نابێ بۆ خۆدەرخستن و دەسکەوتی تایبەتی بێ. بەڵکو تەنیا ئەبێ لە ڕێی خوا و کوردا بێ. لەبەر ئەوە هەموو مرۆڤێکی خۆدەرخەر و خۆهەڵکێش و خۆپەرست بەکەڵکی ئێمە نایەت و ڕێکخەر ئەبێ خۆی تێیان نەگەیەنێ.

(5)– پێویستە ئەو کەسەی بۆ هاوبیرێتیی کاژیك ئەپاڵێورێ هەر لە منداڵییەوە هەتا گەورەیی ڕابوردووی پاك و ڕووناك بێ و لەکەو پەڵەی کۆنی پێوە نەبێ وەك دزی و حیزی و جاسوسی. ئەم جۆرە کەسانە بە هیچ چەشنێك نایەنە حیزبی ئێمەوە چونکە هەمیشە لە پێش چاوی خەڵکی سووك و سەرشۆڕن و ئێمەش پێویستمان بە پیاوی مەرد و سەربەرزە چونکە بیروباوەڕەکەمان مەردایەتییە.

(6)– ئیشکردن لە حیزبی کاژیکدا کردەوەیەکی زۆر سامناکە و کارێکە بۆنی خوێنی لێ دێ لەبەرئەوە ئەبێ ڕێکخەر بە هەموو جۆرێك ئازایەتی و دلێری و چاونەترسی و فیداکاریی ئەو پاڵێوراوە تاقی

بکاتەوە لە گەلێك هەڵوێستدا. پیاوی ترسنۆك بە هیچ جۆرێك بە کەڵکی ئێمە نایەت.

(7)– ئەبێ ئەو کەسەی دێتە حیزبی ئێمەوە هەندێ کردەوەی خراپ ئەگەر بوویەتی وازی لێ بهێنێ. چاکتر ئەوەیە هەر لە بنەڕەتدا نەی بووبێ. وەك خواردنەوە, قومارکردن, پوولەکێتی, چاوچنۆکی. یەکێك کە بخواتەوە هەرچەندێك لەسەر خۆبێ, زۆر بۆی هەیە لە کاتی سەرخۆشی و بێ هۆشیدا هەموو نهێنییەك بدا بە بادا. ئێمەش لە هەموو حیزبێك زیاتر پیاوی نهێنگر و سرپۆشمان ئەوێ, قومارچیش سووك و ریسوا و رەزیلە لەناو خەڵکدا و ئێمەش پێویستمان بە پیاوی سەربەرز و رەوشت جوانە. بێجگە لەوەش پیاوی بەد ڕەوشت بە زۆری هەڵسوکەوتی نامەردانەی لێ ئەوەشێتەوە وەلەبەرئەوەی پیاوی پوولەکی رەوشت پیس و بێ باوڕ و بێ بارە, دیارە لەناو ئێمەدا جێی نابێتەوە.

(8)– پێویستە ئەو کەسەی ئەپاڵێورێ زۆر سرپۆش و نهێنی راگر بێ. ئەوە لە هەموو شتێکی تر بەلای ئێمەوە گرنگترە و ئێمەش هەموو دەم جەختی ئەکەین و ئەکەینەوە. هەموو ئەندامێکی چەنەباز چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ. بە زۆری ئەوانەی چەنەباز و خۆهەڵکێش و خۆدەرخەر و درۆزنن, لەبەرئەوە هەموو مرۆڤێکی خۆهەڵکێش و فیشاڵکەر و سنگ دەرپەڕێن لای ئێمە جێی نابێتەوە.

(9)– هەندێ رەوشتی خراپ هەیە ئەگەر لە یەکێکدا بوو بە ئەندازەیەکی زۆر پێویستە لێی دوورکەوینەوە. هی وا هەیە زۆر باشە,

بەڵام یەکجار تووڕە و ترۆ و کەللەیی و تۆرینۆك و دڵ ناسکە. ئەم جۆرە کەسانە کە زۆر کەللەیی و تۆرینۆکن، دوورنیە لە کاتی تووڕەبوونیاندا، هەموو جۆرە قسەیەك بکەن و دەری پەڕێنن. ئەوجا پەشیمانیش ئەبنەوە، کاتێ پەشیمان شاخی لێ ئەڕوێ##. لەبەر ئەوە ئەوانەی گرێ کوێرەی نەفسییان هەیە بۆ ئەندامێتیی کاژیك دەست نادەن ئەگەر ئەو خووانە واز لێ نەهێنن.

(10)– ئێمە هەرچەندە حیزبەکەمان حیزبی چینێکی تایبەتی نیە و هەرکەسێ باوڕی بەم رێگەیە ببێ هی ئەوە. بەڵام بەزۆری ئەبێ ئێمە لەناو چینی هەژار و کاسبکار و خوارەوەدا ئیش بکەین. چونکە ئەم حیزبە فیداکاری ئەوێ. لەبەر ئەوە ئەوانەی دەستدار و پارەدار و خۆشگوزەرانن وازهێنانیان لەو ژیانە خۆشە نەختێك زەحمەتە. هەرچەندە ئەمە دەستوورێکی گشتی نیە، بەڵام بە زۆری ئەمە راستە. لەبەر ئەوە ئەبێ زێتر خۆمان بۆ لای چینی هەژار بکوتین وەك کرێکار و جووتیار، هەرچەندە نابێ چینی ناوەڕاست تە تایبەتی فەرمانبەران و مامۆستایان و قوتابیان و تەنانەت ژووووش بخەینە پشت گوێ.

(11)– قوتابی کەرەسەیەکی زۆر باشن بە تایبەتی بۆ دیعایە کردن و دەنگوباس بڵاوکردنەوە و خەڵك دەست نیشان کردن. بەڵام زۆریان خوێن گەرم و هەڵەشە و سەرەڕۆن. لەبەر ئەوە ناتەواو پێ ئەگەیەندرێن نابێ هیچ نهێنییەکیان پێ بوترێ.

(12)– ئەبێ ئەو کەسەی متمانەی پێ ئەکرێ و نهێنی حیزبی پێ ئەوترێ تەمەنی لە (21)ساڵ کەمتر نەبێ و بەتەمەن گەورەتر بێ

باشترە. منداڵی سەرەڕۆی پێنەگەیشتوو هەر دەمە لەسەر بەزمێکە. بۆیە پیاو ئەبێ لێی بەگومان بێ. هەرچەندە ئەمە 100٪ وانیە بەڵام بەزۆری وایە. لەبەر ئەوە ئەوانەی منداڵن و دڵسۆزییان تێدا ئەبینرێ پێویستە ئاڕاستە بکرێن بۆ کوردایەتی و هیچ نهێنییەکی حیزبییان پێ نەوترێ.

(13)– ئەو کوردانەی (مەرکەزی حەسساسیان) وا بەدەستەوە وەك هەواڵگوزاریی سوپا و پۆلیسی و مەکینەوانی فڕگەکان و پاسەوانەکانی سنوورەکان و فڕۆکەخانەکان و فەرمانبەرانی پۆستە و تەلگوراف و بێ تەل و شارەزایانی ئابووری زۆر بۆ ئێمە پێویستن. خۆ ئەگەر ئەندامی چاك لەمانە دەست نەکەوت پێویستە رێکخەر هەندێ کەسی وا بدۆزێتەوە کە قابلیەتی ئەم کارانەیان هەبێ بۆ ئەوەی لە پاشەرۆژدا بخرێتە ئەم دامودەزگایانەوە و بە نهێنی ئیش بکەن.

(14)– ئەوانەی کارامە و چاونەترس و دەست وەشێن و کوڕی تەنگانەن, زۆر بۆ ئێمە پێویستن بەڵام بە مەرجێ رەوشت و خوویان بەرزبێ. ئەگەر وانەبن نەبوونیان چاترە. ئەمانە پێویستییان بە (تثقیف و تدریبێکی) زۆرە لە پێش نهێنی پێ وتنیاندا.

لەبەر رۆشناییی ئەمانەدا رێکخەر ئەتوانێ بڕیاربدا کە فیسارە کەس باشە و یەکێکە بۆ کاژیك, جا لەپاش ئەوەی هەستی بەوە کرد ئەو کەسە هەستی بە بۆشاییەکەی بیروباوڕانە (عقائدی) کردووە و هەستی بە پێویستیی بوونی حیزبێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی وەك کاژیك

کردووە و لە هەمان کاتدا ئامادەی فیداکارییە و رەوشتی بەرز و خاوێنە و لە (تجربە) دەرچووە پێویستە رێکخەر هەندێك شتی فێربکا.

(1)– ئەبێ زۆر بە چاکی فێری شێوەی نهێنی بکا و بە تەواوی بیباتە مێشکییەوە کە لە رێگەی ئەم (اسلوب)ەوە نەبێ کورد رزگاری نابێ و گەلێك وێنەی لە مێژووی کورد بە بەڵگە بۆ بهێنێتەوە تا وای لێ ئەکا باوڕ بە راستیی ئەم رێگەیە ئەهێنێ. لەبەر ئەوە پێویستە تێی بگەیەنێ کە نابێ هیچ نهێنییەکی حیزبی لە دەم دەربچێ و ئەگەر دەرچوو خیانەتێکی گەورەیە.

(2)– ئەبێ پاش ئەوەی وردە وردە لە بوونی حیزبی کاژیك ئاگاداریی ئەکا بە ماوەیەکی زۆر و لەسەرخۆ، کاژیکنامەی بۆ بخوێنێتەوە و بە چاکی بۆی شی بکاتەوە[1] تا شارەزای هەموو روویەکی ئەبێ و (انفعال)ی لەگەڵ ئەکا و بە وردی لە فەلسەفەی کاژیك ئەگات.

(3)–ئەبێ تێی بگەیەنێ کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزکاو و زەحمەتە و بە رۆژ و دوو رۆژ چارناکرێ و هیچ حیزبێکیش بە رۆژ و دوو رۆژ خۆی ناگرێ. کات زۆر پێویستە و زۆر و بۆریش هیچ سوودێکی نیە و تەنیا نەخت و پوخت باشە.

(4)– ئەبێ رێکخەر زۆر چاك ئارەزوو و توانستی ئەو کەسە بزانێ کە پێی ئەگەیەنێ بۆ ئەوەی هانە هانەی بدا و ئاراستەی بکا بۆ ئەو

---

[1] سەرنجی خوێنەرەوە بۆ ئەوە رائەکێشین کە ئەم وتارە لە کانوونی دووەمی ( 1962)دا نووسراوە واتا لە سەردەمێکدا کە هێشتا بوونی حیزبەکەمان، واتا ناوەکەی شتێکی نهێنی بوو. (دامو دەزگای ئەوروپا – کاژیك).

لایەنەی کە ئەو هاوبیرە حەزی لیّ ئەکات لە پیّناوی خزمەتکردنی بیروباوڕی کاژیکدا. بۆ ویّنە هی وا هەیە کۆنە شیووعییە یان کۆنە پارتە و هیّشتا ئەو دوو حیزبە هەر متمانەشی پیّ ئەکەن. لیّرەدا پیّویستە ریّکخەر رای بهیّنیّ بۆ مانەوە لەو حیزبەدا و خۆڕاگرتن بۆ هەواڵ کۆکردنەوە و قسە وەرگرتن و یارمەتیدانی دامودەزگای "هەواڵگوزاریی کاژیك". یان هی وا هەیە هۆنەرە یان پشەزانە. پیّویستە ریّکخەر لە ریّگەی حیزبەوە یارمەتیی بدا بۆ چوونە ناو ئەو هونەر یان ئەو پیشەیە و پیّشکەوتن تیّیدا و خۆخستنە ناو ریزەکانی دوژمنەوە بەو بیانووەوە و بۆ رۆژی تەنگانە. ئەمجا لیّرەدا ئەبیّ بزانین ئەوەی ئەدامیّکی نەناسراوی ئیّمە ئەتوانیّ بیکا لە ریزەکانی حیزبی شیووعی یان پارتی یان لە دامودەزگایەکی تری سەر بە دوژمندا لە رۆژی تەنگانەدا, نرخی هەر تەواو نابیّ بە مەرجیّ نەناسراو بیّ. چونکە هەموو کارکردنیّکی سەرکەوتووی بەبەرهەم لەسەر نهیّنیی ئیشکردنەکە و نەناسراوی خاوەنەکەی وەستاوە.

(5)– ئەبیّ ریّکخەر هەر لەسەرەتاوە ئەو پالّیوراوە فیّری راگرتنی بەلّیّن بکا لە کاروباری حیزبیدا. واتا کە پیّی وترا لە فیسارە کاتدا ئەبیّ لە فلاّنە شویّن بیّ, پیّویستە بە دەقیقە دوانەکەویّ. چونکە جاری وا هەیە کەمتەرخەمییەکی چەند دەقیقەیی, کارەساتی زۆر ناهەمواری لیّ پەیدا ئەبیّ. "بەلّیّن راگرتن" و "نهیّنی راگرتن" دوو سروشتی بەرزن هەموو دەمیّك ئەبیّ لەبەرچاومان بیّ و بەبیّ ئەم دوو سروشتە هیچمان بۆ نایەتەدی.

(6)– ئەبێ ڕێکخەر وەك شت فێری پاڵێوراو ئەکا, چاکیش گوێی بۆ شل بکا و شتیشی لێوە فێرببێ. هەر لە ئەنجامی ئەو زانیاری دان و زانیاری وەرگرتنەوە ڕێکخەرێکی شارەزا و کارامەی لێ دەردەچێ.

(7)– ئەبێ ڕێکخەر کە چەند کەسێکی پێگەیاند, زۆر بە وردی و زیرەکانە هەندێك لێوەشاوەیان لێ هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببنە ڕێکخەر (کادر)ی کاژیك.

(8)– ئەبێ ڕێکخەر باش لە پاڵێوراو بگەیەنێ کە لە هەموو کات و ساتێکدا و بەرامبەر هەموو ڕووداو و کارەساتێك ئەبێ شتێك بە تەرازووی کاژیکنامە بپێوێ. هەر بزووتنەوە و بیروڕا و ڕووداوێك لە تەرازووی کاژیکدا سەنگێکی نەبێ بێ خێرە. لەبەرئەوە شتی بریقەدار و کردەوەی تەنافبازانە و قسەی پف هەڵدراو لای ئێمە لە پووش برنج سووك ترە و هەر کەسێکیش لەگەڵ کردەوەی ورشەداری خەڵکی و بەرگی بیروباوڕانەی بۆیە لێدراوی ئەموئەو راپێچ ببێ وپێی گەشکەدار ببێ لە ئێمە نیە. هەموو هاوبیرێکی کاژیك پێویستە هەموو دەمێك ئەوەی لەبیربێ, کە بەلای ئێمەوە کاژیك ڕاستە, دە کەواتە هەموو شتێکی نا کاژیکی ناڕاستە و چەوتە و چەوێڵ و تەنیا بۆ خستنە پشت گوێ چاکە.

(9)– پێویستە ڕێکخەر باش لە ئەندامی بگەیەنێ هەر کەسێ ئەم ڕێگەیە بگرێ بە شەرەفترین کەسی ناو ئەم نەتەوەیە. پیاوی مەردیش پیاوەتی ئەکا و ئەیدا بەدەم ئاوەوە. لەبەرئەوە هیچ پێویست بە خۆبادان ناکا. ئەو ئەم کارە لە ڕێی خوا و کورد و ئادەمیزاددا ئەکا و

بەرزیش بۆ ئەو کەسانەیە کە چاوەڕوانی سوپاس و چاکە ناکەن. لەبەرئەوە مەرد ئەوەیە کە ئیشێکی کرد نەڵێ کردم مەگەر باسکردنی سوودێکی زۆر گەورەی ببێ بۆ بیروباوڕی کاژیکی و لە کاتی## خۆیدا بێتە کایەوە. ئەگینا ئەندامی کاژیك ئەبێ سەربازی ون بووبێ هەتا ئەو رۆژەی ئاڵای کاژیك دائەچەقێنرێ. ئەو حەلە هەر کەسێ لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بێ لە هەموو لایەکەوە دیار ئەبێ. لەبەر ئەوە (رصیدێك)ی ناو خەڵك کە لە رێێ سنگ دەرپەڕاندن و خۆبەگرتن## دانەوەبێ لەسەر شتی پچووك و بێ بایەخ و (خۆمشبوهکردن) — ئەوانەی هێشتا نەناسراون— بەهۆی ئیمزا کۆکردنەوە و وتار نووسین لە رۆژنامە ئاشکراکاندا و خۆخستنە (انتخابات)ەوە بۆ دەنگی زۆ پچڕین ئەڵێن (رصید)ێك کە لە رێگەی ئەمانەوە بێ بەتایبەتی لەم رۆژەدا کە هێشتا بیروباوڕەکەمان لەناوجەرگەی نەتەوەکەماندا چلوورەی نەبەستووە بەکەڵکی ئێمە نایەت. لەبەر ئەوە رێکخەر ئەبێ چاك لە ئەندامی بگەیەنێ کە ناوهێنانی "گەل" — هەر گەلێك— بە شێوەیەکی رووت (مطلق) و سەربەخۆ درۆیە. گەل بریتییە لەو حیزب و کۆمەڵ و دامودەزگایانەی لەناو ئەو گەلەدا ئیش ئەکەن و ئەمانەش هەموو دەمێك هەر بەخۆیان ئەڵێن "چاك" و کەسیان بە "درۆی خۆی ناڵێ ترش". شیووعییەك یا پارتییەك نۆ هەزار جار خزمەتی بکەیت و یارمەتی بدەیت و قۆڵ بکەیت بە قۆڵیدا, کە زانی بیروباوڕی تۆ چییە هەر بە چاوی دوژمن تەماشات ئەکات و کە مەتحی کردیت ئەبێ بزانیت یا نەی ناسیویت یان ئیشێکی خراپت کردووە بەرامبەر بە خۆت کە بە چاکەی

ئەو تەواو بووە. هەروەها جاسووسێکی بێگانە و دەرەبەگێکی خوێنمژ و کاسەلێسێك و هەلپەرستێك, هەریەکە ئەگەر پێت بلێت "کاکە" بێگومان بە تەنیا بۆ ئەوەیە کە "چۆلەکە"یان بۆ بگریت. ئەو بەشەی گەلیش کە ڕێکخراو نیە و سەر بە هیچ کۆمەلێکی سیاسی نیە پشتی پێ نابەسترێ. چونکە هەموو کردەوەیەکی سیاسی لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە نەبێ سەرناگرێ.

(10)– ئەبێ ڕێکخەر لە ئەندامی بگەیەنێ کە ئێمە مەبەستمان لە خۆشاردنەوە و نهێنی ڕاگرتن ئەوە نیە ئەندامی حیزب ئیشی خراپە بکا و بۆ خۆپاراستن بچێتە باوەشی دوژمنەوە, یان لەسەریان بکاتەوە, یان کردەوەی وا بنوێنێ کە خەلك نەفرەتی لێ بکەن. نەخێر ئێمە وانالێین. بەلکو ئەلێین ئەبێ ئەندامی — کاژیك لەهەر کۆمەلێکدا بوو نموونەی خووڕەشتی بەرز بێ لەو کۆمەلەدا و بە هیچ جۆرێك بێزی نەیەت کردەوەی نزم بنوێنێ. تەنیا ئەوەندە ئەلێین پێویستە ئەوەندە وریا بێ, نەهێلێ خەلکی بزانن بیروباوڕی سیاسیی چییە. بەلکو تەنها ئەوەندە بزانن کە کوڕی باشە و هەق پەروەرە و خزمەتگوزارە و بە وەفا و سەرڕاستە و هیچی تر. بۆ وێنە ئەگەر فەرمانبەرێکی میری بوو هیچ پێویست ناکا بۆ خۆشاردنەوە بچێ جاسووی بکا بەسەر برادەرەکانیەوە بۆ حکوومەت لە کاتێکدا کە برادەرەکانیشی و حکوومەتیش هەر وەك یەك دوژمنی بن. جا وەك ئەوە نابێ بکا هیچ پێویستیش ناکا لاق بنێتە سەر لاق و جنێو بە میری بدا تا پێی بلێن "ئازایە". ئەبێ هەموو هاوبیرێك بزانێ "ئازایەتی و کەرێتی" هەرگیز

نابنە یەك. پیاوی ئازا ناچێ بۆ کێچێك گایەك مردار بکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەڵێین "نە ریایی و مەرایی بۆ کاربەدەستان و نە کارێکی واش کە دوژمن وریا ببێتەوە و بچێتە مەکۆوە بۆمان".

(11)– پێویستە رێکخەر هیچ (مستمسك)ێکی گرنگی حیزب یان کتێب یان چاپکراوێکی گرنگی تر لای هیچ ئەندامێك دانەنێ. هەروەها نابێ شوێنی شاردنەوەی چاپەمەنی و ئالاتی چاپ و ناوی بەڕێوەبەرەکانی کاژیك بە هیچ ئەندامێك بڵێ یان کارێکی وا بکا بۆیان دەربکەوێ با ئەو ئەندامە زۆر دڵسۆز و بەشەرەف و نهێنی راگریش بێ.

رەسووڵ                    کوردستان – کانوونی دووەمی (1962)

XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXX
XXXXXXXXXXXXXXXX
XXXXXXXXXX
XXXXX